# سوکرات

## وەرگێڕان
## محەمەد وەسمان

**پێداچوونەوەی**
**د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

**ژیـــانی، فەلـــسەفەی، پەندیارییەکەی، سەرگوزشـــتەکانی، دادگـــاییکردنی و ژەهردەرخواردکردنی.**

* نـــاوی کتێـــب: ســـوکرات ... ژیـــانی، فەلـــسەفەی،پەندزانینەکەی، سەرگوزشتەکانی، دادگاییکردنی و ژەهردەرخواردکردنی.

* نووسینی: مەجدی کامیل

* وەرگێڕان : محەمەد وەسمان

پێداچوونەوەی: د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپێست و نەخشەسازی: کۆچەر ئەنوەر نایف

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر

* تیراژ: ٣٠٠٠ دانە

* نرخ : ٦٠٠٠ دینار

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمـارەی سـپاردنی()ی سـاڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

* لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی ئاوێر ژمارە()

## ناوەرۆك

پێشەكی..........................................................٦

بـەشـی یـەكـەم

سـوكرات ی بلیمـەتی گـەورە - گـەورەی

فەیلەسووفەكان.......................٩

بەشی دووەم

سوكرات ... بلیمەتێك تەواوی مێژوویی

گۆڕی!.......................٣٤

بەشی سێیەم

كەسـایەتی سـوكرات یـا (گیروگرفتـی سـوكرات )!

.........................٥١

بەشی چوارەم

فەلسەفەی (سوكرات ) -

بیروبۆچوونەكانی............................٧٢

سـوكرات و

ئەپستمۆلۆژیا(زانین)..............................................٧٩

سـوكرات و

چاكەخوازی.................................................٩٦

سـوكرات و

سیاسەت.................................................١٠٩

سوکرات و سۆفیگەری.................................................١١٢

سوکرات و ئاکار..........................................................١١٥

سوکرات و جەنگ.................................................١٢٢

سوکرات و یاسا.................................................١٢٤

بەشی پێنجەم

دیالۆگ و ڕێبازی سوکرات ـ گەورەترین دەستکەوتەکانی.................١٣٢

بەشی شەشەم

سوکرات باوکی گیانی فەلسەفەی سیاسییە........................١٤٢

بەشی حەوتەم

سوکرات و ئەفلاتوون ـ مامۆستا و قوتابی................................١٧٠

بەشی هەشتەم

پەند و قسەی نەستەق و بەرهاتەکانی سوکرات....................١٩٢

بەشی نۆیەم

دادگـــــايكردنى ســـــوكرات ـ بـــــەناوبانگترين لــــــەناوبردن لـــــە مێژوودا.................٢٢٠

بەشى دەيەم

مردنـــــــى ســـــــوكرات ـ تابلۆيــــــــەك نيگاركێـــــــشەكەى پـــــێ نەمربوو.....................٢٣٧

بەشى يازدەم

نيــــــچە و نهێنــــــى ڕاگەيانـــــــدنى ـ جــــــەنگ دژى ســــــوكرات............................٢٤١

## پێشەكى

ئاساییە بلیمـەتی و مـەزنی و هێـز و دەسـەڵات و کاریگـەری کەسـایەتییە گەورەکانی مێژوو لە بـوارە جیـا جیاکانـدا، بـە قـەبارەی هاوبەشـیکردنیان لـە گۆڕینی ئەم مێژووە بپێورێت. بە تایبەتی گەر ئەم کەسایەتییە ئەوەندە مـەزن بێت، کە بەهۆیەوە دەرکەوتنی بە خاڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان پـێش خـۆی و دوای خۆی دابندرێت، سوکرات وابوو، توانی وا لە جیهان بکات، کـە فەلـسەفە دابەشی سەر دوو قۆناغ بکەن، قۆناغی پێش سوکرات و قۆناغی دوای سوکرات !

هەرچەندە جیهان بـە درێـژایی مێـژوو دەیـان فەیلەسـووفی مـەزنی بـەخۆوە بینیوە، کە ڕەوتی مرۆڤایەتیان دەوڵەمەند کردووە، بەڵام سوکرات بە تـەواوی ژیانی خۆی بۆ گەڕان بەدوای ڕاستەقینە و چاکەکاری تەرخان کردبوو، بۆیە بە ڕەهایی دەڵێین سوکرات لە هەمووان مەزنترە، لەبەر ئەوەی یەکەم کـەس بـوو فەیلەسووفانی لە ژوورەوە گواستەوە نێو شوێنێك کە خـەڵکی سـڤیل و مرۆڤـی سەرجادەی لێیە، لەبەرئەوەی پێشتر خەڵك دەچوون بـۆ لای فەیلەسـووفان، و فەیلەسووفان نەدەهاتن بۆ لای خەڵك، سوکرات لە جادە و بازاڕەکـان خـەڵکی فێردەکرد و مافەکانیانی بۆ ڕووندەکردنەوە و هانیدەدان بیر لە هەڵکەوتەکەیان بکەنەوە کە چ دەتوانن بکەن بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە بەرەو باشتربوونی.

سوکرات شێوازێکی بـۆ قەناعـەتهێنان بـە کەسـانی دی و ناسـاندنیان بـە مافەکانیان داهێنا، کە بە **(ڕێبازی سوکرات )** ناسراوە، بەهۆی ئەم ڕێبازەیـە و ئەوەی پەیوەستبوو پێی، کە ناسرابوو بە **(گفتوگۆی سوکرات )**، بەهۆی توانای سوکرات لە کاراکردنی ڕێبـاز و وتوێـژەکانی لـە کاریگـەربوونی بەسـەر خـەڵك،

چینی دەستەڵاتدار دژی وەستان، تا کار گەیشتە لەنێوبردنی لە مەترسیدارترین گەشت بەدوای ڕاستەقینە بە لەناوبردنی خاوەنەکەی کۆتایی هات!

بەڵێ، ئەمە سوکرات ە کە ڕێبازەکەی پاکبوو و دەڵێ:((**پزیشک تەنیا ئەوەندەی لەسەر نییە دەرمان بۆ نەخۆش بنووسێت، بەڵکو لەسەریەتی نەخۆش ڕازی بکات، کە دەرمانەکەی بخوات**)).

ئەم کتێبەش باس لە ژیانی سوکرات دەکات، یەکەم خۆبەختکاری ئازادی ڕادەربڕین لە مێژوودا، **هەروەها** باس لە دەرکەوتنی ترووسکەیەکی تایبەتی دەکات لە مێژووی بیری مرۆڤایەتی، لە ڕووی بانگەوازی بۆ زانین لە ڕێگەی وتنەوەی ئەم دەستەواژە داتاشراوەی پەرستگای (**دلفی**) لە ئەسینا، کە نووسرابوو ((**ئەی مرۆڤ بەخۆت، خۆت بناسە**)) و گواستییەوە بۆ دیدگایەکی فەلسەفی و ڕێبازی ژیان.


ئەم کتێبە کارەکەی لەسەر ژیان و فەلسەفەی ئاکار و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ڕێباز، و تیۆرییەکەی سوکرات لە بارەی زانین و ئاکار و چاکە و دادپەروەری چڕکردۆتەوە، **هاوکات** پەیوەندی سوکرات بە قوتابییەکەی ئەفلاتوون، و فەیلەسووفانی دیکەی چاخەکەی، تا دەدرێتە دادگا بە تۆمەتی گومڕاکردنی لاوان و سووکایەتیکردن بە نەریتە ئایینییەکان. **هەروەها** سوکرات ئاماژە بەوە دەدا کە وا فەرمانڕەوایان پێویستە لەو کەسانەبن، کە بزانن چۆن فەرمانڕەوایی دەکەن، نەك تەنیا **هەر** ئەوانەی **هەڵدە**بژێردرێن. ئەوەشیان پێش ئەوەی دادگا بڕیاری سەلماندنی تاوانەکە بدات بەسەر سوکرات و ئەوەشیان پێش ئەوەی دەستەی دادوەران تۆمەتەکە بسەلمێنن بەسەر سوکرات دا و

بڕیاری لەناوبردنی بدەن، لەو دادگایەی کە لە مێژوودا بە بەناوبانگترین دادگا دادەندرێت.

سەرباری ئەوەش، ئەم کتێبە، پەند و مەسەلۆك و سەرگوزشتەی ئەم فەیلەسووفە، کە لە مێژوودا بەناوبانگە بەوەی یەکەم فەیلەسووفە فەلسەفەی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دابەزاندووە، فەیلەسووفێك تا ئەمڕۆ خەڵکی بە خۆی خەریك کردووە، لەبەر ئەوەی بەرهەمە هزرییەکانی بابەتێکی دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵەر و توێژەر و ڕۆشنبیران و هەتا خەڵکی گشتی و ئاسایی.

# بــــەشـــــی یـــــەکـــــەم

## سوکرات ی بلیمەتی گەورە
## گەورەی فەیلەسووفەکان



مێـژوو هــەتا ئەمرۆشــی لەگەڵـدا بێـت، فەیلەســووفێکی بــەخۆوە نــەدیوە جیهـانی پڕکردبێـت لــە زانیـاری و مەعریفـە، وەك فەیلەسـووفی یۆنـانی هــەرە بەناوبانگ سوکرات (٤٦٩ – ٣٩٩ پ. ز) بێت.

ئەم فەیلەسووفە ناوی خۆی بە زێڕ لە تۆماری مەزنان نووسـی، نـەك تـەنیا لەبەر ئەوەی فەیلەسووفە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە یەکەم کەسە فەلـسەفەکەی دابەزاندە سەر شەقام، ڕەتیکردەوە بیروبۆچوونەکانی تەنیا بابەتی تیۆری بن، بەڵکو خستیەبەر ئەزموونی کرداریـی، لەبەرئـەوەی ژیـان و ڕاوبۆچـوونەکانی و شـێوازی مردنــی هۆکـاری ئــەم مەزنییــە بــوون، بــۆ ئــەوەی لــە مێـژوودا وەك بەناوبانگترین کەسایەتی جێی ڕێز و پێـزانین بێـت و وەك پیاوێـك ژیـانی خـۆی تەواو تەرخانکرد بۆ گەڕان بەدوای ڕاستەقینە و چاکە، بـە ژیـانی خـۆی بـاجی بیروبۆچوونەکانی دا، تا ئەو ڕادەیەی بە **(یەکەم شەهیدی ئـازادیی بـیروڕا لــە مێژوو)** ناسراوە.

سـوکرات هێـشتا کـە دەکـرێ بـە بـاوکی فەلـسەفەی ڕۆژئـاوایی بـژمێرێت، کەسایەتییەکەی بە گشتی ئاڵۆزە، ئەوەشیان لەبەر ئەوەی هیچ نووسراوێکی بۆ جـێ نەهێـشتووین، بـەڵکو یـان لــە ڕێگــەی نــەیارانی ناسـیومانە، وەك دانــەری شانۆنامەی یۆنانی بەناوبانگ **(ئەرستۆ فانیس)** لە شانۆنامەکەی **(هەورەکان)**دا، تیایدا وەك کەسێکی جێی گاڵتەپێکردن پیشانی داوە. یان وەك سۆفیستاییەکی ترسناك، یان لە ڕێگەی هاوەڵە دڵسۆزەکانی وەك **(سینۆفانیس و ئەفلاتوون و ئەرستۆ)**، ئەوانەی سوکرات یان وەك وریاکەرەوەیەکی بە هاناوەهاتنی دەروون و ویژدان پیشانداوە.

لەبەر ئەوە دەبینین ئەفلاتوون **(قوتابییەکەی سوکرات )** بیروبۆچوونەکانی لەسەر زمانی ئەوەوە دەخاتەڕوو، سوکرات پاڵەوانی زۆربەی وتوێژەکانی ئەفلاتوونە. لەم وتوێژە ئەفلاتوونیانەدا زانیارییەکان پەیوەست بە ژیان و مردنی باوکی فەلسەفە دەخرێتەڕوو.

لێرەدا هەر بۆ خۆشی ئەوەی لەسەر زمانی **(ئەلکبیازیس)** لە کۆتایی وتوێژی خوانی ئەفلاتووندا هاتووە، کە ڕووخساری ناشیرینی سوکرات ی بەراورد کرد لەگەڵ جوانی ئاکارەکەی، دەبینین بە پەیکەی خەنداوی **(سیلینس)**ی دەچوێنێت، کە پەیکەری خوداوەندێکی باسکراوی ئەسینای لە پشت شاردرابۆوە.

سوکرات لە ئەسینا لەدایکبووە، باوکی پەیکەرتاش و دایکی مامان بوو، لەسەرەتا کاری باوکی دەکرد، ژیانێکی سادەی لەگەڵ ژنە منجڕەکەی بەسەر دەبرد، تا ئەو ڕووداوە هاتە پێشەوە، کە بەهرە فەلسەفییەکەی بە ئاگای هێنا. ڕۆژێکیان **(بیسیا)** ژنە پەرستگەپارێز **(کاهنە)**ەکەی پەیکەری **(زلفوس)**، بە هەڤاڵێکی خۆی وت، سوکرات لە هەموو مرۆڤێك پەندیارترە، سەرەتا بە گومان بوو لەم قسەیە، بەڵام بووە هاندەری، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندەکانی ئەم قسەیە بکۆڵێتەوە و ڕەوتی ژیانی دیاریبکات.

سوکرات باوکی پەیکەرتاش بوو، دەوترێت خۆی پەیکەرێکی **(هورمسی)** دروستکردووە، کەچی دایکی مامان بوو، لەو قسە خۆشانەی بەردەوام لە بارەی خۆی دەیوتەوە، ئەو تەنیا لە پیشەی دایکی بەردەوام بووە، بەڵام لە بواری بیرکردنەوە، یارمەتی کەسانی دیکەی دەدا، کە بیروبۆچوونەکانیان بۆ جیهان دەربڕن. لە گێڕانەوەیەکدا دەوترێت کوڕی کۆیلەیەك بوو، ئەم

گێڕانەوەیە دەشێ وا نەبێت، لەبەر ئەوەی **(هیلیتا)** لە هێزی پیادە سەربازبووە **(ئەمەشیان ئەرکێکە، تەنیا هاوڵاتیان لە ئەستۆیان دەگرت، نەك كۆیلەكان).**

دنیا هەموو ڕوخسار و ئادگاری سوکرات دەناسن، گەر بە پێی ئەم پەیکەرە نیوە بەژنەی لە مۆزەخانەی **(ترمی)** لە ڕۆما هەڵگیراوە، بڕیاری لەسەر بدەین، کە بڕیارێکە لەسەر بنچینەیەکی پتەو ڕۆنەنراوە، دەڵێین نموونەیەکی ڕاستەقینەی ڕوخساری یۆنانییەك نییە، لەبەر ئەوەی ڕووی زۆر گەورەیە، لووتی پانە و كۆشمەیە، دوو لێوی ئەستوورن، ڕدێنی چڕە.

**(ئەلکبیانس)** بە پێداگرییەوە لەسەری نووسیوە، لەوکاتەی بە ئاشکرا خۆشی دەوێت و دەڵێت: **((دەڵێم سوکرات زۆر لە دەمامکەکانی (سیلینس) دەچێت، کە دەشێ لە دوکانەکانی پەیکەرفرۆشان ببیندرێن، لە زاریاندا فیکە و دووزەلە هەن، لە نێوەندەوە دەکرێنەوە، لە نێودا وێنەی خوداوەند دەبیندرێت، هەروەها دەڵێم بە (مارسیاس) دەچێت، کە بوونەوەرێکی ئەندێشەییە نیوەی سەرەوەی مرۆڤە و نیوەی خوارەوەی بزنە، لەو باوەڕەدا نیم تۆ سوکرات ی ئەوە ئینکار بکەیت، کە ڕوخسارت وەك ڕووخساری ئەم بوونەوەرە ئەندێشەییەیە)).**

سوکرات لەم قسەیە ناڕازی نەبوو، بەڵکو لەوە خراپتری کرد، دانی بەوەدا نا، کەوا ورگێکی زۆر گەورەی هەیە و هیوادارە بە هەڵپەڕین لێی کەم بکاتەوە.

ئەفلاتوون و ئەکسانوفون لە وەسف و خوو و ئاکاری هاوڕان، کەوا بە درێژایی ساڵ بە جلکێکی کۆنی سادە ڕازی بوو، بە پێ خواسی پێ باشتربووە لەوەی پێڵاو لە پێ بکات، یا سۆل لە پێکات. تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە دەرەوە خاوەنداریێتی ڕەهابوو، ئەو دەردەی مرۆڤایەتی گیرۆدەی بووە، دەڵێن

جارێکیان سەیری ئەو کاڵا زۆرانەی بۆ فرۆشتن خرابوونەڕوو دەکرد، وتی: **((ئەو شتانەی من پێویستیم پێیان نییە چەند زۆرن!))**، لەم هەژارییەدا هەستی بە دەوڵەمەندی دەکرد.

نموونـەی میـانڕۆیی و خۆکـۆنترۆڵکردن بـوو، بـەڵام زۆر لـە ژیـانی پیـاوانی ئـایینی دووربـوو. دەیتـوانی وەك هـەر مرۆڤێکـی ڕۆشـنبیر مـەی بخواتـەوە، و پێویـستی بـە دنیانەویـستی (الزهـد) نـەبوو، بـۆ ئـەوەی ئاکـار ڕاسـتی خـۆی بپارێزێت.

دنیانەویست نەبوو، تا لە خەڵك گۆشەگیر بێت، بەڵکو زۆر هاوەڵییەتی باشی پێخۆشـــبوو، و حـــەزی بـــە بانگهێـــشتی خـــوانی دەوڵەمەنـــدان نـــەبوو و ڕەتیـــدەکردەوە، و ملکەچـــی ئەوانـــە نـــەدەبوو، ســـەری بـــۆ فەرمانـــەکانیان دانەدەنواندن، دەیتوانی بـێ یارمەتیـدانی ئـەوان بـە باشـترین شـێواز بـژییێت ، دیاری گەورەکان و پادشا و خوانەکانیانی ڕەتدەکردەوە.

بە گشتی پیاوێکی بەختەوەربوو، بێ شەکەتی کاری دەکرد، دەیخوێندەوە، بێ ئەوەی بنووسـێت، خـەڵکی فێـر دەکـرد، بـێ ئـەوەی پلانێکـی پێـشوەخت پەیڕەو بکات، مـەی دەخـواردەوە، بـێ ئـەوەی سـەرخۆش بێـت، دواتـر پـێش ئەوەی بێ هێزی پیری ببینێت، بێ ئازار مرد.

ئاکاریی، باشترین و گونجاوترین ئاکاربوو بـۆ چـاخی خـۆی، بـەڵام ئاکـارێکی دژواربوو هەموو ئەم پیاوچاکانەی پەسـندییان دەکـرد لێـی ڕازی بـن، تەنانـەت ئاگری خۆشەویستی لە جەستەی بەربوو، کاتێك**(خرمیدس)**ی بینی.

ئـەفلاتوون وەسـفی سـوکرات و ئـەلکبیانس دەکـات و دەڵـێن ئەوینـداری یەکترن، لە بارەی سوکرات ی فەیلەسووف دەڵێـت:**((بـەدوای کـوڕە جـوان و**

**پیرەکـــە دەکـــەوێت، هەرچـــەندە وا دەردەکـــەوێت، زۆربـــەی جـــاران خۆشەویستییەکی ئەفلاتوونی بوو)).**

بەردەوام قسەی خۆش و ڕەفتاری نەرم بوو، هـەر لەبـەر ئەمـەش ئەوانـەی بۆچوونە سیاسییەکانی جێبەجێ دەکەن، لایان ئاسانە ئاکارەکەی لـە کۆڵنێن. کاتێکیش مرد، (نەکسانوفون) وتی(( **ئەوەندە دادپەروەربوو، ستەمی لە هیچ کەسێك نەکردووە، هەتا لە شتە زۆر بێ بایەخەکانیـشدا.دادپەروەرییەکـەی گەیشتبووە ڕادەیەك، لە هیچ کاتێکدا چێژ و خۆشی بە باشـتر نـەزانیوە لـە چاکەگەری، ئەوەندە پەندیاربوو بەهیچ جۆرێك لەوەدا هەڵەی نەکردووە، خراپ و چاك لەیەك جیاکاتەوە.ئەوەندە بە توانابوو لە بایەخدان بە ئاکاری خەڵك و هاندانیان لە پەیڕەوکردنی ڕێگەی چاکەخوازی و سەرفرازی، وا دەردەکەوت گەیشتۆتە بەرزترین ئەدەبی خەڵك، کە هیواداربـوون لـە بەختـەوەری پێـی بگەن)).**

ئەفلاتوون ئەم واتایەی بە ئاسانی دەربڕیوە، کە دەڵێت:((**بەڕاستی ژیرترین، دادپەروەرترین، باشترین کەسێك بوو، کە لە هەموو تەمەنم ناسیبووم)).**

ڕەوتی ژیانی بەوە دەسـتی پێکـرد، لـەنێو هاوڵاتیانـدا دەگـەڕا، هەوڵیـدەدا باڵاتربوونە گریمانەییەکەی بدۆزێتەوە، ئەم ڕەوتەی گەیاندییە ئـەو ئەنجامـەی، کە دەڵێت:(( **هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە من هیچ نازانم، کەچی خـەڵکانی دیکە لەو باوەڕەدان ئەوەی نایزانن، دەزانن)).**

ئەم ڕاستەقینە وایکرد بیرە تیژەکەی وەك شتێکی وەڕسکار دەرکەوێت، کـە لەگەڵ ملکەچگەریی هزری زۆر لە هاوچاخەکانی بەراورد دەکرێت.

گفتوگۆ بێکۆتاییەکانی لەلایەن لاوانەوە، جێی بایەخ پێدان بوو، ئەوەشیان بووە هۆی نائارامی باوانەکانیان، ئەوانەی زوو تۆمەتی خوانەناسی زێدەگۆیی بەرانبەر خوداوەندەکانیان و گومڕاکردنی ڕۆڵەکانیان دایە پاڵی، ئەو کارەش لە کۆتاییدا بووە هۆی دانە دادگا و بڕیار لەسەردانی مردن. ئەو دادگاییکردنە بەناوبانگەی سوکرات تیایدا زۆر هەوڵیدا بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام بێ سوودبوو.

فەلسەفەی سوکرات ، یەکەم و پێش هەموو شتێك وەڵامی ئەو پرسیارانەبوو، کە فەیلەسووفێکی هاوسەردەمی خۆی، ناوی **(ئەناکساگۆراس)** بوو، دەیخستەڕوو، لەو باوەڕەدابوو زرنگی مرۆڤ تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دوو دەستی هەیە (ئامرازی کار)، کەچی سوکرات لەو باوەڕەدابوو، ژیری مرۆڤ هۆکارەکەی ئەم گیانی وشیارییەیە لە جەستەیدایە.

لەم ڕوانگەیەوە لە دڵنیایی و باوەڕەوە زۆر لە ڕێنوێنییەکانی دەرچوون، لەبەر ئەوەی گەر گیانی مرۆڤ بنجێکی خوداوەندی **هەبێت (سوکرات ، بە جیاواز لە باوەڕی باو، باوەڕی بەوە نەبوو، کە خوداوەندەکان تاوگێریی مرۆییان تێدابێت)**، ئەوا دەکرێ بەم چەمکە ڕازی بین، کە تێگەیشتنی زیاترە لە گیان، واتە **(خۆت بناسە)**، ئەم دەستەواژەیەی لەسەر پەیکەری **(زلفوس)**دا نووسراوە، هەر ئەوەش بوو سوکرات بە دروشمی خۆی دادەنا:**((ژیانێك لێتوژینەوەی لەبارەوە نەکرێت، شایانی ژیان نییە))**. لەبەر ئەوەی ورە بەوە بەهێز دەبێت، کە شتەکە پەیوەست بێت بە لەناوچوونی جەستە، کە ئەمەش باوەڕە بە نەمریی گیان.

لێرەدا ئاماژە بەو بوێرییە دەکەین، کە سوکرات هەیبوو پێش خواردنەوەی جامی ژەهر کە کۆتایی بە ژیانی هێنا. قسەکانی دێنینەوە کە خۆی بە کۆڵینگ بەراوردکرد، لەبەرئەوەی کۆڵینگ پێش مردن دەخوێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە لە مردن دەترسێت، بەڵکو بەهۆی چاوەڕوانیەتی هیوا و خۆشی بوو.

سوکرات لەو باوەڕەدابوو کە سەرفرازی ڕاستەقینەی گیان، لە زانستەوە دەبێت، کە میراتە ڕاستەقینەکەیەتی، ئەو زانستەی باوەڕی پێی هەبوو، لەسەر دیاردەکانی دەرەکی جیهان دامەزرابوو، سوکرات هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستێکی دژبەری هەبوو لە تیۆردانەرانی سروشت، بەوەی پێی دەوتن ئێوە هەستی مرۆڤایەتیان نییە، لە هەمان کات هەڵوێستێکی دژبەری ڕێبازی سۆفستاییەکانی هەبوو، ئەوانەی بەهرەی هەستی زانستیان نەبوو.

سوکرات بنەماکانی پەسندی فیزیا و (دیالەکتیك - بێژیاری)ی کۆکردەوە - شێوەی زانستی یەکەم ڕێباز و خەمی مرۆیی دووەمی کۆکردەوە - وایکرد زانستی ئاکار بکەوێتە جەرگەی (دڵ)ی هەوڵە فەلسەفییەکەی، لەبەر ئەوەی بە پێی تێگەیشتنی خۆی، گیان لەسەریەتی لە قووڵاییەکانی خۆیدا ڕۆبچێت، بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیانە بدۆزێتەوە، دوای ئەوەی وازی لەوە هێنا لە گەردوون بگات، ئەویش وا دەکات تا گیانی بتوانێت بە زانین ڕابگات. بێ ئەوەی ببێتە دیلی شتە دەرەکییەکان، لەبەر ئەوە ئەرکی زانستە، کە تاوگێری مرۆیی ڕەتبکاتەوە، بە چڕی بایەخ بە چیەتی واتا ڕەهاکان بدات، ئەوەی کە سوکرات یەکەم کەس بوو چەمکەکەی دۆزییەوە.

لە ڕێگەی هێمنی و جێگیری ناوخۆیی دەگەین بە هەڵێنجانی کاکڵی شتەکان، هاوکات دەتوانین لە ڕێگەی پێناسەکان دەریانبڕین. سوکرات هەر ئەمەی کرد،

بەوەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ تیۆری ئەفلاتوونی دوای ئەو ـ کە هەوڵیدا، بۆ نموونە، دوو چەمکی **(ئازایەتی و هاوڕێیەتی)** پێناسە بکات.

بەهرەی دروستی ژیان، وەك ڕێگەیەك بۆ بەختەوەری **(چاکەش بە پێی قسەی کۆنینە بەختەوەرییە)**، پەیوەستە بە خۆناسین، بەوەش بە ڕزگاربوون لە زۆرزانی سۆفیستاییەکان، گومڕایی ئەو مرۆڤانە پیشان دەدات، کەوا لە زۆربەی باردا، بایەخ بە شتە پووچەکان و بێبەها و کاتییەکانی (وەك سامان، ناوبانگ،... **هتد**) دەدەن، **هاوکات** شتە بنەڕەتییەکان، واتە ڕاستەقینەی شاراوەی نێو دەروونیان فەرامۆش دەکەن.

بە بۆچوونی سوکرات  زانین، بە پاکگەری دەستپێدەکات، لە ڕێگەی وازهێنان لە بیرۆکەی پێشینەکان بە دەرخستنی پووچەڵییان، بۆ ئەوەی خەسڵەتە باشەکان (میانڕەوی، دادپەروەری،... **هتد**) دەرکەون، ئەوانەی مرۆڤی باش سوودی لێوەرگرتن، دەبنە چاکە، لەبەر ئەوەی **((کەس بە هەڵبژاردەی خۆی خراپ نییە))**، بەڵکو بەهۆی نەزانییە.

ڕێبازی سوکرات  لە گەیشتنە زانین، **هەموو** جۆرە سروشێك ڕەتدەکاتەوە، کە لە ئەقلی ڕەتبێت. **(شەیتان)**ی سوکرات  توانستی ئیقناعکردنە، نەك داهێنان، پشت بە دیالەکتیکی دەبەستێت. لەبەر ئەوەی ئەمەی دوایی، لە دوو قۆناغەکەی شۆخی و لێهەڵێنجان **(کە بە پێی ڕێبازی سوکرات ، هەڵێنجانی ڕاستەقینەیە لە دەروون ـ لە نێو کەش و هەوای دۆستایەتی ـ ڕێدەدات خاڵەکانی بەیەك گەیشتن لە نێوان گفتوگۆکاران دەربێنێت)**، واتە ڕاستییە گەردوونییەکان کە بە پێی پێداویستییەکانی لۆجیك ناسراون.

بەڕاستی سوکرات دامەزرێنەری فەلسەفەی ئاکاربوو، هاوکات یەکەم تیۆردانەری هۆشەکی بوو **(هەر ئەوەش دوژمنایەتی نیچەی ورووژاند).** هەروەها بانگخوازێکی ئازادی بیروڕا تاکە کەسی بووە، کە وایکرد دواتر ببێتە نموونەیەك لە هەموو کلتووره فەلسەفییەکەی دوای خۆی.

سوکرات بە تەواوی ژیانی خۆی بۆ گەڕان بەدوای ڕاستەقینە و چاکە تەرخانکرد. سوکرات هیچ دانراوێکی لە پاش بەجێنەماوە، زۆربەی زانیارییەکان لەبارەی ژیان و ڕێنوێنییەکانی لە ڕێگەی قوتابییەکانی **(زینەفۆن)ی** مێژوونووس و **(ئەفلاتوون)ی** فەیلەسووف زانراون، سەرەڕای ئەوەی **(ئەریستۆفانیس)** و **(ئەرستۆ)** زانیارییان لە بارەی ئەوەوە نووسیووە.

سوکرات لە **(ئەسینا)** لەدایکبووە و ژیاوە، جلوبەرگی سادەبوو، بەوە ناسراوبوو لە خواردن و خواردنەوە بێ فیزبوو. لەگەڵ **(زانسیب)** هاوسەری بەست، بە پێی گێڕانەوەکان توندو توون بوو، ژیان لەگەڵی ئاسان نەبوو، لەم ژنەی دوو منداڵی بووە.

ژنی سوکرات بەوە بەناوبانگ بووە، دژایەتی دەکرد و ژیانی تایبەتی لێ تاڵ دەکرد، ڕامان و گۆشەگیرییەکەی لێ تێکدەدا.دەشێ لەم کورتە چیرۆکەی دێت بە پوختە و هۆی ئەم سروشتە دژکارییەی نێوانیان و هۆکارە شاراوەکانی بزانین.

لە یەکێك لەو جارانە سوکرات بە تەنیا لە گۆشەیەکی ژوورەکەیدا بوو، هێمن و ڕامابوو، بیر لە چۆنیەتی دابەزاندنی فەلسەفەی لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دەکردەوە، یا لە پەندیاری خوداوەندان بۆ بیر و هۆشی مرۆڤ، خێزانەکەی

خەریکی کاروباری ماڵ بوو، کە تێبینی کرد مێردەکەی گرنگی بە ماندووبوونی نادات، لە ڕامانەکانیدا ڕۆچووە، کە ئەو بە (بەتاڵ)ی دەزانیت، هاواری لێکرد:
- ئەی پیاوی بێکار شەرم لە خۆت ناکەیت! ؟ چۆن لێدەگەڕێیت بە تەنیا هەموو ئەم ماندووبوونە بکێشم، بێ ئەوەی لە شوێنە ناپەسندەکەت هەڵستیت و دەستی یارمەتی بۆ من درێژ بکەیت.. ئەرێ لەم دانیشتنە خراپەتدا چی دەکەیت، بۆ هەڵناستیت و کارم لەگەڵدا بکەیت.

سوکرات وەك هەموو جارێك بەهێمنی و بەهەمان وەڵام وتی:((**بیرم دەکردەوە**)).

کاکڵی ناکۆکی نێوان سوکرات ی بیرمەند و ژنی ماڵەکەی، جیاوازی قووڵی تێگەیشتن بوو بۆ ئەرکی مرۆڤ لە ژیاندا، لە جۆری پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە، ئەویش دواتر جۆری پەیوەندی و تێگەیشتنی هەریەکەیان بۆ سروشتی کار دیاریدەکات.

ژنی سوکرات بە پێی توانا هزری و جۆری پەیوەندییە ئاکاری و زانینیەکانی خۆی بە جیهان، سەیری سوکرات ی دەکرد. چەمکی کار لە لای ئەو، لە نێو ماڵدا ئەنجامدانی کارە دەستییەکان بوو، ئەوە کۆتایی بوون و ئامانج و خواستی ژیانیەتی.

کەچی سوکرات ، بەهۆی توانا هزرییە بەرزەکانی و جۆری پەیوەندی ئاکاریی و زانینەکانی بە جیهان، بە جۆرێکی دیکە بیری دەکردەوە. چەمکی کار لای ئەو، چەمکێکی هزریی پوختە، پەیوەستە بە بیرۆکەی بوونی هاوڵاتی و مرۆڤی یۆنانی لە هەردوو ڕەهەندی کرداری و تیۆرییەوە.

ئـا لێـرەوە کـارێکی هۆشـەکییە، پرۆسـەی بیرکردنـەوەی لـە گۆشـەی ژوورەکەیدا، کـە شـوێنێکە بـۆ بـە باشـی ئەنجامـدانی کـارە هزرییەکـەی، بـە دەستەواژەیەکی دیکە، لای سوکرات مەسەلەی وازهێنان لە شوێنی کاری، کـە گۆشەی ژوورەکـەی بـوو، دواتـر چـوونی بـۆ یارمەتیـدانی ژنەکـەی لـە شـوێنی کاریدا، واتە بۆ (سوکرات ) بە پێی چەمکی خۆی بـۆ کـار، جێهێـشتنی شـوێنی ڕاستەقینەی کارەکەیەتی، بە پێی خۆی دەچێت بۆ شوێنێك تیایدا بـیر پـەکی دەکەوێت و هزر بەتاڵ دەبێت.

تەنیا لەنێو ئەم گۆشـە تاریکـەی ژوورەکـەی دەتوانێـت توانـا هزرییـەکانی و بــەهرە بیرییارییــەکانی ڕەهــا بکــات، ئــەم گۆشــە هێمنــە بــۆ ئــەو ناوەنــدێکی هەرەباشی کارەکەی و مەرجە هەرە لەبارەکانی بەرهەمهێنانی هزری تێدایە.

ســوکرات خــەڵکی لــە جــادە و بــازاڕ و یاریگــەکان فێردەکــرد. شــێوازی وانەوتنەوەی پشتی بە پرسیار ئاڕاستەی گوێگرانی دەبەست، دواتر ئەوەیان بۆ ڕووندەکردەوە کەوا وەڵامەکانیان ناتەواون.سوکرات بـە تۆمـەتی گـومڕاکردنی لاوان و بێڕێزیکردن بەرانبەر نەریتە ئایینییەکان درایە دادگا.

سوکرات ئاماژەی بەوەدەدا کەوا فەرمانڕەواکان پێویستە لەو پیاوانە بن، کە دەزانـن چـۆن فەرمانـداری بکـەن، نـەك تـەنیا لەبـەر ئـەوەی هەڵدەبـژێردرێن. دەستەی سوێندخۆران بڕیاریـدا کـەوا تۆمەتەکـە لەسـەر سـوکرات سـەلماوە و بڕیاری لەناوبردنی دا، بڕیارەکەش زۆر بـەهێمنی جێبـەجێکرا بـە دەرخـواردنی جامێك ژەهر.

سوکرات لەو بـاوەڕەدابوو شـێوازی دروسـت بـۆ دۆزینـەوەی تایبەتمەندییـە گشتییەکان، ڕێبازی لێگەڕانە، کە بە دیالەکتیکی ناسراوە، واتـە گفتوگۆکردنی

لـەبارەی ڕاسـتییە تایبەتییـەکان بـۆ گەیـشتن بـە بیرۆکەیـەکی گـشتی، ئـەم کردارەش شێوەی وتوێژی دیالـەکتیکی بـەخۆوە بینـی، کـە دواتـر بـە ڕێبـازی سوکرات ی ناسرا، یا بەرنامەی سوکرات ی، دواتر لە بەشێکی ئەم کتێبە کەمێك بە وردی باسی دەکەین.

ئافرەت لە ژیانی سوکرات دا، سەرەڕای خێزانەکـەی کـە توێـژەران گرنگیـان پێـداوە، وەك ژنێکـی منجـڕی، ڕەفتـار خـراپ وێنایـان کـردووە و سەرچـاوەی ئازاربووە بۆ سوکرات ، لە سوکرات دەگێڕنەوە، کە وتوویەتی لە تـەك دایکیـدا دوو ژنی دیکە کاریگەرییان لەسەری هەبووە، **(دیوتیما)**ی جادووگەر و کاهینی شاری (مانتینی) هەموو ئەوەی لە بارەی خۆشەویستی دەیزانێت لەو فێربووە، کە لە یۆنانی بە **(ئیرۆس)** ناسراوە، و **(ئاسبازیا)**ش ڕەوانبێژی فێرکردووە، کە مامۆستای جەنەڕاڵی سەربازی **(بریکلیز)** بوو.

دیوتیما لە وتوێژی خواندا، ئەو بەردەستەی چووبوو بانگی سوکرات بکات، گەڕابۆوە و وتـی: سـوکرات لـەو سووچـەی ئـەولا وەسـتاوە و گـوێ بـە کـەس نادات، گوێی بە بانگێشتەکەم نەدا! .هەروەها سوکرات لە هەمان وتوێژدا باسی دیوتیما دەکات وەك ئاخێوەرێك لـە قـسەکانیدا پەنـد دەبارێـت، پێـی دەڵێـت: دەشـێ تـۆ گەیـشتبیتە ترۆپکـی پەنـدیاری، کـە دیوتیمـا پرسـیاری لێـدەکات، وەڵامی دەداتەوە: گەر دیوتیمـا وەڵامـم بزانیبوایـە، ئـەوا ئەوەنـدە سەرسـامی پەندياريت نـەدەبووم، وەك قوتـابی لەبـەردەم مامۆسـتای وەسـتابێت، وام بـۆ ئەوەی لەتۆ فێرببم، لەتۆوە خۆشەویستی بزانم.

له وتوێژی خواندا کاتێ نۆرەی سوکرات هات، باسی خۆشەویستی بکات، وتی: باسێکتان بۆ دەگێڕمەوە لە بارەی خۆشەویستی لە ئافرەتێکی مانتینام بیستووە، ناوی دیوتیمایە و خاوەنی کاری پڕ شکۆمەندییە... هتد.

ئایا ئەم ئافرەتە ڕاستەقینەیە و سوکرات لەوەوە هونەری خۆشەویستی فێربووە، وەك خۆی دەڵێت: یا کەسایەتییەکی ئەفسانەییە، ئەفلاتوون خۆی دروستی کردووە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە.

## ڕای یەکەم: دیوتیما کەسایەتییەکی دروستکراوە

سەرەتا ئەو بەڵگانە دەخەینەڕوو، کەوا خاوەنەکانیان وای بۆ دەچن پشتگیری ئەم ڕایە دەکەن، کە دیوتیما کەسایەتییەکی مێژوویی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو کەسایەتییەکی دروستکراوە، بەڵگەکانیش ئەمانەن:

أ- لە سروشتی ئەفلاتووندا ئافرەتێك نییە تێوەگلێنێت و ڕۆڵی سەرەکی لە گفتوگۆ پێبدات، وەك دیوتیما لە وتوێژی خواندا هەیەتی.

ب - قسەکانی سوکرات نابێت بە ڕاست وەرگرین، ئەو لە هیچ ئافرەتێك، هیچ شتێك فێر نەبووە، دەشێ بۆچوونەکانی دیوتیما بۆچوونی سوکرات خۆی بێت.

ج - دەشێ وتوێژی خوان، وەك نموونەیەکی گەشاوەی بەهرە ئەدەبییەکان و وەك چیرۆکنووسێك سەیری ئەفلاتوون بکەین، واتە کەسایەتی **(دیوتیما)** ئەفلاتوونی نووسەر دایهێناوە و خۆی لە پەنا شارۆدتەوە، بۆ ئەوەی چی بوێت بیلێت.

د - کەسایەتی **(دیوتیما)** لە سەرچاوە کۆنەکاندا بوونی نییە، بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێینەوە، تەنیا وتوێژی خوان نەبێت.

هـ ـ دەشێ کەسایەتی دیوتیما لە دروستکردنی سوکرات خۆی بێت، یا نموونەیەکی دیکەی گاڵتەئامێزە بەناوبانگەکانی سوکرات بێت!

سوکرات کاتێ باسی دیوتیما دەکات و بە کاهینێکی خاوەنکاری مەزن ناوی دەبات، گوایە توانیویەتی تاعوون لەسەر ئەسینییەکان بۆ (دە) ساڵ لاببات، تەنیا گاڵتەئامێزە، واتە دەبێ هەموو وا تێبگەین، کە جۆرێکە لە گاڵتەئامێز، بەو واتایەی جۆرێکە لە گاڵتەئامێزە بەناوبانگەکانی سوکرات .

سوکرات گاڵتەئامێزی مەزن، کە لاو بوو، باوەڕی بە ڕاوبۆچوونەکانی دیوتیما هەبوو، کە پێگەیشت وازی لێهێنان، لێرەوە بەجۆرە گاڵتەجاڕییەوە ڕاکانی بە ڕای خۆی داوەتە پاڵ کەسایەتییەکی دیکە.

## ڕای دووەم: دیوتیما کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە!

بەڵگەکانی ڕابردوو بۆ پشتگیری بۆچوونی ئەوانەن، کە دەڵێن **(دیوتیما)** کەسایەتییەکی دروستکراوە، دەگەنە ئامانجێکی گرنگ، ئەویش ئەمەیە، کەوا هیچ ئافرەتێك بەم ناوە بوونی نییە، واتە ئەم ڕا فەلسەفیانەی سەبارەت بە خۆشەویستی وتراون، یا ئەدەبی **سوکرات** بوون کاتێ لاو بوو، یا بیروڕاکانی ئەفلاتوونن.

**(تیلور)** فەیلەسووفی ئەفلاتوونی هاوسەردەمی دەڵێت: **سوکرات** ، لە ڕاستیدا ویستی ئاخاوتنەکەی خۆی بکاتە دیالەکتیك یا وتوێژ یا بیرێکی ڕەسەن، بەوەی لەسەر زمانی ئافرەتێك بەناوی دیوتیما دایبنێت، کاهین لە مانتینا، تیایدا ڕەوتی پرسیار و وەڵامەکانی نێوان خۆی و ئەم کاهینە دەگێڕێتەوە، ئەو

وتوێــژەی چــاوی کــردەوە بــۆ تێگەیــشتن لــە نهێنییــەکانی ڕاســتەقینەی خۆشەویستی.

**(تیلـور)** بــەردەوام دەبێــت و وەڵامــی بیرۆکــەی دیوتیمــا بــە کەســایەتی دروستکراو زانین دەداتەوە، گوایە ئەندێشەی ئەفلاتوونی نووسـەر دایهێنـاوە و دەڵێت: لەلایەکی دیکە ناتوانم لەگەڵ زۆر لە توێژەری هاوسەردەم هـاوڕابم، کـە وەك کەسـایەتییەکی دروسـتکراو دەڕواننــە دیوتیمــا، لەبــەر ئــەوەی هێنانــە ناوەوەی کەسایەتییەکی دروستکراو یان ناوی ناڕاست لە گفتوگۆدا، بە ڕای من فێڵێکـی ئەدەبییــە، بــەڵام لای ئــەفلاتوون بــوونی نییــە. ئایــا کــاهین بێــت یــا فەیلەسووف بێت، قسەیەکە دەشێ وەڵامی بدرێتەوە، هەر لەلای ئەفلاتوونـەوە کە خۆی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە لە بارەی زانیارییەکانی مێژووی سوکرات ، لە زۆر وتوێژدا دەریـدەخات، کـە سـوکرات  زۆر بـە قـووڵیش کەسـایەتییەکی ئاییندارى هەبوو ، هەروەها سوکرات  خاوەنی مێژوویـیـەکی درێـژە لـە گوێدانـە دەنگی فالگریی و کاهینکاری.

ئێمە جارێکی دیکەش تیلور بە گەواهیدەر دێنینەوە، لەمبارەیـەوە دەڵێـت: لەو کاتەوەی سوکرات  چیرۆکی هاوەڵەکەی **(شریفۆن)** لەگەڵ کاهینی **(دلفـی)** هێنایەوە وەك بەڵگە بۆ داکۆکی لەخۆکردن لەکاتی دادگایی کردنیدا، دەتـوانین بڵێین سوکرات  هیچ کاتێك دژی ئەوە نەبووە بۆ ڕاوێژپێکردنیان پەنا بباتە بەر کاهینەکان، بەڵکو تەواو باوەڕی هەبوو بە ڕێنوێنییەکانیان و سەرباری ئەوەش ڕاوێژی **(شریفون)** لەگەڵ کاهینی **(دلفی)**، لەو ماوەیە دێت کە ئـەو (دە) سـاڵە دەڵێین سوکرات  و دیوتیما تیایدا بەیەکگەیشتوون.

سەرەڕای ئەوەش، ڕاوێژی سوکرات به ئافرەت و گوێدانه ئامۆژگارییـەکانی کاهینەکان له وتوێژی (**مینۆن**)یشدا هاتووه، که دەڵێت: گوێبیستی ئەوەبووم، کـەوا پیـاو و ئافرەتـانی پەنـدیار و بلیمـەت هـەن دەریـای زانـین لـە کاروبـاری خوداوەندادا. ئەوانەش بـەرەی کـاهینی ئـافرەت و پیـاون، کـە ئـەرکی زۆریـان کێشاوە، بۆ ئەوەی ئـەم هۆکـارە بـزانن کـە ڕەفتارەکـەیان ڕووندەکاتـەوە. ئـا لێرەوە (تیلور) دەگاتە ئەم ئەنجامە، کەوا بڵێت ئەم زانیاریانەی کە ئـەفلاتوون لـەبارەی سـوکرات ەوەی بـە ئێمـەی دەدات، جێـی ئـەوە نییـە وەك ڕاسـتی مێژوویی وەری بگرین.

(**کرانتس**) زمانەوانی ئەڵمانی لە وتارێکیدا لەبارەی دیوتیمـا، **هێڵێکـی** تـەواو تەریب دەکێشێت بۆ کەسایەتی دیوتیمای هاوسـەردەم لای شـاعیری ڕۆمانـسی هەسـت ناسـك (**هلـدرین**)، سـوکرات و (**هلـدرین**) هـەردوویان قوتـابین، لـە مامۆسـتایانیان خۆشەویـستی و پەنـدیاری فێـر دەبـن. جیـاوازی نێوانیـان، جیاوازییە لە نێوان فەیلەسووفی فێڵباز، گاڵتەجاڕ، دڵنەرم، پیری کـەپوو پـان، لەگـەڵ شـاعیری تـاکی نائـارامی زۆر جـوان و لاو. جیـاوازی نێـوان هـەردوو مامۆسـتاکەش جیاوازییـە لـە نێـوان فـالگر و خانمـە کاهینێـك، و قـسەی یەکلاکەرەوە، دەڵێت دوای جیاوازی ڕاکان لە بارەی خۆشەویستی دەبێـت پـیر بێت، تا ئەم جۆرە پەندانەی لەگەڵ کچێکی هـێمن و دڵناسـك و چـاوانی پـڕ لـە چاکەخوازی و باشـی و دڵسۆزی و سۆز و تێگەیـشتن لـەو شـاعیرانەی قـەدەر خـستویەتیە سـەر ڕێگـای هـەبێت، لـە ماڵەکەیـدا لەگـەڵ ئـەو ژیـا، تێنـووە ئەبەدییەکەی لە کانیاوەکەیدا دەشکێنێت و دواجار تیایدا دەخنکێت.

له مۆزەخانەی نەتەوەیی ناپۆلی، سندوقێکی بچووکی برۆنزی هەیە، تیایدا دانەیەکی شوێنەواری وتوێژی خوان هەیە، وێنەیەکی زۆر جوان لەسەر سەرپۆشی سندوقەکە نەخشێنراوە، (ئۆتۆجان)ی تایبەتمەند لە نەخشە کلاسیکییە کۆنەکان، لەبارەی نەخشەکانی ئەم وێنەیە دەڵێت:

**وێنەکە دیمەنێکی سادەی کورسییەکی بێ پشتە، ئافرەتێك لەسەری دانیشتووە، کراسێکی درێژی فشەڵی لەبەردایە، پۆشاکێکی خستۆتە سەر جەستەی تا بەشی خوارەوەی دادەپۆشێت. کلاوێکی خڕی لەسەر ناوە، تەنها نێوچەوانی دیارە. لە دیمەنەکە دیارە ئافرەتێکە خەریکی ئاخاوتنە، تەنیا هزری داوەتە بابەتەکەی قسەی لەسەر دەکات.**

دەتوانین بڵێین بەبێ ترس و کەوتنە هەڵەوە، هزری ئافرەتەکە خەریکی بابەتەکە بووە، کە قسەی لەگەڵ پیاوێکی وەستاو لەبەردەمدا دەکرد.

پیاوەکەش پۆشاکێکی سادەی لەبەردایە، لایەکی بەسەر باسکی چەپی دادراوە، سینە و شانەکانی و باسکی ڕاستی لە دەرەوەن و ڕووتن، سەری کەمێك بۆ لای ڕاست خوارکردۆتەوە، سەرکۆتە، پێ خاوس، لووت پان، دوو چاوی قووڵ لەژێر برۆیەکی چڕ و دوو لێوی ئەستوور... هتد.

دوای ئەوەی ئۆتۆجان جیاوازی ئەم نەخشە برۆنزییە لەگەڵ نەخشی دیکەی چاخی ئەفلاتوون دەکات، و دوای ئەوەی کەسایەتی **(تیرۆس)**ی خۆشەویست باس دەکات، کە بە ڕواڵەت لە نێوان ژن و پیاوەکەدا هەیە، لە کۆتاییدا دەڵێت: لەوە بێگومانم لەبەردەم سوکرات دایە، کە چاوی چڕ کردۆتەوە و زەینی داوەتە وشەکانی دیوتیمای، کە لە ئاخاوتنێکی زیندوودا فێری سروشتی

خۆشەویــستی دەکــات، یــا وەك خــۆی دەڵێــت دیوتیمــا خــۆی نهێنییــەکانی خۆشەویستییە.

ئەم سندوقە برۆنزییە بەڵگەیەکی شوێنەواریمان دەداتێ، زۆر توند پشتگیری لەو قسەیە دەکات، کە **(دیوتیما)** هەیە و خاوەن کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە، نەك دروستکراو.

**(ئەسپازیا)** مامۆستای ڕەوانبێژی سوکرات ، شاژنی ئەسینای بێ تاجـە، لـە سـەدەی پێنجـەمی پـێش زایـین بـەهۆی کەسـایەتی بـەهێز و فـرە ڕۆشـنبیر، فێرگەیەکی دامەزراند بۆ وتنەوەی ڕەوانبێژی و فەلسەفە بۆ پیاو و ئافرەتان لە ئەسینا، تیایدا ئاخێوەرێکی بەتوانابوو، سوکرات لـە بارەیـەوە دەڵێـت:((**ئـەو مامۆستایە لەوەوە ڕەوانبێژی فێربووە**)).

ئەمە ڕێی لەوە نەگرتووە، خەڵکی ئەسینا بەرەنگاری ببنەوە و تۆمـەتباری بکەن بە دەرچوون لە ڕێوشوێنی ئایینی و گوێنەدان بە خوداوەندانی **(ئۆلیمپ)**، دوورکەوتنــەوە لــە ڕێگــەی نــامودی و شــەرم و پاکدامــەنی، ئــەم بەرگرییــە بەناوبانگەی دواندەری بـەناوبانگ **(پـرکیس)** دادی نـەدا و دوانـە ڕەوانـەکان و فرمێـسکە بـە سـۆزەکانی لـە چارەنووسـە خەماوییەکـەی لـە بـەردەم دادوەرە دڵڕەقەکاندا ڕزگاری نەکرد.

وەك ژنە گۆرانیبێژێکی گریك بە جوانی و ڕۆشنبیر و زیرەك بـەناوبانگ بـوو، دۆستی سەرۆکێکی ئەسینی لە خانەوادەی کمبونیدی دێرین (پرکلیس) بوو، کە بە زیرەکی و زۆرزانی بیر کراوەیی بەناوبانگ بوو. ئامانجێکی مەزنی هـەبوو بـۆ ئـەوەی ئەسـینا بکاتــە ســەرکردەی شارسـتانیەتی گریکـی و هێزێکـی سیاسـی مەزن، ئەسینا لە سێبەری فەرمانـداری ئـەودا، گەشـاوەترین سـەردەمی خـۆی

بینی و سیستەمە دیموکراسییەکەی گەیشتە ئەوپەڕی و بە قسەی ئەو بووەتە **(فێرگەی وڵاتی گریك)**.دامودەزگا و پەیکەری تیا دامەزران، لە پەیماننامەی (دیلیوس) بە سەرۆکایەتی ئەسینا بوو، دواتر بوو بە ئیمپراتۆریەتێکی ئەسینی.

لە ساڵی ٤٤٨ پ. ز، پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ فارسەکان بەست، لە ساڵی ٤٤٥ پ. ز ئاگربەستی لەگەڵ ئیسپارتە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ بەست، لە ساڵی ٤٣١ جەنگی بلوبونیزی دەستی پێکرد و کارەکانی (پرکلیس)ی ڕامالَی و نەیارانی هەڵمەتیان کردە سەر و دژی وەستان و بڕیاری دادگای لەسەر درا و دوورخرایەوە، بەڵام هاوڵاتیانی هەسیتان کرد پێویستیان پێی هەیە، پێش مردنی گەڕاندیانەوە سەر پلە و پایەکەی.

**(پرکلیس)** ئەوینداری خۆشەویستی ئەسپازیا بوو، دۆست و دواتر دووەم هاوسەری بوو، پەیکەرە هونەرییە رەسەنە کلاسیکییە فرەجوانەکە و بە قەوارەی سروشتی ئەسپازیا لە مۆزەخانەی نیشتمانی لە ناپۆلی لە ئیتاڵیادایە، نموونە هەرە بەرزی هونەری کلاسیکی دەنوێنێت.

لەم بەشەدا **(ئەسپازیا)** وەستاوە و پاڵتۆیەکی فرەوانی پۆشیوە، لە دواوە سەری داپۆشیوە و لە هەموو جەستەی لولداوە، جگە لە دەستی چەپی، شۆڕبۆتەوە تا پێیەکانی، کە پۆشاکێکی دیکەی ناوەخۆ داپۆشیوە، پەنجەکانی پێی دەردەکەون، کە دوو سۆلی سادەی لە پێدایە. پێی ڕاستەی بۆ پێشەوە پێشخستووە، جەستەی ناسکی لەسەر پێی ڕاستی ڕاگرتووە، لەسەر بنکەیەکی لاکێشە چەسپاوە. چەندین داوی لوولەکەی دەورەی ڕووی داوە، لەلای چەپی سەرییەوە دابەشکراوە، گوێیەکانی داپۆشیون، وەك پێلی هێمن دەلەرزن و ئاوازی ناسکی میوزیکی دەبەخشن. سەری کەمێك بۆ لای چەپ

سووڕاوە، کەوا دیمەنێکی ناسکی و پاکی و ڕامان بە کەسەکە دەبەخشێت، ڕوو لە باڵا چوون. چاوە جوانە ڕۆچووەکەی لە ڕاماندا پێڵووەکانی دیمەنی چاوێکی خەوندیتە دەبەخشێت، دەمی داخراوە و لێوی خوارەوەی بە سووکی و نـەرمی و وەك ڕۆژی هەڵاتوو دەردەکەوێت، لەنێو ئەم بۆشاییەی دەوروبەری بە سووری کۆڵمەکانی، سەری وەك گوڵێکی سەر ئەستۆیەکی جـوانی لـە عـاج دروسـتکراو دەردەکەوێت. ئەم پۆشاکەی لەسـەر سـەرییەوە هاتۆتـە خـوارەوە، بـۆ لۆچـی دەڵێی پێلی میوزیکین، هێمن ناوە ناوە جوانییەکەی دەردەخـەن و نـاوە نـاوە دایدەپۆشن، لەژێرییەوە مەمکی چەپی دەردەکەوێت، دەستی ڕاسـتی لەژێریـدا دەشـارێتەوە بـە ئاماژەیـەکی سـادە دەریـدەبڕێت، دادگـەڕێ تـا سـەر کراسـی نـاوەوەی، کـە هارمۆنیایـەکی سـتوونی هەیـە و هـەردوو پێکـانی دادەپۆشـێ. میوزیکی لە پێچەپێچی کراسیدا بەر دیدە دەکەون، جوانی جەستەی دەنوێنن، بەژنی زراڤی دەنـوێنن، لەسـەر شـانی چـەپییەوە و بەسـەر دەسـتییەوە دێنـە خوارەوە، ملکەچ هێمن وەك خوڕەی ئاوی سۆلاڤ دەڕژێتە سـەر زەوی، لکێکـی لێ دەبێتەوە بەرەو لای ڕاسـت دێـت و لـە خـوارەوە ون دەبێـت... ناوەڕاسـتی هێمن و بێدەنگ دەمێنێت، چاوی بینەر دەحەسـێنێتەوە، ئـەم پێـچانە لەسـەر سـینە ئـاڵۆز دەبـن و لـەلای ڕاسـتی دەسـت لـە شـێوەی شـنەبای ناسـك ژیـان دەنوێنن.

نیشانەیەکی هونەری کلاسیکی میوزیکییە، ژیان بە دەروون دەبەخـشێت، بـە هێمنـــی و بێـــدەنگی ئـــەو و درەوشـــانەوەی مـــانگ و تریـــسکە و بریقـــەی ئەستێرەکانی.



وێنەیەکی هەڵکەندراوی سوکرات  لە ڕۆما، بۆ سـەدەی یەکـەمی پ.ز تـا سەدەی یەکەمی دوای زایین دەگەڕێتەوە.



دیۆتیما مامۆستای خۆشەویستی سوکرات




ئەسبازیا مامۆستای ڕەوانبێژی سوکرات

# بەشی دووەم

# سوکرات ... بلیمەتێك تەواوی مێژوویی گۆڕی!



ئاساییە بلیمەتی و مەزنی و هێز و دەستەڵات و کاریگەری کەسایەتییە گەورەکانی مێژوو، لە بوارە جیا جیاکاندا، بە قەوارەی هاوبەشیکردنیان لە گۆڕینی ئەم مێژووە بپێورێت. بەتایبەتی کەوا ئەم کەسایەتییە ئەوەندە مەزن بێت، کە تەنیا دەرکەوتنی خاڵێکی جیاکەرەوە بێت لەوەی پێش خۆی و لەوەی دوای خۆی، سوکرات وابوو، جیهانی ناچارکرد زاراوەیەکی نوێ دابهێنن، کە (**پێش سوکرات** )ییە.

زاراوەی فەیلەسووفانی پێش سوکرات ، یان پێش سوکرات ی، وەك ئاماژەیەك بەکاردێت بۆ بیرمەندانی پێش کاتی سوکرات ، ئەوانەی هەوڵیانداوە بزانن و بگەڕێن بۆ زانینی چییەتی گەردوون و پێکهاتەی جیهان و سروشتی واقیع، و پرسیارکردن بە ئامانجی گەڕان لە ڕاڤەی هۆشەکییانەتر، دوای ئەوەی ڕاڤە باوەکانی ئەفسانەیی دیاردەکانی گەردوون و سروشتی ژیانیان ڕەتکردەوە.

فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییە، وشەیەکە لە (فیلاسۆفیا)وە هاتووە، بە واتای (خۆشویستنی پەندیاری) دێت. بابەتی بنچینەی فەلسەفە، بابەتێکی فرەوانە و فرەلق، پەیوەستە بە هەموو چەشنەکانی زانست و هەموو لایەنەکانی ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفە تاکانەیە بەرانبەر زانست و تایبەتمەندییەکانی دیکە. فەلسەفە هەندێجار وا وەسفدەکرێت، کە ((**بیرکردنەوەیە لە بیرکردنەوە**))، واتە بیرکردنەوەیە لە سروشتی بیرکردنەوە و پێشبینی و تەگبیر.

هەروەها فەلسەفە وا پێناسە دەکرێت کە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە بنچینەییەکانی بوون و گەردوون دەیخەنەڕوو.

فەیلەسووفان لە چەمکگەلێکی وەك: بوون، بوونایەتی، بنەما ئاکارییەکان، زانین، ڕاستی و جوانی ڕادەمێنن.

لە ڕووی مێژووییەوە، زۆربەی فەلسەفەکان یا پشت بە باوەڕی ئایینی دەبەستن، یا زانستی، سەرەڕای ئەوەش فەیلەسووفان دەشێ پرسیاری گرنگ لە بارەی سروشتی ئەم چەمکانە بپرسن.

زۆر کاری سەرەکی لە فەلسەفەدا بەم پرسیارە دەست پێدەکات، ئایا فەلسەفە چییە؟ زۆر جاران پرسیارەکانی فەیلەسووفان بەم جۆرە پۆلین دەکرێن:

**ئایا ڕاستەقینە چییە؟ چۆن و لەبەرچی ڕاست و هەڵە لەیەك جیا دەکەینەوە؟ چۆن بیر دەکەینەوە؟ پەندیاری (حکمە) چییە؟ ئایا دەشێ بزانین؟ چۆن ئەوەی دەزانین؟ سروشتی ئەم شتانە چین؟ ئایا هەندێ شتی سەربەخۆ هەن لە تێگەیشتنی ئێمە؟ سروشتی چۆڵگە ئاسمانی و کات چییە؟ سروشتی بیروباوەڕەکان چین؟**

فەلسەفە گۆڕان و پێشکەوتنی گرنگی بەخۆوە بینیوە، فەیلەسووفە گریکییەکان هەوڵیاندا ڕێساکانی بنچینەیی فەلسەفە دابنێن، وەك زانستێك هەوڵدەدات دیدگایەکی گشتگیر لە چوارچێوەی ڕوانێنێکی ڕیالیزمیانە بۆ گەردوون دابین بکات ، تا دەگاتە فەیلەسووفە موسڵمانەکان، کە فەلسەفەی گریکی کاری تێکردن و لەگەڵ ئەزموونی خۆیان هەمواریان کرد و فەلسەفەی ڕیالیزمیانە بەرەو فەلسەفەیەکی ناوەکی برد، دیسان فەلسەفە هەنگاوێکی دیکەی نا، لە کاریگەری زانستی ئەزموونەکی بەرەو فەلسەفەی زانست و ئەزموون لە چاخی ڕێنیسانسدا ڕۆیشت، دواتر فەلسەفەی بوونخوازی و

مرۆڤدۆستی و ڕێبازە نوێیەکانی فەلسەفەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمی لێکەوتەوە، ئیمڕۆ فەلسەفەی نوێ بە پێی نەریتی شیکارەکی لە ئەمەریکای باکوور و بەریتانیا، بەرەو تەکنیککاری دەچێت، لە لۆجیك و شیکاری چەمکسازی چڕبۆتەوە. واتە بابەتەکانی بایەخپێدانی ئەم بوارانە دەگرێتەوە، ئەپستمۆلۆژیا، ئاکار، سروشتی زمان، سروشتی هۆش. هەندێ لایەنی ڕۆشنبیریی و ئاڕاستەی دیکە هەن، وای بۆ دەچوون فەلسەفە لێکۆڵینەوەیە لە هونەر و زانست، تیۆرێکی گشتی پێکدێنێت و ڕێبەرێکی گشتگیری ژیانە. بەم تێگەیشتنە فەلسەفە بایەخدەدات بە دیاریکردنی ڕێبازی نموونەیی ژیان نەك هەوڵی تێگەیشتنی ژیان.

دەتوانین بڵێین فەلسەفە لە ئاسیای بچووك لەدایکبووە، بەتایبەتی لە شاری **(میلی)** ئەویش لە کۆتایی سەدەی حەوت و سەرەتای سەدەی شەشی پێش زایین. هەواڵی ئەم لەدایکبوونە، گەیشتە هەموو ناوچەکانی دەوروبەر، تا گەیشتە دوورگەکانی دەریای ئیجە، تا کۆلۆنییەکانی ڕۆژئاوای ئیتاڵیا و سقلییە، دواتر گەیشتە ئەسینا لە یۆنان.

فەلسەفە هەر لە یەکەم هەنگاویدا هەموو گەردوونی کردە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی. لە وڵاتی یۆناندا فەلسەفە بە سێ قۆناغدا ڕۆیشت:

**- پێش سوکرات : قۆناغی سەرهەڵدانیەتی.**

**- دوای سوکرات : تا دوای سەردەمی ئەرستۆ بەردەوام دەبێت، کە قۆناغی پێگەیشتنە.**

**- قۆناغی دوای ئەرستۆ: کە قۆناغی کزبوونیەتی.**

ئەوەی لێرەدا لای ئێمە گرنگە، کەمێك بە وردی لەسەر قۆناغی پێش سوکرات دەوەستین، وەك لە مێژووی فەلسەفەدا ئەم قۆناغە بە قۆناغی پێش سوکرات ی ناودەبرێت ، بۆ ئەوەی پێگە و شوێنی سوکرات وەك فەیلەسووفێکی بلیمەت بزانین، کە تا ئێستاش دنیای پڕکردووە لە دەنگە دەنگ.

قۆناغی پێش سوکرات ئەوە دووپات دەکاتەوە، کەوا سوکرات یەکەم فەیلەسووف نییە، وەك زۆر کەس لەو باوەڕەدان، بەڵکو لە پێش ئەودا چەندین فەیلەسووفی دیکە هەن.

بەهۆی بلیمەتی و مەزنی سوکرات ، مێژووی فەلسەفە دابەشی دوو بەش کراوە: ماوەی پێش سوکرات و دوای سوکرات ، لەبەر ئەمەیە دەڵێین: فەلسەفەی پێش سوکرات یزم و فەلسەفەی دوای سوکرات یزم.

قۆناغی پێش سوکرات یزم دابەشی سەر سێ بەش یا ماوە دەکرێت:

**یەکەم: ماوەی خستنەڕووی گریمانە بلیمەتەکان.**

**دووەم: ماوەی خستنە ئەزموون و پێوەری ئەم گریمانانە.**

**سێیەم: ماوەی بنج داکوتان و پتەوبوون.**

لەم قۆناغە سەرەتایی و بەراییەدا دەمانەوێت شارەزایی دەسکەوتەکانی فەلسەفە بین، واتە پێش سوکرات یزم، بەداخەوە بەتەواوی ناتوانین وەك پێویست وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، لەبەر هۆیەکی گرنگ، ئەویش ئەمەیە، زۆربەی دەقەکانی ئەم ماوەیە نەماون، تەنیا چەند بڕگەیەکی جیا جیا ماون.

لەم قۆناغەدا فەیلەسووفانی گریکی فەلسەفەیان دابەشی سەر سێ بەش کردووە:

**یەکەم: لۆجیك - ژیربێژی، مەبەستیان لێکۆڵینەوەیە لە هۆش لە هەموو دەرکەوتەکانیدا.**

**دووەم: ئاکار، مەبەست لێی لێکۆڵینەوەیە لە داب و نەریتی تایبەت بە ژیانی ڕۆژانەی کردارەکی.**

**سێیەم: فیزیا، واتە لێکۆڵینەوەیە لە سروشت لە هەموو دەرکەوتە و دیاردەکانی، ئەوەشیان ئەوکات فەلسەفەی سروشتی بوو، ئامانجی لێکۆڵینەوە بوو لە دیاردە سروشتییەکان و ڕاڤەکردنیان، دابەشی سەر چەندین زانست و تایبەتمەندی بوو، وەك زانستی ئەستێرەناسی فەلەك، زانستی کانزاکان، ڕووەکناسی، ئاژەڵناسی، لە کۆتاییدا ئەنترۆپۆلۆژیا واتە مرۆڤناسی.**

**ئەو زانستەی لە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی ژیانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.**

دواتر فەیلەسووفە گریکییەکان چەندین پرسیاری دیاریکراویان دەکرد، وەك: **گەردوون چۆن دەستی پێکرد؟ چۆن گۆڕا و پەرەی سەند؟ ئەو توخمانە چین لە پێکهاتەیدان؟** چەندین پرسیاری دیکە.

دیارە زۆربەی پرسیارەکانیان ئەمڕۆ بە پێوەری چاخی ئێمە ساکار و سادە و هەڵەن، لەبەر ئەوەی (فیزیا) هێشتا لەسەر بنچینەی پتەو ڕۆنەنرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵە هەڵەکانیان بۆ ئەوانەی لە دوای ئەوانەوە هاتوون زۆر سوود بەخش بوو. یەکەم جار پرسیاری هۆشەکییەکان لە بارەی سروشتەوە بوو، و یەکەمجار مرۆڤ بە ڕێبازێکی نائەندێشەیی، واتە نائەفسانەیی هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە بکات و لێی تێبگات.

زانراوە مرۆڤ دیاردەکانی وەك: برووسك، گرمەی هەور، با و باران، وەك بەرهەمی هێزی سروشت بەدەری دەزانێت، واتە هێزی ناسروشتی، فەیلەسووفەکان هاتن ڕادەیەکیان بۆ ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە ئەفسانەییە دانا، لە بارەی لێکدانەوەی هۆشەکییەکان بۆ دیاردە سروشتییەکان. لەو سەردەمەدا یۆنان لە ئەفسانەوە گواسترایەوە بۆ فەلسەفە، کە تیایدا هۆنراوەی داستانی پڕ ئەفسانەی دەهۆنییەوە لە بارەی سروشت و شتە شاراوەکان و هێزە بزرە سروشت بەدەرەکان و بوونەوەرە ئەفسانەییەکان.

**تالیس** و **ئەنکسمەندرۆ** و **ئەنکسمینس** لە بەناوبانگترین فەیلەسووفانی قۆناغی پێش سوکرات ، ئەمانە و ئەوانەی هاتنە ڕیزیانەوە، لەوانەن، کە بە **(فێرگەی یۆنانی)** ناسراون.

دەوترێت **(تالیس)**ی یەکەم کەسە لە یۆنان لە سروشتی کۆڵیوەتەوە، تالیس لە شاری **(میلی)** لە ئاسیای بچووك لەدایکبووە، واتە لە تورکیای ئەمڕۆ، سێ بۆچوونی لەدوای خۆی جێهێشت، کە بلیمەتییەکەی دەسەلمێنن، ئەوانیش:

**بۆچوونی یەکەم: دەڵێت گیان هێزێکی بزوێنەرە و بەردی کانزایی موگناتیسی گیانی هەیە، لەبەر ئەوەی ئاسن ڕادەکێشێت، واتە گیانی زیندوو هەتا لە سروشتی وەستاویشدا هەیە، نەوەك تەنیا ئاژەڵ و ڕووەك و مرۆڤ، ئەم بۆچوونە وەك هۆنراوە وایە.**

**بۆچوونی دووەم: زەوی لەسەر ئاودایە، نقووم نابێت.**

**بۆچوونی سێیەم: هەموو شتێك لە ئاودا دروست بووە.**

بەم جۆرە دەبینین فیزیا یا فەلسەفەی سروشتی زۆر سەرەتایی بوو، هیچ پەیوەندی بە فیزیا یا سروشتزانی هاوچارخ نییە، کە گەیشتۆتە یاساکانی مایە و پێکهاتەی ڕاستەقینەی گەردوون.

پێشینەکان لەوەدا باش بوون، کە پرسیاریان بەرانبەر دیاردەکانی سروشت کرد، حەپەسان. پاش تالیس چەندین فەیلەسووفی گرنگ پەیدابوون و لەویان وەرگرت، لەوانە **(فیساگۆرس)**، کە لە (٥٨٠ پ. ز) لەدایکبووە، کۆمەڵەی فیساگۆرسییەکانی لە **(کرۆتونا)** لە خوارووی ئیتاڵیا دانا، خاوەن ڕێبازێکی سۆفیگەریی ئاڵۆزبوو، ئامانجی چاکسازی ئایینی بوو، هاوکات پتەوکردن و چەسپاندنی ئاکار. فیساگۆرس و قوتابیانی قوتابخانەکەی بە **(فیساگۆرسییەکان)** ناسران.

فیساگۆرس بیرکاریزان بوو، سەرباری ئەوەی فەیلەسووف بوو، تیۆرییەکەی کە لە بیرکاری دۆزییەوە، بە تیۆری فیساگۆرس بەناوبانگە، ڕێسا ئەندازەییەی دەڵێت: لە سێگۆشەی گۆشە وەستاودا، کە دوولا دوو هەند دەکەیت و دواتر کۆیان دەکەیتەوە، چوار هەندەی درێژی لای سێیەمت دەستدەکەوێت، یا درێژی تیری گۆشەی وەستاوە، هەروەها ئەمەشی دۆزییەوە کەوا میوزیک دەکرێ لە ڕێگەی لێدانی ژێی قیسارە چەندین ئاواز دروستبکات، درێژی ژێیەکانی ڕێژەی سادەبن بە گوێرەی یەکتر.بۆ نموونە، ژێیەك ئاوازێکی بنچینەی دروست دەکات، کە لەگەڵ ژێیەکی دەژەندرێت، درێژییەکەی سێیەکی ژێی یەکەم، یا دوو لە سێی درێژییەکەی، یا چارەگی بێت.

فیساگۆرس لەو باوەڕەدابوو ئەستێرەکان بەشێوەیەك ڕێکخراون، ئەم پەیوەندییەی نێوان ئاواز و ژمارەکان دەینوێنن.دەیوت کاتێ دەجووڵێت،

میوزیك دەژەنێت، بەم میوزیکەش وتراوە **(میوزیکی ئەستێرەکان)**.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی تیۆرییەکەی بسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی گوێی مرۆڤ، ناتوانێت ئەم جۆرە میوزیکە ببیستێت.

فیساگۆرس لایەنگری دڵسۆزی هەبوون، خۆی سەرۆکی تیرەیەکی تۆن بوو. ڕێنـوێنی و چـالاکییەکانی قوتابیـانی بـەنهێنی بـوو، تـا کـەس لـە دەرەوەی تیرەکەیـدا نـەیبینێت، گـەر قوتابییـەکی نهێنییـەکی درکانـدبا، سـزا دەدرا، دەوترێت قوتابییەکی خۆی خنکاندووە، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی گرووپەکەدا نهێنی ژمارە بنچینەکانی درکاندووە.

قوتابیـانی فیـساگۆرس بـە پێـی یاسـای تونـد و پتـەو ڕەفتاریـان دەکـرد، لەلایەك دەبوایە گۆشت نەخۆن، لەبـەر ئـەوەی فیـساگۆرس لـەو بـاوەڕەدابوو، کاتێ مرۆڤ دەمرێت، گیانی سـەر لـەنوێ لـە ئاژەڵێکدا بەرجەسـتە دەبێتـەوە، لەلایەکی دیکەش لە ڕووی گیانییەوە پەیوەندی پتەومان بـە ئـاژەڵ هەیـە، بـە گوێرەی فیساگۆرس گیانگۆڕی،[1] یان دۆنـادۆن، نموونـەی ئەوەیـە چـۆن مـرۆڤ بەشێکی بچووکە لە وێنەیەکی گەورەتر.

دەشێ گیانی مرۆڤ لە ژیـانی دواتـر ببێتـە گیـانی نـامرۆیی، لەبـەر ئەمەیـە بوونەوەرانی مرۆیی تاکە بوونەوەر نییە، کـە شـایانی ڕێزگـرتن بـن، مێروولـە و بۆق و سمۆرەش هەمان گرنگی مرۆڤیان هەیە.

---

1 ـ گیانگۆڕی: ڕۆح لە گیانی کەسێکەوە بچێتە گیانی کەسێکی تر، یان ڕۆح لە شتێکەوە بچێتە شتێکی تر.(وەرگێڕ)

فیساگۆرس وەك فەلسەفەی هیندی باوەڕی بە گیانگۆڕی یا کلێشەگۆڕی و بەرجەستەبوون هەبوو، لەم سۆنگەیەوە وای دەڕوانییە خەڵك وەك بوونەوەری خاوەن پەیوەندی بەتینە لەگەڵ جیهانی سروشت و گیانی.

فیساگۆرسییەکان لەو باوەڕەدابوون، کەوا ((**جەستە بەندیخانەی گیانە**))، لەمبارەیەوە کاری تێکردبوون ڕوێبازی شاعیری کۆن (ئۆرفیوسی).

فیساگۆرس لەو باوەڕەدابوو((**ڕێگەی زانینی وەسفی شتان**)) و ژمارەش سیفەتێکی هاوبەشە لە هەموو بوونەوەراندا و بنچینەی گەردوونە و مایەکەیەتی، بەمەش یەکێتی ژمێرە و ئەندازەیان تێکەڵ کرد و بەیەك شتیان دانان.

فیساگۆرسییەکان بیروبۆچوونی فەلەکی گرنگیان هەبوو، وەك ئەوەی زەوی هەسارەیەکە لە هەسارەکان و چەقی زەوی نییە.

لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك فەیلەسووف دەرکەوتن، بە **(ئیلییەکان)** ناسراوبوون، کە ئاماژەبوو بە ناوی **(ئیلیا)**، کەوا شوێنێکی داگیرکەری یۆنانییە لە خوارووی ئیتاڵیا، ئەم فەیلەسووفانە پاڵنەرێکی بەهێزبوون بۆ ئیلییەکان، بەرەو یەکبوونی ڕاستەقینە چوون.

بۆ ئەوە دەچوون کەوا کاکڵی گەردوون و ڕاستەقینەکەی بوون خۆیەتی، بەڵام ئەمەیان ڕوون نەکردەوە، کە چۆن شتەکان لە ڕاستەقینەی یەکەمەوە پەیدابوون، **(ئەکزینوفنس)** لە کەسە بەرچاوەکانی ئەم کۆمەڵەیە بوو، فەیلەسووف و شاعیرێکی گەڕۆك بوو، لە بارەی خودای گەردوون دەدوا، لەبەر ئەوەی تەواوە و پارچە بەشی نییە، خودا و جیهان یەك ڕاستەقینەیان هەیە.

**(پارمنیدس)** فەیلەسووفێك بوو لەو فەیلەسووفە ئیلییەکان، لەو باوەڕە دابوو، کەوا کاکڵی گەردوون سیفەتی بوون خۆیەتی، هەر ئەوەشە ڕاستەقینە، جگە لەمە هیچی دیکە نییە، جگە لە وڕێنە و نادروستی، لەبەرئەمە شتەکانی بە نەبوو دانا.

**(پارمنیدس)** دانی بە یەك ڕاستی نا، کە بە هەستەکان ناگەینە بوون، بەڵکو بە هۆشی پوخت، ئەم ڕەهاکردنەی بیرەش فەیلەسووفانی دیکە لە پێشدا نەیانبینیبوو.

دەتوانین **(پارمنیدس)** بە یەکەم فەیلەسووفی نموونەگەری **(ئایدیالیزم)** دابنێین و یەکەم فەیلەسووفە کە لەوانی دیکە زیاتر لە بیری ئەفلاتوون نزیکە، دواتر دوای **(ئیلییەکان)** فەیلەسووفێکی گرنگی دیکە پەیدابوو، ئەویش **(زەینون)** بوو، لە شوێنکەوتووانی **(پارمنیدس)** بوو، لەوەدا کە دەیوت جیهانی بەر هەست وڕێنەیەکی پووچە، بەڵام بیرۆکەکەی بە شێوەیەکی لۆجیکی دەخستەڕوو، لەسەر بنچینەی نەمانی زۆرینە، کە گەردوون هەمووی یەك شتە بەش و پارچە ناکرێت، هاوکات جووڵەش بە نەبوو دانان.

دەبێ بیرۆکەی **(زەینون)** بە هەند وەربگرین، لەبەر ئەوەی زۆر زیاد کاریکردە سەر زۆر لە فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا، تا دوای چەندین سەدە.

ئەم فەلسەفەیە بووە ئاماژە و سرووشتی دا بە فەیلەسووفی ئەڵمانی **(عەمانوئێل کانت)** سەبارەت بە بیروبۆچوونە ڕۆشنگەراییەکەی، وەك خۆی باسی دەکات. کانت گەورەترین فەیلەسووفە کە ئەورووپا دوای دوو سەدە بەخۆیەوە بینیبێت. بە بانگەوازە بەناوبانگەکەی ناسراوە، کە بە دەستەواژەی **((ئەی مرۆڤەکان هۆشتان بەکاربێنن))** دەست پێدەکات، گرنگترین دروشمی

بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی دادەنرێت، کە دوای چاخە تاریکەکان ڕێز و پایەی بۆ دەستەڵاتی هۆش و پێشینەکان گەڕاندەوە.

لە قۆناغی پێش سوکرات فەیلەسووفێکی دیکەش دەبینین، کە (**هیراکلیتس**)ە، ئەو فەیلەسووفەی دوای چەندین سەدە، فەلسەفەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی بەناوبانگ (**هیگل**)ی خوێندەوە و هاواری کرد:((**لە کۆتاییدا دۆزیمەوە !..واتە ڕاستەقینەم دۆزییەوە، دوای وێڵبوونێکی زۆر گەیشتمە کەنار دەریا و لەخۆم دڵنیام... هیچ پرسیارێکی هیراکلیتس نییە سوودی لێ وەرنەگرتبێت یا لە لۆجیکی فەلەسەفەدا پشتی پێ نەبەستبێت**)).

سەرسوڕمانبوونی هیگل بەم فەیلەسووفە یۆنانییە کۆنە، جێی بایەخپێدانە، هیگل فەیلەسووفێکی گەورەیە، تەنانەت زۆر کەس بە ئەرستۆی سەردەمی نوێی دادەنێن.

هیراکلیتس لەلایەن هاوسەردەمەکانیدا بە نهێنی و ئاڵۆز ناودەبرا، لە ساڵی (٥٤٠)پ.ز لە شاری ئەفسوس لەدایکبووە، نزیکەی شەست ساڵ ژیا، زۆر خۆ بە زلزان و بە فیز بوو، وای دەڕوانییە خەڵك کە مێگەلن و (**گیا**) لە (**زێڕ**) بە باشتر دەزانن، خاوەنی ڕێبازێکی ئەرستۆییانە بوو و دژی دیموکراسی شارەکەی بوو.

هیراکلیتس دەیوت ئێمە بە ئاسانی ناتوانین بگەینە زانست، تەنیا دوای ئەرك و کۆششی زۆر نەبێت، لەبەرئەوەی سروشت خۆی دەشارێتەوە.

ئەم فەیلەسووفە بۆ ئەوە دەچوو، کە گەردوون بەشێوەیەکی ڕێك و پەیڕەوداردا دروستکراوە و یاسای خۆی هەیە.

هیراکلیتس دژی فێرگەی ئیلی بوو، بەتایبەتی پارمنیدس، یەکەم کەس بوو یاسای گۆڕان و گەشەسەندنی دۆزییەوە، لەبەر ئەم هۆیە بوو هیگل پێی

سەرسام بوو، هیگلی خاوەن دیالیتیك و گەشەسەندن، دەیوت: هەموو شتێك بێ وەستان لە گۆڕاندایە، بەڵام گۆڕان بەخۆڕایی نییە و مەترسیدار نییە.

هیراكلیتس باوەڕی بە یەكێتی نەسازییەكان هەبوو، ئەم خاڵەش نزیكی دەكاتەوە لە دیالەكتێكی هیگل، كە باسی پرسیار و دژەپرسیاری دەكرد، و كۆكردنەوەی پێكهاتەی هەردووكیان........هتد.

دواتر باسی ململانێی نەسازەكانی كرد، كە مێژوو دەبزوێنێت، هیراكلیتس بیرۆكەی چەسپاوی ڕێژەیش ڕەتكردەوە، ماددە لە گۆڕانێكی نەپساوە دایە، هیچ شتێك نییە گۆڕانی تێدا ڕوونەدات، واتە ئەو شتەی هەیە لە هەمان كات لە گۆڕاندایە، ئەم یەكێتییە كاتییەی نێوان بوون و نەبوون، واتای گەشەسەندنە، كە بە ڕاستەقینە و كاكڵی بوونی دادەنێت، بۆ ئەوە چووە گەردوون تەنیا نەسازییەكانی گونجاو لە یەك یەكەی بێ ناوازەدایە.

هیراكلیتس لە بارەی پەیدابوونی ژیان بۆچوونێكی تایبەتی هەیە، لەو باوەڕەدابوو بنچینەی گەردوون ئاگرە و گەردوون هەر لە سەرەتاوە هەیە و هیچ خوداوەندێك یا مرۆڤێك دروستی نەكردووە، هەموو شتێك لە ئاگرەوە پەیدا دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئاگر، ئەم ئاگرە هەمیشەییە دەتوانێت هەر چ شتێكی بیەوێت خۆی بكات، ژیان بە ڕواڵەتە جۆراوجۆرەكانی و چاكییە هۆشەكییەكانی تەنیا چەنگێكە لەم ئاگرە هەمیشەییە، زانینی گەشەسەندن و یاساكانی پەیامی مرۆڤ و ڕێگەی بەختەوەرییەتی لە ژیاندا.

دواتر فەیلەسووفێكی دیكە بە ناوی (ئیمدۆكلیس) دەركەوت، گریمانەی ئەوەی كرد ماددەی گەردوون لە ژمارەیەك گەردیلە (ئەتۆم) پێكدێت، ژمارەیان نە زیاد و نە كەم دەكات، هەروەها گەردوونی گەڕاندەوە بۆ چوار توخم: **خۆڵ،**

**ئـاو، هــەوا و ئـاگر**، شــتەکان بــە پێــی ڕێــژەی تێکــەڵبوونی ئــەم توخمانــە سیفەتەکانیان وەردەگرن.

بۆ ئەوە چوو بـوو، کـە ئـەوەی ئـەم ماددانـە کۆ دەکاتـەوە و لـە یـەکیان جیادەکاتەوە، دوو هێزی دژیەکن: خۆشەویستی و لێك دوورکەوتنەوە. دواتر بۆ ڕاسـتکردنەوەی ئـەم بۆچـوونە دەرکـەوت، بۆچـوونێك دەرکـەوت بـە **(ڕێبـازی ئەتۆمی)** ناسرا یا **(ڕێبـازی کـاکڵی تاکانـە)**، ئـەم ڕێبـازەش دوو فەیلەسـووف دایانمەزراند، کە **(لیوسیپس)** و **(دیمۆکریتس)** بوون.

بـۆ ئــەوە دەچــوون کــە ماددەکــان لــە یــەك دابەشــنەبوو پێکــدێت، کــە ئەتۆمەکانن، بەهۆی بچووکیان بە چاو نابیندرێن و بێکۆتان.

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە یا ئەم فێرگەیـە بـۆ ئـەوە دەچـوون، کـە ئەتۆمـەکان بەهۆی کێشیان جوڵەدارن بۆ خوارەوە، **دیمۆکریتس** بۆ ئـەوە دەچـوو، کـە بـۆ ئەملاو ئەولا بە بێ ئامانج دەجووڵێت، لەسەر هەمان ڕێچکە بـەردەوام بـوو، تـا بیرۆکەی ڕێکخستنی گەردوونی وەلانا و بیرۆکەی بوونی خوداوەندانی گێڕایەوە بۆ ترس لە دیاردە سروشتییەکان.

دیمۆکریتس دەڵێت: ئێمە وێنەی شـتەکان لـە بـیردا دەزانـین، سـیفەتەکانی وەك ڕەنگ و تام و بۆن لە شتەکاندا خۆیـەتی نـین، بـەڵکو پەیوەسـتە بـەهۆی کاردانەوەی هەستمان بەو شتانە.

هــەروەها ئامۆژگــاری ئــەوەی دەکــرد، کــەوا بــە ســادەیی و هێمنــی و بــۆ بەختــەوەر بــوون بــژین. فەیلەسـووفێکی بـەناوبانگی دیکـەش هەیـە بـە نـاوی **(ئەناکسگۆراس)** لەو باوەڕەدابوو زۆر جۆرە ئەتۆم هەیـە، بـە پێـی فرەجـۆری

ماددەکان و هێزێکی بەتوانا و وشیار هەیە، ئەم جووڵەیە ئاڕاستەکان بەرەو ئامانجێکی دەستنیشانکراو دەبات.

لەو باوەڕەدابوو ئەم هێزە وشیارە، گیانیی لە ماددەی ڕەهایە، بەم جۆرە فەلسەفە بۆ قۆناغێکی دیکەی نوێ لە ڕەهاکردن دەگوازێتەوە، (ئەناکسگوراس) باوەڕی بە هۆشێکی ڕێکخەر هەبوو، نەك دروستکەر (خالق)!!، هۆش ماددەی لە نەبوو پەیدانەکردووە، لەو باوەڕەدابوو، هۆش و ماددە هەتا هەتا بێت.

هەرچەندە جیاوازی لە نێوان فەیلەسووفانی پێش سوکرات هەیە، لەبەرئەوەی کۆمەڵەیەك لەسەر بنەمای لۆجیکی پێکدەهێنن، کە لە گیروگرفتە گەردوونییەکان دەکۆڵێتەوە. سوکرات بیرکردنەوەی ڕامانەکی یۆنانی گواستەوە بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی فیزیا و بایەخدان بە مەسەلە ئاکارییەکان، واتە توێژینەوە لە گیروگرفتی مرۆڤ.

فەیلەسووفانی بەرایی یا خۆشویستانی پەند، مرۆڤایەتیان خستە ژێر ڕوانینی هەڵکەوتی فیزیکی دەرەکی، یا (توێژەرانی سروشت)، لەوکاتەی بایەخدانیان ئاڕاستەی چارەکردنی گیروگرفتە هەرە گەورە بکەن، کە پەیوەندی بە سروشتی جیهان هەیە. چارەکردنی ئەم گیروگرفتانە لە باسکردنی دەستەواژەی ڕاستەوخۆ، ئەوە نازناوی (فەیلەسووفان)ی پێبەخشی، هەرچەندە فەیلەسووفانی پێش سوکرات زۆر لە زمانی ئەفسانەییان وازلێهێنا، بەڵام لە هەندێ خاڵدا هەر لەژێر کاریگەری هەندێ بۆچوونی چاخی پێش فەلسەفە بوون.

بەم جۆرە ڕەگەکانی فەلسەفەی رۆژئاوایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن، گۆڕانی ژیان و ئاڵۆزبوونی، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ڕێبازی نوێی بیرکردنەوە لەسەرتاسەری جیهان.

لە کاردانەوەی ئەوەشدا سوکرات هات ویستی بە ڕاستەقینەی ئاکار بزانێت، پاشان بیرمەندانی مەزنی وەك ئەفلاتوون و ئەرستۆش پەیدابوون.


هەرچەندە فەیلەسووفانی بەرایی زۆر بیروبۆچوونیان دەربڕی، کە دەزانین ڕاست نین، لەگەڵ ئەوەشدا شایانی ڕێز و پێزانینن، لەبەر ئەوەی گەیشتنە ئەو ئاکامەی کەوا ڕاستەقینە بە سادەیی دروست نابێت و بە ئاسانی دەست ناکەوێت، بەڵکو پێویستە بەدوایدا بگەڕێین.

لەمڕۆژانەدا بە ئاسانی دەتوانین تێبینی گرنگی زانین بکەین، کەوا ئایا شتە ڕاستەکە دەکەین و شتەکان وەك ڕاستەقینە ڕوودەدەن، کە ژمارەیەك لە خەڵك ئەم شتە دەبینن و هەوڵدەدەن لە بەرانبەر ئەمەدا ڕەفتاربکەن، ئەنجامەکەی دەرکەوتنی فەلسەفەیەکی دیکەیە.

ئا لێرەدا ئەم فەیلەسووفانە و ئەوانەی دوای ئەوان، بەتایبەتی سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ، هۆکاری دەرکەوتنی چاخی (**هێلینی**) بوون، لەو ماوەدا بیروبۆچوونی کۆنی گریکی کاریگەری هەبوو لەسەر شارستانیەتی دەریای سپی ناوەڕاست و ئەودیوی تیایدا فەلسەفە ڕێکتربوو، واتە فەلسەفە بوو بە ڕێبازێکی ژیان.

# بەشی سێیەم

## کەسایەتی سوکرات یا (گیروگرفتی سوکرات)!



زۆر دژواره وێنەیەکی وردی کەسایەتی مێژوویی و ڕاوبۆچوونە فەلسەفیەکانی سوکرات بکەین، بەڵێ ئەرکێکی زۆر قورسە، دەشێ گرفتی گرفتەکان بێت، ئەم گرفتەش بە **(گرفتی سوکرات )** ناسراوە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، کە سوکرات هیچ دەقێکی فەلسەفی جێنەهێشتووە، ناسینی ژیان و فەلسەفەکەی، پشت بە نووسینی قوتابییەکانی و هاوسەردەمەکانی دەبەستێت.

ئەفلاتوون لە پێشەوەی ئەوان دێت، لەگەڵ ئەمەشدا مێژوونووس زینۆفۆن و ئەرستۆ و ئەریستۆفانیس زانیاری گرنگیان لەمبارەیەوە بە ئێمەداوە.

شایانی باسە دژوارییەکە لە ناسینی کەسایەتی ڕاستەقینەی سوکرات لەوەوە دێت، زۆربەی کارەکان دەقی فەلسەفەی یا درامییە نەك نووسینی مێژوویی، جگە لە نووسینەکانی مێژوونووس **(سۆسیدیریس)(لە نووسینەکانیدا باسی سوکرات یا هەر فەیلەسوفێکی دیکەی نەکردووە)**، لە ڕاستیدا هیچ نووسینی مێژوویی هاوسەردەمی سوکرات نییە باسی ڕووداوەکانی سەردەم و شوێنی سوکرات بکات، لەبەرئەوەی ئەو سەرچاوانەی باسی سوکرات دەکەن، وەکو پێویست لەڕووی مێژووییەوە وردنین، زۆربەیان لایەنگیری سوکرات ن**(ئەوانەی دادگایی سوکرات یان کرد و بە تاوانباریان دانا، هیچ بەڵگەیەکیان بەجێ نەهێشتووە)**.

کەواتە مێژوونووسان لە نێوان ئەم دەقە جیاجیانەی ئەم نووسیویانە ڕووبەڕووی دژوارییەك دەبنەوە، بۆ گەیشتن بە تۆمارێکی ورد و پتەوی ژیانی

(سوكرات ) و كارەكانی. لە ڕاستیدا ئەنجامی ئەم ئەركە ڕاستەقینە نییە، تەنیا ئەنجامگـەلێكی سـازكراون، بەشـێوەیەكی گـشتی ئـەفلاتوون لـە هـەموو سەرچـاوەكان زیـاتر جێـی متمانەیـە و زانیـاری زۆری لایـە لـە بـارەی ژیـان و فەلسەفەی سوكرات .

لە هەمان كاتدا ئەفلاتوون لە نووسینە ئەدەبییـەكانی لـە بـارەی سـوكرات زێدەڕۆیی دەكات، و باسی كۆمەڵێ شت دەكات، كە دەشـێ سـوكرات تێبینـی نەكردبێت یان نەوتبێت.

ئەم شیكردنەوەی ئەفلاتوون لـە دوای لـە بـارەی سـوكرات كردوویـەتی، چ سوكرات ی ڕاستەقینە بێت یا سوكرات وەك ئەفلاتوون باسی دەكات، لـە هـەر وتوێژێكدا جێی گەنگەشەی زۆربووە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسین و بەڵگەنامـەی دیكـەی مێژووییـدا دەردەكـەوێت سـوكرات كەسـایەتییەك نـەبووە ئـەفلاتوون بـە خـەیاڵ دروسـتی كردبێـت، گەواهییەكانی زینۆفۆن و ئەرستۆ، سەرەڕای یەكێك لە شانۆنامە بەناوبانگەكانی **(ئەریـستۆفانیس)**، كـە شـانۆنامەی (هـەورەكان)ە، **هاوكـارن لـە پێكهێنـانی** وێنـاكردنی كەسـایەتی سـوكرات ، بـۆ دەربـازبوون لـە باسـی سـوكرات لای ئەفلاتوون.

وردەكـاریی تایبـەت لـەبارەی ژیـانی سـوكرات لـە سـێ سەرچـاوەی هاوسەردەمیدا هاتوون، ئـەوانیش وتوێـژەكانی ئـەفلاتوون و زینۆفـۆن (دوو لـە لایەنگرانی سوكرات بوون) و شانۆنامەكانی **(ئەریستۆفانیس)**.

هەندێ لە قوتابییانی وەسفیان کردووە، لەوانە(**ئیریك هافلۆك**) و (**والتەر ئۆنگ**)، کە لەسەر ئەوە کۆکن سوکرات لە نووسینی درێژدادڕ بێزاربووە و شێوازی پەیوەندیی زارەکی لا پەسند بوو.

لە شانۆنامەی (**هەورەکان**)، کە ئەریستۆفانیس دایناوە، باسی سوکرات دەکرێت وەك گاڵتەجاڕێك قوتابییەکانی فێر دەکات چۆن خۆیان لە قەرز بشارنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کارەکانی ئەریستۆفانیس بە گاڵتەجاڕییەوە لاسایی کاری دانەرانی دیکە دەکاتەوە، کەواتە دەشێ بڵێین ئەم باسکردنە بابەتیانە و ڕیالیزمیانە نەبووە.

وەك ئەفلاتوون باسی دەکات، باوکی سوکرات ناوی (**سوفرۆنیسکۆس**) بوو، ناوی دایکی (**ڤینارین**) بوو، دایکی کاری مامانی دەکرد.

هەرچەندە لە باری ڕووخساری سوکرات هاتووە، نامۆ و سەرنجڕاکێش نەبوو و کورتەباڵابوو، هاوسەری لەگەڵ ئافرەتێك کرد، زۆر لە خۆی بچووکتربوو، سێ منداڵی لێ بوو، ئەوانیش (**لامبروکلیس**) و (**سۆفرۆنیسکۆس**) و (**مینیکسینۆس**) بوون.

نەزانراوە سوکرات چۆن نانی ڕۆژانەی پەیدا کردووە، بەڵام هاوڕێکەی (**کریتۆ**) ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێت، کە وازی لە منداڵەکانی هێنا، کاتێ ڕازی نەبوو هەوڵبدات ڕابکات، پێش ئەوەی بڕیاری لەناوبردنی جێبەجێ بکەن.

لە نووسینە کۆنەکاندا وا دەردەکەوێت سوکرات بێکار بووە، لە نووسینەکانی (**زینۆفۆن**)دا هاتووە، لە سوکرات ەوەی بۆمان دەگوازێتەوە، کە وتوویەتی خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەو شتەی کە خۆی بە گرنگترین هونەر یان کاری زانیوە، ئەویش گفتوگۆی فەلسەفانەیە.

لە شانۆنامەی **(هەورەکان)**، ئەریستۆفانیس باس لە سوکرات دەکات، کەوا پارەی لە قوتابییەکانی وەرگرتوو، لەبری ئەوەی فێری کردوون و فێرگەی سۆفیستاییەکانی لەگەڵ **کریفۆن** گێڕاوە، کەچی لە دوو وتوێژی **(بەرگری سوکرات )** و **(خوان)**ی ئەفلاتوون و گێڕانەوەکانی زینۆفۆندا هاتووە، سوکرات بە ئاشکرا باس لەوە دەکات هیچ پارەیەکی بەرانبەر فێرکردنی قوتابییەکانی وەرنەگرتووە.بە تایبەتی لە وتوێژی **(بەرگری سوکرات )**دا، سوکرات پەرەگرافێك بە بەڵگە دێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە وانەبێژ نییە، وەکو **(تیمۆن فلیۆس)** باسی دەکات و ئەوەی سەرچاوەی تازەتریش باسی دەکەن، کە سوکرات بوو وەك باوکی بەردتاش.

زۆر لە وتوێژەکانی ئەفلاتوون ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا سوکرات خزمەتی سەربازی کردووە، سوکرات دەڵێت لە سوپای ئەسینی لە سێ جەنگدا سەربازیم کردووە، ئەوانیش جەنگەکانی **(پوتیدیا)**، **(ئەمفبولیس)** و **(دیلیۆم)** بوون.

لە وتوێژی **(خوان)**دا، **ئەلکیسیبیادیس** باس لە ئازایەتی و بوێری سوکرات لە هەردوو جەنگی **(پوتیدیا و دیلیۆم)** دەکات، باسی ئەوەش دەکات، کە چۆن سوکرات لە جەنگی پوتیدیا گیانی ڕزگارکردووە.

بە هەمان شێوە ئەم ڕۆڵە گرنگەی سوکرات لە جەنگی دیلیۆم گێڕایەوە، لە دووتوێی وتوێژی **(لاکاس)**دا **(بە ئینگلیزی واتای ئازایەتی دەگەیەنێت)**، ئەم وتوێژەی بە ناوی جەنەڕاڵێك کراوە.

لە وتوێژی **(بەرگری سوکرات )دا**، سوکرات خزمەتە سەربازییەکەی و ئەو مەینەتیانەی لە هۆڵی دادگادا دووچاری هات بەراورد دەکات و دەڵێت: **گەر**

**کەسێك هەبێت لەنێو دەستەی سوێندخۆران (دادوەران) لەو باوەڕەدابێت، کەوا پێویستە واز لە فەلسەفە بێنێت، دەبێ ئەو کەسە بیر لەوەش بکاتەوە، دەبێ سەربازەکان لە جەنگدا بکشێنەوە، کە دەبینن تێیدا ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە.**

لە ساڵی ٤٠٦ پ. ز، سوکرات ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی یۆنانی بوو، لەو ڕۆژەی کە ئەم جەنەڕاڵانە لە سێدارەدران، هەر گەلەکەی بوون ئەنجوومەنی دادگایان دامەزراند، کاتێ هاوبەشی جەنگی (ئەرجنوس)یان کردبوو، و لەم جەنگەدا وازیان لە کوژراو و ڕزگاربووانی کەشتییە نقوومبووەکان هێنابوو، بۆ ڕاوەدوونانی کەشتیگەلی ئسپارتی هەڵاتوو، ویستبوویان بیانگەنێ.

سوکرات ئەندامێکی سەرەکی ئەنجوومەن بوو، دژی ئەم داوایە نادەستوورییە بوو، کە **(کالیکسنیس)** پێشنیاری کرد، بە سازدانی دادگایەکی بە کۆمەڵ بۆ بەتۆمەتکارزانینی هەر هەشت جەنەڕاڵەکە، لە دوا کاتدا سوکرات نەکەوتە ژێر ئەو هەڕەشانەی کە ئاڕاستەیان کردبوو، بە بەندکردنی و بە کەمتەرخەم دانانی، لەمبارەیەوە تەگەرەی خستە بەر بڕیاری دادگا. تا ڕۆژی دوایی ئەنجوومەنی دادگاییەکەی کۆتا پێهێنا و بە تاوانکار داندران و بڕیاری لە سێدارەدرانیان بۆ دەرچوو.

لە ساڵی ٤٠٤، حکومەتی **(سی)** دیکتاتۆرەکە هەوڵیاندا لایەنگرانی بەرهەڵستکارانیان دابین بکەن، بەوەی لە کارەکانیان تێوەیانبگلێنن و هاوبەشیان پێبکەن.

داوایان لە سوکرات و چواری دیکە کرد، فەرمانداری شاری **(سلامیز)** لە ماڵەکەیەوە بێنن، بۆ ئەوەی بڕیارێکی نادادپەروەرانەی لە سێدارەدانی بەسەردا

بسەپێنن. سوکرات بەهێمنی ئەوەی ڕەتکردەوە، ئەوەی لەسێدارەدان ڕزگار کرد، جگە بە لەناوچوونی فەرمانڕەوایی سی دکتاتۆرەکە، کە دواتر ڕوویدا.

سوکرات لە ماوەی قۆناغی گواستنەوەی نێوان گەشەسەندنی فەرمانڕەوایی ئەسینی و هەرەسهێنانی ژیاوە، کاتێ لەبەردەم هەڵمەتی شاری ئیسپارتە و هاوپەیمانانی لە جەنگی بلوبونیز شکستیان هێنا.

دواتر دوای ئەم شکستە شەرمەزارییە، ئەسینا هەوڵیدا سەقامگیری و شوێن و پایەی خۆی بەدەست بێنێتەوە، دەشێ ئەسینییەکان لەم ماوەدا گومانیان لا پەیدابووبێت، سەبارەت بە دیموکراسی وەك شێوازێکی کاریگەری فەرمانڕەوایی.

سوکرات وا دەردەکەوت کە زۆر ڕەخنە لە دیموکراسی دەگرێت، تەنانەت هەندێ لە قوتابییانی ئەم ڕەخنانەیان بەوە لێکدەدایەوە، کە دادگایکردنەکەی جۆرێك بوو لە ململانێی سیاسی.

هەرچەند سوکرات وای پیشان دەدا کەوا لایەنگیری شارەکەیەتی، تا ڕووبەڕووبوونەوەی مردن، بەڵام دەبینین هەوڵ و کۆششی سوکرات بەدوای چاکەخوازی و توند پابەندبوونی بە ڕاستی دژی ڕێبازی کۆمەڵگەی ئەسینی و سیاسەتەکەی بوو.

لە زۆر وتوێژدا پەسندی ئەسپارتەی دەکرد، کە ململانێکەرێکی سەرەکی ئەسینابوو، چ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ.

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی وەك ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی و ئاکاری، کە ڕەخنە و سوکایەتییە مێژووییەکانی سوکرات لە بارەی شارەکە کردوونی دەردەبڕن. لە بری ئەوەی پشتگیری باری ئەوکات بکات و ڕازی بێت بە

سەروەری کارە نائاکارییەکانی ناوچەکەی، سوکرات دژی چەمکی بە کۆمەڵ بوو، کە کەسانی دیکە پەیڕەویان دەکرد و لەو ماوەیەدا لە یۆنان زۆر باوبوو، ئەویش ((**هێز دادپەروەری دابین دەکات**)).

ئەفلاتوون وەك ئاماژەیەك بۆ سوکرات ناوی ناوە مێشی ئەسپانە (مێشی ئەسپ بە ئەسپەوە دەدا و هانی دەدا کاربکات، سوکرات یش بە ڕەخنەکانی، ئەسینای هاندەدا کارێك بکات، وەك پێوەدان وابوون، تا ڕادەیەك فەرمانڕەوایانی نائارام کردبوو، هەمیشە هانیدەدان پێویستە لەسەریان دادپەروەری دابین بکەن و بەدوای چاکەوەبن. تا گەیشتە ئەو ڕادەی هەوڵدانی بۆ گۆڕینی چەمکی دادپەروەری وەك ئەسینییەکان پەیڕەویان دەکرد، ئەمەش هۆکاربوو بۆ بڕیاردان بە لەناوبردنی.

سوکرات تا دوا ساتەکانی ژیانی وەك مێشی ئەسپ وابوو، هەوڵیدەدا بەرگری لەم ڕۆڵەی خۆی بکات، کە ئەسینا هاندەدات، لە دادگاکەیدا داوای لێکرا ئەو شێوازە سزایەی بە چاکی دەزانێت پێشنیار بکات، پێشنیاری کرد شایانی سزادان نییە، بەڵکو پێویستە پاداشتی بدرێتەوە، بەوەی دەوڵەت لەسەر خەرجی خۆی سوکرات بژینێت، لەبەر ئەوەی هەموو کاتی تەرخان کردووە بۆ سوودبەخشین بە ئەسینییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بە گومڕاکردنی لاوانی ئەسینی بە تاوانکار داندرا و بڕیاری لەناوبردنی درا بە دەرخواردنی لە گیای ژەهراویی.

سوکرات لەبەر دەم دەستەی سوێندخۆران بە مەبەست، بەرگرییەکی باش و بوێرانەی کرد، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدابوو باشترە بمرێت. زینۆفۆن بەردەوام دەبێت تا بەرگری لە سوکرات بکات، کەوا توندوتیژی سەردەمی کۆن

دەردەبڕێت و چۆن سوکرات  دڵخۆش بوو بەوەی لەم توندوتیژییە بە مردنی ڕزگاری دەبێت. وەك لە وەسفی زینۆفۆن دەردەکەوێت، سوکرات  مردنی بە هیوا خواستووە، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدابووە کە کاتێکی لەبارە بۆ دەست لە ژیان بەردان.

ئەفلاتوون و زینۆفۆن لەسەر ئەو باوەڕەدان، کەوا سوکرات  دەرفەتی هەڵاتنی هەبوو، لایەنگرانی دەیانتوانی بەرتیل بدەنە پاسەوانەکان، بەڵام ئەو لەبەر چەندین هۆکار مانەوەی هەڵبژارد، لەوانە:

ـ لەو باوەڕدابوو هەڵاتنی واتای ترسانی لە مردن پیشاندەدا، ئەو کەسەی لەو باوەڕەدابوو هیچ فەیلەسووفێکی ڕاستەقینە نییەتی.

ـ لەبەر ئەوەی گەر لە ئەسینا ڕای کردبا، ڕێنوێنییەکانی لە هیچ شاری دیکە سەرکەوتوو نەدەبوو، چونکە بەردەوام دەبێت لە وتوێژ لەگەڵکردن لەگەڵ هەموو ئەوانەی دەیبینن و دەبێتە هۆی ناڕەزاییان.

ـ لەبەر ئەوەی بە مەبەست لە شاردا لەژێر یاساکانیدا ژیاوە، واتە خۆی خستە ڕەوشێکی وا، دەشێ خەڵکی شار تاوانباری بکەن و لەلایەن سوێندخۆران سزا بدرێت، گەر وای نەکردبا، واتە ئەو گرێبەستەی پێشێل کردووە، کە لەگەڵ دەوڵەتدا بەستوویەتی، واتە زیانی پێدەگەیەنێت و ئەم جۆرە ڕەفتارەش دژی بنەماکانی سوکرات  بوون.

ئەو هۆکار و بیانووانەی کە لە پشتەوەی ڕەتکردنەوەی هەڵاتنی سوکرات ەوە بوو، بابەتی گرنگیپێدانی **(کریتۆ)** بوو بۆ ئەفلاتوون، ئەفلاتوون لە وتوێژی **(کریتۆ)**ی ئەفلاتووندا، باسی هۆکار و بەڵگەکانی هەڵنەهاتنی سوکرات

دەکات.لە کۆتایی وتووێژی **(فیدۆن)**ی ئەفلاتوون، باس لە مردنی سوکرات دەکات.

تیایدا سوکرات ئەم بەڵگانانە ڕەتدەکاتەوە، کەوا (کریتۆ) هێناینەوە بۆ هەوڵدانی هەڵاتن لە بەندیخانەدا، دوای ئەوەی ژەهری خوارد، فەرمانیان پێکرد هاتوچۆ بکات، تا هەست بە سڕبوونی پێیەکانی دەکات. دوای ئەوەی چووە سەر تەختەکە، ئەوەی ژەهرەکەی پێدا، بە توندی گوشاری خستە سەر پێیەکانی، سوکرات ئیدی هەستی بە پێیەکانی نەدەکرد، سڕبوون و نەمانی هەست کردنی ئەندامەکانی بە ئەسپایی هەمووی داگرت، تا گەیشتە دڵی، پێش ئەوەی بمرێت، بە ماوەیەکی کەم، سوکرات بە کریتۆی وت:**((من قەرزاری (ئەسکلیپۆس)م، تکایە ئەم قەرزەی بدەیەوە)).**

**(ئیسکلیپۆس)** خوداوەندی پزیشکییە لای گریکەکان، دەشێ دوا وشەکانی سوکرات بەو واتایە بێت، مردن چاکبوونەوەی گیانە و ڕزگاربوونییەتی لە جەستە. فەیلەسووفی ڕۆمانی **(سنیکا)** هەوڵیدا وەك سوکرات بە ژەهر بمرێت، کە فەرماندار (نیرۆن) ناچاری کرد خۆی بکوژێت.

هەندێ لەوە دڵشادن، کەوا لەبەردەم کەسایەتییەکی ڕیالیزمی وەك سوکرات دا بن، لەبەر ئەوەی گەر لەو دوو سەرچاوەیە وردبینەوە، کە ناچارین پشتیان پێببەستین، لەوەی دەیزانین سەبارەت بە سوکرات ، دەبینین یەکێکیان ئەفلاتوونە، کەوا شانۆنامەی ئەندێشەیی دەنووسێت، ئەوەی دیکەش (ئەکسانۆفۆن،) کە داستانی مێژوویی دەنووسێت، ئەمە و ئەوەی دیکە لە مێژووی ڕاست و دروست ناژمێردرێت.

**(دیوجین لیرتیوس)** لەمبارەیەوە نووسیویەتی و دەڵێت:((**دەڵێن سوکرات ئەوەی بیست، کە ئەفلاتوون لەسەری نووسیوە، وتی: ئەی هەرقەل! ئەو درۆیانە چەند زۆرن، کە ئەم لاوە لە بارەی منەوە نووسیویەتی**)).

لەبەر ئەوەی ئەفلاتوون لەسەر زمانی سوکرات باسگەلێکی وتووە، سوکرات وای نەوتووە، ئەفلاتوون بە ڕاستی نەیوتووە قسەکانی هەموو ڕاستن، هەر گومانی بۆ ئەوەش نەچووە لە دواڕۆژدا کەسانێك دێن لە نووسینەکانیدا بەدوای ئەوەی ڕاستییە و ئەوەی ئەندێشەیە لەیەك جیادەکەنەوە.

ئەفلاتوون لە وتوێژەکانیدا وێنەیەکی ڕێك لەبارەی مامۆستاکەی دەکێشێت، لە ڕۆژانی لاوێتی سوکرات ی ترساو لە **(پارمنیدس)** و چەنەچەنەکەی لە پروتاگۆراسدا تا خۆپارێزییە شاراوەکەی و ملکەچ بوون لە **(فیدۆن)**، تا ئەو ڕادەیەی گەر ئەمە سوکرات ی ڕاستی نەبێت، ئەوا ئەفلاتوون لە گەورەترین داهێنەرانی کەسایەتییەکانی ئەدەبە لە جیهاندا.

ئەرستۆتالیسی لەو باوەڕەدایە ئەم ڕاوبۆچوونانەی دراونەتە پاڵ سوکرات ، ڕاوبۆچوونی ڕاستی ئەون.

بەم دواییە دەستنووسێکی نوێ دۆزرایەوە، کەوا **(ئیسکنیز ئەسفتۆزی)** قوتابی سوکرات نووسیویەتی، پشتگیری ئەم وێنەیە دەکات، کە ئەفلاتوون لە بەشەکانی بەرایی دیالۆگەکانی کێشاویەتی. لە هەمان کاتدا تالیسی پێی وایە ئەو یادەوەریانە و دیالۆگی خوان لەو چیرۆکانەن، کە هەڵبەستراون، واتە قسە ئەندێشەییەکانی سوکرات دەیانکات، زۆربەیان ڕاوبۆچوونی ئەکسانۆفۆن خۆیەتی، گەر ئەکسانۆفۆن لەوەی سەبارەت سوکرات ڕاستی کردبێت، ئەوە هەموو ئەوەی دەتوانین بڵێین بایەخدانە بە ئاخاوتنە فشەڵەکانی

مامۆستاتاکەی، کە هیچ زیانێکیان نییە، ڕاستیش نییە پیاوێکی چاکەخوازی وەك سوکرات بەو هەموو باسەی ئەکسانۆفۆن لەبارەیەوە کردوویەتی، بتوانێت شارستانیەتی باو سەراوبن بکات.

ئەکسانۆفۆن جیا لە هەموو نووسەرەکانی پێشوو توانیویەتی پەندیاری کۆن لە شێوەی پیاوچاکی دروست وێنابکات.

لەوەشدا **(ئەرستو قسانیس تارنتی)** لە باوکییەوە دەگوازێتەوە، کە دەڵێت گوایە خۆی سوکرات ی نزیکەی ٣١٨ پ. ز ناسیوە، دەڵێت: فەیلەسووفەکە کەسێکی نەزانی، بێ ئاکاری بێ زانین بوو.

دوور لەم گەنگەشەیە بە دروستی دەردەکەوێت سوکرات زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە لە سەردەمی خۆیدا خۆشەویستی و ڕقی خەڵکی بەرکەوتووە.

سوکرات هەر لەسەرەتاوە گەنگەشە خوازبوو، فەلسەفەی خوێند و سۆفیستاییەکانی لا پەسندبوو، ئەوانەی لە تافی لاوییەتی سوکرات ئەسینایان داگیرکرد، هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی ئەفلاتوون هەواڵی بە یەکگەیشتنی **سوکرات بە پارمنیدس و پروتاگۆراس، و کورگیاس، و برۆدکس، و هیبیاس و ترازمکس** هەڵبەستبێت، هەروەها ئەو وتوێژەی لەم دیدارە ڕوویدا، دوور نییە زینۆنیش بینیبێت، کە لە ٤٥٠ پ.ز بۆ ئەسینا هات و گەنگەشەکەی کاری تێکرد و هەتا مابوو لەژێر کاریگەری ئەودابوو.

دەشێ ئەنکساگۆراسیش کەسی ناسیبێت، نەخوازە لە ڕێی بنەماکانیشییەوە، لەبەر ئەوەی **(ئەرکلۆس مالّتی)** قوتابی ئەنکساگۆراس سەردەمانێك مامۆستای سوکرات بوو. ئەرکلۆس ژیانی زانستی وەك زانایەکی سروشتزان دەستپێکرد و لە کۆتایی ئاکارزانی خوێند، بنچینەی ئەم زانستەی

بـه پێـی ڕێـساکانی هـۆش ڕاڤـەکرد، دەشـێ ئـەو کاریگـەری لەسـەر سـوکرات هەبووبێت لە بایەخدان بە ئاکاررزانی.

لـە هـەموو ئـەم ڕێیانـەوە سـوکرات گەیـشت بـە فەلـسەفە، خـۆی دەڵێـت:((**باشترین شتم لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بینیوە لە بارەی چاکەخوازی، لەگەڵ پشکنینی خۆم و کەسانی دیکە، لەبەر ئەوەی ژیان گەر لێی نەکۆڵیوە، شایانی پیاوان نییە**)).

بەم شێوەیە بـەدوای بـاوەڕی خەڵکدا دەگـەڕا، پرسـیاری دەکـردن، داوای وەڵامـی ورد و دیـاریکراوی لێـدەکردن، ڕاوبۆچـوونی ڕێـك و دوور لـە نەسـازی، ترسـی دەخـستە دڵـی هـەر یـەکێك نەیتوانبوایـە بـە ڕوونـی بـدوێت، هـەتا لـە دۆزەخیشدا چاوبگێڕە و دەزانیت لەم خەڵکەدا کێ پەندیارە و کێ بـە درۆ وەك پەندیار خۆی پیشاندەدا و کێ شایانی ئەوە نییە.

خۆی بەوە پەنا داوە لە دووچاری پرسیار و مشتومڕ نەبێتـەوە، وەك ئـەو مشتومڕەی لەگەڵیان دەکات، بەوەی ئەو هیچ نازانێت، پرسـیارەکان هـەمووان دەزانێـت، بـەڵام وەڵامـەکانیان نازانێـت، لـە بـارەی خۆیـەوە، دەیـوت ئـەو **(ئارەزوومەندی فەلسەفەیە)**.

دەشێ مەبەستی ئەوە بێت ڕایبگەیێنێت، کەوا لە هـیچ دڵنیـا نییـە، لـەوە نەبێت کە مرۆڤ هەڵە دەکات، ئاماژەی بەوەشدا کە هیچ گروپە باوەڕ و بنەمای بڕیـاردراوی وشـکی نییـە. دەشـێ لـە سرووشـگای **(دلفـی)** ئـەو وەڵامـەی بـۆ پرسیاری کریفۆن:((**ئایا لەنێو خەڵکدا کەس هەیە لە سوکرات هۆشـەکی تـر بێت؟**))، کە وەڵامـی دایـەوە:((**کـەس نییـە**))، سـوکرات ئـەم وەڵامـەی بـەو پاساوەبوو، کە ئەو دانی نا بە نەزانینەکەی، لەم کاتەدا بـەدوای دەسـتکەوتنی

بیروبۆچوونی ڕوون و دیاره، لەبارەی خۆی وتی:((**ناوه ناوه لـه بـارەی شـتـه گرنگەکان لای مرۆڤ دەدوێت، لەبارەی چاك و خراپ، دادپەروەر و نادادپەروەر، ئەوەی لەگەڵ هۆش دەگونجێت و ئەوەی ناگونجێـت، ئـەوەی بـه ئازایـەتی دادەندرێت، ئەوەی بە ترسنۆکی، حکوومەت چییە، کە کۆنترۆڵی خەڵك دەکات، و سیفەتەکانی پیاوی لێزان لە فەرمانڕەوای چین، دواتر باس لە بابەت گەلێکی دیکە دەکات... لەو باوەڕەدایە، کەوا ئەوانەی نایزانین بە ڕاستی لـە چـینی کۆیلەکاندان**)).

گەر لە ئاخاوتنەکانی کەسی بەرانبەری بیرۆکەیەکی لێڵی بینی، یا هەمەکی کردنێکی نادروست دوور لە ڕاستی، یا هەر بە هەوەس و بێ زانین شـتێکی وت، بەرەنگاری دەبێتەوە و پێی دەڵێت:((**ئەوە چییە؟**))، دواتـر لێـی دەپرسـێت، ئەوەی دەیلێیت بە وردی دیاری بکات.

خووی پێگرتبوو، زوو لەخەو هەڵدەستا، دەچووە بازاڕ، یا گۆڕەپانی یاری یا فێرگەکان یا دوکـانی پیـشەوەران، دەسـت بـە گفتوگۆ دەکـات لەگـەڵ هـەر کەسێك زیرەکییەکی لێ دەرکەوێت یا گێلییەکی گاڵتەجاڕ دەیوت:((**ئایا ڕێگا بۆ ئەسینا دروست نەکراوە، بۆ ئەوەی خەڵك تیایدا وتوێژبکەن**))، ئەو شێوازەی دەیگرتەبەر سادە و ئاسان بوو. داوای لـە بەرانبەرەکـەی دەکـرد بیرۆکەیـەکی گشتی و هەمەکی پێناسە بکات، دواتر لەم پێناسەیەی دەکۆڵییـەوە، چ کـەم و کورتی تیادابوایە، یا نەسازی، یا پووچەڵی و سوکباری، ئاشکرای دەکرد، دواتر پرسیاری یەك لەدوا یەکی لە بەرانبەرەکەی دەکرد، بەرەو پێناسەیەکی باشتر و دروستر ئەو خۆی نەیدەوت، بەرانبەرەکەی دەگەیاندە ئەم پێناسە تازەیە.

سوكرات  هەندێ جار سەبارەت بە بیرۆکەیەکی گشتی یا لـە خـستنەڕووی بیرۆکەیەکی دیکەی نوێ دەڕۆیشتە زنجیرەیەکی درێژی تاکە ڕەوشـی تایبـەت، ئـەم ڕێبـازەی وایکـرد تـا ڕادەیـەك ڕێبـازی لێگەڕانەکـەی بخاتـە نێـو لۆجیکی یۆنـانی، هەنـدێ جـار بـە شـێوازێکی پـەلار و گاڵتـەئامێزی سـوکرات ییـە بەناوبانگەکەی، کە ئاکامە خەندەوەرە سووکبارەکەی ئاشکرا دەکرد، کەوا لەو ڕایە یا پێناسەیە دەکەوتەوە، کە سوکرات  دەیەوێت بیڕوخێنێت.

ئارەزووی لە بیرکردنەوەی ڕێکوپێك بوو، پێی خۆش بوو شتەکان بـە پێـی ڕەگـەزیان، جۆرەیـان، جیـاوازی نێوانیـان ڕێـك بخـات، بـەم جـۆرە ڕێگـەی هەموارکرد بۆ شێوازی ئەرستۆ تالیـسی لـە پێناسـەدا و تیـۆری ئـەفلاتوون لـە بیردا.

باســی گفتوگــۆی دەکــرد وەك هونــەری جیاکردنــەوەی شــتەکان، بــە گاڵتەسازییەکەی پەناگە تاریکـەکانی ڕووناك کـردەوە، بەداخـەوە لـە مێـژووی فەلسەفەدا تەمەنی کورت بوو، بەرهەڵستانی ئـەوەیان لێ بـە خـەوش دەگـرت، چونکە گوایە بۆچوونەکانی تەنیا وێران دەکات و بنیات نانێت، هەموو وەڵامێـك ڕەتدەکاتەوە و خۆی وەڵام ناداتەوە، بەم جۆرە ئاکاری تێکدا و بیرکردنـەوەی پەك خستووە، لە زۆربەی جـاران ئـەو بیرۆکـەی ویـستوویەتی ڕوونـی کاتـەوە، زیاتر ئاڵۆزی کردووە، گەر کەسێکی وەك **ئەکریتیاسی** جدی ویستی پرسیاری لێ بکـات، وەڵامدانـەوەی بـە پرسـیارێکی دیکەیـە، بـەمجۆرە لـە پرسـیارکەرەکە دەباتەوە. دەبینین لە پروتاگۆراس لە وەڵامدانەوە ڕادەکات، نەوەك پرسـیاری لێ بکرێـت، ئـەم نیـازە پاکـە ئەوەنـدە نابـات، ماوەیـەکی کـەم نـەبێت، دواتـر

پروتاگۆراس پاشەکشە دەکات، هەرچەند شارەزایە لە لۆجیك و تەمەنێکی لەوەدا بەسەر بردووە و بە ئەسپایی لە گۆڕەپانی گفتوگۆ دەکشێتەوە.

**هیپپیاس** لە خۆدزینەوەی سوکرات  لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لێی دەکرێت، تووڕەدەبێت، دەڵێت:**((سوێند بە زیوس، (وەڵام)ی من نابیستێت تا تۆ چی دەڵێت لە بارەی دادپەروەری، چونکە ئەوەندە بەس نییە، گاڵتە بە خەڵك بکەیت و لە هەموو کەس بپرسیت و بیشێوێنیت و دواتر بۆ هیچ کەس ڕاستی دەرنەبڕیت، یا ڕای خۆت لەبارەی بابەتەکە بدەیت)).**

سوکرات  لە بارەی ئەم لێخوێندنە دەیوت:**((من هیچ نیم، تەنیا وەك دایکم مامانم، ئەو لۆمەیەی ئاڕاستەی منی دەکەن، سەبارەت ئەوەی پرسیار لە خەڵك دەکەم و ئەوەندە هۆشەم نییە، وەڵامی بدەمەوە، لەجێی خۆیەتی، کێشەم لەگەڵدا نییە، هۆیەکەش ئەوەیە، خودا ناچاری کردووم (مامان)بم، ڕێی پێی نەداوم بمبێت)).**

لەوەشدا لە زۆر ڕووەوە وەك سۆفیستاییەکانە، ئەسینییەکانیش ئەوەیان پێوتووە، بەڵام مەبەستیان خەوشدارکردنی نەبووە یا لە پلە و پایەی کەم بکەنەوە.

بەڕاستی سۆفیستایی بوو، بە واتا نوێیەکەی ئەم بێژەیە، واتە کارامە بوو لە تەکنیکی زۆرزانی و فێڵی دیالێکتیکیانە، زۆر بە زیرەکی بواری قسەکردنی دەگۆڕی. بابەتەکەی نقوی لێکچوواندن و خوازەی پچڕ پچڕ دەکرد، کێشە و گەنگەشە و پێداگری دەکات وەك منداڵانی قوتابخانە، بە وشە وەك جەنگی پاڵەوانان دەجەنگێت، بەڵام بێ ئامانج.

دەشێ مرۆڤ لەوانەی ژەهراوی کراون خۆشبێت، لەبەر ئەوەی وا دەزانین خراپترین شت لۆجیکزانێکی شارەزا لە هێزی لۆجیکەکەیەتی.

لە چوار شتدا سۆفیستاییەکان جیاوازبوو:

**١- ڕقی لە ڕەوانبێژی بوو. ٢- ئارەزووی پتەوکردنی ئاکاربوو. ٣- هەرگیز ئاماژەی بەوە نەکردووە کە خۆی لە هونەری توێژینەوەی بیر زیاد دەزانێت. ٤- کرێی لە بری فێرکردنەکەی وەرنەدەگرت، هەرچەند وا دەردەکەوێت هەندێجار یارمەتی لە دەوڵەمەندانی دۆستی وەرگرتووە.**

قوتابییەکانی زۆریان خۆشدەویست، هەرچەند هەندێ خەوشی هەبوو، لێی وەرس بوون، جارێکیان بە قوتابییەکی خۆی وت:

**((دەشێ بتوانم یارمەتیت بدەم، بگەیتە پلە و پایە و چاکەخوازی، هەردووکمان هەریەکە هاوەڵەکەی خۆش دەوێت، من گەر خەڵکم خۆشویست لە هەموو دڵمەوە و ئەوانیش لە دڵەوە منیان خۆشویست، پێم ناخۆشە نەیانبینم، ئەوانیش پێیان ناخۆشە نەمبینن. تاسەی هاوڕێیەتیان دەکەم، وەك ئەوان تاسەی هاوڕێیەتی من دەکەن)).**

ئەرستۆڤان لە گێڕانەوەی (هەورەکان)، باس لە قوتابییەکانی سوکرات دەکات، فێرگەیەکیان لە شوێنێکی دیار دروستکرد، تیایدا کۆببنەوە، ئەکسانۆفۆن برگەیەك هەیە پشتگیری ئەم بیرۆکەیە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا سوکرات وا وێنا دەکات، کەوا لە هەر شوێنێك کە کەسێك هەبێت بخوازێت فێربێت، ئەو لەوێ فێری دەکات، یا کەسێ هەبێ ئامادەبێ گوێی بۆ ڕادێرێ، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنکەوتووانی بیروباوەڕ یا بنەمایەکی تایبەتیان نەبوو، بەڵکو زۆر لەیەك جیاوازبوون، تا ڕادەیەك هەندێکیان بوون بە سەرۆکی فێرگە

هەرە جیاوازەکان لە وڵاتی یۆنان ـ ئەفلاتوونی، کەلبییە، ڕەواقی، ئـەبیقوری و گومــانگرەتی. لــەو قوتابییانــەش **(ئەنــستان)**ی شــانازیکار بــە ملکەچــی مامۆستاکەی، فێری بنەمای سادەیی لە ژیان و پێداویستییەکانی بوو، فێرگـەی کەلبییەی دامەزراند.

دەشێ ئامادەبووبێت کـاتێ سـوکرات بـە **(ئـەنتیفۆن)**ی وت:**((دەشـێ وا بزانێت بەختەوەری لە خۆشگوزەرانی و زێدەخەرجییە، بەڵام من وایدەبینم تۆ گەر پێویـستت بـە هـیچ نـەبێت، وەك خوداوەنـدان وای، هـەروەها گـەر لـە پێداویستییەکانت کەم کەیتەوە، دەتوانی وەك خوداوەندەکان بیت))**.

**(ئەرستبۆس)** لە قوتابییـەکانی سـوکرات بـوو، کـە بۆچـوونەکانی لەسـەر دانپێدانی سوکرات دامەزراند، کە وتبووی ((**چێژ چاکەی تێدایە**))، دواتر ئـەم بیروباوەڕەی لە **(کۆرینی)** بڵاوکردەوە و دواتر **(ئەبیقور)**ی ئەسـینا بانگـەوازی بۆدا. لە قوتابییـەکانی دیکـەی **(ئیکلیدسـی میگـاری)** بـوو، کـەوا دیالـەکتێکی سوکرات ی کردە گومان توانای هەر جۆرە زانینێکی ڕاستەقینەی ڕەتکـردەوە. لە نێو قوتابییەکانی **(فیدۆن)**ی لاو هـەبوو، کـە کەوتـە نێـو چـینی کۆیلـەکان، دواتــر کریتــۆن بــە ئامــاژەی سـوکرات پارەکـەی دا و کڕییـەوە و ئـازادیکرد، سوکرات ئەم لاوەی خۆشویست و کردوویە فەیلەسووف. لە نێو قوتابییـەکانی سوکرات ئەکسانۆفۆن هەبوو، نائارام و شڵەژاو وازی لە فەلسەفە هێنـا و بـووە سەرباز، ((**بەڵام سەلماندی هیچ شتێك لەوە سوودبەخشتر نییە، کە هاوڕێیەتی سوکرات بکەیت و لەگەڵی ب لە دوێی لە بارەی هەر بابەتێك بێـت و لەهـەر بۆنەیەکدابێت و هەرچییەکیش بێت**)).

له نێو قوتابییەکانی سوکرات ، ئەفلاتوون هەبوو، کـە ئەندێـشە مەزنەکـەی کاریگـەری سـوکرات ی بەسـەر بـوو، تـا ڕادەیـەك بەدرێـژایی ژیـانی کاریگـەری لەسەر هەبوو، تا ڕادەی یـەکبوون، و لـە مێـژووی فەلـسەفەدا وەك یـەك هـۆش دەکەوتن. ئەکریتۆنی دەوڵەمەندیش له قوتابییەکانی سوکرات بوو، سوکرات ی زۆر خۆشدەویست، زۆر لە هەوڵی ئـەوەدابوو وا بکـات سـوکرات پێویـستی بـە هیچ نەبێت.

ئەلکبیانسی لاوی سەرەڕۆی بوێر هەبوو، کە لە دوا سـات خـراپ دەرچـوو و لەگەڵ مامۆستاکەی بە وەفـا نـەبوو و خـستییە مەترسـییەوە، بـەڵام لەوکاتـدا سوکرات ی زۆر خۆشدەویست، ئەویندارى بوو، دەیوت:

**((ئێمە ئەگەر جگە لەتۆ گوێ لە ئاخێوەرێکی دیکـە بگـرین، هەرچـەندە لـە باشترین ئەو کەسانە بن کە دەدوێن، ئەوە بێژەکانی وەك وشەکانی تۆ ئەوەندە کاریگەر نابن، ئەی سوکرات پەندە بە نرخەکانی وشەکانت، هەتا ئەگەر لە تۆشمان گوێ لێ نەبێت، بۆمان بلێینەوە و هەڵەشی تێدا بکەن، ئەوە دڵڕفێنن و دەروونی هەموو ژن و پیاو و منداڵێك دادەگرن کە گوێیان لێ بگریت. دەزانم گەر گوێم دانەخەم لە دەنگە خۆشەکەی ڕانەکەم، کە دڵگیرە، ئەوا هەتا پیر دەبم لەبەر پێیەکانی دادەنیشم. لە دەروون و دڵدا هەستم بەو ئازارەی کرد، کـە ئازاری فەلسەفە لە کەڵبەی مار بە ئازارترن.. تۆ ئەی فیدرۆس و تۆش ئەی ئاگاسۆن، و تۆ ئەی ئێرکسماکۆس، و تۆ ئەی بوزنیاس و تـۆ ئـەی ئەرسـتۆ دیموس و تۆ ئەی ئەرستۆڤان، ئێوە هەمووتان پێویست ناکات، سوکرات یش بخەمە نێو ئێوە، ئەم ئەزموونەتان وەك مـن بینیـوە و وەك مـن ئەوینـداری فەلسەفەبوون)).**

کرتیاس سەرۆکی ئەلجرکی، ئەویش لەنێو قوتابییەکانی سوکرات  بوو، زۆر پێی خۆش بوو، کاتێك سوکرات  گاڵتەی بە دیموکراسی دەکرد و دەستی هەبوو لە بە تاواندانی لە ڕێگەی نووسینی شانۆ نامەیەك تیایدا باس لە خوداوەندەکان دەکات، دەڵێت ئەوانە کارسازە بە تواناکان دروستیان کردوون و بەکاریان دێنن وەك چۆن ئێشکگرەکانی شەو بەکاردەهێندرێن بۆ خەڵك ترساندن و ناچاریان دەکەن ئاکار پوخت بن.

هەروەها کوڕی **(ئەنیتۆس)** لە نێو قوتابییەکانی سوکرات  بوو، کە کوڕی سەرۆکی دیموکراتیخوازان بوو، کەسێکی لاو بوو، ئەویش شەیدای قسەکانی سوکرات  بوو، وازی لە بازرگانیکردن بە پێست هێنا.

ئەنیتۆس سکاڵای ئەوەی کرد، کەوا سوکرات  هۆشی ئەم لاوەی تێکداوە، بەو گومانەی لە مێشکی چاندووە، ئێستا ڕێز لە دایك و باوکی و خوداوەندەکان ناگرێت، سەرەڕای ئەوەش ئەنیتۆس لە ڕەخنەکانی سوکرات  لە بارەی دیموکراسی وەڕس بووە، کە دەیوت:

**((ئەی سوکرات  وا بزانم لەوەی ئامادەگیت هەیە زێدەڕۆیی دەکەی لە کەوتنەخراپەی خەڵك، گەر گوێ لە ئامۆژگاریم دەگری، دەڵێم وریابە، دەشێ شارێکی دیکە نەبێت زیان گەیاندن تیایدا ئاسانتربێت لە چاکە پێگەیاندنیان، ئەوەش ڕەوشی ئەسینایە)).** ئەنیتۆس بە دوای دەرفەت و هەڵەکانی سوکرات دەگەڕان بۆ زیان پێگەیاندنی.

# بەشی چوارەم

# فەلسەفەی ( سوکرات )

# بیروبۆچوونەکانی ڕوخساری جیهانیان گۆڕی



سوكرات  یەكێكە لە باشترین فەیلەسووفەكانی یۆنان، بەهۆی ئەم باوەڕە خاكەڕاییە و مەزنەی هەیبوو، سوكرات  خاوەن دیالۆگێكی بێ هاوتابوو، هەمیشە دەیوت ((**چاكە زانینە**)).

پەیامەكەی لە ژیاندا گەڕان بوو، بۆ ئەوەی بۆ خەڵك بسەلمێنێت، كەوا لە نەزانیدان، هەرچەند لەو باوەڕەدابوونایە كە زانینی دروست و تەواویان هەیە بەو شتەی لە بارەیەوە دەدوێن.

كاكڵی بەرنامەكەی لایەنەكەی دی دڵنیا بكات، كە لە وتوێژدایە لەگەڵی لەوكاتەی كە لەو باوەڕەدایە كە دەزانێت، لە ڕاستیدا هیچ نازانێت.

زۆرجار لە بازاڕ دەگەڕا و دەیپرسی:((**ئەم...... چییە**))[1]، دەتوانین ئەم بۆشاییە بە هەر شتێك  پڕ بكەیتەوە، لەم پرسیارەوە بەرەو زۆر پرسیاری دیكە دەچوو، تا وای لەو كەسە دەكرد كە پێی سەرسام بێت و واقی وڕبێت. ئەو كەسانەی دووجار لە سوكرات  دەپرسن، ئەدی وەڵامی ئەم پرسیارانە

---

[1]- ئاوەڵناوەكانی نیشانە لە زمانی كوردیدا هەمیشە دەبنە دوو پارچە، پارچەیەكیان دەكەوێتە پێش ناوەكە و پارچەكەی تریان دەكەوێتە دوای ناوەكە، ئەم دوو پارچەیە دەبنە دیارخەر بۆ ناوەكە، ئەو بۆشاییەی نێوان ئاوەڵناوەكەیە، شوێنی ناوەكەیە، هەر ناوێك بە ئاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان بكرێت، ئەوە دەبێتە ناوێكی ناسراو، ئاوەڵناوی نیشانە لە زاری كرمانجی ناوەڕاستدا بریتین لە:

ئەم..... ە    بۆ تاكی نێر و مێی نزیك بەكاردێ.

ئەو..... ە    بۆ تاكی نێر و مێی دوور بەكاردێ.

ئەم ....انە    بۆ كۆی نێر و مێی نزیك بەكاردێ.

ئەو.....انە    بۆ كۆی نێر و مێی دوور بەكاردێ.

**بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی كوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٣، ل ٥٤ ـ ٥٥.**

چییە؟ سوکرات لە وەڵامدا دەڵێت:((**هەموو ئەوەی دەزانم، ئەوەیە کەوا من هیچ نازانم**)).

نازانم کە ئەمە لە خاکەڕایی بوو، یان بەڕاستی نەیدەزانی... یا شێوازێك بوو تا ئاخێوەر بگاتە دڵنیایی لەوەی کە هەموو ئەوەی دەیڵێت دەشێ ڕاست بن، سوکرات هیچ شتێکی دیاریکراوی لە مێشکدا نییە، تا ئاخێوەر پێی بگات، بەڵکو دەیەوێت بەردەوام بێت لە پرسیار تا دەگاتە شتێك هۆش پەسندی بکات.

سوکرات دەڵێت:((**دڵنیابوون لە نەزانی هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ دەستخستنی زانیاری (زانین)، لەبەر ئەوەی کەس نییە لە بابەتێکدا بەدوای زانینێکدا بگەڕێت، لە ڕاستیدا لەژێر واجیهەیەکدا بێت، کە بەڕاستی دەیزانێت**)).

زۆر لە خەڵك گلەییان لە کاریگەری زۆری ئاخاوتنەکانی سوکرات لەسەریان هەبوو، کە وەك زەبری کارەبایی وایە، بەمەش سوکرات ڕووبەڕووی ناڕەزایی و ڕقی چینی خوێندەوار بووەوە.

هاوکات چینی سیاسەتمەداران بەهۆی هەڵوێستە ناشایستەکەی تێدەکەوتن و دەبوون بە گاڵتەجاڕی خەڵك.

فەلسەفەی سوکرات لە بارەی یەك بابەت دەدوێت، ئەویش مرۆڤە، هەتا کاتێك باس لە گەردوون و بوونەوەرە بەرهەست و دیارەکان دەکات، لەبەر ئەوەی ژینگە و چەقەکەی مرۆڤە، هاوکات شوێنی پەیدابوون و فراژووبوونیەتی.

دەکرێ بڵێین دوو بنچینە سەرەکییەکەی هەموو بیروڕاکانی ئەمانەن:

**١ـ لەو باوەڕەدابوو، ڕاستەقینە هەیە و دەشێ بزاندرێت.**

**٢ـ كاری بەستەوە بە زانین، واتە زانینی کردە بنچینەی ڕەفتار.**

لە فەلسەفەکەیدا ڕێبازی زانینی دیارکرد، هەروەها چەمکی چاکەخوازی دیاریکرد، ئەوەش گۆشەنیگا ئاکارەکییەکەی بوو.

سوکرات لەو باوەڕەدابوو مرۆڤ گیان و هۆشە، جەستە ئاڕاستە دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، نەك وەك سۆفیستاییەکان دەیانوت پێکهاتەیەکە لە ئاوێتەیەکی هەوەس و خۆشی، لەو باوەڕەدابوو یاسا دادپەروەرەکان هیچ سەرچاوەی نییە، هۆش نەبێت، ئەویش ڕێکدەکەوێت لەگەڵ یاسا نەنووسراوەکانی خوداوەندەکان لە دڵی مرۆڤەکان تۆماریان کردووە و ئەوەی ڕێز لە یاسا دادەپەروەرەکان دەگرێت، لە ڕاستیدا ڕێز لە هۆش و پێڕۆی خوداوەندی دەگرێت.

سوکرات لەودیو سروشتیشی کۆڵییەوە، لەو ڕایەدابوو دەروون تەنیا بنەمای ژیان نییە، بەڵکو لەوە گرنگترە، ئەو ((خودی ئاکارەکەیە))، بۆ ئەوە چوو، کەوا دەروون نەمرە، بەڵگەی لەسەر بوونی خوداوەند هێناوە، بە ڕای ئەو خوداوەندی چاکەیە، هۆش پێیناگات، و بەوەسفکردنی پێینازانین، هەموو چاکەیەکی لێ پەیدا دەبێت، وەك ڕوودان نییە لە قسە و لە کاردا، یەکێکە ناگۆڕێت و دۆخی جیا بەسەردا نایەت، ئەرکی مرۆڤ فەرمانەکانی جێبەجێ بکات، **هە**رچی شەکەتە و مەینەتیش بچێژێت.

سوکرات زۆرجاران لە بارەی خوداوەندی تاك و تەنیا یان خودایەتی دەدوا، جیا لەوانەی دیکە، کە لە بارەی خوداوەند و بەڕێژەی کۆ دەدوان، سوکرات دژی پەرستنی بتەکان بوو، داوای لە خەڵك دەکرد، واز لەم کارە بێنن، لە ئاخاوتنی لەگەڵ پادشا زۆر بەتوندی دوا و پێی وت:(**(بتپەرستن بۆ پادشا**

**باشە، بەڵام بۆ سوكرات خراپە، لەبەر ئەوەی پادشا خەڵكەكەی پێ چاك دەكات و باجی پێ وەردەگرێت. سوكرات دەزانێت زیانی پێناگەیەنن و سوودیان لێ وەرناگرێت، گەر دانینا بە بوونی خوداوەندێك، كە نانی پێدەدات، پاداشتی چاكە و سزای خراپە دەداتەوە)).**

سوكرات توانی فەلسەفە ئاڕاستە بكات لە توێژینەوە لە سروشت، بۆ توێژینەوە لە دەروونی مرۆڤ، دەستەواژەی (**پەرستگەی دلفی**) كردە دروشمی فەلسەفەكەی، كە دەڵێت:((**خۆت بناسە**)).

سوكرات یەكەم بنچینەی ڕێبازی نموونەگەرایی دانا، كە دواتر شوێنكەوتووانی لەسەری ڕۆیشتن، بەتابەتی ئەفلاتوون كە توانی لەم بنچینە و بنەمایانە ئاكامەكانیان لێهەلێنجێت و هەمەكی بكات بەسەر بوارە جیا جیاكانی بیری فەلسەفی، كە سوكرات باسی نەكردبوون.

گەر سوكرات هیچی نەنووسیبێت، گەر ئەو گێڕانەوە ڕاست بێت، كە شوێنكەوتووان و قوتابییەكانی دەیلێت، ئەوا دەكرێ لەم گێڕانەوەیە وێنەیەكی تەواوی فەلسەفەی سوكرات بكێشین.

بە گشتی گەر باسی بۆچوون و بیروباوەڕە فەلسەفییەكانی سوكرات بكەین، دەڵێین لە ڕووی هزر و ئاكار و سیاسەتەوە، ئەوە دژی **هاوڵە** ئەسینییەكانی بوو. لەوكاتەی دادگایی دەكرا، بۆ بەتاوانباركردنی بە تۆمەتی دژی خوداوەندەكانی بوو و تێكدانی هۆشی لاوانی ئەسینا، سوكرات بەرنامە سوكرات ییەكەی بەكارهێنا یا ئەوەی ناسراوە بە شێوازی (**ئیلینخوس**)، بۆ ئەوەی بۆ دەستەی سوێندخواردووان بسەلمێنێت، بەها ئاكارییەكانیان لەسەر بیروبۆچوونی نادروست ڕۆنراوە. بە ئەوانی وت لەوكاتەی پێویستە بایەخ بە

دروستی باری گیانی خۆیان بدەن، بایەخیان تەنیا بە خێزان و کار و بەرپرسیارییەتی سیاسیان دەدا.

وا دەردەکەوێت بیروباوەڕی سوکرات بەوەی ئەسینییەکان پێویستییان بە دەروون و ئاکاریان هەیە و خوداوەندەکان ئەویان وەك پەیامبەری ئاسمانی هەڵبژاردووە، سەرچاوەی بێزاریی ئەسینییەکان بووە، گەر گاڵتەجاڕی نەبووبێت.

سوکرات دژی ڕێبازی سۆفیستایی دوا، بەوەی چاکەخوازی دەکرێ فێری ئەوانەی دیکەی بکەیت. تێبینی ئەوەی کرد، کەوا باوکە سەرکەوتووەکان (وەك جەنەڕاڵی سەربازی بەرچاو (بریکلیز) منداڵی وایان دەبێت، وەك ئەوان نین لە کارامەیی و سەرکەوتندا.

سوکرات گەنگەشەی ئەوەی دەکرد، کەوا باڵادەستی ئا،کار وەك شتێکی خۆڕسك وایە، پەیوەست نییە بە چاودێری، کەوا باوکان بۆ منداڵەکانیان دابیندەکەن، دەشێ ئەم باوەڕە هاوکاربوو بێت لە نائارامی سوکرات سەبارەت بە پاشەڕۆژی منداڵەکانی.

زۆرجار سوکرات دەیوت بیروبۆچوونەکانی هی خۆی نین، بەڵکو هی مامۆستاکانیەتی، سوکرات چەندین کەسی باس کردووە، کاریگەریان لەسەر ئەو هەبووە، وەك **(برۆدیکۆس)**، مامۆستای ڕەوانبێژی و زانای بەناوبانگ **(ئەناکسوگۆراس)**.

لەلایەکی دیکە، (ئێریك هافلوك) بۆ ئەوە دەچوو، کەوا پەیوەندی سوکرات بە مامۆستاکەی (ئەناکسوگۆراس) بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی ئەفلاتوون جیاوازن لەوەی سوکرات پەیڕەوی دەکرد.

# سوكرات و ئەپستمۆلۆژیا( زانین )

مەبەست لە تیۆری ئەپستمۆلۆژیا(زانین)، گەڕانـە لـە سروشـتی زانـین و ڕادە و سەرچـاوەكانی یـا توێژینەوەیـە لـە پەیوەندییـەكانی نێـوان بەرهەسـتەكان و هۆشــەكییەكان، بــە واتــای توێژینــەوە لــە چــۆنیەتی گەیــشتن بــە بــیروڕا هۆشەكییەكانی پەیوەست بە هەڵكەوتی بەرهەست یا پەیوەندی نێـوان ئـەوەی ماددی (بەرهەست)ە و ئەوە زانینی هۆشەكییە.

زانین زۆر پێناسەی هەیە، وەك:

**١ـ زانین: ناسینی شت بە یەكێك لە هەستەكان.**

**٢ـ زانین: بە ڕەهایی زانستە، وێناكردن بێت یا بە ڕاست دانان.**

**٣ـ زانین: بە شتی هەندەكی زانین، چ چـەمك هەنـدەكی بێـت یـا بڕیـارێكی هەندەكی بێت.**

**٤ـ زانین: پێزانینی دوای نەزانینە.**

تێبینی دەكەین ئەم پێناسانە هەموویان لەوە هاوبەشن، كە زانین پێزانینە (یا جیاكردنەوەیە)، چ ئەم پێزانینە یا جیاكردنەوەیە گشتی بێت بۆ بابەتەكـە، یا هەندەكی، بە چاوپۆشی لە وردیی ئەم پێزانینانە.

كەواتە زانین پێزانینــی ڕاسـتەقینەی شـتەكانە، دەتـوانین چـوار ئاڕاسـتەی جیاواز سەبارەت ئەپستمۆلۆژیا لای گریكەكان دەستنیشان بكەین، بەم شێوەی خوارەوە:

## ١ـ ئاڕاستەی هەستیاری

ئەم ئاڕاستەیە لای بیرمەندانی کۆنی گریکی هەبوو، ئەوانەی لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لە ناوچەی ئەیۆنیا (ناوی کۆنی کەنارەکانی ئاسیای بچووك) ژیاون، لەبەرچاوترینیان **تالیس و ئەناکسیمندر و هیراکلیتس** بوون. زانین لای ئەوانە پەیوەستە بە هەستەکان و بەرهەستە ماددییەکان، لەبەر ئەوەی تەنیا دانیان بە بوونی مادده دەنا، هۆش و بیریش بەرهەمی ئەم ماددەیەن.

## ٢ـ ئاڕاستەی گوماناوی

خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە (گرگیاس)ە، یەکێك لە سەرکردەکانی قوتابخانەی سۆفیستاییەکانە، کە لە نیوەی سەدەی پێنجەمی پێش زایین دامەزرابوو.

سۆفیستاییەکان بۆ ئەوە دەچوون، کە ڕێگەی پێزانینی ڕاستەقینەی شتەکان هۆشە نەك هەستەکان، لەبەر ئەوەی هەستەکانی فریودەر و جیاوازن.

گرگیاس لە دواسات لە ڕێگەی سۆفیستایە هۆشەکییەکەی، گەیشتە ئەو ئاکامەی بڵێت: زانینی هۆشەکی پووچەڵە، بڕیاری ئەم سێ پرسەی خوارەوەیدا:

**أ ـ هیچ شتێك بوونی نییە.**

**ب ـ گەر شتێك هەبێت، ئێمە ناتوانین بیزانین.**

ج ـ گریمان شتێك بوونی هەیە و دەزاندرێت، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەم زانینە بگوازینەوە بۆ کەسانی دیکە.

## ٣ـ ئاڕاستەی نموونەگەریی

ئـەم ئاڕاسـتەیە بـە فیـساگۆرس و سـوکرات دەسـتی پێکـرد و لـەدوای جێگیربوونی گریکەکان لە ئەسینا، لای ئەفلاتوون پێگەیشت.

ئـەم ئاڕاسـتەیە زێـدەڕۆیی کـرد لـە فەرامۆشـکردنی ڕۆڵـی هەسـتەکان لـە پێکهێنـانی زانینـدا، تـا ئـەو ڕادەیـەی لـە ئـەفلاتوون دەگێڕنـەوە وتوویـەتی هەستەکان کاری هۆش دەشێوێنن.

ئەفلاتوون خەڵکی فێری بیروڕاکانی سوکرات دەکرد، لەبارەی ڕاستەقینەی پـیرۆز و ڕەهـا و بیرکـاری و ئاکـار و گیـانی، کـە بوونیـان لەسـەر ئـەزموون نەوەستاوە.

تیـۆری ئـەفلاتوون سـەبارەت بـە ئەپـستمۆلۆژیا (زانـین) پوختەکـەی بیرکەوتنەوەیە، لەبەر ئەمە بە تیۆری بیرکەوتنەوە ناسراوە.

ئەم تیۆرە پوختەکەی ئەمەیە دەروونی مرۆڤـەکان، پـێش ئـەوەی بکەوێتـە جەستەوە، لە جیهانی ئاسمانەکان بوو، جیهانی ئاسمانەکان نموونـەی تـەواوی شـتە بەرهەسـتەکانی تیایـە کـە لـە جیهانـدا لەسـەر زەوی هـەن، بـۆ نموونـە ئەسپەکان لە سـیفەتەکانیان جیـاوازن، هەیـە خێرایـە و هەیـە سـستە، هەیانـە بـەهێزن و هەیانـە بێهێـزن، هەیانـە نێوچـاوان سـپی و جـوانن، هەیانـە جـۆری دیکەن: ئەو ئەسپەی هەموو سیفەتە جوانەکانی هەیـە، ئەسـپە نموونەییەکەیـە

لەجیهانی ئاسمانیدایە، ئەوەی ئەفلاتوون ناوی دەنێت جیهانی نموونەکان. لەو ڕەوشەیدا کە لە جیهانی ئاسماندایە، بەڕاستی شت دەزانێت، کە لە نموونەی باڵا و تەواوەکانیدایە.

ئەفلاتوون بۆ ئەوە چوو، کەوا خودی مرۆڤ، ئەوەی پێشتر لەڕاستەقینەی شتەکان دەیزانی، لە بیری کردووە، لەوکاتەوە کەوتۆتە جەستەوە، ڕۆڵی هەستەکان پێش ئەوەی بکەوێتە جەستەوە، ئەوە خود دەیزانی بە بیری بێنێتەوە، وەك چۆن مرۆڤ شێوە و روخساری برادەرێکی دەکەوێتەوە یاد، کە وێنەیەکی ئەوی دەکەوێتە یاد، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر نەیبینیبێت.

گەیشتن بە زانینی ڕاستەقینە لە ڕێگەی ڕامانی هۆشەکی ڕەهاوە دەبێت، کە لای ئەفلاتوون پرۆسەیەکە خودی مرۆڤ ئەوەی پێشتر زانیویەتی، بەبیردا دێتەوە.

## ٤- ئاڕاستەی ئەرستۆتالیسی

ئەم ئاڕاستەیە، ئەرستۆتالیسی دەستپێکرد و بەپێچەوانەی ئاڕاستەی نموونەگەرایی، لە بارەی زانین - ئەپستمۆلۆژیا، هەڵوێستێکی هەیە شتە بەرهەستەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام ئەرستۆ بۆ ئەوە دەچێت، کەوا زانینی بەرهەستەکان لەڕێگەی یاسا و بنەمای هۆشەکییەوە دێتە دی.

ئەم ئاڕاستەیە جیاوازە لە ئاڕاستەی نموونەگەرایی لە بایەخدانی بەرهەستەکان.

ئەرستۆ سێ جۆر هۆشی لە یەك جیاکردەوە:

## أ- هۆشی هیولانی[1](هەڵچوون)

ئەم هۆشە واتای توانستی هۆشداری مرۆڤ دەگەیەنێت، یا هۆشی لە هێزدا، یا توانستی بوونی هۆشی بەکردار، بە کاریگەری هۆکارێکی دەرەکی، کە ئەمەش هەمیشە بنەمای تەواوی ڕەهایە، کە هۆشی کارایە.

## ب ـ هۆشی خودی

هۆشی هیولانییە دوای ئەوەی بەکرداردەبێتە هۆش، واتە ئەو کاتەی شتە بەرهۆشەکانی تێدا پەیدا دەبێت.

## ج ـ هۆشی کارا

هۆشێکە لە دەرەوەی ماددەیە، بە لەناوچوونی ماددەی جەستە لەناو ناچێت، ئەرستۆ بە نەمری دادەنێت و ناکەوێتە بەر ڕێسای گۆڕان و دۆخ بەسەرداهاتن، هەندێ لە فەیلەسووفانی گریکی دەیبەستنەوە بە خولگەی مانگ.

زانین لای ئەرستۆ پەیوەستە بە شتە بەرهەستەکان، بەڵام هۆشی ئەم بەرهەستانە کە کەم کەم پێی دەگەن ڕێکدەخات، بێ ئەوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت، لەوانەشە لەڕێگەی لۆجیک، هۆشی بەردەست دەکرێت، بە پشت بەستن بە چییەتی و بنەمای بەرایی دیاریکراو لای ئەرستۆ.

ئەرستۆ سێ قۆناغ بۆ پێکهێنانی زانین دیاریدەکات:

---

[1] ـ هیولانی وشەیەکی یۆنانییە بە واتای بنج یا ماددە دێت، لە زیندوو و نازیندووکاندا هاوبەشە، هیچ شێوەیەکی نییە، شێوە و کاکڵی شتەکانن، کاکڵە جیاوازەکان ڕاستەقینە پێکدێنن.(وەرگێڕ)

## یەکەم: زانین بەهۆی بەرهەستەکان (هەندەکییەکان)

ئەم زانینە گومانەکییە زوو فێر دەبێت، ئەرستۆ ئەوە دووپات دەکاتەوە، کەوا گەڕان لە بەرهەستەکاندا لەگەڵ هۆشی خەڵك دەگونجێت، لەبەر ئەوەی روون و دڵنیاکەرەوەیە و خێراتر فێر دەبن، هەرچەندە بەڵگە هێنانەوەی سەلماندنی بەهێزترە و کاریگەرترە.

ئەرستۆ دەڵێت: **پێویستە لەگەڵ بچووکەکان بەڵگە هێنانەوەی خوێندنەوەیی ئەنجام بدەیت، بەڵام لەگەڵ پسپۆڕەکان بەڵگەهێنانەوەی هەلێنجان و ئەنجامی دەکرێت.**

ئەرستۆ ئەم جۆرە زانینە هەستەکییە بە نزمترین ئاستی جۆرەکانی زانین دادەنێت.

## دووەم: زانینی هزربینی

بەهرە و هزربینی لای ئەرستۆ لەڕێگەی دەرکەوتنی هۆشێکی کارا ڕوودەدات، یا بەهۆی پەیوەندی هۆشی کارا بە هۆشی هیولانی و لەویشەوە دەگەینە چییەتی شتەکان، یا بنەما بەراییەکان، کە بوونی کاکڵەیەکی ڕاستەقینەیی و دڵنیاکەرەوەی شتە بەرهەستەکانە.

ئەرستۆ لەوەدا لە ئەفلاتوون جیاوازە، ئەفلاتوون بەهرە و هزربینی یا هۆشداربوونی ڕەها بە ڕێگایەك دادەنێت بۆ گەیشتن بەجیهانی نموونەکان، کەچی ئەرستۆ چیەتی و بنەما بەراییەکان بە یەك نەبەستێتەوە، کە لەڕێگەی هزربینین و جیهانی نموونەکان پێیدەگەیت.

دەشێ (**بنیامین ڤارنتن**) لە ڕاستی لای نەدابێت، کاتێ دەڵێت: ئەفلاتوون لە شتەکانی زەمینی دەگەڕێت، بەڵام بـە شـێوازێکی لاهـووتی (خوداکردیانـە)، کەچـی ئەرسـتۆ لـە شـتە ئاسمانیەکانـدا دەگـەڕێت، بەشـێوازێکی ماددییانـە، بـەواتای ئـەوەی ئـەفلاتوون زێـدەڕۆیی لـە فەرامۆشـکردنی زەمینیەکانیـشدا کردووە، کەچی ئەرستۆ بەشێوازێکی ماددییانە زێدەڕۆیی لە چارەکردنی شتە ئاسمانییەکاندا دەکات.

## سێیەم: زانینی هۆشەکیانە

ئەم زانینە لە ڕێگەی لۆجیکی هەڵێنجانی پێکدێت، لەبەر ئەوەی لـە بنـەما هۆشـەکییە بەراییەکانـەوە هەڵـدەهێنجرێت، کـەوا لـە ڕێگـەی هزربینـی پێـی دەگـەین. ئەرسـتۆ بیروبۆچـوونی دڵنیـایی دیکـەش ناودەنێـت پێـشەکییەکان، لەڕێگەی ئەنجامگیرییـەوە دەگەینـە پێـشەکییەکی دڵنیاکـەرەوەی دیکـە، بـەم جـۆرە پرۆسـەی ئـەنجامگیری بـەردەوام دەبێـت تـا دەگـەین بـە بەشـە بەرهەستەکان، ئەرستۆ ئەم زانینە بە باشترین و باڵاترین جۆری زانین دادەنێت.

زانـین لای فەیلەسـووفە یۆنانییـەکان پێگەیـەکی بـەرزی هەیـە، سـوکرات گۆڕانێکی گەورەی لە ڕۆشنبیری یۆنـانی تۆمـارکرد، لەوکاتـەی ڕێگـەی زانینـی بەرەو چاکەخوازیی ئاکار گۆڕی، بەوەش لە سەردەمی تراژیدیا و کۆمیدیا دابڕا، کە هەر لە کۆنەوە دوو شەقڵی ئەم ڕۆشنبیرییە بوون. دان بەوە دادەنێت زانین ئەزموونگـەلی هەسـتی نییـە، کـە لـە ژیانـدا فێـری ببین، وەك شـاعیرەکان و سۆفیـستاییەکان باوەریـان وابـوو، لـە ڕا و ڕای پـشتگیریکراو بـە بەڵگـەی

هۆشەكیش دەست ناكەوێت، لەبەر ئەوەیە ئەوەی چەمك و ماهیەتی زانین نەزانێت، ناتوانێت ڕەها بێت و واتای بزانێت.

دیاریكردنی پێناسەی زانین، لۆجیكیانە پشت بە پێناسەی كۆكەرەوەی پێناسەكان دەبەستێت، كە لەڕێگەیەوە پێی دەگەین، ئەویش لەڕێگەی گەڕان بەنێو پێناسەكانی پێشوو و دۆزینەوەی كەم و كورتییەكانیان و هەنگاونان بەرەو پێناسەیەكی گشتگیر.

ئەم ڕێبازە شێوازی پەسندكراوی سوكرات ە لە دیالۆگەكان، هەر ئەوەشە وای كردووە، زۆر بایەخ بە گەڕان بدات لە نێو پێناسەكان، بۆ ئەوەی ورد بێت لە پێشكەشكردنی ئەو چەمكەی دیالۆگەكەی لەبارەوەیە. لەم ڕێگەیەوە (هونەری دیالۆگ) سوكرات خۆی دەرباز دەكات لە هەمەكی كردن و ڕەهاكردنی گەورە، لەو پێشەكییە دەست پێدەكات، كە تیایدا دیالۆگكەر لەگەڵی ڕێكدەكەوێت، دواتر بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت، كە بە ڕاستی دەزانێت، گەر خراپی ئەم پێشەكییەی بۆ دەركەوت، ئەوا لایەنەكەی بەرەو پێشەكییەكی دیكە دەبات و بەم جۆرە بەردەوام دەبێت.

سەرباری هەنگاو بە هەنگاو دیالۆگكردن، سوكرات بە دیالۆگەكانی شێوازی گاڵتەجاڕیش لەگەڵ نەیارانی بەكاردێنێت. گاڵتەجاڕیش دەروازەیەكە بۆ دەستخستنی دڵنیایی دیالۆگكەر، بەتایبەتی نەیارەكان، بەوەش خۆی لە خۆبەزلزانین و مەزنترزانی ڕزگار دەكات.

زانین لای سوكرات لە بنەڕەتدا لە دەروون سەرچاوە دەگرێت، باوەڕی بە ئەفسانە كۆنەكە هەبوو، كە دەیوت دەروون نزمدەبێتەوە بۆ جیهانی هەستی، كاتێكدا لە جیهانی نموونەییدا بوو دوور لە هەست و جەستە.

بابەتەکانی پێزانینی نموونەکانی وەك: جوانی و چاکە و دادپەروەری ڕەها و ئیدیکە بوون، لەوکاتەیدا ئەمانە کەوتە جەستەی مرۆڤ، ئیدی مرۆڤ خەریکی گەرمەی ژیان بوو، بۆیە دووچاری بیرچوونەوەهات، لەبەر ئەمە هیچ ڕێگایەك نییە بەرەو نموونەکانی پێشووی بەرێت، تەنیا یادکردنەوە نەبێت.

کەواتە زانین یادکردنەوە و گێڕانەوەی نموونەی باش و ڕاستەقینە، کە پێشتر لە دەرووندا بووە و دەیزانێ. زانینی ڕەسەن، یادکردنەوەی نموونەکانە، کەوا بوونی ڕاستەقینەی هەموو بوونەوەرانە، بەویشەوە پێزانینی مرۆڤ دەپێورێت.

لەبەر ئەوە ئەو زانینەی فەیلەسووف (پەندیار) خۆی بۆ تەرخان دەکات، تەنیا لەڕێگەی زاڵبوون بەسەر خواستەکانی جەستەوە دەبێت، ئەویش بە پاکڕاگری خود دەبێت، لەبەر ئەمە هیچ دەروونێك فەلسەفەی بەجێنەهێنابێت (**پاکڕاگری خود**)، ناتوانێت بگاتە حاڵەتی دەروونی ڕەسەن، کە تەنیا فەیلەسوفان پێی دەگەن.

کەواتە فەلسەفە گەر لە بۆچوونی سوکرات ڕەت نەبێت، بۆ دەستەبژێرە، نایەتە نێو گەل، ئەم بۆچوونەش (**نیچە**) زۆر ڕقی لێی بوو. ئامانجی سوکرات یش لەوەدا، دانانی پەیوەندی پتەو بوو لەنێوان تیۆری نموونە ڕەهاکان، کە هەمیشەییە و لە جیهانێکی دیکەیە، کە جیهانی هۆشە، لەگەڵ گیانی نەمر وەك بەڵگەیەکی لۆجیکی بۆ نەمری هەتاهەتایەی. ئەمەشیان ئامانجێکی میتافیزیکییە، هەوڵی ڕۆنانی دژە ئاوێتەکان دەدات (دوانەتی میتافیزیکی)، کەوا زۆر لەمێژە باڵی بەسەر مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوایدا کێشاوە.

لەوەوە دەگەینە ئەم ئامانجە، دەروون (گیان) وەك خوداوەند وایە، نەمر و هۆشەکی گونجاوە و شیکاری و گۆڕانی بەسەردا نایەت، پێچەوانەی جەستەی ئاوێتە و گۆڕاو و تێچوو.لەو نیگایەوە دەڵێت زانین چاکەخوازییەکی ئاکارییە، دایکی هەموو چاکەخوازییەکانی دیکەیە.

گفتوگۆی زۆر لە فەیلەسوفەکانی بەرایی سەبارەت بە چییەتی زانین و پەندیاری و هەست بۆ گەیشتە بە ڕاستەقینە، هەرچەندە ڕاستەقینە زۆر ڕووی جیاوازی هەیە، ئەم گفتوگۆیانە قۆناغی پێشکەوتوویان بڕیوە بۆ دۆزینەوە و بۆ پێدانی وێنەیەکی وردتر لەبارەی چییەتی زانین.

فەیلەسوفە بەراییەکانی یۆنان دیالۆگی زۆریان کرد سەبارەت بە بەڵگەهێنانەوە لە بارەی پایەکانی زانین، هەندێکیان لەو باوەڕەدابوون مرۆڤ لە دوو سیستەم پێکدێت: زەمین و ئاسمان، جەستە پێکهاتەیەکی زەمینییە و هۆش پێکهاتەیەکی ئاسمانییە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی زانین و پێزانینە بۆ گەیشتنە ڕاستی.

ئەم دیالۆگانە چەندین ڕێگای گەیشتنە زانینیان بەسەر کردەوە، بۆ گەیشتنە ڕاستەقینەی ڕەها، زانین تەنها بە گرتنەبەری ڕێگا دروستەکان بەردەست دەکرێت. بەمەش فەیلەسووفە بەراییەکان پێڕۆیەکیان دانا بۆ دیاریکردنی پایەکانی زانینی فەلسەفە.

سوکرات  پیری فەیلەسووفان، دەستپێشخەر بوو لە خستنەڕووی پلەکانی زانین، کەوا چوار پلەی دیاریکرد:

**١ـ هەستکردن:** واتە پێزانینی ڕواڵەتەکانی جەستە و کارمایییەکانی لە بەئاگایی و وێنەکانیان لەخەوتندا.

٢- **گومان:** واته بەرهەستەکان وەك خۆیان بڕیاریان لەسەر بدرێت.

٣- **بەڵگە هێنانەوە:** واته زانستی چییەتی بیرکاری لە بەرجەستەییەکان هاتۆتە دی.

٤- **هۆشەکیبوون:** واته زانینی چییەتی ڕەهاکان لە هەموو ماددەیەك.

ئەم پلانەش ئامانجی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی حاڵەتەکەیە، دواتر بڕیار لە سەردانیان، لە قۆناغێکی دواتر دڵنیابوون لە بڕیارە گریمانەییەکان بۆ گەیشتن بە بڕیاری بەرایی، دواتر لە زانینی حاڵەتەکە بۆ گەیشتنە ڕاستەقینەی ڕەها.

ئەفلاتوونیش لەبارەی زنجیرەبەندی پلەکانی زانین لە مامۆستای یەکەم سوکرات ئەوەندە دوورنەکەوتەوە، بەڵام هەندێ بۆچوونی ڕۆشنتری لەبارەی واتای هەر پلەیەك لە پلەکانی زانین هێنابووە، دابەشی سەر چوار پلەی کرد:

١- **زانینی هەستی:** پێزانینی وێنەی شتە بەرهەستەکانە، یەکەم پلە و نزمترین پلەی زانینە.

٢- **زانینی گومانەکی:** بڕیاردانە لەسەر بەرهەستەکان لەڕێگەی بەراوردکردنیان بە یەکتری، دەرهێنانی کۆڵکەی هاوبەش، کە یا ڕاستە یا درۆ.

٣- **زانینی بەڵگەهێنانەکی:** ئەو زانینەی هۆش لەڕێگەی گفتوگۆ و گریمانە بەردەستی دەکات، پێشەکییەك دەبێت بۆ گەیشتن بە دڵنیایی گەر لەسەر گریمانەی دروست و ڕاست ڕۆنرابێت.

٤- **زانینی دڵنیاکەری:** باڵاترین و ئەوپەڕی پایەی زانینە، لەبەر ئەوەی زانینی نموونەکانە و هۆشەکی زانینی ڕاستەقینەی ڕەهایە.

لەم دەستنیشانەکردنەی ئەفلاتوون بۆ پلەکانی زانین و واتای هەر پلەیەك، دیاریکردنێکی وردی ئاستی زانین هەیە، کە ئاماژەی بۆ زانینی هەستەکی کرد، کە بە ڕای ئەو نزمترین پلەی زانینە، لەبەر ئەوەی ئاماژەی تەواو بۆ گەیشتنە زانین بەدەستەوە نادات.

دواتر ئاماژەی بە زانینی گومانەکی کرد، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی گریمانەی توێژینەوەیی و پێویستە لێکۆڵینەوە و بەراورد و هەڵێنجانی بنچینە هاوبەشەکانی بکرێت، بۆ ئەوەی لە ڕاستی بوون و ناڕاستی بوونی دڵنیا بین. بایەخی زۆری بە پلەی سێیەمی زانیندا، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی گفتوگۆکردنی ئاکامەکانی ڕاستی و ناڕاستی زانین، بەڵگەی بۆ دەهێنرێتەوە بە بەکارهێنانی ڕێگەی گفتوگۆ و پەنابردنە بەر هۆش بۆ گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی. دواتر پەنابردنە بەر ئەنجام لە پلەی چوارەمی زانین، لەبەر ئەوە هەرەباڵایە لە پلە، دەگاتە ئەنجامە هەرە ڕاستەکە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینەی ڕەها.

ئەم بنچینەیە و بڕیارانەی فەیلەسوفەکانی بەرایی سەبارەت بە زانین لە توێژینەوەکە پێی گەیشتوون، دواکایە نییە لە زانستی فەلسەفەدا، گەڕان بەدوای ڕاستەقینە هێشتا هاندەرە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ و فرە جۆر. ئەوەی ئەفلاتوون ناوینـاوە ڕاستەقینەی ڕەها، ئاسان دەست ناکەوێت، هەرچەندە ڕێگاکانی زانین زۆرتر و فرەوانتر بن، ئەوەندە ڕووی دیکەی ڕاستەقینە دەردەکەوێت، ئەوەشیان بوو بەهۆی دژواری زۆرتر لە بڕیاری ڕەهادان.

دوای سەدان ساڵ لە باسکردنی ڕێگاکانی گەیشتن بە ڕاستەقینە لەڕێگەی دەروازە فرەجۆرەکانی زانین لە لایەن فەیلەسووفەکانی بەرایی، توێژینەوە هەر

بەردەوامە بە ئامانجی گەیشتنە ئاکامی وردتر. ئەمجارەیان تەنیا فەیلەسووفەکانی یۆنانی نەبوون، بەڵکو لەجێگەی دیکە، تەواوکردنی توێژینەوەی بەرابیەکانیان خستە ئەستۆی خۆیان و سەرلەنوێ بۆ گەیشتنە ڕاستەقینەی ڕەها، باسی چەندین بابەتی دیکەی زانین و ڕێگەکانیان کردووە.

گەر ژینگەی پەیدابوونی فەیلەسووفە یۆنانییەکان جۆرە سنووربەندی و پتەوی لە توێژینەوە و گەڕان بە دوای ڕاستەقینەی بەسەردا سەپاندبن، بەمەبەستی زیانگەیاندن بە باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم سنوورانە لەلایەن هەندێ فەیلەسووف بەزێندرا و لێیان دەربازبوون، بەڵام کەوتنە بەر سزا لەناوبردن.

لە سەردەمی هەندێ فەیلەسووفی دیکە، ئەم ژینگە و باوەڕ و بەها کۆمەڵایەتییانە، پتەو و توندتربوون. لەوانە **(فارابی)** یەکێك بوو لەوانەی هەوڵیدا هاوکێشەیەکی هاوسەنگ بدۆزێتەوە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستەقینە، ئەمیش لە ڕێگەی ڕووکارەکانی زانین، بەجۆرێك لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکان ناکۆك نەبێت، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی فەیلەسووفەکانی دیکە، ئەوانەی هەندێکیان ژیانی خۆیان لەدەستدا لە لە ئەنجامی بەزاندنی ئەم سنوورە.

فارابی بە یەکێ لە قوتابیەکانی ئەرستۆ دەژمێردرێت، نەك هەر فەلسەفەی لەو فێر بوو، بەڵکو هەر لەویش فێربوو خۆی لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت بە بەراورد بە فەیلەسووفەکانی بەرایی.

فارابی لەو باوەڕەدایە پلەکانی زانین بۆ گەیشتن بە ڕاستی سێ پلەن:

**١ـ زانینـی هەسـتی:** دەروازە و ڕێگـەی زانینـی هەسـتەکانە، کـە بریتییـە لـە پێزانینـی وێنـەی بەرهەسـتەکان لـە ڕێگـەی هەسـتەکانەوە. ئـەم زانینـەش لـە قۆناغی یەکەم بەرچاو و دیارە و لە قۆناغی دووەم شاراوەیە.

**٢ـ زانینی هۆشەکی:** پێزانینی گشتییە بە ڕێگـەی هۆشـەوە چەسـپاوە، تـەنیا مرۆڤ ئەم توانایەی هەیە، لەگـەڵ ئەوەشـدا زانینـی هەسـتی، لـە نێـوان مـرۆڤ و ئاژەڵ هاوبەشە.

**٣ـ زانینی دەرکەوتەیی:** جۆرێکی تایبەتە لە زانین، وشەی دەرکەوتەیی، واتـە ڕووناکی هۆشی کـارا و هـەڵڕژانی بـۆ سـەر لاپـەڕەی دڵ و ڕێگـا و ئامرازەکـەی ڕەفتاری هۆشەکییە، کە پشت بە ڕامانی هزری و ڕۆچوونی گیانی دەبەسـتێت، بەشێوەیەك هۆش ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی زانینی ڕەها.

**(فارابی)** لە باسی یەکەمی پلەی زانینی (هەستی)، لە ڕێگەی هەستەکانەوە گفتوگۆی سەبارەت بە پێزانینی وێنەی بەرهەستەکان دەکات، ئەم هەستە دوو وێنەی هەیە، یەکەم بەرچاو، دووەم شاراوە و نادیار، کە ئەویش پەیوەستە بـە خود و پێزانینی وێنـەی بەرهەسـتە نادیارەکـان. لەوەشـدا لـە فەیلەسـوفەکانی دیکە جیاوازبوو، بەوەی گشتگیرییەکی زۆرتـر بـە زانینـی هەسـتەکی بەخـشی، بەوەی تایبەتی کرد بە مرۆڤ و ئاژەڵ.

لـە باسـی دووەمـی سـەبارەت پلـەکانی زانـین، مـرۆڤ و ئـاژەڵی لەیـەکتر جیـاکردەوە، یەکـەمیان کاروبارەکـان لەڕێگـەی هۆشـی دەزانێـت، دووەمیـان نییەتی. مرۆڤیش بە هۆش لـە هەمەکییـە چەسـپاوە و ڕەهاکـان دەگـات، واتـە گەنگەشەکردنی ئەو گریمانانەی زانینی هەستەکی (دیار و شاراوە) بۆ دەرچوون بە ئەنجامێکی نزیك لە ڕاستەقینە، لە ئاکـامی لاسـایی و لێکـچواندنی هـۆش بـۆ

هۆكاره هەستییەكان، ئەمەش خۆی ناكۆكە لەگەڵ هەستی ناوەكی (شاراوە) و ئەم بنچینانەی لەئارادان بۆ پەیوەست كردنی بە جیهانی خوداناسی ( لاهوتی).

لـە باسـی سـێیەمدا (زانینـی دەركەوتـەیی)، فـارابی لـە دوو سەرچـاوەی جیـاوازەوە زانیـاری وەردەگرێـت بـۆ گەیـشتنە ڕاسـتەقینەی ڕەهـا، ئـەوانیش سەرچاوەی یەكەم پوختەی بڕیـاری هۆشـەكی پێزانینـی هەمەكییـە چەسـپاوە ڕەهاكانـە، كـە ناویـان دەنێـت (ڕونـاكی هۆشـی) و بەسـتنەوەی دیالێكتیانـەی بەهەست، كە بە (لاپەڕەی دڵ) ناوی برد، سەرچاوەی هەست و سۆزە، دووەم سەرچاوەش: جیهانی خوداناسییە(لاهوتی)، بڕیارەكـانی لێ هەڵدەهێنجێنرێت، كە بە ناوی ڕۆچوونی گیان ناوی برد.

پوختەی بۆچوونی فارابی بـۆ پلـەكانی زانـین، دۆزینـەوەی پەیوەندییـەكی دیالەكتیكیـــە لــــە نێـــوان (**دیـــار و نادیـــار**) و (**هـــۆش و گیـــان**).

كەچی (**ڕۆجەر بیكۆن**) پلەكانی زانین دەكاتـە سـێ بـەش: گواسـتنەوە، بەڵگە هێنانەوە، ئەزموون. بۆ ئەوە دەچوو كەگ واستنەوە هیچ شتێك نـادات، بەڵكو زانین پەیدا دەكات، بەڵگە هێنانەوەی خۆی ئەو پێوانەیە، كەوا پێوانـەی سەلماندن لە پێوانەی (فریودان) جیادەكاتەوە، لەكۆتایدا ئەزموون بنچینەیەكە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە.

(**ڕوجەر بیكۆن**) بۆ ئـەوە دەچێت زیـاتر پـشت بـە سـەلماندن و ئـەزموون دەبەستێت بۆ گەیشتن بـە ڕاسـتەقینە، لەبـەر ئـەوەی نـاكرێ تـەنیا پـشت بـە ئەنجامی هۆشەكی ببەسترێت، بـۆ داننـان بـە ڕاسـتەقینە. بۆچـوونی تیـۆری و جێـی ڕەزامەنـدی لەلایـەنی هۆشـەوە، دەشـێ گونجـاو نـەبن بـۆ بـەجێهێنانی كرداری، ئەو بۆچوونەی ناكەوێتـە بـەر ئـەزموونی پـشتبەستوو بـە سـەلماندن،

ئەوە جێی متمانە نییە. ئەمەش ڕێبازی ئەزموونییە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە، لەبەر ئەوەی باوەڕی بە پێڕۆی زانیاری هۆشەکی نییە، بەڵکو تەنیا بنیاتنەری ڕێگاکانی زانینی تیۆرییە نەك زانینی کرداریی. ڕێبازەکەی لە بەڵگەهێنانەوە وەك پێوەری دڵنیابوون و سەلماندنی دروست و هەڵەکان، ئەم بەڵگەهێنانەوەیەش جێی متمانە نییە مەگەر بە خستنە بەر ئەزموونە بۆ گەیشتنە ئەنجامی دروست.

ئێستاش لە ڕێبازی فەلسەفەدا دەرگا والآیە بۆ تۆێژینەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ گەیشتنە ڕاستەقینە بە ڕووە جیاجیاکانی، بە هیوای گەیشتنە ڕاستی ڕەها، تائێستاش دوورەدەستە لە هۆشی مرۆڤ.

زۆربەی جاران **(سوکرات )** ئەوەی باس دەکرد، کە فەلسەفەکەی لەوەدایە دەزانێت چ نازانێت. سوکرات لەو باوەڕەدابوو هەڵە لە ئەنجامی نەزانی پەیدا دەبێت و ئەوانەی هەڵە دەکەن، لەبەر ئەوەیە ئەوەی دروستە نازانن چییە. تاکە شتێك (سوکرات ) بەردەوام دەیوت و زانیاری لەبارەوە هەیە **"هونەر خۆشەویستییە"**، ئەویش بەستییەوە بە چەمکی : **"پەند خۆشویستن"**، واتە فەلسەفە. سوکرات قەت نەیوتوە فەیلەسوفم، بەڵام پەی بەم ڕەوگەیە برد، کە پێویستە کەسێك پەندی خۆشبوێت و پەیڕەوی بکات، بۆ گەیشتنە فەلسەفە. ئەو پرسە هەروا مایەوە، کە دەڵێ ئایا (سوکرات ) باوەڕی بەوە هەبووە، کە مرۆڤ ( لە بەرانبەر خواوەندی وەك ئەپۆلۆ) بەڕاستی دەتوانێت ببێتە خاوەن پەند و زانین یا نە، هەر بە جێی گەنگەشە لەسەرکردن مایەوە.

هەروەها لە لایەکەوە سوکرات نەزانی مرۆیی لە زانینی نموونەیی جیاکردەوە، لەلایەکی دیکەدا ئەفلاتوون لە دیالۆگی **"خوان"** و **"کۆمار"**دا

باسی ڕێبازێك دەكات كە لە ڕێگەیەوە دەكرێت بگەین بە بلیمـەتی و فەلـسەفە. لە دیالۆگی **(تیئیتیس)**ی ئەفلاتوون، سوكرات خۆی لەگەڵ رێکخەری هاوسەری بەراورد كرد، بۆ ئەوەی خۆی جیاكاتەوە لە ژنكێشی.

ئەم جیاكردنەوەیە لـە دیـالۆگی "خـوان"ی زینۆفـۆن دەنگـی دایـەوە، كـە (سوكرات ) بە گاڵتە وتی توانام هەیە سامانێکی زۆر گـەورە كۆبكەمـەوە، گـەر بمەوێت پیـشەی ژنێكـیش بكـەم. سـەبارەت بـەوەی (سـوكرات ) تایبەتمەنـدی هەبوو وەك وتوێژكارێكی فەلسەفی، ئـەوا ئـەو كەسـەی وەڵامـی پرسـیارەكانی دەدایەوە، پەلكێـشی وێنـاكردنێكی ڕوونـتر و ئاشـكراتری فەلـسەفەی دەكـرد. هەرچەندە "سوكرات " دەیوت وانەبێژ نییە (لە دیـالۆگی بـەرگری سـوكرات )، وەك دەڵێت وا باشترە وا بڕوانێتە ڕۆڵی خۆی وەك ڕۆڵی دایەنێك نە زیـاتر و نـە كەمتر.

(سوكرات ) ئاماژە بۆ ئەوە دەكـات كـە سەرچـاوەیەكی لـەبن نـەهاتووە لـە تیۆرەكان، بەڵام دەزانێت چۆن یارمەتی كەسانی دیكە بـدات بـۆ دانـانی تیـۆر، هەروەها دەزانێت ئایا ئەم تیۆرە دروستن یان نادروست.

شـتی گـرنگ لەوەدایـە ئـەویش باسـی دەكـات، كـە مامـان لەبـەر ئـەوەی بەتەمەندا چووە، نەزۆركە، كەچی ئەو ژنانەی هـیچ منـداڵیان نـەبووە، نـاتوانن ببنە مامان، ئافرەتی نەزۆك شـارەزایی یـا زانینـی كـرداری نییـە سـەبارەت بـە منداڵ لەدایكبوون و دەبـێ چـی بكـات. بـۆ زانینـی كاروبارەكـان دەبـێ مامـان شارەزایی و زانیاری باشی هەبێت سەبارەت بە بڕیارەكانی.

## سوكرات و چاكەخوازی

ئەوەی لە گەنگەشە و گفتوگۆكانی سوكرات بەرچاو دەكەوێت، پێداگریی بەردەوام بوو بۆ سەپاندنی چاكە لە بەرانبەر خراپەدا.. لەم بارەوە سوكرات دەڵێت: **"چاكە زانینە، خراپەش نەزانی... گەر مرۆڤ چییەتی چاكەی زانی، بێگومان كاری پێدەكات، گەر چییەتی خراپەی زانی، هەر دەبێت لێی دووردەكەوێتەوە".**

چاكە و خراپە جێی لێوردبوونەوەی فەیلەسووف و بیرمەندە ئاكارییەكان بوون. فیساگۆرسییەكان ڕاستگۆییان پەسندكرد، لە چاكەیدا ژیان، بە زۆر شێوازی دەستگری لەخۆپرسینەوە ژیان.

هیرۆكلیتس هەوڵیدا باوەڕە ئاكارییەكان بە ڕێبازە فەلسەفییەكان ببەستێتەوە، سۆفیستاییەكان لەو باوەڕەدابوون مرۆڤ پێوەری هەموو شتێكە، و فەلسەفەش هونەری گەیشتنە بە بەختەوەری.

تا سوكرات هات، بڕیاریدا دادپەروەریی و چاكەكانی دیكە لە پەندیاری یا زانینی چاكە كۆدەكرێنەوە، هەروەها بەختەوەری بە چاكەكردن دێتە دی.. دواتر دوو شتی بەیەك بەستنەوە، یەكەم: چاكەخوازی زانینە، دووەم: لەبەر ئەوەی زانینە، كەواتە دەكرێ فێری ببێت. گەر گریمانەی یەكەم نادروست بوو، ئەوا بەپێی ئەوە گریمانەی دووەم بە دروستی بەدوادا دێت.

وا دەردەکەوێت سوکرات  کرێی بۆ وانە وتنەوە وەرنەدەگرت، لەبەر ئـەوەی لەو باوەڕەدابوو زانین لە ناخی دەروونـی مرۆییـدا هەیـە، مـرۆڤ دەتوانێـت لێـی هەڵێنجێت. ئایا چۆن وانەبێژ کرێی شتێك وەردەگرێت هـی ئـەو نییـە ! ئایا لـە جیهـانی ئێمـەدا شـتی وا دەبێـت و کەسـی وا هەیـە ! کەسـێك دەتوانێـت لـە فێرکردنی پیشەیەکی کارسازی یا پیـشەی دەسـتی کـرێ وەرگرێـت، بـەڵام بـە بۆچوونی سوکرات  گەر فێرکردن ئامانجی چەسپاندنی چاکە بێـت، کـە دەشـێ مرۆڤ لەبنیاتیدابێت و تێیدا ڕەسەن بێت، ئەوە کاری کردەنی نییە کرێی لـەبری وەرگرێت.

دەبینین (ئەرستۆ فانیس) نووسەری شـانۆنامەی کۆمیـدی، لـە شـانۆنامەی (هەورەکان)، سوکرات ی خستە خانەی گاڵتەپێکردن ، تیایدا سوکرات  تاوانبار دەکات بـەوەی مـافی قوتابییـانی دەخـوات و پارەیـان لێ وەردەگرێـت و شـتی خەیاڵییان دەداتێ، دەڵێـت ئـەم شـانۆگەریە هۆیـەك بـووە لـە نێـو هۆییـەکانی دیکەی ئەو تۆمەتانە، کە بە هۆیەوە سوکرات  تۆمەتبارکرا بەگومڕاکردنی لاوان و گۆڕینی بیروڕاکانیان و دژی دابونەریتی باو و کۆمەڵایەتیەکان هانیداون.

ئەوشیان ڕاستە، سوکرات  لاوانـی هانـدەدا بـۆ دەربـازبوون لـە کـەلتووری کـۆن، بـەڵام پـارەی ئـەم فێرکردنـەی وەرنـەدەگرت. وەك لـە شـانۆگەرییەکە وێناکراوە. سـوکرات  قوتابییـەکانی فێـری ئـەوە نـەدەکرد ڕێـچکە فەلـسەفییە کۆنــەکان بگــرن، ئەوانــەی خــەڵکیان هانــدەدا بــەهێزی ڕوونبێــژی بەســەر نەیارەکانیان زاڵ بن، هەتا گەر سەرکەوتنەکە بە ڕێگەی پووچەڵیش بێت.

سـوکرات  هەمیـشە لـە ڕێنوێنییـەکانی ئامـانجی بـەکارهێنانی باشـترین و بەرزترین ڕێگە بوو بۆ گەیشتنە ڕاستی، هەرچەندە سوکرات  ناوبانگی گەورەی

هەبوو، پەیبردن بە فەلسەفەکەی لەبەر یەك هۆی بنچینەیی دژوار و سەرسورهێنەر بوو، ئەویش لەبەر ئەوی سوکرات لە ژیانی خۆیدا یەك پیتیشی نەنووسیوە، بیروڕاکانی لە ڕێگەی قوتابییەکانیەوە دوای مردنی گوازراونەتەوە، هەر لەبەر ئەمەش هەندێ لە توێژەران دەڵێن سوکرات هەر بوونی نەبووە.

هەندێ کەس دەڵێن ئەفلاتوون ئەم بەسەرهاتانەی سوکرات و ئەم دیالۆگانەی نێوان سوکرات و وتوێژەکانی دیکە نووسیوەتەوە، و ئەفلاتوون خۆی لە پەنا ناوی سوکرات شاردۆتەوە، لەبەر هەر هۆیەك بێت ئێستا جێی ئەم وردەکارییانە نییە.

ئەم زێدەڕۆییە لە گومانکردن لای ئەوانەی گومانیان لە بوونی سوکرات دا هەیە، هیچ پاساوی بۆ نییە، لەبەر ئەوەی ئەفلاتوون تاکە قوتابی سوکرات نەبووە، ئەوەتا (زینۆفۆی) بە شێوازێکی دیکە جیا لە شێوازی قوتابیانی دیکەی سوکرات ن هەمان دیالۆگی سوکرات ی نووسیوەتەوە، هەتا ئەرستۆ، کە سوکرات ی نەبینیوە، بەڵام لە سەردەمی ئەو نزیك بووە، چەندین بیروڕای سوکرات ی لە زۆر لە کتێبەکانی هێناوەتەوە.

ئەم فەیلەسوفە کاریگەری زۆری لەسەر هزی فەلسەفی هەبووە، لەبەر ئەوەی ڕێبازەکەی لە فێرکردنی فەلسەفە بەگشتی و لە پەروەردە بەتایبەتی، بووەتە هۆی ڕەگداکوتانی ڕێبازی فەلسەفەی ئاکار، کە تائێستاش کاری پێدەکرێت، گیانی ڕێبازە فەلسەفییەکەی هێشتا سێبەری بەسەر ڕاوبۆچوونی زۆربەی فەیلەسوفانی ئاکاری دوای خۆی هەیە.

ئاڕاستەی فەلسەفە پێش سوکرات زۆر بایەخی بە جیهانی دەرەوەی مرۆڤ دەدا، کاتێ سوکرات هات ئاڕاستەی فەلسەفەی گۆڕی بۆ بایەخدان بە

توێژینەوە و گەڕان لە ناخی دەروونی مرۆڤ، بایەخیدا بە سروشتی مرۆڤ و غەریزەکان و کردیە بابەتی دیالۆگ و ڕێنوێیەکانی، ئەوەشیان پەیوەستە بەو پەندە بەناوبانگەی کە لەسەر دەرگای پەرستگای دلفی نووسرابوو:**((خۆت بناسە))**.. لەبەر ئەمەیە دەوترێت سوکرات فەلسەفەی لە بورجە بالاکەی هێنایە خوارەوە بۆ سەر زەوی.

ئەم شێوازەی گرتوویە بەر لە ڕێبازە فەلسەفیەکەیدان دیالۆگی نێوان دوو کەسە یان زیاتر لە شێوەی پرسیار و وەڵام، دەشێ پرسیارەکە لە ڕووی ناڕەزایی دەربڕین یا پرسیار یا گاڵتەئامێز یا پەلار لێدان بێت .. هتد.

لە کۆتاییدا دەبێت دیالۆگکاران بگەنە ئەنجامێك، کە دەشێ بە خۆبەدەستەوەدان یا ڕەتکردنەوە بێت، پرسیارکەران ئەگەر ڕازیبوون لەوەی دیالۆگکاران دەیڵێن، ئەوا چەندین شتی لێدەکەوێتەوە، گەر دژەکەیان سەلماند، ئەوە کاروباری دیکەی لێدەکەوێتەوە، لە هەموو بارێکدا هەر دەبێتە ئەنجامێکی پوختەی دیالۆگەکە بسەلمێنن.

ئەو جۆرە دیالۆگانە سۆفیستاییەکان بەکاریان دەهێنا، هەر ئەوانەبوون کاری فێرکردنی هونەری وتاربێژی و ڕەوانبێژییان ئەنجامدەدا، کالایەکی بەرهەمێن بوو. ئەوەشیان کاریگەری ڕێبازی دیموکراسی بوو لە سیاسەت، کە دەبوایە پالێوراوان خاوەن بەلگە و توانستی دەربڕینی بیروڕاکانیان بن، بۆ ئەوەی بە هێزی ڕوونبێژی و دواندن، قەناعەت بە دەنگدەران بێنن، چ ڕاست بن یا هەڵە!!

سوکرات لەم کەش و هەوایەدا ژیا، ئەویش وەك سۆفیستاییەکان پیشەی فێرکاری دەکرد، بەڵام لەوەدا لەوان جیابوون، باوەڕی بەم بۆچوونانەی ئەوان

نەبوو، کە بنەمای هێز وەك بنچینەی ڕاستی، یا بنەمای ڕێژەی ڕاستی، یان ئەو ڕاستییەی کە هەر کەسێك بەپێی بۆچوونی بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیریان دەکات.

سەرباری ئەوەش، دیالۆگی سوکرات شێوازێکی تایبەتی هەبوو بوو، لەکەسانی دیکە بە شەقڵی سوکرات جیای دەکردەوە، سوکرات هەوڵی دەدا وتوێژکارەکەی بەرامبەری بخاتە پەشێوەی، وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدایەوە، بەڵکو لە دواندنی وتوێژکاری بەرانبەری هەڵێنجان، بەدەستەواژەیەکی دیکە **(وەڵامەکان لە ئاخاوتنەکان دەبوون).**

ئەم ڕێبازە وا دەکات مرۆڤ بیر لە خۆی بکاتەوە، لە بیروباوەڕ و ڕایەکان وردبێتەوە، وەك کێشەیەکی سەلماو سەیریان نەکات.. بەمجۆرە ئەم پیرۆزییەی دەکرێتە بەر دابونەریت و باوەڕە بۆماوەکان، دادەماڵدرێت و خەڵك دەزانن هەندێکیان دروست و هەندێکیان پووچەڵن، دەزانن زۆربەیان ڕاست نییە، بەڵکو زۆربەیان لەسەر نادروست ڕۆنراون.

ئەم بۆچوونەش دەیکێشایە سەر ئەوەی کە یاساکانی دەوڵەت و باوەڕەکانی پووچەڵن، ئەوە بە **(شۆڕش)** لە دژی دەوڵەت دەژمێردرا، ئەوانەی زیاتر ئەو ڕێنوێیە سوکرات یانە کاری تێدەکردن، لاوان بوون، لەبەر ئەوەی بەساڵاچووەکان بەهۆی ئەوەی ئەم دابونەریتانەی سەدان ساڵە بۆیان ماوەتەوە پەیڕەوکیانردووە، بەئاسانی کاریان لەسەر ناکرێت. کاتێ سوکرات ڕێنوییەکانی خۆی بڵاودەکردەوە، بەم شێوازەی بیرکردنەوە هانیدەدات بۆ گەڕان بە دوای ڕاستی و دوورکەوتنەوە لە نادروستی، ژمارەیەك لە لاوانی پێشەنگی ئەسینای کەوتنە شوێن، خاوەن بەرژەوەندییە سیاسییەکان،

سوكرات یان تۆمەتباركرد بەوەی بۆتـە سەرئێـشە بـۆ دەوڵـەت، لەبـەر ئـەوەی لاوان دژی كەلتووری باو هاندەدا و هانیاندەدات لە دژی شۆڕش بكەن.

لـەو دیـالۆگ و وتوێـژە گرنگانـەی نێـوان **خرمیـدس و سـوكرات** دەكـران سەبارەت بە (پاكی)، سوكرات تیایدا دەڵێت: دیارە مرۆڤ ئەگەر لایـەنی باشـی هەبێت، كە پاكییە، دیارە لە مێشكیدا بۆچـوون و چـەمكێكی لـەبارەوە هەیـە، خرمیدس وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:((**پاكی لەوەدایە مرۆڤ سەنگینی و هێمنی لە هەموو كارەكانی لە ڕۆیشتن و ئاخاوتن و هەموو ڕەفتارەكانی پیشان بدات، بەگشتی: پاكی واتە دووركەوتنەوە لەسەرەڕۆیی و پەلە**)).

هـەموو ئـەو گێروگرفتانـەی ئـەمڕۆ لـە كۆمەڵگـەی مرۆیـی هاوچـەرخدا دەوروژێـن، گفتوگـۆن لـە ڕاگەیاندنـە جیاوازەكانـدا، كـە هێـشتا لێـرە و لـەوێ دەوەروژێنرێن، لەم كۆمەڵگە یۆنانییە بچووكانەدا وروژێندراون، لاوان پێشەنگی یەكەم بوون بۆ ورووژاندن و وتوێـژكردن لەگـەڵ مامۆسـتاكەیان سـوكرات ، كـە بازنـەی وانـەكانی لـە هـەموو توێـژە كۆمەڵایەتییـەكان و بنەڕەتـە هزرییـەكان تێدابوو.

"سوكرات " لەو باوەرەدا بـوو، باشـترین ڕێگـا مـرۆڤ پێـی بـژییێت، ئەوەیـە بایەخ بە خۆپەرەپێدان بدەن لەبری لە هەڵپەی سامانی ماددیدا بن.

هەمیشە بانگەشەی بۆ ئەوە بوو هەوڵبـدەن بایـەخ بـە دۆسـتایەتی بـدەن و هەست بە كۆمەڵگەی ڕاستەقینە بكەن.

لـە بـەجێهێنانی ئـەم بنەمایانـە ئەوەنـدە مكوڕبـوو، تـا ئـەو ڕادەی لـە دوا قۆناغی ژیانی ڕازی بوو بە لـە بـە ژەهـر دەرخـواردكردنی، كەچـی زۆرینـە لـەو باوەرەدابوون لە ئەسینا هەڵدێت، لەبەر ئـەوە هەسـتی بـەوە كـرد ناتوانێـت ڕا

بکات یا دژی ویستی کۆمەڵگەکەی بێت، وەك لە پێشدا باسمان کرد، بـوێری و ئازایەتی لەجەنگدا جێی پەسندکردنی هەمووان بوو.

بیرۆکەی مرۆڤ بەهرەی چـاکەخوازی هەیـە، ڕشـتـەی هـەموو ڕێنوێنییـەکانی (سوکرات ) بوو. ئەم چاکە خوازیانەش ئەو خەسـڵەتانەی دەبێـت، کـە هـەموو مرۆڤێك هەیبێت، لە پێشەوەی هەمووان فەلسەفە یا هۆشمەندی.

(سوکرات ) ئەوەی دووپات دەکـردەوە، کـەوا چـاکەخوازی بـەهاترین شـتە، مرۆڤ هەیبێت، ژیانی نموونەیی ئەو ژیانەیە لە گەڕان بەدوای چاکەکانی بەسەری دەبەیت. ڕاستەقینە لە سێبەری بووندایە، ئەرکی فەیلەسووفە بۆ کەسانی دیکە ڕوونکاتەوە ئەوەی بە ڕاستی دەیزانن چەندە کەمە.

سوکرات لە شاری ئەسینا ژیا و نازناوی (پـیری فەیلەسـووفەکان)ی پێـدرا، کەمترین شتە بۆ ئەو، سوکرات بوو ڕێبازی هۆشەکی لە مێژووی هزری مرۆییـدا خەملاند، هەر ئەوبوو فەلسەفەی خستە سەر بنچینەی پتەو لە هۆش و لۆجیك.

لە پێش سوکرات دا زۆر فەیلەسـووف هـەبوون، وەك: تـالیس، هیراکلیـتس، فەیلەسـوفانی دیکـەش، وەك: پارامینـدس، زینـون، زانـای وەك فیـساگۆڕس و کەسانی دیش، هەموویان بایەخیان بە سروشت دەدا، مژاری تویژینـەوەیان دار و بەرد و گەڕان لە جیهانی ئەستێرە و هەسارەکان بوو.

سـوکرات لـەوان جیـاوازبوو، ڕۆچـوو بـۆ دۆزینـەوەی گیـانی مـرۆڤ، لـە گریمانەکانی کۆڵیەوە، بە دوای بڕیارەکان گـەڕاوە لـەو بۆچـوونانەی کـە جێـی دڵنیاین، ئەگەر خەڵك باسی دادپـەروەری بـاوی ئـەوکاتیان بکردایـە، ئـەوە بـە هێمنـی دەیپرسـی: دادپـەروەری چـییە؟ ئـەو وشـانە واتایـان چـییە کـە بـەو

ئاسانییە زۆربەی کێشەکانیان پێ چارەسەر دەکەن، بەڵکو مردنیشی پێ چارە دەکەن؟ مەبەستتان چییە لەسەرفرازی چاکەخوازی، ئاکار، نیشتمانپەروەری؟

زۆر کەس دڵگرانببون بە ڕێبازی سوکرات لە بڕیار و گەڕان، بۆیە هەندێ لەم ڕێبازەی ناڕازیبوون و بەرپەرچیان دایەوە، وتیان: زیاتر پرسیار دەکات لەوەی وەڵام بداتەوە، هزر و هۆشی خەڵك پەشێوتر دەبێت، لەوەی پێش دیالۆگ و وتوێژەکەوە یا ئاخاوتنەکە هەیبوو، هەرچەندە زۆر ڕەخنە لە سوکرات گیران، بەڵام دوو وەڵامی جێگیر و دوو پرسیاری هەرە ئاڵۆزی بۆ فەلسەفە دایەوە، پرسیاری یەکەم: تەوەرەکەی واتای چاکەخوازی بوو، دووەم پرسیاری گرنگترە، سەبارەت بە باشترین دەوڵەت بوو، کە هەیبێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەم دیالۆگە بچووکە دێنینەوە، کەوا ئەفلاتوون لەبارەی مامۆستاکەی لە کتێبی (کۆمار)دا نووسیویەتی:

**((لە بەیانی ڕۆژێکی سازگاردا، خۆر هەڵاتبوو، سوکرات لە ماڵ دەرنەکەوت، کەم وایدەکرد، نە بۆ دیالۆگ و نە گفتوگۆ نە گەنگەشە نەچووە بازاڕەکانی ئەسینا، بەڵکو لەسەر کورسییەکی داری کۆن لەبەر هەیوانی ماڵەکەیان دانیشت، ئەو بەرهەیوانەی وەکو ژووری پێشوازی بەکاری دەهێنا، پێڵاوەکەی چاك دەکردەوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەویش ئەو ڕۆژە نەچووبێتە دەرەوە. لەو ڕەوشەیدا بوو، خێزانەکەی (زانسیب) وەك برووسك هەڵدەکوتێتە سەری و لەناکاو هاواری بەسەردا دەکات: ئەوە لێرەی ئەی سوکرات ی شووم!**

**- ئا من لێرەم زانسیب، بەڵام لە دەستەواژەکەت تێناگەم؟!**

**- تۆ لە کاروباری ژیان چ تێدەگەی چ! چەند خولەکێکی تر خواردنت بۆ ئامادە دەکەم.**

ـ دیاره نانی ئاسایی!

ـ گەر کارێکی سەربەرزانەت کردبوایە، هەندێ پارەت لێ دەستکەوتایە، وەك پیاوە ئیشکەرەکان، ناچارنەدەبووین هەموو ڕۆژێك نان و نیسك بخۆین!!

ـ زانسیب، ئەوەی تەنیا پێویستە ژیان بخوازێت بێگومان لە هەموو خەڵك زیاتر لە خواوەند نزیکە.

ـ ئەم وڕێنانە بە هاورێکانت بڵێ، وڕێنە بۆ من مەکە، گەر بیرت لای من و منداڵەکانمان بووایە، ئەوەندە شێت نەدەبووی، دوژمنداری حکومەت بکەیت!

ـ بەڕاستی زانسیب لەوە دەترسی حکومەت زیانم پێ بگەیەنێت؟!

ـ خۆزیا فرێیان دابوایە چاڵی بەندیخانەکان.

ـ ئەوکات باشتر دەبیت؟! لەبەر ئەوە نەبێ دەترسم لەوەی چیم بەسەر دێت لە دوای تۆ!!

ـ برادەرانمان بەردەوام پارەمان دەدەنێ.

ـ (قسەی بڕی) تۆش هەمیشە ڕەتدەکەیتەوە!

ـ دیارە، بەڵام تۆ ڕەتیان ناکەیتەوە.

ـ دەتەوێت لە برسان من و منداڵەکان بمرین! دەی پێم بڵێ سوکرات لەبەرچی لاوانی دەوڵەمەندەکان خۆیان بە شتی پووچ لەگەڵ تۆ بەسەر دەبەن، لێناگەڕێن بچیت نانێکمان بۆ پەیدا بکەیت؟!

ـ کە لاوبووم بە موکوڕی و چالاکی کارم کرد.

ـ ئەوەی کۆت کردەوە لە خەڵکیت خەرج کرد، سوکرات سەبرم نەما.

ـ دەبینم.

- ئاخ. ئاخ. خۆزیا جارێك تووڕە دەبی، هێمنیت لەگەڵ من بە تـەنیا جارێـك لەدەست بدەیت!!

- تۆ بێهوودە هەوڵ دەدەیت داری تەڕ دەسوتێنیت.

- دەبڕۆ واز بێنە سوکرات ..! ڕۆژێك دێت تەنیا نانی وشـك و ئـاوت دەسـت دەکەوێت.

- ئەمنیش هەر ئەوەندەم دەوێت.

- دەنگی دەرگا دێت، زانسیب دەچێت دەیکاتەوە، دەبینی ملیتاسە بـەرەو سوکرات دەچێت و پێی دەڵێت:

- سوکرات ڕێم دەدەیت چەند خولەکێك لات بمێنمەوە!

- ئەی چۆن.. بەڵام ئەدی پێش سـێ ڕۆژ نـەتووت هیـچی دی قـسەم لەگـەڵ ناکەیت!!

- هەڵچوونێکی نادروست بوو، تۆ مافدار بووی، هاتووم داوای لێبووردن بکەم و دان بە هەڵەکەم بنێم و شتی دیکەش!

- شتی دیکەی چی ؟!

- ڕێمپێدەدەیت دوو برادەری دیکە تامەزرۆن بتناسن بێن و بتبینن!

- دەرگام بۆ هەمووان کراوەیە، ئەوانە کێن؟!

- (ئەنیتاس)ی کەوڵـچی و (لیکـۆ)ی دوانبێـژ، پاشـەڕۆژی باشـیان هەیـە لـە سیاسەت، ئێستا دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە.

- ئێستا؟ بۆ ئێستا!

- بەڕاستی سوکرات نەتزانییوە چ ڕوویداوە؟!

- هیچم گوێ لێ نەبووە!

- حکومەتی دیکتاتۆر ڕووخا، حکومەتی دیموکراسی لە شوێنی دامەزراوە.
- واتای چییە؟
- واتە تۆ ئێستا لە مەترسی دوورکەوتیتەوە.
- لەوە دڵنیای ئەو حکومەتەی ئێستا لێم تووڕە نابێت وەك ئەوەی پێشوو؟!
- سوکرات چییە لەبیرت چوو لە ئەسینا دۆستت زۆرن؟!
- دەیان هەندە دوژمنیشم هەن! (لە دەرگا دەدرێت)
- سوکرات ئەوەتا وا هاتن.
- کێ؟ دوژمنەکانم؟!
- نەخێر، نەخێر .. هاوڕێ نوێکانت.
هەر کە دێنە ژوورێ، ڕووی قسە دەکەنە سوکرات و دەڵێت: دەشێ بپرسیت لەبەرچی ئێستا هاتووین بۆ سەردانت؟!
- ڕاستە! ئێمە دوو دیموکراسیخوازی پڕ جۆش و خرۆشین، دیموکراسیش بە تاکە شێوازی حکومەت دەزانین، کە سوودی خەڵکی هەبێت، ئەوانەی ڕێز لە خۆیان دەگرن و شانازی بە خۆیان دەکەن .. سوکرات ی مەزن ئێمە خۆشحاڵین بۆ ئەم ڕایە پشتگیریمان بکەی.
- جۆری حکومەت هەرچی بێت واتای نییە، باشترە لەوانەی دیکە، لەبەر ئەوەی هەموو شتێك وابەستەیە بە جۆری ئەو کەسانەی فەرمانداری دەکەن.
- بەڵام، تۆ سوکرات پشتگیری بنەمای دیموکراسیەت دەکەیت وا نییە!
- بەڕێز (لیکۆن)، ئایا دەکرێ پێم بڵێن پێناسەی دیموکراسی چییە؟ تکایە لە گێلی من زوویر مەبن!

ـ دیموکراسی ئەو حکومەتەیە لەسەر خواستی گەل دامەزراوە، لەسەر یەکسانی ڕەهای هاوڵاتیان دامەزراوە.
ـ زۆر چاکە، بەڵام ئایا ڕێم دەدەیت هەندێ پرسیار بکەم لێم زویر نەبیت؟!
ـ چی دەپرسی بپرسە.
ـ بەڕێز (لیکۆن) لەگەڵ منداڵ، لەڕووی بنەماوە بازرگانی و بەڕێوەبردنی سوپا کاری ئاسان نین؟!
ـ بەڵێ وایە.
ـ بەڕێوەبردنی حکومەتیش بازرگانی و سوپا و کشتوکاڵ و شتی دیکەشی تێدایە لە ژمار نایەن!
ـ بەڵێ وایە.
ـ هەروەها پێویستە ئەم حکومەتە فرە بنکە فرەئامانجە، کەسانێك بیگێڕن خاوەن هۆشمەندی بن.
ـ بەڵێ ڕاستە.
ـ ئەوانەش بەدەنگدانی گشتی هەڵدەبژێردرێن.. وا نییە؟!
ـ بەڵێ وایە.
تۆش بەڕێز (لیکۆن) دەڵێیت دەبێ هاوڵاتیان بە یەکسانی بەشداربن لە دەنگدان لە حکومەت؟!
ـ ئێستاش وا دەڵێم، چونکە دیموکراسیخوازم.
ـ واتە تاکی گێلێ، هەمان دەستەڵاتی پیاوی زیرەکی هەیە؟!(بەتووڕەییەوە)...
ـ ئێمە پشت بە کۆڕا دەبەستین، کەوا پشێوی هەڵناگرێت، با بزانم تۆ مەبەستت چییە لەم دیالۆگە؟!

- تەنیا مەبەستم گەیشتنە ڕاستی بوو کە تۆی تووڕەکرد!!
- گەر ئەوە ڕای تۆ بێت سەبارەت دیموکراسی، ئەی لەبارەی خوداکان و پەرستن چی دەڵێیت؟!
- بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە.. پێویستە مێشکمان لە کۆنە پاك بکەینەوە، چۆن ماڵەکانمان لە کۆنە جل پاك دەکەینەوە!
- ئایا کۆنە جل چین؟!
- ئەو باوەڕانەی بۆمان ماونەتەوە و لەسەری ڕاهاتووین، وا بزانم مردوون و بۆگەن بوون و لەناودەچن!
- دیالۆگەکان لەنێوان سوکرات و ملیتای و لیکۆن بەردەوام دەبن، لە کۆتاییدا وتوێژکاران لەگەڵ سوکرات بەتووڕەییەوە دەچنە دەرەوە، ماوەیەك دواتر، سەربازەکان دێن و لە دەرگا دەدەن، زانسیب چوو دەرگا بکاتەوە، کە سەربازەکانی بینی هاواریکرد ئەی سوکرات :
- پێم نەگوتی واز لە گەنگەشە بێنە، ئاخ (دەست دەکات بە گریان) ئاخ مێردە خۆشەویستەکەم، ئەوەی تۆ جیادەکاتەوە لەوانی دیکە هیچ دڵت نەشکاندووم، لێت نەداوم وەك پیاوە دڵڕەقەکانی دیکە.. ئاخ چەند خەمبارم .. تۆ سوکرات ی خۆشەویست لە دوێنێ نیوەڕۆوە، هیچت نەخواردووە.
- سوکرات بەرەو سەربازەکان دێت و دڵێت: خۆشەویستان لەسەرخۆ بن، من لەگەڵتان دێم ... زانسیب تا دیدار نەترسی، هیچ بایەخم بە ژیان نەداوە، هەروەها بایەخم بە مردن نەداوە، تەنیا بایەخم بە ڕاستی داوە، دەزانم لەم ڕێگەیەدا ئازار دەچێژم.

# سوكرات و سياسەت

زۆرجاران دەوترێت سوكرات لەو باوەڕەدابوو ((**نموونەگەرایی سەر بە جیهانێکە تەنیا مرۆڤی بلیمەت تێیدەگات**))، واتە تەنیا فەیلەسووف کەسی لەبارە بۆ بڕیاردان لەسەر خەڵك.

لە دیالۆگی (کۆمار)ی ئەفلاتووندا، بیروڕاکانی (سوکرات ) لەبارەی حکومەتەوە بەپێز نەبوو. بەئاشکرا دژی دیموکراسی، کە ئەوکات حوکومڕانی ئەسینایان دەکرد. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو بەرهەڵستی هەر شێوەیەکی حوکمڕانی دەکرد، کە لەگەڵ بیرە نموونەییەکانی کۆماری تەواو نەگونجابوایە، کەوا فەیلەسووفان حوکمڕانی دەکەن، بەجۆرێك حکومەتی ئەوکاتەی ئەسینا زۆر لەو ڕەوشە دوور بوون.

دەشێ وتەکانی (**سوکرات** ) لە دیالۆگی (**کۆمار**)ی ئەفلاتووندا ڕەنگی بیرەوەرییەکانی ئەفلاتوون خۆی بدەنەوە. لە ساڵانی دوایی ژیانی سوکرات ، لە ئاکامی شڵەژانی سیاسی، ئەسینا گۆڕانکاری بەردەوامی بەسەردا دەهات، کۆتاییدا حکومەتی (**سی دکتاتۆرەکە**)، دیموکراسییان پەکخست.

ئەم حکومەتەش لەلایەن خزمێکی ئەفلاتوون بەناوی (کریتیاس)، کە قوتابی سوکرات بوو، سەرکردایەتی دەکرا. حکومەتی دکتاتۆری ساڵێك بەردەوام بوو، تا دواجار دیموکراسی هاتەوە سەر حوکم، ئەم حکومەتەش لێبوردنی گشتی بۆ هەمووان ئەم کارانەی پێشتر کرابوون، دەرکرد.

زۆرجار بەرهەڵستی سوكرات بۆ دیموكراسی بەڕاست دانانرێت، ئەم مەسەلەیەش لە بابەتە پڕ گەنگەشەكانی فەلسەفەیە، كە باسی هەوڵی دیاریكردنی بیروباوەڕەكانی سوكرات دەكرێت.

گرنگترین بەڵگەی ئەوانە دەهێنینەوە، كە دەڵێت (سوكرات ) باوەڕی بە بیرۆكەی فەرمانداره فەیلەسووفەكان نەبووە، ئەوەیە كەوا ئەم بیرۆكەیە پێش دیالۆگی (كۆمار)ی ئەفلاتوون، باس نەكراوە، كە دیالۆگێگی ناوەندیی ئەفلاتوونە و بیروڕاكانی مێژوویی سوكرات نانوێنێت. سەرباری ئەوەش، بەپێی دەقی یەكێك لە دیالۆگە پێشكەوتووەكانی ئەفلاتوون (بەرگری سوكرات )، تیایدا سوكرات سیاسەتی باوەڕ ڕەتدەكاتەوە، زۆرجار دووبارەی دەكاتەوە، ناتوانێت بڕوانێتە كاروباری كەسانی دیكە یا بە خەڵك بڵێ چۆن بژین، كەچی هێشتا لە ژیانی خۆی نەگەیشتوو، چۆن دەژییێت.

سوكرات ، لەو باوەڕەدابوو، فەیلەسوفێكە خەمی هەرە گەورەی گەڕان بە دوای ڕاستەقینەیە، ئەوەشی نەوتووە كە بە تەواوی زانیویەتی یا پێگەیوە. ئەوەی پشتگیری ئەمەش دەكات، ڕازیبوونی سوكرات ە بە بڕیاری لەناوبردنی بە دەرخواردنی ژەهر، كە لەلایەن ئەنجومەنی پیرانی یۆنانی دەرچوو. بۆچوونێك هەیە دەڵێ زۆربەی ڕێنوێنییەكانی دژە دیموكراسی لەلایەن ئەفلاتوونەوە بووە، كەوا هیچ ڕۆژێك ئەوەی لەبیر نەچووە، كە بەسەر مامۆستاكەیدا هات.

هەرچۆنێك بێت، دیارە (سوكرات ) دژی حكومڕانی سی دیكتاتۆرەكە بوو، وەك چۆن بەرهەڵستی دیموكراسی دەكرد. كاتێكیش سوكرات بۆ ئامادەبوون لە بەردەمیاندا بانگكرا، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە گرتنی هاوڵاتییەكی

ئەسینی، (سوکرات ) ئەوەی نەکرد و ڕەتی کردەوە، لێرەدا بەختی هەبوو لە مردن ڕزگاری بوو، ئەوەش پێش ئەوەی دیموکراسییەکان حوکمڕانی دیکتاتۆرەکان بڕوخێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سوکرات لە ئەنجوومەنی پیران ئەرکی خۆی بەجێهێنا، لە کاتی دادگایکردنی کۆمەڵە جەنەراڵێك، کە سەرکردایەتی جەنگێکی دەریاییان دەکرد، هەتا لەوکاتیشدا ئاڕاستەیەکی بنبڕی هەبوو، یەکێك بوو لەوانەی ڕازی نەبوو بەبێ پشتیوانی یاساکان بەردەوام بێت، هەرچەندە زۆر گوشاری لەسەر بوو.

به خوێندنەوەی ڕەفتار و کارەکانی، دەتوانین بڵێین سوکرات حوکمڕانی سی دیکتاتۆرەکانی پێ خراپتر و ناڕەواتر بوو لە ئەنجوومەنی پیرانی دیموکراسی، کە بڕیاری لەناوبردنی دا، لە بەشێکی دواتر بە وردی و بە تەواوی سەبارەت بۆچوونی سوکرات و باوەڕە سیاسییەکانی دەکەین، باس لەوەش دەکەین کەوا چۆن بە باوکی ڕۆحی فەلسەفەی سیاسی دادەندرێت.

# سوكرات و سۆفیگەری

لــە دیالۆگــەكانی (ئــەفلاتوون)دا، ســوكرات  هەمیــشە وا دەردەكــەوێت لایــەنگری ســوفیگەرییە، بەنموونــە مەســەلەی گیــانگۆڕی (دۆنــادۆن) و ئایینــە نادیارەكــان، لەكاتێكیــشدا بەگــشتی هــەموو ئــەم لایەنانــە دەدرایــە پــاڵ (ئەفلاتوون).

بە چاوپۆشی لەمەدا ناتوانین ئەم بابەتە پشتگوێ بخەین، لەبەر ئەوەی لـە تاواناماندا نییە دڵنیا بین لە جیاوازی بۆچوونەكانی نێوان ئەفلاتوون و سوكرات ، سەرەڕای ئەمەش لە كارەكانی **(زەینۆفۆن)** هەندێ ئەنجامی سروشتی هەن.

لە چلەپۆپی ڕێگەی فەلسەفی وەك لە دوو دیـالۆگی **(خـوان)** و **(كۆمـار)**ی ئەفلاتووندا هەن، مرۆڤ دەگاتە **"دەریـای جـوانی"**، كـە قۆنـاغی گەیشتنە بـە بەرزترین پلــەی ڕاســتەقینە لای ســۆفیگەران و ئەوانــەی دەڵــێن دەگەینــە ئــەم قۆناغە، دەڵێن ڕاستەقینە لە بۆتەیەكدا دەتوێتــەوە یـا لــە دەریایـەكی فـراوان هەموو جیاوازییەكانی تیادا دەتوێتەوە، كە **(سەرچاوەی هـەموو جوانییەكـە)** یــان دەگاتــە بینینــی شــێوەی چــاكە و باشــە لــە ئەزمونێكـدا وەك ڕوونبینــی سۆفیانەیە، لەو قۆناغەدا مرۆڤ دەشێ ببێتە بلیمەت.

له دیالۆگی (**خوان)دا**، سوکرات  دواندنەکەی لەبارەی ڕێگەی فەلسەفەی دەداتە پاڵ مامۆستای پەرستگە(کاهینە)ی (دیوتیما)، کە دڵنیا نەبوو لەوەی سوکرات  دەگاتە مەتەڵە گەورەکان یان نا.

لە دیالۆگی (**مینۆن**)دا، ئەفلاتوون ئاماژە بە ئاهەنگەکانی **"ئەسینا"** دەدات، لەبارەی دابە ئایینیەکانی پەرستنی دوو خواوەند **"دیمیتر"** و (**بیرسیفۆن)**، مینۆن دەڵێت لە وەڵامەکانی سوکرات  باشتر دەگات گەر تا هەفتەی داهاتوو، وادەی ئەم ڕێورەسمە ئایینیە بمێنێتەوە.

هەندێ پەشێوی لە سروشتی ئەم سەرچاوانەدا هەیە، تا ئەو ڕادەی گەنگەشەی لەبارەی ئەوە هەیە، ئایا دیالۆگەکانی ئەفلاتوون کاری فەیلەسووفێکی هونەرمەندە، کە بەهۆیەوە خوێنەری ئاسایی یان ڕۆشنبیر بە ئاسانی لە واتاکە ناگات.

ئەفلاتوون پێش ئەوەی لە فەلسەفە بکۆڵێتەوە، خۆی دانەری شانۆنامەبوو، بەڕاستی کارەکانی دیالۆگن، ئەفلاتوون ئەم دیالۆگانەی لەتەك کارەکانی **"سۆفۆکلێس" و "ئێریپیدوس"** و ئەدەبی شانۆیی هەڵبژاردووە، لەوانەیە سروشتی ڕاڤەکردنی کارەکانی دیاریدەکات.

لەوەش زیاتر، یەکەم وشەی زۆربەی کارەکانی ئەفلاتوون، زاراوەیەکە پەیوەندارە بەم لێکۆڵینەوەیەی خۆی، لەمبارەیەوە لەگەڵ پێناسەی کۆڕا دەگونجێت. لەکۆتاییدا هەردوو دیالۆگی **"فایدرۆس" و "خوان"** ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەوا سوکرات  لەم دیالۆگانەدا بە تەمومژی ئاماژە بە گەیاندنی ڕاستییە فەلسەفییەکان دەکات. هەروەها لە دیالۆگی (**فایدرۆس**) دەردەکەوێت، کەوا سوکرات  لە هەموو نووسینەکانیدا لێڵ و نادیارە.

ئەو سۆفیگەرییەی زۆربەی جاران لە ئەفلاتووندا دەبینرێت، لە زۆر شوێندا بە ڕمـز و گاڵتـەجاڕی خـۆی حەشـار دەدات، زۆربـەی جـار ئـەو سـۆفیگەرییەی سوکرات لە نووسینەکانی ئەفلاتوون و لە هەندێ دیـالۆگی دیکـەدا پێـشکەشی دەکات جیاوازە.

گەر پەنا ببەینە بەر چارە سۆفیگەرییەکانی سوکرات لە وەڵامـی پرسـیار و شیکارییەکانی ئەمڕۆماندا، ئەوە لە وەڵامدانەوە یان و لە ڕازیکردنی خوێنەرانی تێنوو بۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەن شکست دێنێـت. ئەوەشـیان مەسـەلەیەکی دیکەیە، ئایا ئەم چارە سۆفیگەریانە شکست بێنن یا نا لە ڕازیکردنی خوێنەری وشیار و پێزان، دەشێ لەوەشدا شکست بێنێت.دەشـێ هـەر شـتە خۆشـەکانی ئەم بابەتە ئەوەبێت، کە (سوکرات ) پـشتی بـە (سروشـی دلفـی) یـان ئـەوەی یۆنانییەکان ناویان ناوە جنۆکەی سوکرات ) بەسـتووە **((دەنگـی جنۆکەیەکـە کەوتۆتە جەستەی سوکرات لە هەڵەکردن ڕێی لێدەگرێت))**. ئەویش دەنگـی جنۆکەی سوکرات بوو، لە دەستوەردانی لە سیاسەت ڕێی لێدەگرت.

لە دیالۆگی **(فایدرۆس)** پێمان وتراوە، کەوا سوکرات ئەمەی بـە شـێوەیەك لــە شــێوەکانی **"شــێتی پــیرۆز"** دادەنــا، جــۆرە شــێتییەك بەخشــشێکی خوداوەندانە، کەوا هۆنراوە و سۆفیگەری و خۆشەویستی و هەتا فەلسەفەشمان پێدەبەخشێت. یا دەشێ بڵێین ئەم دەنگە ناوەکییە زۆرجار وا تەماشا دەکرێ، کە هزربینینە، لەگەڵ ئەوەشدا سوکرات ناوی ناوە **(جنۆکەی سوکرات )**، واتە بنچینەکەی لێڵە و لەگەڵ بیرە تایبەتییەکانی جیاوازە.

# سوكرات و ئاكار

بۆچوونی سوكرات  سەبارەت بە ئاكار، ڕەهایی و نموونەگەرایی تێدابوو، بە بۆچوونی سـوكرات  چـییەتی مرۆڤـە، وەك بوونـەوەرێكی هۆشمەنـد پێناسـەی دەكات، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بـە هۆشـییەوەیە نـەك بـە جەسـتە و هەسـتەكانی، چـاكەخوازی مـرۆڤ لەوەدایـە وا ڕەفتـار بكـات لەگـەڵ ئـەوەی كـە هۆشمەنـدە بگونجێت ، مرۆڤ گەر خۆی ناسی، بەوە دەزانێت كە بە سروشـت چـاكەخوازە، دەبێ هەمیشە كارەكەی چاكە بێت.

بەمجۆرە سوكرات  چاكەی بە زانین دانا و خراپـەی بـە نـەزانین دانـا، مـرۆڤ خراپە دەكات، لەبەر ئەوەی نازانێت خراپەیە. ئەگەر بە سوكرات یان وت: **مرۆڤ دەشێ بزانێت خراپەیە و بیكات و دەشێ بزانێـت چـاكەیە و نـەیكات،** ئـەوە سوكرات  دەڵێت: **زانین لەم بارەدا كەموكوڕی تێدایە، لە ڕاسـتیدا سـوكرات وای دەزانی خەڵك بەپێی هۆشیان دەتوانن وەك ئەو بـژین، وەك چـۆن ئـەو دنیانەویستانە ژیا، لە پێناو بەجێهێنانی فەلسەفەكەی ژیا و مرد.**

هەر لە سەردەمی یۆنانی كۆنەوە تا سەردەمی ئێستا، سیستەمەكانی ئاكـار فرەجۆر بـوون، دامەزرانـدنی لـە ڕۆژئـاوا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی شۆڕشـی پیشەسازی و بوژاندنەوەی ڕۆشنبیری، كە تیایدا ئەزموون شوێنی سەلماندن لە بەڵگەهێنانـەوە لـە زانـستە سروشـتییەكانی گرتـەوە، هــەروەها دەركـەوتنی

بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت ـ دەستەڵات، پاشان جیاکردنەوەی ئاکار لە ئایین.

ئاکار بەردی بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی ڕەسەن و تەواوە، کۆڵەگەی پتەوی پاراستنی بنیاتی ناوەوە و پێکهاتە جیاجیاکانیەتی. دەروونەکان بەهۆیەوە بۆ پایەکانی تەواوی بەرزدەبنەوە، تاکەکان لە ڕێگەیەوە چەمکی ڕاستەقینەی مرۆیی دەبەخشن. ئاکار لایەنێکی گرنگی کەسایەتی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی ئەرکێکی گەورە لە دیاریکردنی ڕەفتاری تاك و شێوازی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە کەسانی دیکە بەجێدێنێت. بەرژەوەندییێکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی کارلێکی تاکەکان لەگەڵ یەك دەردەکەوێت، ئامانجی سەرەکی پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و هاوبەشیکردنە لە گونجانی تاك لەگەڵ خۆی و کەسانی دیکە.

لە هەمان کاتدا هاوکارە لە کۆنترۆڵکردنی خواستە مرۆییەکان و هەموارکرندیان و وا دەکات کۆمەڵگە هاوسەنگ و چەسپاو بێت. بەبێ ئاگاداری هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت ڕاپەڕێت یا گەشەبکات یا دەست بەسەر هۆکارەکانی شارستانیەتی نوێ بگرێت و لە ڕێگەکانی پەرەسەند و هەنگاونان شارەزا بێت. لێکۆڵەری مێژووی نەتەوە و گەلان بەوە دەزانێت، کە هۆکاری شکستی هەندێکیان پەیوەستە بە پشتکردنی لە ئاکار و ڕەفتاری چاکەخوازی لە ئایینەوە هەڵدەقوڵێت و پەیوەندی بە هۆشەوە هەیە.

دەتوانین پێناسەی ئاکار بەپێی سروشتی هەڵوێستی پێوەری خاوەن پێناسەکە، چەندین پێناسەی جیا جیا بکەین ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئاکار کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەن کە لەلایەن تاکەوە

داندراون و کاره کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکەن، ئەم یاسایانە لەلایەن تاکەکەسەوە بە دانراو دادەنرێن، گەر پەیڕەویان بکات و بە هۆکاری ناوەخۆیی ملکەچیان بێت، نەك بە هۆ و هاندەری دەرەکی وەك سزا و هەڕەشە، تاکەکەس هەڵسەنگاندنی بۆ ئەم یاسا و ڕێسایانە هەرچی بێت، وا پێویست دەکات بە هۆکاری ناوەخۆیی واز لەو کارانە بێنێت، کە دژی ئەم ڕێسا و یاسایانەن، کە دژی سەرپێچی بێت لەلایەك، لەلایەکی دیکەش، هێزی یاسا و ڕێساکان وا دەخوازن تاکەکەس هەڵوێستێکی هەبێت ڕێك بێت لەگەڵ وردیی بنەمای گشتی و لەگەڵ خواستی نادروستی خەڵك جیاوازبێت، لەلایەکی دیکەش وا دەخوازێت تاکەکەس لە هەڵوێستێکی دیاریکراو بڕیاری هەبێت، هەرچەندە لەگەڵ خواستی هەنووکەیی و خۆیی ئەو نەگونجێت، بۆ ئەوەی ئاکار تەنیا ملکەچ و گوێرایەڵی باوی گشتی کۆمەڵ نەبێت، کە تاکەکەس تیایدا دەژییێت.

ئاکار وەك پێکهاتەیەکی کەسایەتی مرۆڤ لە کۆمەڵە بنەمایەك پێکدێت، ئایین ، بەها باڵاکان یا داب و نەریت و شتی دیکەش گرنگترین هۆکاریەتی، زۆربەی ئایینە ئاسمانییەکان بایەخیان بە ئاکار داوە، لە ڕاستیدا پەیامەکەیان ئاکارییە بۆ چاککردنەوەی دەروون و ویژدانی خەڵك، بەم ڕێنوێنیانەی ڕەفتاری درووست دووپات دەکەنەوە و خەڵك هاندەدەن بەرەو چاکەکردن، سەرەڕایی هاوبەشیکردنی لە واتای ورد ژیان و نواندنی بەشێوەیەك کە زیاتر شایانی ئەوە بێت، تیایدا بژیت و کاریگەر بێت.

سوکرات بۆچوونە هزرییەکەی لەسەر دوو تیۆری گرنگ بنیات دەنێت، تیۆرییەکەی لەبارەی زانین (ئەپستۆلۆژیا) و تیۆرییەکەی لەبارەی ئاکار، سەرباری جیاکاری تایبەتمەندانەی بۆ چەمکی چاکەخوازیی و پێزانینە

هۆشەکییەکان، ڕەخنە و تانەدان لە بیروبۆچوونی سۆفیستاییەکان کە کارامە و داهێنەر بوون لە هونەرەکانی گفتوگۆ و بەڵگەکاری، ئەویش بە پووچەڵکردنەوەی بنچینە لەرزۆکەکەی بیروبۆچوونەکانیان، کە پێزانینی هەستییە.

بە ڕاستی سوکرات یەکەم فەیلەسووفی یۆنانییە، فەلسەفە پەیوەست بکات بە خودی مرۆڤ و بیخاتە ژێر پێزانینە بنچینەییەکانی، و بەرگە گەردوونی و ڕەهاکەی لەبەربکاتەوە. بە گەڕان بە دوای ڕەگەکانی لەم دەستەواژە بەناوبانگەی پەرستگای (دلفی): **خۆت بناسە**، لەبەر ئەوەیە سوکرات بەوە ناسراوە **(کەوا فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایەوە سەر زەوی، واتە لە ڕوانینە سروشتی و ئەستێرەزانییەوە بەرەو ڕوانینە خودی مرۆڤ و ناسینی مرۆڤ)**. ئەو زانیارییە بێ بەهایە بایەخ بە دەروون و خودی مرۆڤ نادات و پابەند نییە بە جۆش و خرۆش و ڕێچکەکانی ڕاستی و چاکە و جوانی.

ئەو بنەڕەتە تیۆرییانەی لای سوکرات سەرەتا وا دەردەکەوتن بەیەکبەستراو و هەماهەنگ بن و لە یەکە و پێکهاتەی ڕێك و تەواو دروست کرابن، بەڵام لە ڕاستیدا لە بەردەم ڕەخنە خۆناگرن، هەرچەندە لەو کاتەدا و لای زۆربەی فەیلەسوفە ئیسلامییەکان بە زیندو و ڕاست و ڕاستەقینە زانران، بۆیە بۆ ئەوەی خاڵە لاوازەکانی پێکهاتەی فەلسەفەی سوکرات بەرچاوبێت، سەرەتا پێویستە لەبارەی هزری سۆفیستاییەکان بدوێین، دواتر لە بەڵگەکانی سوکرات وردبینەوە، کە بۆ پووچەڵکردنەوەی ڕاوبۆچوونی سۆفیستاییەکان و دەرخستنی ڕاستی تیۆرییەکەی لەبارەی ئاکار هێناونەتەوە.

سۆفیستاییەکانی وەك: برودیفوس، گۆرگیاس، هیپیوس، بروتاگۆراس، زانین تەنیا بۆ پێزانینی هەستی دەگێڕنەوە، بەرگی کەسی و خودی لەبەر بەها و پێوەرە ئاکارییەکان دەکەن، واتە سروشتێکی کەسیان هەیە، هەموویان لەسەر ئەو بنەمایەی ڕێژەیی چەمکی مرۆڤ کۆکن. ئەم بنەمایەیان لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە دانا، کەوا هزر و بیر لەڕێگەی هەستەکانەوە زانیاری وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی ئەمەی دوایی تەنیا وێنەیەکی لێڵ و تەماوی و ناڕاست بەدەستەوە دەدات، بۆیە زانیارییەکانی لەم ڕێگەیەوە و بەم شێوەیە گوازراونەتەوە، واتە ئێمە (ڕاستەقینە) تەنیا لە ڕێگەی ئەم وێنە دژانە دەزانین، لەبەر ئەوە ناکرێ دڵنیابین لەوەی لە دەرەوە ڕاستی چەسپاو هەیە، هەروەها ئەوەی (دەرەوە) لێکنادرێتەوە و نازاندرێت تەنیا لە ڕێگەی ئەم لێکدژیەی گوازراوە مرۆڤەوە نەبێت.

لەبەر ئەوەی پێزانینی هەستی و هەستەکان ئامرازی بەرایی ئێمەن بۆ پێزانین، واتە ناتوانین لە ڕاستییەکان بگەین هەتا گەر هەشبن. گۆرگیاس دەڵێت ((**هیچ شتێك بوونی نییە، هەتا گەر هەشبێت مرۆڤ ناتوانێت پێیبزانێت، گەر گریمان مرۆڤێك پێی زانی، ئەوا ناتوانێت ئەم پێزانینە بۆ کەسانی دیکە بگوازرێتەوە یا ڕاڤەی بکات**)).

بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە، سوکرات بە دڵنیاییەوە دەڵێت مرۆڤ لە پرۆسەی زانیندا لە بەشەکییەوە دەست پێدەکات، بەڵام بەوەندە واز ناهێنێت، لەڕێگەی سیفەتە هاوبەشەکان بەرەو گشتی و هەمەکی و جۆر دەچێت، ، بۆیە بەرەو لە چەمکی دیاریکراوەوە (**ئەمە دارە، ئەمە مرۆڤە، ئەمە ڕووبارە**) بەرەو چەمکی ڕەهای بەشەکەکانی، وەك: (**دار، مرۆڤ، چیا، ڕووبار،...**) دەچین. ئەم

گواستنەوەیە لە بەشەکی بەرەو جۆر و کۆی سیفەتەکانی، ئەمەی دوایی لای سوکرات ئەرکی هزر و زەین و هۆشە، وەك گواستنەوە لە پێزانینی هەستییەوە بەرەو پێزانینی هۆشەکی، ئەمە زانینە.

سوکرات بەردەوام دەبێت و داندەنێت بەم ڕاستییەی کە هەستەکان بە ڕاستی لە یەکێك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بەڵام زەین و هۆش لای هەموو مرۆڤان وەك یەکە. لەبەر ئەوەی پێزانینی هۆشەکی لای هەمووان جیاواز نییە ، واتە ڕاستییە دەرەکییەکان چەسپاو و نەگۆڕن، بەم جۆرە لە هەڵچوون و خواست تێپەڕدەبین و بە ڕاستی بڕیار لەسەر شتان دەدەین و بەو شتانە دەزانین وەك ئەوەی هەن.

دوای ئەوەی سوکرات لەبەر ڕۆشنایی پێزانینی هۆشەکی دەگاتە تیۆرەکەی لەبارەی زانین، دەچێتە سەر تیۆرییەکەی لەبارەی ئاکار، و لە بنەمای هۆشەکی بۆ چاکەخوازی دەست پێدەکات، لەو چەمکەوە دەست پێدەکات کە یەکێتی نێوان چاکەخوازی و زانینە، ئەوەی بە کردار چاکەخوازی نەکات، لێی ئاگادار نابێت (پێزانین و کار)، بەگوێرەی چاکە بەشێوەیەکی ئۆرگانێك بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بێ پەشێوە و لێکترازان، لەبەر ئەوەی ناکرێ مرۆڤ بەمەبەست خراپە بکات و بزانێت چاکە چییە و لە چاکە ئاگادار بێت، واتە پێزانینی هۆشەکیانەی چاکەخوازی ئەو واتایەی پەیوەستە بەوانەوە پێیان دەبەخشێت، هەروەها مرۆڤ لە خراپە و گوناهکردن ڕزگاردەکات، ئەمەش ئەو ئاکارەی سوکرات مەبەستیەتی.

گەر مرۆڤ خراپەیەك بکات، ئەوا لەبەر ئەوەیە ناکرێ مرۆڤ هۆشدار بێت و وشیارییەکی تەواوی هەبێت و بزانێت چاکە چییە و نەیکات. ئەفلاتوون لەسەر

زاری سوکرات **(چونکه سوکرات بیروبۆچوونەکانی خۆی نەنووسیوەتەوە)** دەڵێت: **((مرۆڤ بە مەبەست خۆی ناخاتە خراپەوە، گەر بیکات، ئەوا لەبەر ئەوەیە پێزانینی هۆشەکی بۆ چاکە نازانێت، لەبەر ئەوەی ڕاستەقینەی چاکە نازانێت، ئەگەر خراپە بکات، وا دەزانێت ئەوە ڕاستە، گەر مرۆڤ بە مەبەست خراپەی کرد، ئەوا هەر لەوە باشترە بەبێ مەبەست بیکات)).**

سوکرات لەو باوەڕەدایە ڕاستییەکانی دەرەوە چەسپاون، لەبەر ئەوەی خەڵك هەموویان لەڕێگەی **(یەك ڕوانگە دەیانبینن، ئەویش هۆشە، کە پێزانینی هۆشەکی لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە ناگۆڕێت)**. بەم جۆرە سوکرات هەموو ئەو باڵاخانەیەی کە خەریکبوو بنیاتی دەنا، دەیروخێنێت، با هەنگاو بە هەنگاو پێشکەوین، لە سەرەتادا دەبێ لەوە تێبگەین کەوا شتەکان لە دەرەوەی ئاگایی و وشیاری مرۆڤە و سەربەخۆیە، مرۆڤ و هۆشیاری مرۆڤ بەشێکە لەم بوونە، ئەمەیان لەسەر ئاستی ئەنتۆلۆژی، بەڵام لەسەر ئاستی زانین، ڕاستی دەرەکی چەسپاو بوونی نییە، لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو، ڕەوشێکی زانین هەیە، ئاستی ڕاستییەکی ڕێژەیی لە گۆڕاندا بەرجەستە دەکات.

سوکرات چاکەخوازی و زانین یەکدەخات **(هەموو چاکەیەك مرۆڤ بیزانێت، بە ناچاری دەیکات، هەموو چاکەیەك نەیکات، بەناچاری نایزانێت).**

ئەمەبوو زۆر بەکورتی، سنووری کۆڵەگەکانی فەلسەفەی سوکرات ، کە لە دیالۆگەکانی لەگەڵ خەڵك هێڵەکانی کێشاون، لە حەفتاساڵی تاوانبار دەکرێت بە نەناسینی خوداوەندانی یۆنانی و بانگەواز بۆ خوداوەندی تازە، ئەو تاوانەش لەلایەن گروپێکی نەیار و دژی ئەو، وەك ئانیتس، ئاڕاستەی کرا، دوای ئەوەی

یەك مانگ لە بەندیخانە ماوە، دواتر بە کوشتن دادگایی کرا و جامێ ژەهری دەرخوارد درا.

## سوکرات و جەنگ

مرۆڤ کە لە کارەسات و تراژیدیاکانی جەنگ ورد دەبێتەوە، زۆر پرسیاری لەم جۆرەی لادروست دەبێت، ئایا گەلان بۆ شانازی بە سەرکردەکانیان جەنگ دەکەن، کە جەنگی وێرانکەریان دژی مرۆڤایەتی و کۆشتاری نامرۆڤانە کرد، سەرەڕای وێرانکردن و تالانکردن، وەك هۆلاکۆ و جەنگیزخان و ئەسکەندەری مەقدۆنی و ناپلیۆن و جەنگەکانی ڕۆمان و سەفەوی و جەنگی خاچپەرست و کوشتاری جوولەکەکان و سەرکردەی دیکەش کە تاوانیان دژی مرۆڤایەتی کردووە؟!

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەموو تاوانەیان کردووە، تاوانی دڕندە دژی زۆر لە گەلانی جیهانی و سەدان ملیۆن کەسیان لەناوبردووە و خاکی گەلانیان داگیرکردووە، کەچی نەتەوەکەیان بە پاڵەوان و شکۆداریان دادەنێت و ژیاننامەیان دەخوێننەوە و پلان و ڕەفتاریان لە کوشتن لە کتێبی مێژوویی دەنووسنەوە و لە ئامۆژگا و کۆلینجی جەنگی دەیلێنەوە، سەرەڕای ئامرازی دیکەی پەروەردەیی.

ئەوەی جێی تێبینییە لەگەڵ هەموو ئەم وێرانـی و نەهامەتییـەش نـاوی ئـەو سـەرکردە بکـوژەی پلانـی بـۆ ئـەم تاوانانـە دانـا، بـە نـەمری لـە مێـژوودا دەمێنێتەوە، ئەو ملیۆنەها کەسانەی کە کوژراون و گـیران یا بوونـە بەنـدە یـا پەککەوتە بوون، لە مێژووی ئەم جەنگانەدا باسی ژیانیان ناکرێت، وەك ئەوەی مێرووله بووبن و لەناوبرابن. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیـە ئایـا ئـەو هانـدەرە چییە وا دەکات مرۆڤ ئەم ڕەفتارەی هەبێت، دوژمنکارانـە و خراپەکارانـە مـرۆڤ بکوژێت و مافەکانیان پێـشێڵ بکـات و شـانازی بـەم تاوانانـە بکـات؟ ئایـا وەك غەریزە و خۆرسـکییەك هاوڕێیـەتی مرۆڤـی کـردووە، پـێش ئـەوەی بگۆڕێـت و بگونجێـت بـۆ حاڵەتـە مرۆڤایەتییەکـەی یـان ئاکـامی کـەلتوور و پاشمـاکی هزرییەتی؟

سوکرات لەمبارەیەوە دەڵێت:**((ئەو هۆکارەی وا دەکات مرۆڤ خراپە بکات، نەبوونی زانینە، گەر بزانێت وا ناکات))**، دیسان دەڵێـت:**((هۆکـاری یەکـەمی خراپە نەزانینە، بۆ ئەوەی بگەین بە چاکە، دەبێت زانیاری بە دەستبێنین، ئینجا زانینی چاکەیە))**.

## سوكرات و ياسا

بەگشتی فەیلەسووفەكانی گریكی، باوەڕیان بە بوونی سیستمێكی هۆشمەندانە لە گەردووندا هەبوو، بەپێی یاساگەلێك دەڕوات، كەوا بە توێژینەوەی هۆشەكییانە دەزاندرێت، هەروەها خاوەن هۆشی ڕۆشنن، ئەم یاسایانەش نەمر و هەتاهەتاییە و پێوەری دروستی یان نادروستی كاری مرۆیین، لەوانەش یاسا دانراوەكان و بڕیارە دادوەرییەكان و پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان.

سوكرات یەكەم كەسە هەولیدابێت پێوەرێكی جێگیر بدۆزێتەوە، بەهۆیەوە چاكبوونی كارەكان یا خراپبوونیانی پێی بپێورێت، لەوكاتەی هەولیدا بڕیارە مرۆییەكان بۆ بنەما گشتییە بابەتییەكانی لە هەموو كات و شوێنێكدا بگێڕێتەوە، كە لە سروشتەوە هەلێنجرابێت و بە هۆش پێی بگەیت.بە پێی بۆچوونی سوكرات ، یاسا دادپەروەرەكان لە هۆشەوە دەردەچن و لەگەل سروشتی ڕاستەقینە دەگونجێت، ڕاستەقینەی ڕەها و نەگۆڕبوون، و وێنەی یاسا نەنووسرا،وەكانن كەوا خواوەندەكان لە دلی مرۆڤدا نووسیویەتی،

گوێڕایـەلبوونیان ئەرکـە، لەبـەر ئـەوەی هێمـان بـۆ هـۆش، کـە پێویـستە سەروەربێت.

لـە شـیکردنەوەی بیرۆکـەی یاسـای سروشـتی، کـە بـە درێـژایی مێـژوو گۆڕانکاری بەسەردا هات، بۆیە لەسەر کۆمەڵێك بنچینە دامەزراوە، کە بەگشتی ئەمانەن:

## یەکەم: باوەڕبوون بە جیهانی یاسا وەك جیهانێکی سروشتی

لـە جیهـانی سروشـتیدا یاسـای سروشـتی باڵادەسـتە، بەهـەمان شـێوە لـە جیهانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان و ڕەفتاری تاکەکەسیدا، یاسای سروشتی شـاراوە لـە سروشـتی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا باڵادەسـتە، یاسـایەکی چەسپاو و جێگیرە، بەپێی کات و شوێن ناگۆڕێت، هۆشی پەیپێدەبات و پەیدای ناکات.

هۆشی مرۆڤ زیاتر لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وردبێتەوە، ئەم یاسـا سروشتییەی لێهەڵدەهێنجرێت و یاسای دانراوی لە شـێوەی ئـەودا دادەڕێـژێت، هەرکاتێکیش یاسای دانراوی لە یاسای سروشتی نزیك بێتەوە، ئەوە لە ڕسـکان و تەواوبوون نزیك دەبێتەوە.

لەسەر دەستی ئەرستۆ تیۆری یاسای سروشتی پێگەیشت، هەر ئەو بوو بـۆ یەکـەمجار لـە مێـژووی هـزری مرۆیـی یاسـای کـردە دوو بـەش، یاسـای گـشتی سروشتی و یاسای تایبەتی شارستانی، ئەرستۆ دەڵێت:((**یاسا لەلایەك تایبەتە و لەلایەکـەی دیکـە گـشتییە، یاسـای تایبـەت ئـەو یاسـایەیە کـە لـە گەلـە جۆراجۆرەکان بۆ خۆیان دایدەنێن، هەندێکجار نووسراوە و هەندێکجاری دیکە**

**نەنووسراوە، بەڵام یاسای گشتی یاسای سروشتییە، ئەو یاسایەیە هەموو خەڵك بە بەڵگە نەویستییەکی سروشتییەوە لەو باوەڕەدان پێوەری جیاکردنەوەی نێوان هەڵە و ڕاستییە، هەتا گەر لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا نەبن و هیچ ڕێکەوتنێك لەئارادا نەبێت)).**

## دووەم: باوەڕبوون بە بابەتیانە وەك خاسیەتێکی یاسا

ئەوەشیان ئەوکاتە دێتە دی، کە بە یەکسانی فەرمانداریی خەڵك بکات ، بێ ڕوانینە بۆچوونە تایبەتییەکان و بەرژەوەندییە خودییەکان، سروشت بە تەنیا یاسا دوور دەگرێت لە توندوتیژی و تەنگەژە و کەموکووڕی و گۆڕان و هەوەسی تاکە کەس و دەستوەردانی یاسادانەر، یاسا هۆشێکی ڕەهایە لە سۆز، یان وەك ئەرستۆ ئاماژەی بۆ دەکات، سەرکردەیەکە دەبێ بڕیارەکانی جێبەجێبکرێت.

## سێیەم: لەو باوەڕەدا بوون بەجێهێنانی سیستەم لە کۆمەڵگەدا گرنگترە لە گونجانی یاسا

یاسای سروشتی وا پێویست دەکات ملکەچی یاسای دانراوی بن، هەتا گەر لە هەندێ پێویستییەکانی یاسای سروشتی جیاواز بێت، لەمبارەیەوە ئەرستۆ دەڵێت:**((ملکەچبوون بۆ یاساکان، یەکەم فەرمانە دەبێ پەیڕەو بکرێت، فەرمانی دووەم بەهۆی خودی ئەم یاسایانەیە، کە ملکەچیان دەبین، لەبەر ئەوەی دەشێ یاسای خراپ بن)).** ئەرستۆ ئەوەش زیاددەکات:**((پێویستە چاومان لە خراپەی یاسا دانەران و حکومەت بنوقێنین، خراپەی هەرە گەورە ئەوەیە یاساکان هێزیان نەمێنێت و گەل لە سەرپێچیکردنیان ڕابێت)).** جگە لەو

حاڵەتانەی بێ هیچ گومانێگ، تیایدا یاسا زۆر بەئاشکرایی بەرجەستەکردنی زۆرداری و ستەمە.

لەبەر ئەمە ئەرستۆ یاسادانەران هاندەدات بڕیارەکانیان لە بنەماکانی دادپەروەریی وەرگرن و تەنیا لەسەر بنچینەی هۆش کاربکەن، لەبەر ئەوەی تاکە پێوەری دروستی دادپەروەری و ئاکارە.

## چوارەم: جیاکردنەوەی نێوان سەرچاوە بابەتی و سەرچاوە ڕواڵەتییەکانی یاسا

سەرچاوە بابەتییەکان ناوەرۆکی یاسا و پێکهاتەکەی دیاریدەکەن، ئەویش لە ڕووی مەعنەوییەوە، هێزی ناچارکەری پێدەبەخشین، ئەم سەرچاوانەش لە سروشتی شتەکاندایە و لە سروشتی مرۆییەوە هەڵدەقوڵێت.

سەرچاوە ڕواڵەتییەکان لە کۆمەڵە ئامڕازێك پێکدێت، کە سروشتی ڕێسای یاسایی دەگۆڕێت بۆ ڕێسایەکی دانراوی، لە ڕێگەی دۆزینەوەی ڕێسای یاسایی، نەك بە بنیاتنانی، ئەمیش بە ڕێگەی ئامڕازەکانی هونەری یاسادانان، لەم ئامڕازە دۆزەرەوانەش بەپێی ڕێساکانی دادپەروەری ، یاسادانان و بەها و بڕیارە دادوەرییەکان.

## پێنجەم: جیاکردنەوەی نێوان داد پەروەریی دانراوی و داد پەروەری سروشتی واتە ویژدانی

دادپەروەریی سروشتی پێوەرێکە بۆ بەجێهێنانی یاسا و بەپێزی بەخشی و گونجاندنە لەگەڵ هەڵکەوتدا. لەسەر بنچینەی پێشوو یاسای سروشتی دوو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، کە بەم جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم: یاسای سروشتی پێوەری یاساییە بەگوێرەی یاسای دانراو**

ئامانج لە بەجێهێنانی یاسا، هێنانەدی دادپەروەرییە، لەبەر ئەوەی یاسای دانراو لەم ئامانجە دووردەکەوێتەوە، بە یاسایەکی ستەمکارانە دادەنرێت، واتە بە دروستی بە یاسا ناژمێردرێت، لەبەر ئەوەیە یاسای سروشتی پێوەری یاساییە بەگوێرەی یاسای دانراوی، بە شێوەیەك دروستی پێدەبەخشێت یا لێی دەسەنێتەوە.

**دووەم: یاسای سروشتی پێوەری دادپەروەرییە بەگوێرەی یاسای دانراو**

پێداویستی دادپەروەری رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر بنچینەی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان، لاگری لە کەس ناکات و ستەم لە کەس ناکات و هەر کەسە مافی خۆی پێدەداتەوە. بەهۆی بابەتیبوونی یاسای سروشتی کە وەك نموونەیەك وەرگیراوە، هیچ لاگری یا ستەمی نادرێتە پاڵ، لەبەر ئەوە یاسای سروشتی پێوەرێکە بۆ دادپەروەری، کە دەشێ لەبەر رۆشنایی دادپەروەرییەکەی بزاندرێت، سەرباری پابەندییەتی یاسایی، پابەندێتی ئەدەبیش پێدەبەخشێت یا لێی بێبەش دەکات.

ئەرستۆ لە دەستەواژەیەکی گرنگدا دەڵێت:((.. **دادپەروەری ئەم کردارانەن، کە دەبنە هۆی بەختەوەری کۆمەڵ و پاراستنی پێکهاتەکانی**)).

رۆمانەکان بیرۆکەی یاسای سروشتیان لە گریکەکانەوە وەرگرت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ وتاربێژی بەناوبانگی رۆما **(شیشرۆن)**، کە دەڵێت:((**لەڕاستیدا**

**ئێمە دەتوانین جیاوازی نێوان یاسای باش و یاسای خراپ بزانین بە پەنابردنە بەر سروشت وەك پێوەرێك بۆ ئەم مەبەستە)).** لەبەر ئەوەی بیرۆکەی یاسای سروشتی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کەوا پێویستە هۆشی مرۆڤ لە پێڕۆی گەردوون و لۆجیکی شتەکان و سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وردبێتەوە و یاسای سروشتی لێ هەڵێنجێت و یاسای بابەتی و دانراوی خۆی وەك ئەو دارێژێت، ئەم جۆرە یاسایەش بابەتەییە.

دادوەر پێویستە کاتێك کەموکوورِی لە یاسادانان دەبینێت، بڕیارەکەی لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسا هەمیشەییەوە بدات، کە لە گەردوون کارایە و سێبەری دەکەوێتە سەر سروشتی مرۆڤایەتی پاك و بێگەرد.

بەهەمان شێوە چۆن هاوسەنگی و هەمبەری لە نێوان یاساکانی گەردووندا هەیە، لە نێوان شتی سوودبەخش و زیانبەخش و شتی کێوی و ماڵی و نەبوونی و خۆشگوزەرانی هەیە، دادپەروەری گەردوونی هاوسەنگی لە نێوان سزا و سۆز ڕادەگرێت، مرۆڤیش پێویستە وەك سروشت بکەن.

کەچی لایەنگرانی یاسای دانراوی نوێ، هەڵمەتیان کردە سەر بیرۆکەی یاسای سروشتی، ماوەیەك سەرکەوتن لە بێهێزکردنی و زۆر لە لایەنگرە هەرە بەجۆشەکانی وازیان لێهێنا. بەوە بەرپەرچیان دایەوە گوایە تیۆرییەکی نموونەگەراییە، دەبێتە هۆی بڕیاردان لەسەر یاسایبوونی ڕێسایەکی یاسایی بەپێی پێوەرێکی نایاسایی، کە ویژدانی تاکەکەسی هەر دادوەرێکە، ئەویش دەبێتە هۆی جیاوازی بڕیارەکان بە جیاوازی دادوەرەکان.

دواتر باوەڕبوون بە سروشت وەك پێڕۆیەکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە، وەك ئەو بیرۆکە سەرەتاییە لە باوەڕبوونە گیانەکان، لەوکاتەی مرۆڤی بەرایی

باوەڕی وا بوو ڕووبار و ئەستێرە و بەرد و ڕووەك گیانیان هەیە و تیایاندایە یا لەپشتیانەوەیە، دەتوانێت بیانپارێزێت و زیانیان پێبگەیەنێت، بەهەمان شێوە لەو باوەڕەدا بوون سروشت یاسادانەرە و یاسادانەری هەرەباڵایە.

دواتر **(جینی)** یاساناس هات و سەر لەنوێ بیرۆکەی یاسای سروشتی باوی بڵاوکردەوە، لە بەناوبانگترین تیۆر کە لەبارەی ڕاڤەی یاسای تایبەتی داینا، تیایدا باسی یاسای سروشتی کردووە، کە یاسایەکە نابەزێندرێت. بە بۆچوونی جینی یاسای سروشتی بنچینەیەکی هەیە، بەڵکو کۆی ئەو بنچینەیە، کەوا یاسای دانراوی لەسەر دامەزراوە و خاوەن تایبەتمەندیی بەپێزە لە گونجاندنی ڕێگا چارەکان بەپێی پێداویستییەکانی ژیان.

لەڕاستیدا تیۆری یاسای سروشتی، لە ژیانی یاسایی و دادوەریدا، وەك بیرۆکەیەك ڕۆڵی لەباری ئینکار ناکرێت، بەدرێژایی سەردەمەکاندا وەك هۆکارێك بۆ پێشکەوتن و گۆڕان لە یاسا و ڕێگرتن لە وشك هەڵگەڕان و توندوتیژیی لە یاسادا. ئەم چەکە هزرییە بوو لە ڕێگەیەوە بانگخوازانی ئازادی و ڕۆشنگەری ڕووبەڕووی توندوتیژی یاسا ستەمکارییەکان بوونەتەوە، یاسای سروشتی سروشێکە لە ئاکامی ڕامان لە سروشت بەدەست دێت، سروشت بەو گونجانەی تیایەتی، هەموو خاوەن هۆش کراوە و ڕۆشن پەیپێدەبات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو لاڕی و نەگونجان و ناهۆشەمەندییەك، هەروەها ئەو سروشەی بە ویژدانی پاکی دەبەخشێت لە دژایەتیکردنی زۆرداری و ستەم و توندوتیژی و لایەنگری نایەکسانی.

یاسای سروشتی وەك پێوەرێکی گرنگی تیۆریی دەمێنێت، لەوەوە بنەما گشتییەکان و ئاڕاستە گشتییەکان دادپەروەری هەڵدەهێنجن، وەك: مرۆڤ بە

سروشت یەکسانن، ڕەوایی بەرگریی لەخۆکردن، ڕێزگرتن لە بەڵێنەکان، ماف دانەوە بە هەموو خاوەن مافێك، ڕێزگرتن لە خاوەنداریەتی و مافی دەردەستکراو و ڕەفتاری یەکسان لەگەڵ هەموو مرۆڤێك.



وێنەی تابلۆیەکی سوکرات  لە ئەسینا خەڵك فێردەکات

# بەشی پێنجەم

## دیالۆگ و ڕێبازی سوکرات
## گەورەترین دەستکەوتەکانی سوکرات



ڕێبــازی ســوکرات لــە فەلــسەفەکردندا لەســەر بنــچینەیەکی تاکاکەســی دامەزراوە، بەو واتایــەی ســوکرات دیــالۆگی بــە ڕێبــازی هەرەباشــی نموونــەیی دادەنا بۆ گەیشتنە ڕاستەقینە، ئەم دیالۆگە تەنیا لە نێوان دووکەس ڕوودەدات و دڵنیابوونی هەردوویان بەو ئەنجامەی لەسەری ڕێکدەکەون، کە دەبێتــە هــۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەروونەکان.

دیالۆگی سوکرات لەسەر گریمانەیەکی گرنگ دامەزراوە، گریمانەیەك لە دوو کــەرت پێکدێت، ئــەویش بــوونی ڕاســتەقینە و پێویــستی زانــین، بەپێــچەوانەی سۆفیستاییەکان، کەدواتر لەگەڵ سوکرات بەراوردیان دەکەین.

کاتێ سوکرات دیالۆگەکەی لــەڕووی پێــوەرەوە دەســت پێــدەکات، بــە لای کەم بەو گریمانەیــە دەســت پێــدەکات، کــەوا زانیاریــان زانیــاری ڕاســتەقینەیە، دواتر لەم گریمانەوە دەگوازێتەوە بۆ پــشکنینی ئەنجامــەکانی نــاو توێــژی ئــەم زانینەی باسکراوە، ئەم زانینەی نابێتە ڕاستی مەگــەر هــەردوولا لەســەری ڕێــك بکەون، بەشێوەیەك یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێبازی ســوکرات گەیــشتنە ڕوونــی لای هــەردوو دیالۆگکارەکەیــە، واتــا وشــیارییان لەســەر بنــچینەیەکی هۆشــەکی دامەزراوە سەبارەت بە ڕاستەقینەبوونی زانیارییەکانیان.

## ئامانج لە دیالۆگی سوکرات

١ـ ئامانجی دیالۆگی سوکرات  گەیشتنە بە ڕوونی و ڕۆشنیی خودی لای هەردوو لایەنی دیالۆگخواز.

٢ـ پاککردنەوەی خود لە سۆز و بیروڕاکانی کۆمەڵگا، کە تاکەکانی بەند دەکات، لەبەر ئەوەی بە چوونە جیهانی پرسیارەکان، مرۆڤ بە دوای ڕای دروست دەگەڕێ، کە دەیگەیەنێتە وەڵامێکی دڵنیاکەرەوەی ڕۆشن، دوور لە کەموکووڕی.

٣ـ پاککردنەوەی دەروونی ئاخێوەر لە وڕێنەکانی زانین، ئەو وڕێنانەی لەبواری فێرکردن و فێربوونی باشی دووری دەخەنەوە.

## قۆناغەکانی دیالۆگی سوکرات  بریتین لە:

١ـ بە وردی دیاریکردنی گیروگرفتەکە، کە ئەمە چییە؟

٢ـ گەیشتنە وەڵامی یەك لە دوای یەکی پرسیارەکان، ئەویش ئەو گریمانانەن، کە سوکرات  یەك لەدوای یەك دەیانپشکنێت و ئەو کەموکووڕییانەیان دەردەخات، کە لەسەریان دامەزراوەن، یا ئەوەی پێیان دەگات، ئەوەشیان بە دوو ڕێگا دەبێت، یەکەمیان ڕاگەیاندنی نەزانین و دووەمیان گاڵتەجاڕی.

٣ـ ڕەتکردنەوەی کۆتایی و هەستکردن بە نەزانینی ئاخێوەر، چونکە لەو باوەڕەدابوو، کە بە زانینێکی تەواو شتەکان دەیزانێت.

وەك تێبینی دەکرێت سەرکەوتنی دیالۆگی سوکرات  پێویستی بە ئاخێوەرێکی باش هەیە، ئەو وەڵامانەی پێیان دەگات، بە وردی و زۆر بەخێرای بپشکنێت، پرسیاری گرنگ بکات و هاوکار بێت بۆ تەواو گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێبازەکەی.

چیرۆکی سوکرات به ژەهرخواردن کۆتایی هات، ئەو ژەهر خواردنەی هەڵبژارد لەبری چوونەدەرەوە لە ئەسینا، ئەمیش بە تۆمەتی گومڕاکردنی لاوان و داننەنان بە خوداوەندەکان لە ڕێبازەکەیدا، لەبەر ئەوەی خۆی بە هاوڵاتییەکی ئەسینا دەزانی و جگە لە ئەسینا هیچ وڵاتێکی دیکەی نییە !.

لەهەمان کاتدا نەیدەتوانی لە ژیان و دیالۆگ واز لە ڕێبازەکەی بێنێت، ڕازی نەبوو لە ئەسینا دەربکرێت، لەبەر ئەوە ڕازی بوو بە ژەهر خواردن بمرێت.

**((بەڕاستی پێڕەوکەرانی ڕێبازی سوکرات کاریگەربوون، بەڵام لە ڕاستیدا ناکرێ وێنەی هەموو خەڵك بکەیت کە بوونەتە شوێنەکەوتووی سوکرات و ڕێبازەکەی، لەبەر ئەوەی کەسانێکن هەن بە شێتانە پرسیار دەکەن و لەوکاتەیدا شتێك دەیزانن، کەچی دەڵێن نایزانین.. ! ڕێبازی سوکرات پێویستی بە پلەیەکی زۆر بەرزی دڵنیایی و جێگیری و ڕاستگۆییەکی زۆر هەیە لەگەڵ دەروونداا)).**

گەورەترین و گرنگترین هاوبەشی سوکرات لە هزری ڕۆژئاواییدا، ڕێبازی دیالەکتێك ـ بێژیاریی و ئاڵوگۆڕکردنە لەڕێگەی دیالۆگ، ئەو ڕێبازەی بە **(ڕێبازی سوکرات )** یا **(شێوازی ئەلینخۆس)** بەناوبانگە، سوکرات ئەم ڕێبازەی لە لێکۆڵینەوە لە چەندین چەمکی بنچینەیی ئاکار بەجێهێناوە، وەك: چاکە و دادپەروەری.

**سوکرات ڕێبازێکی نوێی لە بیرکردنەوە و دیالۆگ داهێنا، کە لەسەر دوو بنچینە دامەزراوە:**

**یەکەم: گاڵتەجاڕی:** بە ڕێگەیەك وای پیشاندەدا کە کەسێکی نەزانە، وا خۆپیشاندان کە ڕازییە بە بۆچوونی نەیارەکەی، دواتر بەرەو گومان و

وروو ژاندن چوون، دواتر لـه ڕای نـەیارانی پێداویـستی وای هەڵدەهێنجێت، کـه نەتوانن پێیەوە پابەند بن، لەبەر ئەوەی لەگـەل بیروباوەڕەکانیـان ناگـەنجێت، بەویش دەیخستنه شەرمەزاری و نەسازی.

مەبەسـتی سـوکرات لەمـەدا بـیر و هـزری خـەڵك لـه زانیـاری خـراپ پـاك بکاتەوە، بەجۆرێك له کێشەی درۆ و زانیاری هەڵەی کـه لـه سۆفیـستانییەکان بۆیان ماوەتەوە، پاکی بکاتەوە.

**دووەم: هێنانەبوون:** واته ڕاستەقینه له دەروونی نەیارانی پەیداکردن، لەڕێگەی هەڵێنجانی له شێوازی پرسیارکردن له سازشێکی لۆجیکی و ڕێکهاتنێکی هزری.

دیالۆگەکەی نەدەگەیشته ئاکامێکی دیـاریکراو، بـەڵکو مەبەسـت لێـی بـیر وشیارکردنەوە بوو بۆ پێویستی پابەندبوون به وردی له هەڵبـژاردنی بێـژەکان، هەروەها ئاماژەکردن بەو واتایانەی له دەرووندا هەن، تاکه ڕێگەش بـۆ هێنانـه دەرەوەیان دیالۆگه.

ئەفلاتوون یەکەم کەسه لـه **(دیالۆگـه سـوکرات یـەکان)** وەسـفی ڕێبـازی سـوکرات ی کـردووە. بـۆ چـارەکردنی هـەر مەسـەلەیەك، شـی دەکرێتـەوە بـۆ چەندین پرسیار، که وەڵامدانەوەیان بەرەبەره دەبێته هـۆی گەیـشتنه چـارەی خوازراو. ئەمڕۆ کاریگەری ئەم ڕێبازه جـوان لـه بـەکارهێنانی ڕێبـازی زانـستی دەردەکەوێت و یەکەم قۆناغی گریمانەکەیە.

پەرەپێـدانی ئـەم ڕێبـازە و بـەکارهێنانی، دیـاریترین هاوبەشـییه بەردەوامەکانی سوکرات ە، **هەروەها** هۆکاری سەرەکییه لەوەی سوکرات وەك دامەزرێنەری فەلسەفەی سیاسی، یا ئاکارناسی یا فەلسەفەی ئاکاری بناسرێت.

هەروەها وەك بەرچاوڕوونییەك بە گەورەترین کەسایەتی لە هەموو بابەتە سەرەکییەکانی پەیوەست بە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی دادەنرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی ڕێبازی سوکرات ، کۆمەڵە پرسیارێك خرانەڕوو بۆ یارمەتیدانی کەسێك یا کۆمەڵە کەسێك بۆ دیاریکردنی باوەڕە بنچینەییەکانیان و ئاست و ڕادەی زانینیان.

ڕێبازی سوکرات ڕێبازێکی نەرێنییە، پشت بەوەلانانی گریمانەکان دەبەستێت، لەڕێگەی دۆزینەوەی گریمانە باشەکان و دیاریکردنی گریمانە خراپەکان، کە دەبنە نەگونجانیان، دواتر وەلانانیان.

ئەم ڕێبازە وا دانراوە بەشێوەیەك هەر کەسێك ناچاربکات بە باوەڕەکانیدا بچێتەوە و ڕادەی دروستیان بۆ دیارییبکات. لەڕاستیدا سوکرات جارێکیات وتی: **((دەزانم پێم باوەڕناکەن، بەڵام بەرچاوترین شێوەی باڵادەستبوونی مرۆڤ پرسیارکردنە لە خۆی و لە کەسانی دیکە)).**

فەلسەفە لە پێش سوکرات ، تەنیا بریتی بوو لە ئاخاوتنی فەیلەسوفەکان لەبارەی بۆچوونەکانی ڕاستەقینە و بوون، فەیلەسووف بیروڕاکانی خۆی پێشان دەدا، بەڵام لەگەڵ هاتنی سوکرات ، فەلسەفە بوو بە دیالۆگ لەگەڵ خەڵك، لەگەڵ کەسانی دیکە، ڕامانی خۆیی نەما، لە هەموو شوێنێك لەگەڵ خەڵك دیالۆگی دەکرد، لە بازاڕ، لە سەرشەقام، لە ماڵەوە و گۆڕەپانی دادوەری.

مەبەست لە دیالۆگ، بانگکردنی هەموو خەڵك بوو بۆ بیر و فەلسەفە، بەتایبەتی لاوان.

## پرسیاری سوکرات

بلیمەتی سوکرات لەو پرسیارە فەلسەفیە دەردەکەوێت، کە ئاڕاستەی کەسانی دیکەی دەکات، ئەم پرسیارە تایبەتمەندی دیاری هەیە، وەك ئەوەی پرسیارەکە ئامانجی زانینی ڕاستەقینەیە.بەم شێوەیە ئەرکی بیرمەند ئەوەیە پێش هێنانەوەی بیروڕاکان، پرسیار دابنێت.

پرسیاری سوکرات تایبەتمەندی دیکەی هەیە، ئەویش پرسیارێکە لە (چییەتییەکان)، واتە ئایا شتەکە چییە؟ پلانی یەکەم لە هەوڵی سوکرات ، ناچارکردنی ئەو کەسەیە وا ببینێت بیروڕاکانی ئێستای خۆی هەڵەن، واتە پڕ کەموکووڕین.

بۆ ئەو مەبەستەش سوکرات زۆربەی جار جۆرە گاڵتە بەخۆکردن و خاکەڕایی بەکاردەهێنا. ئەو ڕێبازەی بە ناوی (**گاڵتەجاڕی سوکرات** ) ناسراوە، ناوبانگێکی گەورەی بە سوکرات بەخشی بەتایبەتی لەنێو لاوان، ئەوانەی دەیانبینی بیرە کۆنەکانی باپیرانیان لەژێر گاڵتەجاڕییەکانی سوکرات ورد و خاش دەبن.

## گاڵتەجاڕی و بەرهەمهێنان بەیەکەوە:

ڕێبازی سوکرات بە (**گاڵتەجاڕی و بەرهەمهێنان**) بەناوبانگ بوو، بە هۆی گاڵتەجاڕییەکەی، نەزانی کەسەکان و نەزانینی ڕاستی ئەو شتانەی

لەبارەیانەوە دەدوێن بۆ دەردەکەوت، گاڵتەجاڕیش هەڵوێستی سوکرات پێشان دەدات لە نەزانین.

بلیمەتی و باڵادەستی ئەو لەوەدابوو کە ڕاستەقینە دەزانێت بەڵام دەیوت نازانم، کەچی کەسانی دیکە وایان پیشان دەدا، کە ڕاستی دەزانن، کەچی لەڕاستیدا نەزانبوون.

بەرهەمهێنان، واتە بیروڕاکان لە هۆشدا بەرهەمدەهێنرێت. ساڵی ٤٤٠پ .ز کۆتا ساڵی شکستی ئەسینا بوو لە جەنگی بیلوبونی دژی ئیسپارتە، لەو جەنگەدا سوکرات خۆبەخشانە وەك جەنگاوەرێکی نیشتمانپەروەر بەشداری تێداکرد. ئەم شکستەی ئەسیناش دەگەڕێتەوە بۆ ناپاکی (ئەلکبیادس) لەلایەك و ئەو چالاکییەی گروپێکی تیرۆرست دەیانکرد، ئەو گروپە بە (سی دکتاتۆرەکە) ناسرابوون لەلایەکی دیکە، ئەوانەی لە کۆتاییەکانی جەنگدا گەیشتنە دەستەڵات.

هەندێك لەوانە، لەگەڵ (ئەلکبیادس)یش، لە ڕۆژگارێك پەیوەندییان بە سوکرات هەبوو، هەرچەندە بە هیچ جۆرێك لە تاوانەکانیان بەرپرس نییە، کەچی لە ساڵی ٣٣٩پ.ز، حکومەتی دیموکراسی کاتێ دەستەڵاتی گرتە دەست، سوکرات یان دایە دادگا، بە تۆمەتی ئەوەی خوداوەندەکانیان ڕەتدەکاتەوە، ئەو خوداوەندانەی کە ئەسینا دەیانپەرستێت، هەروەها سوکرات هەوڵی گومڕاکردنی لاوان دەدات.دادگایکردنەکە لەبەردەم دادگایەکی گەورە (٥٠٢) ئەندام لە سوێندخۆران بەشێوەیەکی ئاشکرابوو. سوکرات بە ئاسانی بەرگری لەخۆی کرد بەرانبەر تۆمەتەکانی بەشی یەکەم، بێگومان دەیتوانی خۆی لە هەردوو تۆمەتەکە ڕزگار بکاتبە مەرجێ پشت لە پەیامەکەی بکات. کەچی

لەبری ئەوەی وا بکات، ڕایگەیاند کە شایانی هیچ سزایەك نییە، بەڵکو خۆی بە چاکسازێکی گشتی دادەنێت. لەبەر ئەم ڕووکارە بڕیاری مردنی درا، هەتا ئەوکات دەیتوانی هەڵبێت و بچێتە دەرەوەی وڵات، کەچی ڕەتیکردەوە و وتی: گەر وا بکات، ئەوا پشت لە بنەما هزرییەکانی دەکات، کە هەموو ژیانی ئاڕاستەی کردووە.


دەستەواژە بەناوبانگەکەی وت:**((پێویستە ڕووبەڕووی مردن ببیتەوە، وەك چۆن ڕووبەڕووی ژیان دەبینەوە)).**

سوکرات  بە شێوازە گاڵتەئامێزەکەی دادوەرەکانی بەزاند، پێی وتن:**((گەر پێشنیاز بکەن من بەردەن، بەمەرجی واز لە گەڕان بە دوای ڕاستەقینەدا بێنم، پێتان دەڵێم: ئەی وام پێباشترە ملکەچی خودابم، کە لەو باوەڕەدام منی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی ئەم پەیامە بگەیەنم، لەبری ئەوەی گوێڕایەڵی ڕای ئێوە بم، تا ئەوکاتانەی هەناسە دەدەم، هێزم هەیە، لە جەستەمدا هەست بە بوونی دەکەم ، واز لە کرداری فەلسەفە ناهێنم و بەردەوامبوون لەسەر ئاخاوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانبینم و دووپاتی دەکەمەوە: هەست بە هیچی و شەرم مەکە کە خەریکی سامان کۆکردنەوەیت و شەیدای سامانین، بایەخ بە بلیمەتی نادەیت و گوێ بە ڕاستی نادەیت و کارناکەیت خۆت بەرزکەیتەوە..؟ من نازانم مردن چییە؟ دەشێ شتێکی باش بێت، من لێی ناترسم و نائارام نیم. دەزانم مرۆڤ، کە واز لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی دێنێت، بێگومان شتێکی خراپە، من ئەوە دەزانم، دەشێ باش بێت، دەسپێدەگرم و ئەوەی دەزانم خراپە، وازی لێدێنم)).**

له کۆتاییدا سوکرات  لەبەندیخانە لەڕێگـەی خواردنـەوەی جـامێکی ژەهـری ڕووەکی کرمکـوژە (شـەوکەران) کۆچـی دوایـی کـرد، ئـەوکات ئـەم ڕێگایـە لـە ئەسینا باوبوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کوشتن.

# بەشی شەشەم

# سوکرات  باوکی گیانی فەلسەفەی سیاسییە



فەلسەفەی سیاسی، یا فەلسەفەی سیاسەت، پەیدابوونی پەیوەستە بە گریکەکان و فەیلەسووفە بەناوبانگەکەیان سوکرات ، ئەمڕۆ وەك كۆڵەگەیەكی زانستە سیاسیەکان دەناسرێت، کە بیرکردنەوەیەکی تیۆرییە سەبارەت ئەزموونی سیاسی، وەك ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ئەزموونی گشتی مرۆیی.

فەلسەفەی سیاسی لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، لە هەمان کاتدا لقێکە لە زانستە سیاسییەکان، هەروەها ئەرستۆ لە چوارچێوەی زانستە کارەکییەکان هەژماری دەکات، ئەویش بەهۆی پەیوەستبوونی بە لایەنی کارەکییەوە.

فەلسەفەی سیاسیش تەوەرێکی بنچینەییە بۆ بابەتەکانی بیری سیاسی، هەروەها باس لە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان دەکات، یا ئەوەی پێویستە پەیڕەو بکرێت، لەبارەی خاوەندارێتی گشتی و تایبەتی و یاسا: **ئایا چییە و بۆ بۆ مرۆڤ پێویستی پێیەتی و پێوەرەکانی چییە بۆ ئەوەی حکومەتێکی دیاریکراو بە ڕەوا بژمێردرێت و ئایا ئەم ماف و ئازادیانە چین کە پێویستە سنووردار بکرێت، بۆ و لەبەرچی سنووردار بکرێن؟!**

فەلسەفەی سیاسی یاسا پێناسە دەکات و هەوڵدەدات ئەرکەکانی هاوڵاتی بەرانبەر حکومەتی ڕەوا ـ گەر حکومەتەکەی ڕەوا بێت ـ دیاری بکات.

فەلسەفەی سیاسی دەیەوێت بیر لە ژیانی سیاسی بکاتەوە، بەو گیروگرفتانەی دێنە ئاراوە، کە چارەکردنیان دژوارە، لەگەڵ زانستی سیاسی جیاوازە بەوەی ئامار و ڕێکخستنی سیستەمە سیاسییەکانە، لەگەڵ کۆمەڵناسی سیاسی جیاوازە بەوەی توێژینەوەیە لە ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی ئەزموونی سیاسی.

گریکەکان لە سەدەی سێیەمی (پ.ز) لە سیستەمێکی دیموکراسی دەژیان، بە سەرکردایەتی **بریکلیس (٤٤٣ـ ٤٢٩)(پ.ز)**، کە سەرکردەیەکی دیماگۆگی بوو، **(واتە سەرکردایەتی گەل)**، فەرمانی بە گەلەکەیدا شوورەیەك لە دەورەی ئەسینا دروست بکەن، بۆ بەرگری لە هێرشەکانی ئیسپارتە، ئەویش لە کاتی جەنگی بیلوبونی لە نێوان ئیسپارتە و ئەسینا، کە وڵاتی گریکی داگرت لە ساڵانی (٤٣١پ.ز) و زیاتر لە ٢٦ ساڵی خایاند.

لەوکاتیشدا سوکرات ی فەیلەسووف (٤٧٠ ـ ٣٩١) ڕەخنەی لە دەستەڵات دەگرت و **پێی وا بوو ئەرخۆنت (پلەیەکی فەرمانڕەواییی باڵایە لە دەوڵەت) (بریکلیس)** ناتوانێت وڵات و دەوڵەت بەڕێوەبەرێت، ئەسینا لە شەڕی بیلوبونی شکستی هێنا، سی دکتاتۆرەکەش لە ساڵی (٤٠٤پ.ز) لە سایەی ئیسپارتە بوونە فەرمانڕەوا لە دەوڵەتی نوێ و سیستەمێکی سیاسیان دانا، ئولیکارکی ناویان نا **((سی دکتاتۆرەکە))**.

لە نێوان ئەوانیشدا مام و خاڵی ئەفلاتوونی تێدابوو، **کریتیاسی و خارمیدس** هەوڵیاندا ئەفلاتوون بێنە هێڵی سیاسی و ببێتە ئەرخۆنت، بەڵام ئەفلاتوون ئەو قوتابیەی ناوی یەکەمی ئەریتۆکلیس بوو، سەر بە بنەماڵەیەکی باڵا و دەستەڵاتداربوو لە ئەسینا، دوای ناسینی سوکرات ، بە تەواوی ژیانی گۆڕا، باوکی ئەفلاتوون **(ئەریستون)** یەکەم مامۆستای بوو لە پەروەردەکردن و هونەری بەهاکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەژێر سێبەر چینە ئەرستۆکراتییە باڵاکاندا.

ئەفلاتوون لە بیست ساڵی سوکرات ی ناسی، واتە هەشت ساڵ پێش مردنی سوکرات ، کە سیستەمی دیموکراسی لە ٣٩٩پ.ز بۆ ئەسینا گەڕایەوە،

ئــەفلاتوون دژی ئــەم سیــستەمە بــوو، بــەرگری مامۆســتاکەی بــوو لــە دادگایکردنەکەی بە تۆمەتی گومڕاکردنی لاوان و دژایەتیکردنی خواوەندەکان و داهێنانی خواوەندی نوێ.

لەو کاتەوە ئەفلاتوون سیستەمی دیموکراسی بە نادروست و بێ سوود دانا و کـاری کـرد بـۆ دروسـتکردن و داهێنـانی پێـڕۆی جێگـرەوەی دادپەروەرانـە. ئەفلاتوون باوەڕی پەیداکرد بەوەی پێویستە لەسەری یەکەم قوتابخانە دابێت، بـۆ ئـەوەی نـەوەی داهـاتوو فێربکـات و هزریـان پەرەپێبـدات و بـەها و بنـەما مرۆییەکان و ئاکارناسـی و هونـەری بـەڕێوەبردنی سیاسـی پەرەپێبـداتت بۆیـە دووەم قوتابخانەی دامەزرانـد، کـە ئـەویش ئـەکادیمییای ئەفلاتوونـە. لـەوەوە بەدوای چەمکی داپەروەری گەڕا و لێی کۆڵییەوە، ئەو دادپەروەرییە مـەزنترین مامۆستای لێسەند، کە سوکرات بوو ژیانی خۆی لەسەر دانا. لەڕێگەی سوکرات و هزر و بیری ئەوەوە فەلسەفەی بەرایی لە ئازادی بیر لەکۆت و بەند و فـشاری کۆمەڵایـەتی و ئـایینی ڕەهـابوو.قوتابخانـەی یەکـەمی سـوکرات لـە شـوێنێك لەناوەندی شار لە ((بولیس))دا دەستی پێکرد. ئەم شوێنە بازاڕ بوو لە ناوەندی شاری ((ئاگۆرا)) تیایدا گەل کۆدەبووە، یەکەم ئەنجوومەنی نیشتیمانی بوو لـە مێـژوودا. سیاسـەت هـەمووی لـەم شـوێنە سـەری هەڵداوە، ئاخـاوتن و دوانـی دیالۆگەکان لەبارەی کێ هێرش دەکاتە سەر وڵات و کـێ دەبێتـە فـەرمانڕەوا و کێ باج دەسەپێنێت و کێ لەسێدارە دەدرێت و کێ سزا دەدرێـت، هـەموو ئـەم کاروبارانــە لــە ناوەنــدی شــار جێبــەجێ دەکــران. لەبــەر ئەمەیــە وشــەی سیاسەت(politics) لە زمانی ئینگلیزیدا، سەرچـاوەکەی لـە وشـەی گریکـی (polis) وەرگیراوە، کە بە واتای (شار) هاتووە، لەبەر ئەوەی شار لە کـاکڵ و

ڕواڵەتدا سروشتێکی شارستانی هەیە، ئەوا سیاسەت لای گریکەکان وەك سیاسەتی دەوڵەتانی ئێستا نییە، بەڵکو ((**مەبەست لەو کاروبارانەیە کە پەیوەستن بە شار یا ژیانی شار**)).

سیاسەت لای گریکەکان سیاسەتی دەوڵەت نەبوو، کە خاك و گەل و دەستەڵاتی هەبێت، بەڵکو سیاسەتی ئەوان وەك سیاسەتی تاکەکەس یا هاوڵاتیان، شارەکە ناسنامە و دەستووریان بوو.

ئەوکات شار پەیوەندی نێوان تاکەکەس بوو نەك دەوڵەتی خاوەن سنوور و هێلکێشراوی دیاریکراو، ناوی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ دیاریکردنی زەوی ناگونجێت.

لەم شارەدا گریکیەکان جیاوازیان لەنێوان ژیانی گشتی یا مافی گشتی و ژیانی تایبەتی یا مافی تایبەتی دەکرد.

کاتێك دەزانین گریکەکان بوون مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان داهێنا، ئەوان بوون یاساکانی لێپرسینەوە و مافی دواندنی سیاسی و مافی سکاڵا و دادخوازی پێشکەشکردنیان داهێنا، ئەوکات دەزانین هەر تاکەکەسێك لە کۆمەڵگەکەیان ئەندام بوو لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی و هەموو تاکێك مافی هەبوو ببێتە دادوەر لە ئەنجوومەنی دادوەران، بەڕاستی ئەو ژیانە دەستکەوتێکی گەورەیە لە هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

گریکەکان سیاسەتیان داهێنا، لەبەر ئەوەی لێزانینی ڕەفتار و وەرگرتنی بەرپرسیاریەت و ئازادیی هەڵبژاردن و بەهای تاکەکەس لە داهێنانی ئەوانە، سیاسەت لای ئەوان، واتە ڕەفتار بەرانبەر کەسانی دیکە و دیالۆگ لەگەڵ ئەوی دیکە، ئەم دوو کاروبارەش سەرەتا پێویستیان بە دۆزینەوە هەیە.

لەبەر ئەوەی گریکەکان هونەری دوان و دیالۆگیان کردە خاڵی دەستپێك لە چەمکی سیاسەتدا، دواتر ئەوەیان لێ هەڵێنجا کەوا دوان و دیالۆگ دوو چەمکی دیکەیان دروست کرد، ئەوانیش ستەم و دادپەروەری بوو.

ئەم دوو چەمکە بووە رێسای بنچینەیی بۆ پێکهێنانی سیاسەت، دوای ئەوەی سیاسەت پشتی بە یەکسانی نێوان مرۆڤەکان دەبەست. سیاسەت ئێستا تەرازووی هەیە، ئەویش لە دۆزینەوەی گریکەکانە. باشترین کاروباری سیاسی پێویستی بە ڕێگاچارەی میانڕۆ هەیە، واتە یەکسانی هەردوو تای تەرازووەکە. ئەویش بۆ گریکەکان واتای وایە دەبێت هاوسەنگی نێوان ستەم و دادپەروەری بپارێزن لە ڕێگەی فەلسەفە یا هۆشەکی لە هونەری دیالۆگ و بڕیاری لەبارو هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی بەرانبەر یەکتر. سیاسەت بە پێوەرگەلی دیاریکراو وەردەگیرێت لە ڕکابەریی هزریی و باڵاچوون، نەك بەپێی پێگەی باڵایی فێربوون و هونەری دیالۆگ و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکەسی.

هەموو ئەم کاروبارانە بوون بە سروشت و ڕەگی هەڵکەوت و شارستانی کۆمەڵگەی گریکی لە کتێب و ئەفسانەکانی هۆمەر و توکیدیدس. لە ئەفسانەکانی (هۆمر) لێزانی ڕەفتاری مرۆیی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە یارییەکی تۆپی پێ نییە لەنێو دەستی خواوەند ئاسان بێت، و ئەم لێزانییە بەردەوام دەبێت و بەرەو باڵابوون دەچێت بۆ ئاستی بەرپرسیاریەتی لە بڕیاری دروستی سیاسیدان لە سەردەمی (سۆلۆن)، دواتر لای (توکیدیدس) جێگیر دەبێت لە دۆزینەوەی هۆشەکی ڕەفتارکردن.

له سەدەی پێنجەمی (پ.ز) هونەری دیالۆگ پەرەی سەند بۆ هونەری دەربڕین و هونەری دڵنیاکردن، بەمجۆرە چەمکی سیاسەت پەرەی سەند بۆ چەمکی دیالۆگکردن و هونەری دەربڕین و دڵنیاکردن. دیالۆگ ڕاگوڕینەوەیە، ڕا دەشێ ببێتە هۆی دڵنیایی، بەڵام قسەکردن لەبارەی راستیی دیاریکراوەوە، شتێکی بێ سوودە، لەبەر ئەوەی شتێکی دەردەستکراوە و ناگۆڕێت.

هەرچەندە شارەکە پەیوەستییەکی ئایینی لەنێوان خەڵکەکە پێکدەهێنا، بەڵام سیستەمێکی سوکرات ی لە ئەسینا نەبوو، خواوەندەکانیش لە دۆزینەوەی گریکەکان بوون، بەتایبەتی لەلایەن **(هومەر)** و **(هیسیود)**، بەڵام نەبووە ئایینێك بۆ دەوڵەت یا ئایینی گەلێك، هەتا گەر چیای ئۆلۆمپی و یارییە ئۆلۆمپییەکان وەك ئاهەنگی میللی دەرکرا، بۆ یادی خواوەندەکان یا **(هیرقەل)** دلفی وەك دەزگایەکی خودایی.

هیچ پێشبینکارێك لە ئەسینا نەبوو، هەروەها هیچ پەیوەندییەکی قووڵ و پتەو لەنێوان تاك و خوداوەند نییە، وەك لە ئایینە ئاسمانییەکان هەیە. هیسیود دەڵێت:**((خوداوەند و مرۆڤ لەیەك بنجدا دروستبوونە ! !))**. هەرچەندە خواوەندەکان بە بەراورد بە مرۆڤ بارستیان گەورەترە و هێزێکی گەورەتریان هەیە لە مرۆڤ، بەڵام سیفەتەکانی مرۆڤیان هەیە و زۆر لەوان جیاواز نین، بەڵکو مرۆڤن و بوونە جێی ڕەخنەی هەردوو فەیلەسووف ئەفلاتوون و کسینوفانیس. ! !

سەرباری ئەوەش گریکە کۆنەکان لە هونەری پێشبرکێی پێشەنگن لەپێناو باشتر و باڵاتر و بەهێزتر لە چینە ئەرستوکراتییەکان.

ئەم ململانێیە بوو بەو چاکییەی پێوەی دەناسرێت. چاکی لای ئەوان واتە ئەوەی هەموو مرۆڤێك دەتوانێت بیکات و چ کارامەیەکی هەیە، کارامەیش دواتر بوو بە پێوەری بنچینەیی لە دیاریکردنی توانستی مرۆڤ لە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی گریکی توانی نەگونجانی نێوان چینە ئەرستۆکراتییەکان و چینەکانی دیکە بپارێزێت یا بیگونجێنێت و بە یەکەوە بژین. هەروەها نەگونجانی نێوان ڕکابەری و بەیەکەوە ژیان، ویستی دەستکەوت و ڕێز و پابەندبوون بە یەکسانی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کەسایەتی و ڕێز و هەڵسەنگاندنی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە شارەکەدا.

گریکەکان لە ڕێگەی دیموکراسییەکەیان توانیان پێڕۆیەکی زیندووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دروست بکەن، لە کۆتاییدا دەکەوێتە باری سوودی گشتی و فراژووبوونی شار و پێشکەوتنی شارستانی و مرۆیی.

بەمجۆرە دەبینین گریکەکان لەنێوان خۆیان ڕکابەری دەکەن، بۆ گەیشتن بە بەرزترین بەهای مرۆیی و شارستانی، کاروبارەکە لەنێوان دانیشتوانی ئەسینا و ئسپارتەش بەمجۆرەبوو. یەکەم کەسێك کە سیستەمە دیموکراسییەکانی دامەزراند و تۆماری کردن و یاسای لە ئەسینا دانا، لە ساڵی ٥٩٣پ.ز. **سۆلۆنی** چاکسازی خوازبوو و دوای ئەویش لە ساڵی ٥٠٧پ.ز **(کلایستینیسی)**بوو.

دیموکراسی سەرەتا بەرەو پێگەیشتن چوو، ئەویش دوای جەنگەکانی ئەسینا دژی فارسەکان و لە ساڵی ٤٨٠پ.ز لە سلامیسی بەسەریاندا سەرکەوتن.

ئەم جەنگانە تەنیا شتێکی مرۆیی و ماددی نەبوو بۆ دوژمن، بەڵکو بە بۆچوونی گریکەکان سەرکەوتنی ئازادیخوازان بوو بەسەر خراپەکاران، بێهێزان بەسەر بەهێزان، کۆیلەکان بەسەر سەردارەکانیان، سەرکەوتنی دیموکراسی بوو بەسەر دکتاتۆری و کۆیلایەتی.

مێژوونووسی گریکی **هیرودوت** دەنوسێت:((**ئەسینا پێش ئەم سەرکەوتنانە شارێکی گەورە بوو، بەڵام دوای ڕزگاربوون لە دەست دکتاتۆرەکان، فراوانتربوو**)). لێرەدا واتای فراوانبوون نییە لە ڕووی ناوچەیی و جوگرافی، بەڵکو مەبەستی پێگەیشتنی سیاسەت و گەشەسەندنی ئابوورییە.

دیموکراسی بەرەبەرە بەهۆی ململانێی سیاسی و جەنگ لەبارەی یەکسانی لەدایکبوو، واتە ماف بۆ هەموان، یەکسانی لە نێوان بەهێز و بێهێز، ئەرستۆکراتی و هەژار، دواتر داواکارییەکانی توێژە نەدارەکان زیاتر بوو بۆ مافی زیاتر، وەك (**هیرودوت**)ی مێژوونووس باسی دەکات و دەڵێت: **((ئەسینییەکان بەهێزتر بوون و مافی ئازادی وشە بووە مافێکی ڕەوا بۆ هەموان و هەرچۆنی بێت شتێکی گرنگە و بەهایەکی بەرزی هەیە))**.

خەلکی ئەسینا بەم دوو مافە وازیان نەهێنا، بەڵکو داوای مافیان بۆ هەموان لە فەرمانداری دەوڵەت کرد. دیموکراسی وەك سیستەمی فەرمانداری تاکەکان یا گەل دەستی پێکرد لەوکاتەی فەرمانداری تاك یا دیکتاتۆر یا ئەرستۆکراتییەکان کۆتایی دێت. دیموکراسی وەك وشە هەمیشە لە سیستەمێك چڕدەبێتەوە کە لەسەر یەکسانی دامەزرابێت. وشە و زاراوەی دیموکراسی دوای جەنگی **بیلۆبۆنی** نزیکەی ٤٣٠پ.ز سەریهەڵدا.

تۆمارەکانی مێژوونووسی هیرودوت لە زۆربەی نووسینەکانی، وشەی دیموکراسی تۆمارکردووە. لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا هاتووە چۆن گریکەکان چەمکی دیموکراسیان بەکارهێناوە، لە شیعرێکی (**تیسیۆس**) کە ستایشی سەرکردە (**بریکلیس**) دەکات، تیایدا لە (١٣) دێڕدا داوای یەکسانی و ئازادیی وشە و مافی ڕاوێژپێکردن و ڕاوێژکاری و نوێبوونەوەی یاساکان دەکات.

شوێنەوارناسان زۆر ناویان دۆزیوەتەوە، کە لەو سەردەمیدا بالادەستی وشەی دیموکراسی دەگەیەنێت، ئەم وشەیە بووەتە ناو بۆ هەندێ کەشتی یا مرۆڤ.

ئەوکات زۆر خانەوادە پاشناوی (**دیمۆس**)یان دادەنا وەك بەڵگە، کەوا لایەنگری ئەم ڕژێمە نوێیەن.

لە سێیەکی کۆتایی سەدەی چوارەمی (پ.ز)، دیموکراسی بووە شتێکی پیرۆز و لە ئاستی خواوەندان بەرز ڕاگیرا، خواوەندی (**دیموکراتیا**) کە پەیکەری لە ناوەندی شاری ئەسینایە، باشترین بەڵگەیە.

دیموکراسی لە پلانێکی دیاریکراو یا پرۆگرامێکی سیاسی دیاریکراوەوە پەیدانەبووە و لە تیۆرییەکی سیاسی نەکەوتۆتەوە، بەڵکو دیالەکتیکیانە و بەڕێکەوت پەیدابوو، وەك هەردوو فەیلەسووف و بیرمەند **هیگل و کانت** بە بیریان داهات و خەملاندیان و تیۆریزەیان کرد، سەبارەت بە پەیدابوونی شارستانیەت و پێشکەوتنی دیالەکتیکی.

ئاخۆ ئەم هۆکارانە چین، کە بوونەتە هۆی لەدایکبوونی دیموکراسی، بێگومان زۆر هۆ هەن: یەکەمیان نەمانی دەستەڵاتی پادشا، واتە دەستەڵاتی ناوەند، وەك هومەر لە چیرۆکەکانی دەریدەخات. هۆیەکی دیکە ڕژێمی

دکتاتۆری، یا تاکە فەرمانڕەوایی، کەوا لایەنگرانی لە چینی باڵا لەدەستداوە. سیستەمی دیکتاتۆری یا سیستەمی تاکەکەس، ئەنجامی ململانێی یەك چینە نەك نێوان چەندین چینی کۆمەڵگە، کە چینی بەگەکان بوو لە سەدەی حەوتەمی (پ.ز) پەیدابوون.

واتە سیستەمی تاکەکەسی باڵادەست دەبێت بەسەر ڕژێم و فەرمانڕەوایی زۆرینە و گەل، واتە زۆربەی جاران حوکمڕانی دکتاتۆرەکان دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیموکراسی، لەوکاتەی ململانێ لەسەر دەستەڵات دەست پێدەکات و جۆشی دەسەنێ، تا دەگاتە قۆناغی خوێنڕشتن.

سیستەمی دیموکراسی دکتاتۆری وەك چۆن بە توندوتیژی و خوێن و هێزی چەك دەست پێدەکات، هەرواش کۆتایی دێت.

بەگەکان کە بینیان سوودی کەسییان لەناو دەچێت، هێزی تاکە فەرمانـدەیان لاوازکرد، پشتیان تێکرد، تا شکستیان پێهێنا، بەهۆی فرەدەستەڵاتە بێهاوتاکەی تاکە فەرماندار.

پەیدابوونی دیموکراسی لەلایەکی دیکەوە پەیوەستە بە بۆچوونی گریکەکان بۆ ژیان و هەستی قووڵیان بە هاوسەنگی و پێودانگ.

پێزانینی مەترسی زێدەڕۆیی و ئەو وشیارییەی هەیانە بەرانبەر مردن و نەمری، هاوکار و کاریگەربوو لەسەر نووسینە تراژیدیی و مێژووی هۆنراوەکانیان.

هەروەها هاوبەشی کاریگەری گریکەکان لە جەنگ لەتەك لایەنی دیکە لە بەرەنگاربوونەوە و بەرگری و بنیاتنانی کەشتیی جەنگیی.. هەموو ئەم شتانە کاریگەرییان لەسەر هەڵدانی وشیاریی دیموکراسی هەبوو. ئەوەی خۆی بۆ

نیشتمانەکەی بەخت بکات، مافی خۆیەتی هاوڵاتییەکی شارەکەی بێت و هەموو ماف و جیاوکەکانی پێبدرێت.

لە کۆتاییدا چاکسازی سۆلۆن و کلایستینیسی، بووە هۆی دەرکەوتنی چاخی گەشەسەندن و پێشکەوتنی شارستانی لە ئەسینا و یەکسانی نێوان هەموو تاکەکانی گەل. دیموکراسی وا پەسندنەبوو، لەبەر ئەوە نەبوو کە دوابەدوای ئەرستۆکراتی و شارستانی هات، بەڵکو لەبەر ئەوەی پاشماکی ئەم سروشتەی سیاسەت و ئایین و جیهانخوازییە بوو، بووە بەستنەوەی بەهاکانی یەکسانی و هاوبەش و ململانێ و جیاوکەکان.

ئەنجوومەنی نیشتمانی لە مێژوودا یەکەم دامودەزگای دیموکراسی بوو ، ئەندامانی هەموویان خەڵکی ئەسینا بوون، لە سەرەتای هەموو دانیشتنێك سەرۆکی ئەنجوومەن ئەم پرسیارەی دەکرد: **((کێ دەیەوێت بدوێت؟))**، ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆبوونەوەکانی لە ناوەندی شار دەبەست یا لەسەر گردێکی ٤٠٠ مەتر دوور لە ناوەندی شار، جێی ٦٠٠٠ هاوڵاتی هەبوو، کە بە شێوەی نیوە بازنەیی دادەنیشێت.دەنگدان لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دەست دەبوو، وەك پەرلەمانەکانی ئێستا.ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتە دیموکراسییەکان جیادەکاتەوە، ئەوەیە هیچ شتێکیان بێ دەنگدان جێنەهێشتووە تا ببێتە یاسا.

پرسیار لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی لە ئەسینا لەبارەی ئەوەی دەنگی بۆ نەدراوە، زیاتر کراوە لەوەی دەنگی لەسەر دراوە. ئەم دەزگایە پەیوەست بوو بە ئەنجوومەنی ٥٠٠، کە هەر یەکەیان بۆ ٣٦ ڕۆژ فەرمانداریان دەکرد، دواتر بە

پەنجای دیکە دەگۆڕدران، ئەم دەزگایـە ئەنجوومـەنی ڕاوێـژی نیـشتمانی بـوو، کۆمەڵەی نیشتمانی دەنگ لەبارەی ڕاوێژی ئەم ئەنجوومەنە دەدات.

دەستەڵاتی ئەم دەزگایـە لـە گـۆڕین و لادانـی ڕەوتـی ویـستی گـەل بـەپێی بەرژەوەندی گشتی دەوڵەت پەیدا دەبێـت. هـەموو ڕۆژێـك نیـشتگە سـەرۆکێك هەڵدەبژێرێت و لەهەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی.هەڵبژاردنی ڕۆژانە هۆکارێکە بۆ ئەوەی گریکەکان بە چڕکردنەوەی دەستەڵات و ناوەنـدێتی بۆ ماوەیەکی زۆر ڕازی نەبوون.

گـرنگترین دەسـتەڵاتی ئـەم ئەنجوومەنـە پاراسـتنی کاروبـاری دارایـی و چاودێری دەزگا و کەناڵە داراییەکان بوو.

گرنگترین ئامرازی ئەم ئەنجوومەنە هەیەتی لـە کاروبـاری دزی یـا گەنـدەڵی کارگێڕی یا ناپاکی نیشتمانی یا هەوڵدانی کودەتا، کـە ئـەویش بەرزکردنـەوەی داوای سیاسییە لە دژی تاوانباران.

ئەنجوومەن یان کۆمەڵەی نیشتمانی بڕیار لەسەر تاوانبار بدات، زۆربەی جار ئەنجومەن خۆی داوا وەردەگرێت یا ڕەتی دەکاتـەوە. لـە نێـوان سـاڵانی ٤٩٢، ٣٢٢، نزیکەی ٣٤ داوای دژی سەرکردە سەربازییەکان و سیاسیەکان جێبـەجێ کرا.

سێیەم دەزگای دادگەری میللییە یا ئەنجوومـەنی دادوەریـی، کـە زیـاتر لـە ٦٠٠٠ هـاوڵاتی کـاری تێـدا دەکـات لەسـەرووی ٣٠ سـاڵی، سـاڵانە لـە ڕێگـەی دەنگدان دەبن بە دادوەر، ئەو ژمارەیەش یەك لەسەر پێنجـی هاوڵاتیـانی شـار بوون.

هیچ سیستەمێکی دیموکراسی لە دنیادا ئەم ژمارە زۆرەی هاوبەشی بە کردار و ڕاستەوخۆی بەخۆنەدیوە لە سیتەمی فەرمانڕەوایی وەك لە ئەسینا هەبوو، و دەستەڵاتی دادوەرانیش ڕوانینە لە سکاڵا و داواکان و بڕیاردان لە جۆری سزا و جێبەجێ کردنی.

لە سیستەمی دیموکراسی ئەسینادا هیچ فێرگەیەکی یاسایی یا لێکۆڵینەوە لە سیستەمی دادوەریدا نەبوو، گەل خۆی دادوەر و فەرمانڕەوای خۆی بوو. ئەوەی ئەم سیستمە لەوانی تر جیادەکاتەوە بەرژەوەندی گشتییە، بە جۆرێ هەموو تاکێك وەك ڕۆڵەی شار سەیر دەکران و لە بەرپرسیارییەتی هەمووان دابوون.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی لە ئەسینا، بریتی بوو لە داهێنانی هاوڵاتیان، کە ئەویش تانەدان بوو لە ڕەوایی یاساکان، مافی ئەنجوومەنی دادوەرییە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی ڕەتکاتەوە گەر ناکۆکی کەوتە ناویان یان ناکۆکی لە ڕەوایی یاساکان پەیدابوو.

ماف وەك ئەفلاتوون گوزارشتی دەکات، فەرمانێکی خودایی و پەروەردگاربوو و گوازرایەوە بۆ یاسایەکی داندراو، لە ساڵی ٤٠٣ پ. ز، دامودەزگایەکی نوێ دامەزرا بۆ دانانی یاساکان، دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە دەنگی لەسەر دەدرێت.

هەموو هاوڵاتییەك مافی تانە لێدان و بەرزکردنەوەی داوا لە دژی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەبوو، هەروەها وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی لە ئەسینا ئەرکی کارگێڕیی و چاودێری کردنی هەبوو.

به پێی زانیارییەکانی ئەرستۆ تالیس لە سەدەی چواری (پ. ز)، ٧٠٠ پلەی فەرمانبەریی لە ئەسینا هەبوو، گەر ئەندامانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری بژمێرین، کە ٥٠٠ کەس بوون، ئەوا ئەسینا ١٢٠٠ فەرمانبەری حکومی هەبوو، واتە ٥٪ لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی گەل.

هەر فەرمانبەرێك بە پێی بنەما: بە سەربەخۆیی کاردەکات، بە پێی ڕاکێشان و بە پێی خشتە کاردەکات.

پێش ئەوەی هەر فەرمانبەرێك بێتە سەر کار یا پلەی فەرمانبەرییەکەی، دەبێ ئەزموون بکرێت بۆ ئەم فەرمانە، بە تایبەتی کە خولی فەرمانبەرییەکەی ٣٠ ڕۆژ بێت. ئەزموونەکە پرسیاری لە بارەی یاساکانی ملکەچبوون بۆ دەوڵەتی تێدایە، بەپێی زانیارییەکانی ئەرستۆ، زانیاری لەبارەی هەر کەسێك کە داوای ئەم فەرمانبەرییە بکات، کۆ دەکرێتەوە، بەتایبەتی بنج و خێزان و پابەندییە ئاکاری و ئایینی و هەڵسوکەوتی بەرانبەر دایك و باوکی و ئەرکە پێویستییەکانی سەربازیی، هەموو ئەم کاروبارانە ئاماژە بوون بۆ بە سیاسی کردنی ژیانی گشتی لە شاری ئەسینا.

یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی دیموکراسی لە ئەسینا، سیستەمی لێپرسینەوەیە، **هیرۆدۆت** لە ئاخاوتنێکیدا سەبارەت بە دەستوور، ئاماژەی بۆ دەکات، و وەك سمبولێك لە سمبولەکانی دیموکراسی.

لە ئەسینا لێپرسینەوە هەموو فەرمانبەران دەگرێتەوە و لە ڕێگەی دوو دەزگا دەکرا: یەکەم لە بەردەم لیژنەی لێپرسینەوە و دووەم لە ڕێگەی ئەنجوومەنی دە ئەندامەکەی سەر بە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری.

دوای لێکۆڵینــەوە لــە لێپرســینەوەکە هــەموو بڕیارەکــان بــۆ ئەنجوومــەنی دادوەری بەرزدەکرێنــەوە، هــەموو هاوڵاتییــەکی ئەســینی مــافی ئــەوەی هەیــە لێپرسینەوە لەگەڵ فەرمانبەری دەوڵەت بکات، لە ڕێگەی داواکارییەك دەیداتــە ئەنجوومەنی نیشتمانی. دیموکراسیەتی ئەسینا وابوو هیچ شتێکی بــۆ ڕێکــەوت جێ نەدەهێشت، هەرچەندە ڕەمەکی بوو.

ئەم دیموکراسییە لەگــەڵ ئەوەشــدا، جێــی گاڵتــە و ســووکایەتی پێکردنــی فەیلەسووفە مەزنەکانی وەك ئەفلاتوون و ئەرستۆ بوو، ئــەفلاتوون بــە حاڵــەتی بێهــودەیی نارێــك و بێهێــز و تونــدو تــۆڵی و بــێ سیــستمی باســی دەکــات، بــە وێنەیەکی شێواوی دادەنێت، بەڵام ئەرستۆ بە سیستمێکی خراپی داناوە، لەبەر ئەوەی بە بۆچوونی خۆی سیستمێك بوو بۆ یەکسانیی هەژار و دەوڵەمەندان.

تــا ئــەمڕۆش وتوێــژ ســەبارەت بــە دیموکراســی ئەســینی لــە ئارادایــە، دیموکراسییەك بــوو لــە دووتوێیــدا مەترســی زۆری شــاردبۆوە، لەبــەر ئــەوەی دەستەڵاتی ڕەهــای دابــووە گــەل لــەبارەی بڕیــاردانی چــارەنووس، و هەمیــشە دەکرا دووچاری دیماگۆگێتی ببێتەوە، هەروەك **ئەفلاتوون و توکیدیدس** باسیان دەکرد.

ســەرەڕای مــافی ســکاڵاکردن، ئەنجوومــەنێك هــەبوو، خــۆی خــۆی دروســت دەکرد لە پارێزەران بۆ بەرگریکردن لە سکاڵا لێکراوان، ئەمەش لە شــانۆگەرییە کۆمیدییەکانی ئەرستۆفانیس، گاڵتەپێکردن بوو.

ئەسینا دوای جەنگی دژی فارسەکان لە سلامیس، یەکێتی ئەسینی دەریایی لەگـــەڵ دوورگـــەکانی دەوروبـــەری پێکهێنـــا، وەك هێزێکـــی دەریـــایی

یەکگرتوو.بەمجۆرە ئەسینا بووە ئیمپراتۆرێك کە لە هەر دوورگەیەکی نێو دوورگە یەکگرتووەکان بەشی خۆی وەردەگرت.

دوای ئەم بەرچاوخستنەی لایەنە جیاجیاکانی شارستانیەتی ئەسینا و کاروبارەکانی، دەتوانین بلێین سوکرات یەکەم کەس بوو دوا و وتوێژی کرد و ڕەخنەی گرت و فێرگەی سیاسەتی لە ئەسینا دامەزراند. وەك (**سبزیرۆ**) لەبارەیەوە وتویەتی:((**یەکەم کەسە فەلسەفەی لە ئاسمان هێنا خوارەوە**))، لە تەك سۆفستاییەکان یەکەم کەسە لە بارەی تەنگژەی ئاکار دوا و وروژاندنی و پێیگەیاند و هەولێیدا ڕاڤەیەکی بۆ بدۆزێتەوە.

ئەم تەنگەژە لە کاتی جەنگی بیلوبونی دروست بوو، سۆفستاییەکان هەولیاندا دەربازگەیەك بدۆزنەوە لە ڕێگەی هێزی ڕەخنە و وێناکردن لەلایەك و تیۆرییەکانیان کە ئاگاداریی و وریایی و گومانی لەنێو خەلکی ئەسینا دروستکردبوو لەلایەکی دیکەدا، کەچی تراژیدیای گریکی ئەم تەنگەژەیەی بۆ پیشاندانی پێکدادانی پێوەری بەهاکان بەکارهێنا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خۆپارێزی چارە بکرێت.

کەس نەیدەزانی سوکرات چۆن وەلامی هۆکارەکانی ئەم تەنگژەیەی دەدایەوە، بەلام وەلامێکی پێشکەش کرد، هەمووانی حەپەساند و هەموو لایەنگر و خۆشەویستانی و هاموشۆکارانی دووچاری شۆك کرد، ئەویش کە وتی:((**من دەزانم کە من هیچ نازانم**))، کاتێ سوکرات لە بارەی خۆی دەلێت من هیچ نازانم، ئەوا بەم دەستەواژەیە بالادەستی هزریی خۆی بەسەر هاوەلانی ڕاگەیاند.

بۆ سیاسەتمەداران و پیشەوەران و هەموو خەڵکی ئەسینا دەریخست، کەوا خەڵکانێکن باوەڕیان بەوە هەیە دەیزانن، کەچی لە ڕاستیدا هیچ نازانن. لەلایەکی دیکە سوکرات ئەمە دەخاتەڕوو، کەوا باجی تەنگژەیەکی ئاوا ئەو کەسە دەیدات، کە دروستی کردووە، بێ ئەوەی ئەنجام و ئاکامی بزانێت.دوای هەموو جەنگێك تەنگژە پەیدا دەبێت، وەك دارمانی ئاکار و بەهاکانی کۆمەڵگە، لە هەڵسوکەوتی تاکەکەسان لەگەڵ یەکتری و دواتر لە سیاسەتی دەوڵەت و سیستەمی سیاسییەکەی، دواتر ئەم دارمانە لە سیستمی ئابووری ڕەنگ دەداتەوە، لە گەندەڵی و دزینی دارایی و ماڵی گشتی و هاوجۆرەکانی لە پاشماوەکانی جەنگ.

لێرەدا سوکرات بوو بە ڕێنیسانسکار و وشیارکەرەوەیەك پێش فەیلەسووفەکانی سەدەی هەژدەمی زایینی وەك ئەمانوئێل کانت کەوتووە، ئەوانەی مرۆڤایەتییان خستە کاکڵی فەلسەفەی هزریی، هەروەك سوکرات پێش ئەوان کردی.

کاتێ سوکرات ئەم تەنگژە ئاکارییە دروست دەکات، ئەم ڕەفتارە واتای وایە خوازیاری پێکهێنانی شۆڕشێکی هزرییە لە بیری مرۆڤایەتیدا، بۆ هاندانی مرۆڤ بەرەو ئازادبوون لە پابەندییە ئاکارییەکان و کلتوورەکانی ئەو سەردەم. سەرباری ئەوەش سوکرات گوێی لە وشیاریی خودیی خۆی دەگرت، ئەوەی گریکەکان ناویان نا **(دەنگی ناوەوەی مرۆڤ)**، ئەم شتەش لە ئەفسانەکانی **هۆمیر** دۆزرایەوە.

سوکرات کەسایەتییەکی ئاڵۆزە، بەڵام بێگومان بلیمەتێکی مێژوویی گریکە لە فەلسەفەی هزری مرۆڤایەتیدا.

هەرچەندە زانایانی مێژوو و شوێنەوار و فەلسەفە یەك نووسینی سوکرات یا دەستنووسێکیان نەدۆزیوەتەوە، بەهۆی ئەوەی سوکرات زۆر ئارەزووی دیالۆگی دەکرد، ئەمیش لە فێرکردنی منداڵانی چینە باڵاکان و پشت بەستن بەوان لە نووسینەوەی وانەکان، بۆیە بە نەمریی لە کتێبەکانی فەلسەفەدا لە نووسینەکانی قوتابییەکانی مایەوە، کە قوتابییەکانی یەکەم فێرگەی سوکرات بوون.

**هاوچاخەکانی** خۆشیاندەوویست و لە **هەمان** کاتدا ڕقیان لێی دەبووەوە، تا خێزانەکەی **(زانتیب)** لەسەربانیماڵەکەیەوە ئاوی بەسەر سوکرات و قوتابییەکانیدا دەکرد، کاتێ لەوێ لە بەردەم ماڵەکەی کۆدەبوونەوە، بۆ ئەوەی بێدەنگی بکات و لەوێ بڕۆن.

ئەوەتا شانۆنامەنووسی گاڵتەساز **ئەریستۆفانیس** لە شانۆنامەیەکی گاڵتەسازدا بەناوی **(هەورەکان)**، کە پێش (٢٤) ساڵ لە مردنی سوکرات نووسیویەتی، گاڵتە و سوکایەتی بە سۆفستاییەکان دەکات، ئەوانەی ڕەش سپی دەکەن، ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا سوکرات وەك کەسایەتییەکی سۆفیستای کاریکاتێری پیشان دەدات، بۆ شکاندنەوە و سوکایەتی پێکردنی. باس لە جوتیارێکی **هە**ژار دەکات، ناوی **ستریبسیادیس** بوو، ئافرەتێکی نیمچە دەوڵەمەندی خەڵکی شار دەبینێت ، ئەم پیاوەش کوڕێکی دەبێت زۆر بایەخ بە پۆشتەیی دەدات و بە دوای پۆشاکی بەرز و چێژدار دەگەڕێت، تا ئەو ڕادەیەی ئەسپی دەگمەن و گرانبە**ها** دەکڕێت، تا زۆر قەرزدار دەبێت، باوکەکە بڕیار دەدات بینێرێتە لای سوکرات ، نەك بۆ ئەوەی فێربێت قەرزەکانی بداتەوە،

بەڵکو فێربێت چۆن بەرگری لەو هۆکارانە بکات، کە پاڵنەری بوون بۆ خەرجکردنی ئەم پارەیە، بۆ ئەوەی لەبەردەم دادگا کێشەکەی بباتەوە.

سوکرات لەم شانۆنامەیە وەك مامۆستایەکی فەلسەفە و بنیاتنانی هزری مرۆیی دەرناکەوێت، بەڵکو وەك تێکدەری لاوان و گومڕاکردنیان دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی هونەری گۆڕینی زمان و بردنەوەی شتی ناڕەوا، فێری لاوان دەکات، هەتا گەر ئەو شتانە کەتن یا تاوان بن. شانۆنامەی هەورەکان پایەی سوکرات لەو سەردەمەدا وا پیشان دەدات، کە سوکرات خۆی لە پلەو پایەکی گەورە و بڵند دەبینێت و لەسەرووی کۆمەڵگەوە هەوڵدەدات بۆ لایەنگرانی ببێتە خوداوەندێکی نوێ و باڵاتر لە خەڵکی دی، کە بە نەزانیان دەزانن.

ئاشکرایە هەر کەسێك وا خۆی پیشان بدات، کە کۆمەڵگەیەکە پڕ نەزان و نەزانی بێت و ئەوەی کە تێیدەگات و وشیارە لە کاروبارەکانی ژیان، و هەوڵی یارمەتیدانی کەسانی دیکە دەدات، بۆ ئەوەی هەڵەکانیان پیشان بدات و وریایان بکاتەوە، ئەوا لەو کۆمەڵگەیە دژی دەوەستنەوە و تۆڵەی لێدەکەنەوە.

کەس بیری لەوە نەدەکردەوە ئەم شانۆنامەیە خراپ کاردەکاتە سەر ناوبانگی سوکرات ، تا دەبێتە هۆی کوشتنی و لەبەرچاوخستنی سیستەمی دیموکراسی لای قوتابییانی و لەسەرووی هەموانەوە ئەفلاتوون. **کسینۆفۆن** لە زۆر لە کتێبەکانی بەرگری لە سوکرات دەکرد و بە هاوڵاتییەکی نیشتمانپەروەر و باش ناساندنی.

بە پێچەوانەی ئەریستۆفانیس، لە دەستنووسەکانی کسینۆفۆن وەك پیاوێکی ئاسایی دەردەکەوێت، فەیلەسووفێکی سوودبەخش، کە تەنیا قوتابییەکانی و شارەکەی هەیە و هیچ بایەخی مێژوویی و جیهانی نییە، کوڕی

شارەکەیەتی و فێرکاری ئابووری ماڵەوەیە، کە بایەخ بە هونەرەکانی جوانی دەدات، وەك کسینۆفۆن باسی دەکات.

هەرچەندە نموونە زۆرن لە ئەوانەی هاوچاخی سوکرات بوون، کەس لە مێژووی گریکی نەیتوانیوە، وەك شاگردەکەی ئەفلاتوون وەسفی مامۆستاکەی بکات، هەروەك کارامە و لێزان لە بەڕێوەبردنی دیالۆگ و ڕەخنە لەخۆگرتن و توێژینەوە لە چارەی زۆر بابەتی هزریی.

ئەفلاتوون زۆر دیالۆگی نووسی، تیایدا ئادگار و سیماکانی ئەم کەسایەتییە جێناکۆکییەی خستەڕوو، تیایدا توانیویەتی توانای سوکرات لە ڕکابەری بەرانبەرەکەی پیشان بدات لە وتوێژ و قووڵبوونەوەی هەنگاو بە هەنگاو تا گەیشتنە گومان یا کوێرەڕێ، بۆ گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکی دیالۆگەکە.

فەلسەفەی هزری سیاسی سوکرات لە نووسینەکانی ئەفلاتووندا لە سێ دیالۆگدا دەردەکەوێت، تیایدا قۆناغەکانی ژیانی و بەرگریکردنی لە هزر و بنەما و بەها خودی و مرۆییەکان دەخاتەڕوو، لە دادگایی کردنی سوکرات دەست پێدەکات لە دیالۆگ لەگەڵ ئەودا و لە بەرگری کردنی لە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانی لە فەلسەفە و بە بڕیاری دادگا کۆتایی دێت و بە کوشتنی سوکرات بە دەرخواردنی ژەهر کۆتایی دێت.

دیالۆگی یەکەم بە گاڵتەجاڕییەوە لە بارەی دانیشتنەکانی دادگا دەدوێن، بەم دوو بڕیارە دەست پێدەکات: ((**خۆپارێزی چییە و واتای خۆپارێزی چییە؟**))، ئەم دوو پرسیارە ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کەوا شاری ئەسینا چەمکی خۆپارێزی لەدەست داوە، بەڵام لە بارەی بزانن یەکێك لەو دانیشتوانەکان ئەم چەمکەی پاراستووە، ئەویش سوکرات ە.

دیالۆگەکە بە کەسێك دەستپێدەکات، ناوی **(ئۆیستیفرۆن)**ە، دەیەوێت داوایەك لە دژی باوکی بۆ دادگا بەرزکاتەوە، سوکرات لە بەردەم دادگا پێی دەیگات. باوکەکە دەستدرێژی کردە سەر کرێکارێکی کە لە لای کاردەکەن، باوکی لەم بارەیدا کرێکارەکەی پاڵدا و کەوتە چاڵێکەوە و مرد، لەبەر ئەوەی ئۆیستیفرون خۆپارێزە و هەوڵ دەدات ناوبانگ و ماڵ پاك بێت لەم کارە دزێوە، سکاڵای دژی باوکی کرد.

ئەفلاتوون لەم دیالۆگەدا ڕۆڵەکان دەگۆڕێت و سوکرات ی توێژەر و بگەڕ بە دوای خۆپارێزیی، شاگردەکەی و فێرخوازەکەی ئۆیستیفرۆن دەکاتە خۆپارێز و مامۆستای سەرکەوتوو، کەچی لە ڕاستیدا دەردەکەوێت، ئۆیستیفرۆن پیاوێکی خۆپارێز نییە، لەبەر ئەوە دەیەوێت بێ بەزەییانە بەناوی شوشتنەوەی شەرمەزاری باوکی بداتە دادگا، لەبەردەم هەمووان باوکی بەکوشتن بدات.

کاتێ سوکرات لە ئۆیستیفرۆن دەپرسێت خۆپارێزی واتای چییە؟ لە وەلامدا دەلێت:**((واتە بەدوای تاوانبارانی خراپەکار گەڕان هەتا گەر ئەمانە باوك و دایکیشی بن)).**

لەبەر ئەوەی سوکرات یا فەلسەفەی سوکرات ئامانجی پێشکەشکردنی نموونەی گشتی نییە، وەك چارەی گیروگرفتەکە، بەڵکو بە دوای کاکڵی شتەکە دەگەڕێت، بەدوای بوونی بێژەکان و واتاکانیان دەگەڕێت. خۆپارێزی چییە و واتای چییە؟ ئەم کاروبارانە چین، کە دەبنە هۆی ئەوەی بە شتێك بلێین خۆپارێزی، چۆن دەزانین ئەم مرۆڤە خۆپارێزە؟ سوکرات باس لە سێ بێژە دەکات، کە ئەمانەن:

(eidos, ousia, idea)، واتە ڕوانین لە ڕێگەی پێزانین یا ڕوانینی شتەکان. دەتوانین واتاکانیان بزانین و هەڵینجین و بگەین بە کاکڵەکانیان، ئۆیستیفرون لە هەوڵـەکانی بـەردەوام دەبێـت بـۆ دۆزینـەوەی واتـای خۆپـارێزی و دەڵێـت: **((خۆپارێزی واتە ئەوەی خوداوەندان دەیانەوێت، یا هـەموو ئـەو شـتانەی خوداوەندان دەیانەوێت)).** سوکرات دەپرسێت:**((ئایا خوداوەندان خۆپارێزییان خۆش دەوێت، لەبەر ئەوەی خۆپارێزییـە یـا خۆپـارێزی خۆپارێزییـە، بۆیـە خوداوەندان خۆشیان دەوێت؟))**، سوکرات لەم دیالۆگە دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات، کەوا پێویستە مرۆڤ بە شتەکە بزانێت و لـە واتـای بگـات، پـێش ئـەوەی وەك فەرمانێکی خودایی بەجێیبێنێت.

ئۆیـستیفرۆن هــەوڵ دەدات خـۆی لـە بـەردەم سـوکرات ڕزگـار بکـات و دەروازەیەك بدۆزێتەوە و دەڵێت:**((کەواتە هەموو ئـەوەی خۆپارێزییـە، واتـە دادپەروەرانەیـە و دوو جـۆر دادپـەروەری هەیـە، دادپـەروەری خـودایی و دادپەروەری مرۆیی، ئێمە ئەوەی ئی خوداوەندە دەیدەینـەوە خوداوەنـد و ئەوەی مافی مرۆڤیشە دەیدەینەوە)).**

دیالۆگ لە نێوان سوکرات و ئۆیستیفرون بەوە کۆتایی دێت، کە گەڕانەوەیە بۆ خاڵی دەستپێك لە پرسیارکە: **ئایا خۆپارێزی چییە؟** سوکرات دەگاتە ئەم ئاکامەی کە شاری ئەسـینا و خەڵکەکـەی واتـای ئـەو بێژانـەی بـەکاریان دێـنن نازانن، خۆپارێزی بە گوێرەی بۆچـوونی سـوکرات لـەنێوان مـرۆڤ و خوداوەنـد ناگونجێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە خۆپارێزی زیاتر قەرزاری خوداوەندانە.

لـە دیـالۆگی دووەم سـوکرات  لـە دادگـا وەك هـاوڵاتی شـاری ئەسـینا و مرۆڤێکی ملکەچی خوداوەنـدان بـەرگری لـە خـۆی دەکـات، لـە ئاخاوتنێـك بـۆ خەڵکی ئەسینای دەکات.

وەك هاوڵاتییـەك، سـوکرات  لایـەنی نـەرێنی سیـستەمی دیموکراسـی کـاری تێدەکات و بە ڕژێمێکی بێهودە باسی دەکـات، ڕەخنـە لـە ڕێبـازی هەڵبـژاردنی فەرمانبەرانی حکوومەت لەلایەن گەلەوە دەگرێـت. دادگـا لـە سـاڵی ٣٩٩ پ. ز بەسترا،(**ئەنیتۆس**)ی دیموکراسیخواز یەکێك لە داواکاران، ئەوەی هاوبەش بـوو لــە ڕووخانــدنی ڕژێمــی دیموکراســی لــە ســاڵی ٤٠٤ پ. ز و سیــستەمی ســی دکتاتۆرەکـە دامـەزرا. دوای گەڕاندنـەوەی دیموکراسـی بـۆ ئەسـینا، لێبـوردنی گشتی بۆ کودەتاچییەکان درا و کەسیان دادگایی نەکرا. دادگاییەکە ئاماژەیەکە بۆ پەیوەندی سـوکرات  بـە شـارەکە یـا دوورکەوتنـەوە لێـی و گـەڕان بـەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و دەوڵەت، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بەها باوەکان و ئەستۆپاکی. سوکرات  داوای لێبوردنی گشتی لە دادگا نەکرد و ئەو تۆمەتانەی خرابوونە پاڵی، ڕەتی نەکردنەوە کە ئەویش باوڕ نەبوون بوو بە خوداوەندەکان، خوداوەندی نوێ داهێنان و گومڕاکردنی لاوان...بەڵکو خۆی بە گەورەتر زانی و ڕکەی کرد.لـە بـری ئـەوەی داوای لێبـوردن بکـات، داوای کـرد باشــترین پاداشــتی بــدرێتێ، ئــەویش بانگەشــەی خوانێکــە لــە فەرمانگــەی حکوومەت بۆ ڕێزگرتنـی.سـوکرات  لـە بـەرگری لـە خـۆ کـردن، یەکـەم وشـەی ئەوەبوو، ئامانجی گەڕانە بە دوای پەندیاری وەك خزمەتێك بۆ خوداوەندەکان. قسە ئاراسـتەی کینـدارانی دەکـات، زۆربـەیان لـە چـینی ئەرسـتوکراتی بـوون: **((ئەوان ڕك و کینیان بەرانبەر من هەیە، لەبەر ئەوەی لێم پرسین و نەیانزانی**

**وەڵام بدەنەوە، بەوەش خزمەتی خوداوەندانم کردووە، ویستم بزانن (هەرقەلی دولفی) ئەوە منی بە مەزن گرتووە و شکۆی پێ بەخشیوم، وەك مـەزنترین پەندیار لە نێو مرڤایەتیدا، لەبەر ئەوە لێم دەپرسێت، بۆ ئەوەی بزانم جگە لە خۆم کەس پەندیار نییە)).**

لێرەدا سوکرات ئەوە دووپات دەکاتەوە، کەوا پەندیارییەکەی وەك پەندیارترین پەندیاران لەوەدایە، ئەوە دەزانێت هیچ نازانێت، ئەم پەندیارییە مرۆییە، سەرچاوەکەی (هەرقەلی دلفی)یە، کە بە مرۆڤ دەڵێت: **خۆت بناسە**. بە واتایەکی دیکە: بزانە نەمر نیت، لێرەدا پێوەر جیاوازن لە نێوان پەندیاریی مرۆیی و پەندیاریی خوایی لەوەدا بێت، کاکڵی شتەکان نازانێت، ئەویش هاندانێکی خوداوەندانەیە، بۆ خۆناسین و وشیاری سەبارەت هەموو ئەوەی لە ژینگەی مرۆڤ دەگوزەرێن، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی هەتا هەتایی نییە، سوکرات لە دووەم ئاخاوتنیدا سەبارەت بە بەرگری لە خۆکردن دژی تۆمەتی گومڕاکردنی لاوان، دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کەوا سکالاکار نازانێت واتای پەروەردە چییە و تۆمەتەکە وەلا دەنرێت. سێیەم وشەش سەبارەت بە فەلسەفەیە و وەك کارێکی سیاسی بەرگری لێدەکات ، فەیلەسووف سیاسەتمەدارە، بەڵام بێ پلە و فەرمانی حکوومەت.

هەموو ئەوەی سوکرات پێشکەشی کرد، بەختکارییەکی تاکانەی خۆی بوو بۆ شارەکە. گەورەترین دیاریش بۆ شارەکەی پەندیاریی بوو:**((لە پەندیاری گەورەتر و مەزنتر نییە مرۆڤ پێشکەشی شارەکەی و خوداوەندانی بکات)).** سوکرات وەك فەرمانبەری دەوڵەت کاری نەکرد، لەبەر ئەوەی دەنگی ناخی ڕێی پێنەدا. وەك دەیوت ئەوەی لە حکومەتدا کاربکات، چارەنووسی ئەوەیە لە

ژیانی تایبەتی خۆی دەژی، دوور لە ژیانی گشتی. گەر ویستیبمایە لە پایەیەکی حکومی کاربکەم، ئەوا لە ئێستا مردبووم، بەڵام خزمەتکردنی شار لە چی دایە؟ سوکرات لە وەڵامدا دەڵێت:((**لە دیالۆگی نێوانماندایە، ڕۆژانە لە بارەی چاکە باری بیکەین: چۆن دەتوانین بە باشترین شێوە بژین، لێرەدا مەبەستم بەرگری ژیان بە نان و ئاو نییە، بەڵکو باشی ژیان لە گیانی مرۆڤدا شاراوەیە، بایەخدان بە گیان گرنگترین مەرجی سیاسەتی باشە**))، ئەم بۆچوونەی سوکرات دواتر کاردەکاتە سەر ئەفلاتوون لە بارەی واتای شار و وەك گیانێکی گەورەی دادەنێت. سوکرات ئاخاوتنەکانی لەبەردەم دادوەراندا کۆتایی پێدێنێت، بەوەی ((**بێ فەلسەفە ژیان بەهای نامێنێت، لەبەر ئەوەی نەگەڕان بە دوای چییەتی شت و کاروبارەکانیان، واتە هیچ واتایەك بۆ گیانی مرۆیی نامێنێت. کاتی ئەوە هاتووە کۆچ بکەم و ئێوە بژین**)). دیالۆگی سوکرات بەوە کۆتایی دێت، کە بڕیاری لەناوبردنی دەدرێت بە بڕێك ژەهری بکوژ. کاتێ سوکرات لە بەندیخانەدابوو و بە چەند خولەکێك پێش جێبەجێکردنی بڕیارەکە، **کریتۆن** هات و هەواڵی پێدا، بەرتیلی داوە بە زێرەڤانانی بەندیخانەکە و ئامادەن سوکرات ببەنە دەرەوە، بەڵام سوکرات ڕازی نەبوو لە بەندیخانە هەڵبێت و پێیداگرت دەبێ دادکارییەکە جێبەجێبکات، سێ هۆکار هەن وای کرد سوکرات هەڵنەیەت: **یەکەم سوکرات باوەڕی وابوو ستەم نابێت بە ستەمی دیکەی بەرانبەری وەڵام بدرێتەوە. دووەم: نابێت لە یاسا لابدرێت. سێیەم: پێویستە بە بەڵێن پابەندبین.**

لێرەدا مەبەستی لە بەڵێن، پەیماننامەیە لە نێوان تاکەکەس و دەوڵەت، سوکرات کاتێ بە دادکارییەکە ڕازی بوو، واتە ڕازی بوو بە گرێبەستەکە و

گرێبەستیش دەبێت پێیەوەی پابەندبێت. وا دیارە سوکرات لەم دیالۆگەدا یەکەم کەسانێك بوو، لایەنگری پەیماننامەی کۆمەڵایەتی بوو. ئەم پرسیارەی کە دەکرێت ئەمەیە: چۆن سوکرات پابەندی پەیماننامەیەکە لەسەر ستەم دامەزراوە؟ چۆن فەیلەسووفێك بە ستەم و زۆرداری دادگایی دەکرێت، کە بێ گوناهە، هیچ گوناه یا تاوان یا شتێکی نەکردووە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بوونی کەلێنێك لە نێوان یاسا و تاکەکەس و نەبوونی گونجان لە نێوانیاندا وا دەکات خێرا دادکاری دەرچن... وا دیارە شتێکی ئاسایی بووە لە دەوڵەتێك بە دیموکراسییەکەی ناسراوبوو.


سوکرات خۆی بەخت کرد بۆ ئازادبوونی تاك لە پەیوەندی بە دەوڵەت و یاسا ستەمبارەکانی، بۆ ئازادی بیر، بۆ ئازادیی مرۆڤ خۆی بەخت کرد.

# بەشی حەوتەم

## سوکرات و ئەفلاتوون

## مامۆستا و قوتابی





سوكرات  و ئەفلاتوون لە مەزنترین فەیلەسووفانن لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، هیچ كامیان باس ناكرێـت تـا ئەوەیدیكـەش بـاس نـەكرێت. ئـەفلاتوون قوتـابی سوكرات  بوو، لە زمانی ئەوەوە ئەو دیالۆگانە وتراون، كە سوكرات ی گەیانـدە بەرزترین چین لە نێوان فەیلەسوفان و شـاعیران، بـۆ تێگەیـشتن لـە ئـەفلاتوون پێویستە لە سوكرات  بگەین، بەتایبەتی بۆ تێگەیشتن لـە كۆمـاری ئـەفلاتوون. هەردووكیان لە ئەسینا فەیلەسووفن، هەردووكیان لـە سـەدەی پێنجـەمی پ. ز ژیاون، ئەفلاتوون ڕووی لە لێكۆڵینەوەی فەلسەفی و ڕێبازە جیاجیاكانی كـرد، ئەوەی لە یەكیان جیادەكاتەوە ئەوەیە، ئەفلاتوون لە خێزانێكی ئەرستۆكراتی ژیا، كەچی سوكرات  لە خێزانێكی هەژاربوو، باوكی پەیكەرتاش و دایكی مامان بوو (**پیشەی بایەخدانبوو بە منداڵبوونی ئافرەتان**).

سوكرات  لەو باوەڕەدابوو پەیامێكی هەیە دەربارەی چاكسازی هۆشـەكی و ئاكار، لەبەر ئەمە لە ئەسینا دەچووە جڤاتە گشتییەكان و بازاڕ و یانەكان، بـۆ دیـالۆگكردن لەگـەڵ هـەر كەسـێك بیگەیـشتبایێ، چ گـەورە بێـت و چ بـچووك، دیالۆگەكـەی گاڵتەسـازی و فـشەی تێـدابوو، لاوانـی ئەسـینا ئەوینـداری ئـەم شێوازەبوون، بەوەش پایەكی بەرزی لە نێوانیاندا هەبوو، سوكرات  زۆر جار لە دیالۆگەكانی ڕەخنەی لە سیستەمی سیاسی دەگـرت، ڕەخنـەی لـە سیـستەمی سیاسی گرت، ڕەخنەی لە ئاكاری بۆماوە و دابونەریت دەگرت، بـە چـاكەكاری دانــە دەنــان، ئــەوەش چــینە پارێزگــاری ئەســینای تــووڕە دەكــرد، چــینی ئەرستۆكراتی زیور دەكرد، لە هـەمان كاتـدا فەیلەسـووفان ڕقیـان هەڵدەسـتا و چاویان دەبڕیە پلە و پایەكەی، ئەنجامەكەی ئـەوەبوو، هەنـدێ لـەم ڕكابەرانـە چــەندین تۆمــەتیان خــستەپاڵی، وەك خوانەناســی، شــۆڕش دژی حكوومــەت،

گومڕاکردنی لاوان، لەسەر ئەم تۆمەتانەش درایە دادگا، ڕازی نەبوو بەرگری لە هەڵوێستەکەی بکات، بەڵکو لەوەش زیاتر گاڵتەی بە دادوەرانی دادگا دەکرد، لە دوایدا بە لەناوبردن بڕیاری لەسەر درا و خرایە بەندیخانە، تا کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە، لە جامێکدا ژەهری پێشکەشکرا و بە پێکەنینەوە خواردییەوە و لە ساڵی ٣٩٩ (پ. ز) کۆچی دوایی کرد.

ئەفلاتوون قوتابییەکەی لەتەك ئەوەی فەیلەسووف بوو، شاعیریش بوو، ئەکادیمیای خوێندنی فەلسەفەی دامەزراند، بە سوود وەرگرتن لە کاکڵی دیالۆگ و ڕێنوێنییەکانی مامۆستاکەی، قوتابییان بۆ فێربوون ڕوویان تێکرد، هەردوو زانستی بیرکاری و فەلسەفەی پێدەوتن، مردنی نەهامەتباری مامۆستاکەی زۆر کاری تێکرد، گیانی پڕ کرد لە ڕك و بە سووکگرتنی دیموکراسی، شتی هەرە گرنگ لە ژیانیدا ئەوەبوو ڕێگایەك بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بە دیاریترین کەس و باشترین کەس بدۆزێتەوە و ڕازی بکات ببنە فەرمانڕەوا، تا گەیشتە شێوەی نموونەیی، کە بۆ فەرمانڕەوایی بشێ، ئەویش **(کۆماری)** بوو، کتێبێکی لە بارەوە لە پێنج بەش دانا، بەشی یەکەم باس لە دادپەروەری دەکات، بەشی دووەم باس لە کۆڵەگەکانی دەوڵەتی نموونەیی دەکات، لە بەشی سێیەمدا بە پێویستی دەزانێت، دەستەڵات بدرێتە دەست فەیلەسووفان، بەشی چوارەم باس لە هۆکارەکانی دارمانی حکومەت دەکات و گێڕایەوە بۆ خود بەسەری (دیکتاتۆری)، لە بەشی پێنجەمدا باس لە چاکەخوازی و نەمری خود (دەروون) دەکات. بەم جۆرە بیرۆکەی ئەفلاتوون سەبارەت بە ڕژێمی حوکمڕانی هەرەباش و نموونەیی بۆ گەلان ئەوەبوو، ئەوەش یەکەم هەوڵی هۆشی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی دەوڵەتی نموونەیی، لەم

کتێبەدا شیکردنەوەی واتای دادپەروەری هەیە، بە شێوازێکی هونەری گونجاو بەشەکانی ڕێك دەڵێی ئاوازێکی میوزیکە، لە پێشەکییەکەی تا کۆتایی، ئەفلاتوون ڕا بە ڕا گفتوگۆ دەکات، بەڵگەی پێشوو لە وردی و لێزانی و لۆجیك و جوانی پەیوەست دەکات بە بەڵگەی دواتر، ، ئەوەش وا دەکات ئەفلاتوون تاك بێت لە نێو فەیلەسووفان، ئەوەی کە فەلسەفە و هونەری کۆکردەوە، هەر ئەوەشە بە درێژایی ڕۆژگار نهێنی مەزنییە نەمرەکەی بوو.

لە تەك ئەوەشدا ئەفلاتوون دانراوی دیکەی هەبوو، کە چەندین دیالۆگە لەبارەی چاکەکاری، هەروەها هەندێ تیۆری پەروەردەیی هەبوو، هەتا ئێستا جێی وتوێژ لەسەرکردنە، ڕای جیاوازی لەسەرە لە لێکدانەوە و بڕیار لەسەردانیان. نووسینەکانی سوکرات و ئەفلاتوون چاپکران و بیرمەندان لە هەموو لایەکی جیهان لێیان کۆڵییەوە، و ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تیایدا هاوچاخی و نوێبوونەوەیە لە گیان و شێواز و سازانی لەگەڵ هەموو زمانەکانی جیهان، ئەمەشە پێوەری مەزنایەتییەکەی.

**(ویل دیورانت)** فەیلەسووفی ئەمەریکی بەناوبانگ، لە بارەی ئەم کتێبانە وتوویەتی بە تەمەنترین کتێبن، لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەموو چاخێك دەگونجێن، هەر وەك **(ئیمرسۆن)**ی فەیلەسووفیش لە بارەی کتێبی **(کۆمار)**ی ئەفلاتوون دەڵێت:((**ئەم کتێبە بەسە، هەموو کتێبەکان بسووتێنن**)).

دەکرێ بڵێین ئەفلاتوون ئەو قوتابییەی پەروەردەبوو، لەسەر دەستی مامۆستا مەزنەکەی سوکرات فێری هونەرەکانی فەلسەفەبوو، ڕژێمی فەرمانڕەوایی ئەسینای دیموکراسی دێت و گەورەترین کەسی بەناوبانگی و

بلیمەتی سزا دەدات. دوای کۆچی دوایی سوکرات ، ڕوانین و دیدگای ئەفلاتوون بۆ دەوڵەت بە تەواوی گۆڕا.

دوای سوکرات دیموکراسی کۆتایی پێهات، شاری ئەسینییەکان نەما، لەبەر ئەوە لە بۆچوونی ئەفلاتوون خۆیەوە لەم خاڵەوە بنەمای چاکسازی شارە گەندەڵە زۆردار و ستەمکارەکە دەستپێدەکات بۆ شارێکی نموونەیی دادپەروەرانە. شار ئەوکاتە بە یاوەری ئەفلاتوون دادپەروەرانە دەبێت ئەوکاتەی پەندیاران واتە فەیلەسووفان فەرمانڕەوایی دەکەن، فەلسەفەش واتە خۆشویستنی پەند.

ئەم وانەیەی ئەفلاتوون لە ڕووداوی کوشتنی سوکرات وەریگرت، وایکرد فەلسەفە، خۆشویستی پەند، لە چەمك و بنەماکانی وشیاری باو دوورکەوێتەوە، بەرانبەر ئەو شارەی خوداوەندێتی و وشیاریی یەکسانی و هاوچاوی بەرژەوەندییەکان و خوازیاری بۆ باشتر و چاکتر، هەموو ئەمانە بەیەکەوە کۆببوونەوە.

ئەفلاتوون پرۆگرامە چاکسازییەکەی بۆ دەوڵەت لە یەکێك لە گەورەترین دەستنووس و کارە فەلسەفییەکانی بەرجەستەکرد، ئەویش (**بولیتایا**)، واتە دەستوور، سیستەمێکی سیاسی نوێ بوو بۆ سەردەمی دوای دیموکراسی، کە بە بۆچوونی ئەفلاتوون لەگەڵ کوشتنی فەلسەفەی سوکرات ی سیاسی کۆتایی هات، کە لەسەر بنەمای پەندیاری لە دیالۆگ و زانستی کاکڵی کاروبارەکان و هۆکارەکان دامەزرابوو، کە بووە هۆی هەموو ئەم کارەسات و جەنگانەی ئەسینا و خەڵکەکەی ماندووکرد، بەرزترین پلەی جیاکاری و پیشەیی لای ئەفلاتوون پەندیارییە لە فەلسەفەدا.

له کاتێکدا ئەسینا شاری یەکسانی و هاوبەشەکان بوو، بوو بە شاری خاوەن ئیمتیاز و پیشەوەران، خاوەن کۆمەڵگەیەکی چینایەتی.

شاعیران و ئەفسانە کۆنەکان هیچ بایەخیان نەما، لەبری شاعیران کە پێشتر بایەخیان بە پەروەردەی منداڵان دەدا، فەیلەسووفان جێیان گرتەوە، ئەوانەی ڕۆڵی پەروەردەکار و پێگەیێنەران دەبینن.

سیاسەتی ئەفلاتوون ڕاستەوخۆ پشتی بە میتافیزیك دەبەست، بەو بیرۆکەیەی یەکبوونی شتەکان وەك وێنەیەکی ڕاستەقینە، کە هێشتا پێینازانین و تێیناگەین، شار، گەردوون و گیانی مرۆڤایەتی دەبنە بەشێکی کۆبووەوە.

ئەفلاتوون لەوە دەگەڕا چۆن ئەم یەکێتییەی نێوان بیرۆکە لە گیاندا لەگەڵ شار و لەگەڵ گەردوون ڕەنگڕێژ بکات، چۆن دەتوانین وەك وێنەیەك لە ڕاستەقینە نیگاری بکێشین؟، دادپەروەری گەورەترین و مەترسیدارترین پرسیارە لە سیاسەت و بنەماکانی بەهاکان لای ئەفلاتوون. ئەمەی دوایی پێگەیەکی بەرچاوی لە فەلسەفەی هزری هەبوو و ئەفلاتوون بە ئامانجێکی خۆیەتی دەزانێت. ئامانج بۆ گەیشتن بە چاکسازیی سیاسی و ڕازی کردنی خەڵکی ئەسینا بەوەی دیموکراسی چارەی هەرە باش نییە، بەڵکو کارەساتە بۆ مرۆڤایەتی.

ئەفلاتوون دادپەروەری بە پێوەرێکی کاکڵی دادەنێت، مرۆڤ لە ڕێگەی سوود لێوەرگرتن یا ڕا لەبارەوە دەربڕین، ناتوانێت هەڵیسەنگێنێت. لە شاری دادپەروەران و خێرخوازان هەموو مرۆڤێك دەتوانێت کار لەو شتەدا بکات دەیزانێت کارامەیە تێیدا و هونەری تێدا دەنوێنێت.

بەمجۆرە فەلسەفەی ئەفلاتوون سەرەتایەکی نوێ بۆ فەلسەفە دادەنێت، ئامانجی مرۆڤە نەك کۆمەڵ، یەك پیشە نەك فرە پیشە، تاك نەك کۆمەڵگە، ئەفلاتوون زانین و باوەڕ لە یەك جیادەکاتەوە، هەموو ئەوەی مرۆڤ باوەڕی پێیەتی، هەموویان نازانێت یا پەیانپێنابات، زانین شتێکە کەمینەیەك هەیانە.

لە کۆتایی ژیانی ئەفلاتووندا هزر و بیری لە سیاسەتی فەرمانڕەوای نموونەیی گۆڕا بەرەو سیاسەتی یاسا، کە لەدوا کارەکانی بەرجەستەی کرد، تیایدا دەردەکەوێت شارستانیەتی گریکی هەر لەسەر بنەماکەی خۆیەتی و لای نەداوە، لە گەڕان بەدوای ئیمتیازات و خوازیاری نێوەندگیری لە پێوانەی کاروبارەکان لەلایەك و هاوسەنگی و بەرەنگارییەکان لەلایەکی دیکە.

ئەفلاتوون میتافیزیك و سیاسەتی لەسەر بنەمای بیرۆکە دادەمەزرێنێت، ئایا بیرۆکە بە پێی چەمکی ئەفلاتوونی چییە؟ بیرۆکە بە بۆچوونی ئەفلاتوون ڕاستییە، جیهانی ڕەسەنە، ئەوەی دەیبینین وێنە و شێوەی ئەم ڕاستەقینەن، یا ئەم جیهانەن. بیرۆکە وەك دادپەروەری و ئازایەتی، جوانی، باش، هەموو ئەمانە بەرجەستەکردنی ڕاستەقینەن، (بیرۆکە) لە دوو وشەی ( eidos, idea)، واتە ڕوانین، بینین، چاولێکردن، بەڵام ئێمە ئەم شتانە نابینین. بیرۆکە تەنیا لە دیدگای بیرۆکەمان پێکدێت، دەبێ یەکەم لە داهێنانیان بیربکەینەوە، سوکرات یەکەم کەس بوو بیرۆکەی داهێنا، لە ڕێگەی پرسیارکردنی: (( **ئەم شتە چییە؟ دادپەروەری چییە؟ ئازایەتی چییە؟**)) ئەم پرسیارانە ئامانجیان وردبوونەوەبوو لە کاکڵی ناونراوەکان و پێکهاتەیان، بیرۆکەکان کاکڵن.

بیرۆکەکان لە چەمکی ئەفلاتوونیدا مەرجن بۆ شیاوی پێزانین و مەرجن بۆ شیاویی لێکگەیشتن.

بیرۆکەکان وەك ئەفلاتوون وەسفی دەکات پێش شارەزایی پەیدا دەبن و مرۆڤ دروستیان ناکات، بەڵکو لە هۆش و وشیاریدا پەیدا دەبن، تەنیا بە یادیدادێتەوە، پێش لەدایکبوون گیانەکان دەڕواننە بیرەکان و لە وشیاری ناوەخۆدا بەرجەستەیان دەکەن.

ئەفلاتوون لە یەکێك لە دیالۆگەکانیدا ئەم نموونەیە دێنێتەوە، **((بڕوانن، کۆیلە دەتوانێت لە تیۆری فیساگۆرسی بگات لەگەڵ ئەوەی پێشتر فێری بیرکاری نەبووە))**، بەبێ بیرۆکەکان وەك نێوەند و شیاوی لێکگەیشتن لە نێو خۆماندا، ناتوانین ئەوە بزانین، کە لە بارەی هەمان بابەت دەدوێین، بیرۆکەکان بە گشتی بۆ ئاڵوگۆڕ و پێزانین بەکاردێن.

تەوەری هزریی سیاسی ئەفلاتوون، سەلماندنی ئەوەیە، کەوا سۆفیستاییەکان هەڵەگۆی ڕەوانبێژین، لەبەر ئەوە پێویستە خۆپاریزی و وریایی خۆپارێز و وریا بین لەوەی دەیانڵێین.

لە دیالۆگی لەگەڵ سۆفیستاییەکانی وەك بروتاگۆراس و گۆرگیاس ڕووی ڕکابەری لە نێوان فەیلەسووفە پەندیارەکان و لە نێوان هونەری ڕەوانبێژی و لە زمانگۆڕین لە گەڕان بە دوای چەمکی ڕاستەقینەی بەهاکان و سیاسەت دەردەخات.

ئەفلاتوون زۆر تێدەکۆشا بۆ چەسپاندنی بەها هەرە باشەکانی ژیان، ئەوانەی سۆفیستاییەکان بە چەند ناونیشانی بێ بەهای ڕاستەقینە دادەنێن و پێدا دەگرن لەسەر فەرمانداریی بەهێز بەسەر بێهێز و قۆزتنەوەی دەرفەت بۆ سوودی تاکەکەسی.

دیالۆگەکە لەگەڵ بروتاگۆراس لە ماڵی کالیاسی دەوڵەمەند کراوە، دیمەنی یەکەم بەوە دەستپێدەکات هیبوکراتیس هەواڵی گەیشتنی بروتاگۆراس بۆ شار دەبیستێت، خێرا سوکرات لەو سپێدە زووە لە خەو هەڵدەستێنن، لەبەر ئەوەی بەم زووە ناتوانن بچن بۆ لای بروتاگۆراس، لەبەر ماڵیدا دێن و دەچن.

سوکرات لە هیبوگراتیسی مێردمنداڵ دەپرسێت:((**دەتویست چی لە پروتاگۆراس فێربێت؟ هیبوگراتیس وەڵامی دەداتەوە: دەمەوێت فێری هێزی ڕەوانبێژی و هونەری دیالۆگکردن بم**)).

سوکرات دەیەوێت هیبوکراتیس لە سۆفیستاییەکان ورياكاتەوە و، دەڵێت: ((**ئاگاداربە لە زانیاری داکەر و ئەمبارکارانە**)، هەوڵدەدەن زانیاریت بفرۆشنێ، وەك چۆن سەوزەفرۆش سەوزەوات دەفرۆشێت. وەك چۆن سەوزەفرۆش نازانێت و پەیپێنابات ئایا سەوزەکەی سوودبەخشە بۆ کڕیارەکانی یا نا، بەهەمان شێوە کەسی سۆفیستایی نازانن چی بەسوودە یا گرنگە بۆ گیانی قوتابییەکانی.

سوکرات و هیبوکراتیس دەچنە ماڵی کالیاسی دەوڵەمەند و بروتاگۆراس لەوێ دەبێت.خزمەتکاری ماڵەکە دەنگی لە دەرگادان دەبیستێت و دەچێت دەرگاکە دەکاتەوە و دەڵێت: ((**جارێکی دیکەش سۆفیستاییەکان؟ گەورەم ئیشی هەیە، بڕۆن**))، دەرگایان بە توندی بە ڕوودا دادەخات، بەڵام کالیاس ڕێدەدات بچنە ژوورەوە، دەبینن برۆتاگۆراس بە لادا دێت بە چەپ و ڕاستدا و تیپی گۆرانی و میوزیك گۆرانی دەڵێن و هەڵپەڕکێ دەکەن.

دیالۆگێکی گەرم لە نێوان سوکرات و بروتاگۆراس سەبارەت زمان دەست پێدەکات، جارێکیان سوکرات دەیباتەوە و جارێکیان بروتاگۆراس، پێشنیازی

شـیکردنەوەی هـۆنراوەی بـۆ دەکـات، ئـەو هونـەرەی سۆفیـستاییەکان تێیـدا کارامەن، لە کۆتاییدا دەڵێت:((**شیکردنەوەی هۆنراوە وەك قسەنەکردنە لە کاتی نانخوردندا، لەبەر ئەوە مرۆڤ پێویستی بە دیالۆگ هەیە**))، سوکرات بە وەڵامی نەگونجاو دەیەوێت لە بروتاگۆراس بشێوێنێت، بـەمجۆرە سـوکرات بـە چـەکی سۆفیستاییەکان لە خۆیان دەدات، هەر ئەوەش بوو، کە ئـەفلاتوون دەیویـست پێی بگات، کە گاڵتەی پێـدەکردن، ئایـا مـرۆڤ دەتوانێـت هونـەری سیاسـەت و چاکەکاری فێربێت؟ ئەوەبوو هیبوکراتیسی مێرمنداڵ دەیویست لە سۆفیستایی بروتاگۆراس فێربێت.

سوکرات ڕۆڵی مامۆسـتا دەبینێـت و سیاسـەت و چـاکەکاری بـە هونـەرێك دەزانێت، مرۆڤ دەتوانێت فێریـان بێـت، لەبـەر ئـەوەی دوو چەشـنە زانیـاری و چاکەکاری بەرجەستە دەکـەن، کـە زانینـە. ئەوەشـیان لـە ڕێگـەی باسـکردنی تیۆرییەکەی لە بارەی زانینی چاکەخوازی لەگـەڵ بروتـاگوراس ڕاڤـە دەکـات و دەڵێت: ((**ئەوەی بە ڕاستی بزانێت و کاری پێبکات هیچ ناکەوێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەخۆڕا کەوتنی خۆش ناوێت! !**)).

لـە ڕاسـتیدا، ئێمـە ئاگـاداری زۆر کاروبـارین و هەڵـەکانیان دەزانـین، بـەڵام هـەوڵی چـاکردنیان نـادەین، کەواتـە ڕەفتـاری دروسـت پێویـستی بـە زانینـی دروستی کاروبارەکان هەیـە، بـەڵام کـێ ئـەم زانینـەی هەیـە؟ سـوکرات ئـەوە ڕووندەکاتەوە، کەوا دیموکراسی مرۆڤ ناگەیەنێتە زانین، یـا بـە دروسـتی فێـری هونەری سیاسەتی بکات.

بروتاگۆراس بەرگری لە دیموکراسی دەکات، لە ڕێگەی ئەفسانەکەی لەگـەڵ برومیسیوس و ئەبیمیتیۆس و زویس، ئەویش ئەفسانەی دیموکراسییە. ئـەوەی

خەڵك پێویستیانە بۆ ژیانی سیاسی خوداوەند **(زیوس)** بە یەکسانی بەسەریدا دابەشکردوون، بە واتایەکی دیکە ئەوەی سیاسەت پێویستییەتی، هەمووان هەیانە.

لەبەر ئەمە سیاسەت بووەتە ئی هەمووان، نەك تایبەت بێت بە تایبەتمەندان، کەواتە چاکەخوازی شتێکە دەکرێ فێری ببێت، ئەویش لە پەروەردەیماڵەوە دەست پێدەکات، لە ڕێگەی پەروەردەکردنی منداڵ بۆ زانینی چاکە و خراپە، دواتر لە قوتابخانە ئەم پەروەردەیە بەردەوام دەبێت و مرۆڤ دەکەوێتە ژیانی گشتی، لە شاردا پەروەردەی ماڵ پێش پەروەردەی گشتییە.

ئەرستۆ تالێس لە دەستنووسەکانیدا جەختی لەسەر ئەمە کردەوە، بەڵام بروتاگۆراس ئەوە دووپات دەکاتەوە، کەوا هەموو کەسێك بتوانێت ئامێرێکی میوزیك بژەنێت، میوزیکژەنێکی سەرکەوتوو نییە، ئامێری میوزیك ژەنین لەتەك فێربوونی پراکتیکی بەردەوامی دەوێت و بەهرەی دەوێت.

دیالۆگەکەی دیکەی لەگەڵ گۆرگیاس باس لە کاروباری زۆر جدی لەگەڵ سوکرات دەکات، بە هێمنی وتوێژ لە بارەی هونەرەکانی ئاخاوتن و بەرپرسیارییەتی وتوێژکار دەکات، هەروەها وتوێژکردنە لە بارەی دادپەروەری و سوودبینی چارەنووسی دادپەروەری و سەرکەوتنی ستەمکار و زۆردار.

لێرەدا **(شەڕی گەورە)**ی فەلسەفی لەنێوان سۆفیستاییەکان و سوکرات دەست پێدەکات، دیالۆگەکە بەم پرسیارە دەست پێدەکات: **((دەستەڵات چییە؟ بەرپرسیارییەتی لەچیدایە؟))**، گۆرگیاس لە وەڵامدا دەڵێت: **((هەموو کاروبارێکی سوودبەخش، هەر چەند بچووکیش بێت کە لە ژیانماندا دەیکەین،**

**ئاخاوتن دروستی دەکات، ئەوەی لە هونەری ئاخاوتن کارامە بێت، دەگاتە دەستەڵات و ئازاد دەبێت یا دەتوانێت فەرمانداری کەسانی دیکە بێت))**، ئەم بۆچوونە بەدڵی سوکرات نابێت سەبارەت بە دواندن و گۆرگیاس ئاگادار دەکاتەوە لەوەی **((هونەری دواندن لە زانیندایە، لەبەر ئەوەی ئاخێوەر ناتوانێت جێی پزیشك یا تایبەتمەندی دیکە بگرێتەوە))**.

کەواتە جیاوازییەك هەیە لەنێوان هونەری دواندن کەوا دەکات باوەڕ بە شتێك بێنین، لەگەڵ هونەری ئاخاوتنی لەسەر زانین ڕۆنراوە. گۆرگیاس دژایەتی قسەی سوکرات دەکات و دەڵێت:**((تەنیا ئەوەندە بەس نییە پزیشك بێت و دەرمان بۆ نەخۆش بنووسێت، بەڵکو لەسەریەتی نەخۆش ڕازی بکات دەرمانەکە بخوات))**.

ئەگەر هونەری دواندن نەبووایە لە وتە و ڕاوێژی تمیستوگلیس بۆ سەرکردە **(بریکلیس)**، سەبارەت بە پێکهێنانی شوورەیەك لە دەورەی شاری ئەسینا بۆ پارێزگاری لێکردنی دژی دوژمنان، ئەوە شاری ئەسینا هەر نەدەما و لەناو دەچوو. هونەری ئاخاوتن لە کاکڵدا بێلایەنە، ئەوەی بە قوتابییانی دەڵێت و فێریان دەکات لەدواڕۆژدا بەرپرسیارییەتی ئەوە هەڵناگرێت، گەر ئەم قوتابییانە بە هەڵە بەکاری بێنن. کەواتە دواندن جۆرە تەکنیکێکە، بۆیە بێلایەنە، سوکرات هەوڵدەدات پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنێت، پرسیار لە گۆرگیاس دەکات: **((ئایا دەتوانیت دادپەروەری فێری خەڵك بکەیت؟ لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی دادپەروەری فێربێت، دادپەروەرە))**. گۆرگیاس وەڵامی دەداتەوە: **((بەڵێ دەتوانم))**، بەوەش گۆرگیاس دەکەوێتە داوی سوکرات ، کە زۆر بە توندی وەڵامی دەداتەوە **((شتی وا نابێت، تۆ پێش کەمێك وتت هونەری**

**ئاخاوتن بێلایەنە، کەواتە ماقوول نییە ئەوەی هونەری دادپەروەری فێربووە، هونەری ئاخاوتن بۆ دواندن بەکاربێنێت لە بارەی زۆرداری و ستەم، ئەو شتە ڕاستە کە بزانێت بە دروستی بەکاری دێنێت)).**

گۆرگیاس لەگەڵ لێکدانەوەکەی سوکرات ە، بەڵام مکوڕە لەسەر ئەوەی بڵێت:**((کێ لە ئێمە زانین دەزانێت و هەموو خەڵك بەشێوەیەکی پێویست بەکاریان دێنێت؟ کێ دەتوانێت بڵێت خۆی ڕۆژێك لە ڕۆژان لە کاروبارێکدا وەك نەزانێك ڕەفتاری نەکردووە؟))**، لەولاوە **(بولوس)** قوتابی زیرەکی **گۆرگیاس** بەرگری لە مامۆستاکەی دەکات و دەدوێت: ئەمرۆ کوشتن و دزی و دوورخستنەوە ئامرازی سیاسەتمەداری نوێن و ئامرازی دەستەڵاتن، لەبەر ئەوەی ئاخێوەر و دواندەر، دەتوانێت هەموو ئامرازەکانی دەستەڵات و بەهەر شێوازێك بێت بەکاربێنێت. سوکرات سەبارەت بە دەستەڵات دژی ڕادەوەستێت و دەڵێت: **((دەستەڵات ئەوکاتە دەستەڵاتی ڕاستەقینەیە، کە بە تەواوی لەگەڵ هۆش و ئامانجەکەی بگونجێت، کاتێ دەستەڵات بە ئامرازی تۆقێنەر بنیات دەنرێت، دەستەڵاتی ڕاستەقینە نییە. دەشێ (وا دەرکەوێت) کە باشە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك خوازیاری بێت نازانێت چی باشە یان نا، بێگومان ئەوەی ستەمی لێدەکرێت، باشترە لەوەی ستەم دەکات و ئەوەی سزا دەدرێت، زاناترە (بە کاریگەری سزا) لەوەی سزا نادرێت)).**

سوکرات لەم خاڵەوە هەوڵدەدات بەرگری لە بۆچوونی فەیلەسووفان بکات، دژی تێڕوانینی سۆفیستاییەکان، ئەوانەی سەرکەوتن بە باڵادەستی و دەستەڵات دەبەستنەوە، کەچی فەیلەسووفان بە پلەی یەکەم بایەخ بە گیان

دەدەن، گیان سوود یان زیان بە خۆی دەگەیەنێت، سزایە وا دەکات گیان بزانێت، ڕاست چییە و هەوڵبدات خۆی چاك بکاتەوە.

دیالۆگ بەردەوام دەبێت و **کالیکلیس** دێتە گۆ و لە سوکرات دەپرسێت: **((بەڕاست دەزانی چی دەڵێیت؟ گەر وابێت هەموو ژیانی مرۆڤایەتیمان سەراونخوونە))**، کالیکلیس بەرگری لە بۆچوونی سۆفیستاییەکەی دەکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی جیاوازی نێوان سروشت و یاسا، کە دەڵێت:**((بەپێی یاسا ئەوەی ستەم بکات، شتێکی خراپە، کەچی بە پێی تیۆری سروشت (ئەوەی مەینەتی ستەملێکردن دەچێژێت، خراپترە). یاسا دۆزینەوەی بێهێزانە، لەبەر ئەوەی دۆزەرەوەکان ویستوویانە بەرهەڵستی بوونەوەرە بەهێزەکان بکەن، کە سروشت بەهێز و بەرگریکاری دروستی کردوون، بەهێزەکان بەوەی سروشت بۆی هێشتوونەتەوە واز دێنن، کەواتە کۆیلە بێهێزەکان چۆن هەڵمەت دەکەنە سەر سەرداره بەهێزەکەیان، ئاکار و یاسا لە منداڵدانی بێهێزی پەککەوتەیی لەدایك دەبن))**. یاسای سروشتی لە وشیاری سۆفستاییەکان باڵادەستە، وەك مافی بەهێز لەسەر بێهێزەوە. ئەم یاسایەش لەسەر هەموو دروستکراوێك مرۆڤ و ئاژەڵ و وڵاتان پیادەدەبێت، بەڵام سوکرات ئەوەی کالێکلیس دەیلێت ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: **((ئەی چۆن کۆیلە بێهێزەکان هەڵمەت دەکەنە سەر سەرداره بەهێزەکەیان؟))**

سوکرات لەبری مافی بەهێزی جەستە، دەیکاتە هێزی ژیریی، ئەوە دەخاتەوە یاد، کە هیراکلیت وتوویەتی: **((سەرکەوتن ئاکامی ژیرییە، نەك هێزی هەرە گەورەیە بە پێوانە و قەوارە))**.

کالیکلیس بەرگری لە بۆچوونەکەی دەکات و دەڵێت:((**من مەبەستم بەکارهێنانی هێزە بە تەنیا لە سیاسەتدا**))، پیاوی مەزن جلوبەرگ و پێڵاوی زیاتری لە کەسانی تر ناوێت، بەڵکو دەستەڵاتی زیاتری لەوانی دیکە دەوێ. لە ڕێگەی ئەم دەستەڵاتەوە دەتوانێت خوازیارییەکانی بێنێتەدی و تیایدا بژێیت. بەختەوەری لە زۆرکردن و گەورەکردنی خوازیارییان دایە. ژیان پڕیەتی لە خوازیاری گەورەی وا بەرەو خود بەسەری و دکتاتۆریمان دەبات، فەرمانڕەوایی دکتاتۆری کە دەتوانێت چی بیەوێت بەرانبەر مرۆڤەکانی دی و ژینگە بیکات.

سەبارەت بە سوکرات و ئەفلاتوون پەیوەندی نێوانیان و لە یەك نزیکی و دووری نێوانیان، مامۆستای گەورە و بیرمەندی ڕۆشنبیر (موسەننا شەللال) دەڵێت:((**ئەم بابەتە جێی گەنگەشەیە، لەبەر ئەوەی باس لە کەسایەتییەکی فەلسەفی دەکات، زۆرجار لای خەڵك بووەتە سیمبول یا پێشەنگ لە فەلسەفە و شوێنی کەوتوون، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو مێژووەی پێمان گەیشتووە، خۆی تەنیا فێرگەیەك یا ڕێبازێکی فەلسەفی بووە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم لەو باوەڕەدام زۆر لە خوێنەران ئەم ڕایەیان بەدڵ نییە، بەڵام با لێگەڕێین زانست بدوێ، توێژینەوە بدوێ و هۆش و بیرمان لەو کۆنەی پێمان گەیشتووە و جاڕی بۆ دەدەین و بۆ ئاسمان بەرزی دەکەینەوە، بێ زانین و لێکۆڵینەوە، لەبەر ئەوە لەم وتارەمدا پشت بە بەراوردی نێوان دوو فەیلەسووفە مەزنەکە، سوکرات و ئەفلاتوون دەبەستم، لەمیانیدا ئاراستە و بۆچوونی هەریەکەیان و بایەخدانیان دەخەینە ڕوو، لەبەر ئەمەیە ناوم ناوە: سوکرات و ئەفلاتوون و ڕاستییە شاراوەکە..**)).

**(موسەننا)** بەردەوام دەبێت و دەڵێت: با بە فەیلەسووفی مەزن سوکرات دەست پێبکەین، ئەو کەسە مەزنە بوو، خواوەندەکانی بە نەبوو دانا و پەرستگە ساختەکانی کۆمەڵگەی گریکی ڕیسواکرد. ئامانجی یەکتاپەرستی و ئاخاوتن بە ناوی خودا بوو، هەموو بەهای ئایینەکانی گریکە کۆنەکانی وەلانا، ڕەوتی ژیانی، ڕەوتی ژیانی پێغەمبەرێك بوو، بانگەواز بۆ یەکتاپەرستی و خواناسی بکات، بانگەشەی بۆ داوا چاکسازییەکەی دەکرد و لە پێناویدا هەموو شتێکی کردە قوربانی. تا ڕادەی فەرامۆشکردنی هەموو کاروباری خێزانی و کەسی بۆ بانگەوازی مرۆڤ بە مەزن و پیرۆزگرتنی مرۆڤ و لابردنی پەردەکانی تاریکی لەسەر مرۆڤ و نەهێشتنی تاریکی و خستنەڕووی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمیدا، لەبەرئەمە کەسایەتییەکی گرنگ، خێرخواز و یەکتاپەرستیخواز بووە، بەجۆرێك هاوشێوەی لەنێو خەڵکی ئەوکاتی نادۆزینەوە، لە چاکسازییەکانیدا شۆڕشگێڕبوو، دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگاکەی ڕەتکردەوە، هزر و بۆچوونە پڕ نەزانی و دوورکەوتنەوە لە خودای گەورەی کۆمەڵگەکەی ڕەتکردەوە.

لە کتێبە مێژوویەکاندا بینیمان سوکرات دەدرێتە دادگا **(دادوەرانی خاوەنە بەهای پاشکەوتوو و بیری ڕوخێنەر)** بە تاوانی خوانەناسی و لە ئایین لادان، دادگاکە بڕیاری دەرخواردنی ژەهر بەسەردا سەپاند، بە دڵێکی هێمنەوە ژەهرەکەی خوارد، لەبەر ئەوەی دڵنیابوو لەم جیهانە کاتییە ڕزگاری دەبێت و بەرەو دنیای نەمری دەچێت.

سوکرات مرد، بەڵام ناوبانگێکی گەورەی لە پاشی بەجێما، خەڵك بەردەوام یادی دەکەنەوە، چاکە و تواناکانی پەسند دەکەن، ئەفسانەی لەبارەوە

دروست دەکەن، وەك هەموو سەردەمانێك خەڵك هێما و سونبولەکانیان، دوای مردن و نەمانیان بەهایان دەزانن، بەڵام دوای چی؟

دوای مردنی کەسێکی تر دەرکەوت، ناوی ئەفلاتوون بوو، وای پێشاندا قوتابی دڵسۆزی سوکرات ە، کتێبی لەو بارەوە دانا و ڕێنوێنییەکانی سوکرات ی تۆمارکرد، زۆر لە توێژەران لەو باوەڕەدان ئەفلاتوون بیروبۆچوونەکانی خۆی بەناوی سوکرات تۆماردەکردن، بیروڕاکانی خۆی دەنووسی و دەیوت سوکرات وتی.

وا دیارە ئەفلاتوون ویستوویەتی ناوی سوکرات بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێت و دەشێ کوشتنی سوکرات ی بۆ خۆپێشخستن بەکارهێنابێت، ئەوەی یارمەتی ئەفلاتوونی داوە لە مەدا، سوکرات ڕێنوێنییەکانی لە کتێبدا تۆمارنەکردووە، بەڵکو زارەکی و تەنیا بە ئاخاوتن بیروڕاکانی دەردەبڕی.. ئەفلاتوون هاتووە ئەم ڕێنوێییانەی بەپێی خواستی خۆی تۆمارکرد و خۆی کردە تاکە نوێنەری پەیامی سوکرات .. بلیمەتی ئەفلاتوون ئینکار ناکرێت، هەروەها توانای لە گۆڕینی ڕاوبۆچوونەکانی کەسانی دیکە..... ئێمەی گەلانی هەژار ئەوەی دەیخوێنینەوە، باوەڕی پێدێنین، بێ لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوە، هەتا بێ گەنگەشە لەسەرکردن، وەك بەڵگە نەویست و یاسا باوەڕی پێدێنین.

**(موسەننا شەلال)** هەندێ بەراورد لە نێوان سوکرات و ئەفلاتوون دەکات، هەندێ تایبەتمەندی لە شتەکە و لە فەلسەفەی سەدەی ڕابردوو کردوویانە تیایدا ژینگەی هەریەکەیانی دەستنیشان کردووە و بەم شێوەی خوارەوە کورتی دەکاتەوە:

ـ ئەفلاتوون جیاوازبوو لە سوکرات ، لە پێکهاتەی کەسایەتی و ئارەزووەکانی، سوکرات  لە ژینگەیەکی دیموکراسی بوو و باوەڕی بە کۆمەڵ و کۆمەڵگا هەبوو، ئەفلاتوون ئەرستۆکراتی بوو، خاوەنی کۆیلە بوو، ئەفلاتوون ئەو دەرفەتەی قۆستەوە، کە خاوەن زانین بوو، سوکرات ی وا پیشاندا کە وەك ئەو لە ئەرستۆکراتییەکانە و دژی خەڵکی ڕەشۆکییە و خۆی پێ پایەبەرزترە، لەبەر ئەوەی ئەفلاتوون وابوو.

ـ سوکرات  بەدڵ و گیان ڕێچکەیەکی میللی هەبوو، هەژار بوو، لە خانەوادەیەکی هەژار لەدایك بوو بوو، باوکی پەیکەرتاش بوو، دایکی مامان بوو، هەتا مرد هەر هەژار بوو، هەمیشە پەیوەندی بە شەقام و خەڵکەوە هەبوو، بایەخی بە بەرژەوەندی ئەوان دەدا، لەبەر ئەوەی بەدڵ و کاکڵی کۆمەڵگەی دەزانین. سوکرات  لەوێدا جیاواز بوو، ئەفلاتوون لە ڕەچەڵەك بەگزادەبوو و خواست و ئارەزوو و دەوڵەمەند بوو، زۆر کۆیلەی هەبوون، خەڵکی ڕەشۆکی خۆش نەدەویست، ڕقی لە دیموکراسی بوو، داوای لەناوبردنی دیموکراسی دەکرد کە لە وڵاتەکەیدا باوبوو، بانگەوازی بۆ فەرمانڕەوایی کەمینە دەکرد، کەمینەیەکی هۆش بەرز و ڕەچەڵەك بەرز، خاوەن ڕێچکەیەکی نەژادخوازی بوو، گووتەیەکی هەیە دەڵێت: **((سوپاس بۆ خودا، منی بە گریکی دروستکرد، نەك بەربەری، ئازاد نەك کۆیلە، پیاو نەك ئافرەت، لەسەرووی هەموانەوە سوپاسگوزارم، کە لە سەردەمی سوکرات  منی دروستکرد))**، وەك ئەوەی بڵێت من و سوکرات یەك چەشنین، ئەویش ڕاست نییە، هەر ئەم گوتەیەی ئەفلاتوون دەریدەخات لە ڕێچکە و بیردا نەژادپەرست بووە.

- ئەفلاتوون قوتابخانەیەکی دروستکرد دەیڕوانییە ڕەزی ئەکادیمۆس، هەر لەبەر ئەمیش ناونرا **(ئەکادیمی)**، پەرستگەیەکی تێدا دروستکرد، تەرخانی کرد بۆ هۆنراوە و فەلسەفە، لەمەشدا لە سوکرات جیاوازە، سوکرات لە بازاڕ و کوچە و کۆلانان خەڵکی فێردەکرد دژی خواوەندە کۆنەکان بن.

- سوکرات سەری ڕووت و چاڵی چاوی داکەوتبوو، ئەوەی بینیبای وایدەزانی کۆڵهەڵگرە، جلوبەرگی کۆن و بەپینە، وەك زۆرینەی خەڵك، بەڵام ئەفلاتوون ڕێك و جوانپۆش بوو، خۆی لە خەڵك بە بەرزتر دەزانی، ڕوو جوان بوو، دوور بوو لە خەڵك، وەك بەگزادەکانی هەموو ڕۆژگارێك ئەوانی بە کەم دەزانی.

- فەیلەسوفانی پێش سوکرات خەریکی لێکۆڵینەوەبوون لە میتافیزیکی گەردوونی، کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵك و گیروگرفت و خەمەکانی نییە. خەریکی وڕێنەکانی جیهانی باڵا بوون، بایەخیان بە گیروگرفتەکانی خەڵك لە جیهانی خوار نەدەدا.... سوکرات هات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی هێنایە خوارەوە و بانگەوازی دەدا بۆ توێژینەوە لە مرۆڤ و لە بەرژەوەندییەکان و مەزنی مرۆڤ، لەبری دامان لە ڕاستییە نموونەییەکان هیچ سوود بە مرۆڤ ناگەیەنێت.

- ئەفلاتوون فەلسەفەی گەڕانەوەی بۆ توێژینەوە لە ئاسمان و مرۆڤی فەرامۆشکرد، بۆ ئەمەش **(جیهانێکی نموونەیی)** دانا، کە بە ئەم و شارە چاککارەکەی ناسرا، کە تەنیا لە ئەندێشەدا دێتەدی، وا بزانم ئەو بیروڕا نموونەگەراییانەش کە داوینەتە پاڵ سوکرات ، هی ئەون و پەیوەندیان بە سوکرات ەوە نییە، نە لە نزیك و نە لە دوو و تائێستاش بە **(نموونە ئەفلاتوونییەکان)** ناسراون.


- ئەفلاتوون لاڕێ بوو، **هیچ** ژنی نەهێناوە و دژی ئافرەت بوو، **هەتا** نووسینەکانی لەمەڕ ئافرەت و خۆشەویستی، مەبەستی قوتابی و لووسکەکانی بوو، نەك ئافرەت خۆی، کەچی سوکرات ژنی هەبوو، سێ منداڵی هەبوو، دژی منداڵبازی بوو، کە لە نێو کۆمەڵگەی گریکیدا باوبوو. ئەفلاتوون لە کوێ و سوکرات لەکوێ، کە بە هەموو شێوەیەك دژی ئەم لاڕێ بوونەبوو و خەڵکی بۆ چاکسازی هاندەدا و بۆ پابەند بوون بە ڕێنوێنییەکانی خودای تاك و تەنیا.

**(موسەننا)** لە وتارەکەیدا کە وەك لێکۆڵینەوە وایە، دەگاتە ئەم ئەنجامە **"لاسەنگییە گەر ئێمە ئەم مەزنە سوکرات ، و ئەفلاتوون بە یەکسان و هەمبەری یەك بزانین و ئەوەی دوایی بە تەواوکاری وی بزانین، ئاسمان لەکوێ و زەوی لەکوێ"!**



تابلۆیەك سوكرات  و ئەفلاتوونی قوتابی بەیەكەوەن

# بەشی هەشتەم
# پەند و قسەی نەستەق و بەسەرهاتەکانی سوکرات



سوکرات  پەندیار بوو لە چاڵێکی تەك ڕووباردا دەژیا، دەچووە سەر ڕووبارەکە بە لەپی دەستی ئاوی دەخواردەوە، هەندێ لە قوتابییەکانی گۆسکەکەیان بۆ هێنا، ئاوی تێدا بخواتەوە، دواتر گۆسکەکە شکا، زۆر خەمی لێ خوارد و دڵتەنگ بوو، قوتابییەکانی دەیانویست کلتووریان لەو فێربن، پێی وتن: ((**بنووسن ماڵی دونیا خانەی پەژارەیە، کۆڵەگەی خەمانە**)).

دەیوت: ئەوەی دەیەوێت خەمی کەم بێت، با واز لە ماڵی دنیا بێنێت، شاعیرێك لەم واتایەدا نووسیویەتی:

**ئەوەی گەرەکییە قەت خەم نەبینێت**

**با ماڵی دنیا دڵی خۆش نەکات**

**با لەدەستدانی خۆی غەمبار نەکات**

لە سوکرات یان پرسی: **جیاوازی ئەوەی ئاکاری هەیە و ئەوەی نییەتی چییە؟ لە وەڵامدا وتی: وەك جیاوازی نێوان ئاژەڵی ئاخێوەر و ئەو ئاژەڵەی نائاخێوەرە.**

پیاوێك هاتە لای سوکرات  و وتی: **من هەمیشە دڵەڕاوکێمە گەر دانیشم یا بڕۆم یا هەڵستم یا ڕاکەم، وتی: ئەوەندەت ماوە لە خاچبدرێیت!**

پیاوێك بە سوکرات ی وت: **ئاوی دەریا بۆ سوێرە؟** سوکرات  وتی: **گەر پێم بڵێی لەو زانینە چ سوودێك دەبینی، وەڵامت دەدەمەوە.**

بە سوکرات  وترا: **چ بوونەوەرێك جوانە؟، وتی: ئافرەت.**

سوکرات  وتی: **خاوەنداری هەرە مەزن ئەوەیە هەوەسی مرۆڤ ڕاگرێت.**

بە سوکرات یان وت: چ **شتێك زۆر بەچێژە؟**

وتی: **ئاكار و فێربوون و گوێ لە هەواڵگرتن.**

سوكرات دەڵێت: **وەك چۆن دكتۆر هۆكاری چاكبوونەوەی نەخۆشە، هەروا بە یاساكانی ستەمكاران چاكدەبنەوە.**

سوكرات دەڵێت: **پێویستە مرۆڤ لە نەوجەوانیدا چاكەخوازبێت، گەر نا با لە لاویدا وابێت ، گەر نا با لە پیریدا وابێت.**

بە سوكرات یان وت: **كەی پەندیاری كاری تێدا كردوویت؟** وتی:**لەوكاتەوەی هەوەسی خۆم نەهێشت.**

پیاوێك سەیری سوكرات ی كرد، جلوبەرگێكی شڕی لەبەردا بوو، پێی وت: **ئەوە سوكرات ی ڕێسا دانەرە؟** زۆری پێ سەیربوو، سوكرات پێی وت: **هۆی ڕێسا باشی جلوبەرگی نوێ نییە، هۆی ڕێسا خراپیش جلوبەرگی خراپ نییە.**

سوكرات خۆی دابووە بەر هەتاو، پادشا هاتە بەرانبەری و لێی پرسی ئایا بۆ نایەتە لامان؟ وتی: **خەریكی كاروباری ژیانم،** پادشا وتی گەر بێیتە لامان، ئەوەندەت دەدەینێ، پێویستت بەو خەریكبوونە نەبێت. سوكرات وتی: **گەر بزانم لای تۆ دەستم دەكەوێت، ئەوا ئەوەندەی پێویست بێت لات دەمامەوە،** پادشا پێی وت: بڵێ چی دەخوازیت. سوكرات وتی: **تكایە سێبەرەكەت لەسەرم لابە، تا تیشكی خۆرم بەركەوێت،** پادشا فەرمانی دا جلوبەرگێكی جوانی لە دیباج بۆ بێنن، سوكرات : **بەڵێنی ئەوەت دامێ كە ئەوەم پێ ببەخشی كە بنیاتی ژیانە، ئەوەت بەخشی كە فانییە، سوكرات پێویستی بە كەڤری زەوی و خاشاكی ڕووەك و لیكی كرم نییە، ئەوەی سوكرات پێویستی پێیەتی، هەیەتی بۆ هەر كوێ بچێت.** گاڵتەچییەكی پادشا وتی: ئەی پیاو خۆشی دنیات لە خۆت قەدەغەكردووە، سوكرات وتی: **خۆشی دنیا چییە؟**

گاڵتەچییەکە وتی: گۆشت خواردن، مەی خواردنەوە، ئافرەتی جوان، جلوبەرگی نوێ. سوکرات وتی: **ئەوە خەوشە خۆشی دنیا ئەمە بێت لای کەسێك خۆی دەکاتە هاوشێوەی کرم، سکی دەکاتە گۆڕستانی ئاژەڵان، ئاوەدانی دنیای فانی لەبەر نەمری پەسند دەکات.**

بە سوکرات یان وت: ئەو قسەیەی بۆ خەڵکی شارەکەت وت، پێی ڕازی نەبوون، وتی: **گرنگ نییە ڕازی نەبوون، گرنگ ئەوەیە ڕاستە و هەڵە نییە.**

بە سوکرات یان وت: چاکەکار کێیە؟ وتی: **چاکەکار لەپلەی باڵا ئەو کەسەیە لەخۆڕا چاکەخوازبێت، چاکەکار لە چینی خوارەوە ئەو کەسەیە، کە چاکە دەکات لە کەسانی دیکەی ببیستێت، ئەوەی لە هەردووکیان بێ بەشە، ئەوە کەسێکی هیچ و پووچە.**

سوکرات قوتابییەکی خۆی بینی بە وردی دەیڕوانیە ئۆرجیا، زۆر جوان بوو، پێی وت: **ئەو کارە چییە کە ڕێی بینین و بیرکردنەوەی لێ گرتووی؟** وتی: **لەوە سەرسامم سروشت چۆن ئەم جوانییە لەوێنەی ئۆرجیا دروست کردووە.**

پێی وت: **بارهەڵگری ئارەزووەکانت چاوی نەبێت و بتخاتە قوڕی لیتە، با ئاگات لە خۆت بێت، شوێنەواری سروشت لە ڕووی دیاری ئۆرجیا بینایت دەبات، بیر لە ڕووی ناوەوەی ئۆرجیا بکەوە، چاوت تیژ دەکاتەوە.**

پیاوێك بە سوکرات ی وت: **ڕووت چەند ناشیرینە**، وتی: **ناشیرینی ڕووم من لێی بەرپرسیار نیم، جوانی ڕووی تۆش، تۆ هۆکاری نیت، تا پەسندبکرێیت**، وتی: **زانیم**، سوکرات وتی:**کەواتە ئەگەر دەستکارێك بە خەوشدا دابنێیت و بزانیت ئەو سازکارەکەت خەوشدار کردووە.**

به سوكرات یان وت: **گەر مردیت چیت لێبكەین؟** وتی: **ئەوە ببێتە یاریدەی ئەوەی جێی نییە.**

لە سوكرات یان پرسی: **چ كەسێك زۆر لە خواوەند نزیكە؟ وتی: فێری ڕاستییەكانیان بكات و كاریان پێ بكات.**

لە سوكرات یان پرسی: **بوێری چییە؟** وتی: **بەكارهێنانی لە ڕادەبەدەری هێزی تووڕەیی.** لێیان پرسی: **چی دەبێتە هاندەر بۆی؟** وتی: **مرۆڤ لە ڕوانینی ئایندە و پاشەڕۆژ و ترسان لە پاشەڕۆژ دووركەوێتەوە، ئەوەی لە شتێك بترسێت، خۆی لێ دەپارێزێت.**

پادشایەك لە یەكێك لە جەژنەكاندا ڕوانییە سوكرات و جلوبەرگی خوری جوانی لەبەردابوو، لێی پرسی: **سوكرات بۆ لەم ڕۆژەدا خۆت ڕازاندۆتەوە؟** سوكرات وتی: **جوانترین جوانی دادپەروەرییە، دادپەروەری لە هێزی هۆش باشترە.**

سوكرات هەژار بوو، پادشایەك لێی پرسی چەند هەژاری؟ وتی: **گەر بزانی هەژاری چەند خۆشە، ئەوەندەی خەمت بۆ خۆت دەخوارد، منت لەبیر نەدەبوو، هەژاری خاوەندارییەكە لێپرسینەوەی لەسەر نییە.**

لێیان پرسی: **بۆ شوێنەواری خەمت بەسەردا نییە؟** وتی: **لەبەر ئەوەی هیچم نییە، گەر لە دەستی بدەم، خەمی بۆ بخۆم.**

سوكرات به پیاوێك دەڵێت لە جەنگدا هەڵاتووە:**لە جەنگدا هەڵاتن شوورەییە؟** پیاوەكە وتی: لە شوورەیی مردن، گەورەتر نییە! سوكرات پێی وت: **ژیان گەر باش بێت وایە، گەر خراپ بێت، مردن لەو باشترە.**

سوکرات ئافرەتێکی بینی ئاگری هەڵگرتووە، سوکرات وتی: **ئاگر ئاگری هەڵگرتووە، هەڵگر لە هەڵگیراو خراپترە.**

لێیان پرسی: **چ شێرێك دڕەندەیە؟** وتی: **ئافرەت!**

پیاوێك بە سوکرات ی وت: **لێت وردبوومەوە، دەبینم تۆ حەزت لە مێبازییە،** سوکرات وتی: **ڕاستە حەزم لێیەتی، بەڵام نایکەم.**

سوکرات ی بلیمەت خواردنی کەم و جلوبەرگی کۆن بوو، هەندێ لە فەیلەسووفە هاوسەردەمەکانی بۆیان نووسی: **دەڵێن بەزەیی بۆ هەموو گیاندارێك پێویستە، تۆش گیانداری، بۆ بەزەییت بە خۆت دانایەتەوە و واز لە کەمخۆری و جلوبەرگی کۆنە ناهێنی؟** لە وەڵامدا وتی: **لەبارەی جلوبەرگە کۆنەکەم، سەرکۆنەت کردووم، مرۆڤ دەشێ شەیدای ناشیرین بێت و جوانی فەرامۆش بکات، لەبارەی کەمخۆراکی گلەیی دەکەیت، دەمەوێت بخۆم، تا بژیم، تۆش دەتەوێت بژی، تا بخۆیت، هەرشاد بیت.** فەیلەسووفەکە بۆی نووسییەوە: **کەمخۆرییەکەتم زانی، باشە ئایا کەم دواندنەکەت لە چییە؟** گەر ڕەزیلی دەکەی لە خواردن، ئایا بۆ ڕەزیلی لە ئاخاوتن لەگەڵ خەڵك دەکەی؟ لە وەڵامدا وتی: **ئەوەی پێویست بێت فەرامۆشی بکەم، کردوومە، و بۆ خەڵکم جێ هێشتووە، ئەوەی پەیوەندی بە تۆوە نییە، خۆتی پێ خەریك مەکە، خودای مەزن دوو گوێ و زمانێکی پێ بەخشیوی، بۆ ئەوەی دوو ئەوەندەی دەدوێیت، ببیستیت، هەر شادبیت.**

سوکرات دنیانەویست بوو، گرنگی بە دنیا نەدەدا، پادشا یۆنانییەکان دابونەریتیان وابوو، گەر نیازی شەڕیان هەبوایە، بلیمەتەکانیان لە گەشتەکانیان لەگەڵ خۆ دەبرد، پادشا لە گەشتێکدا سوکرات ی لەگەڵ خۆ برد، سوکرات

لەو نۆردییەدا دەخەوت، کە پادشا لێی بوو، بەڵام لەناو کۆنە کوپەیەکی شکا و ڕۆژی دەکردەوە و بەیانی خۆی دەدایە بەر هەتاو، هەر بۆیە بە سوکرات ی نێو کوپەکە ناسرابوو، پادشا لەو بارەدا بینی و لێی پرسی: سوکرات بۆ ناتبینین؟ وتی: **بە کاروباری ژیان خەریکم.** وتی: **وەرە لامان ئەوەت بۆ ئامادەیە.** سوکرات وتی: **گەر بمزانیبوایە لای تۆ هەیە، وازم لێ نەدەهێنا.** پادشا وتی: پێم گەیشتووە، دەڵێی بتپەرستی زیانبەخشە؟ سوکرات وتی: **وام نەوتووە. وتی: ئەی چیت وتووە. وتی: وتوومە: پەرستنی بتەکان بۆ پادشا باشە، بەڵام بۆ سوکرات خراپە، لەبەر ئەوەی پادشا خەڵکەکەی پێ ڕاست دەکاتەوە، باجەکەی پێ وەردەگرێ، سوکرات یش دەزانێت نە سوودی بۆی هەیە نە زیان، گەر باوەڕی بەوە بێت یەکێك هەیە، ڕزقی دەداتێ و لەسەر کارەکانی پاداشتی دەداتەوە، چی باش، چی خراپ هەریەك بە پێی خۆی.**

سوکرات لە ئاخاوتنەکانیدا وەك فیساگۆرس هێمای بەکاردەهێنا، لە قسە هێمادارەکانی، کە دەڵێت: **کاتێ بە دوای هۆکاری ژیان گەڕام، مردنم دۆزییەوە، کە مردنم دۆزییەوە، زانیم کە پێویستە چۆن بژیم،** واتە ئەوەی دەیەوێت ژیانی خواوەندانە بژیێت، پێویستە جەستە لە هەموو کارە هەستییەکاندا بەپێی توانا بمرێنێت، ئەوکات دەرفەتی بۆ دەرەخسێت بەڕاستی بژیێت.

سوکرات وتی: **بەشەو بدوێ لەو شوێنەی کە هێلانەی شەمشەمەکوێری لێ نییە،** واتە ئاخاوتنەکانت لەگەڵ خۆت بێت و بیرت کۆبکەیتەوە و خۆت بگریت لە ڕووکردنە شت و کاروبارە هیولانییەکان.[1]

[1]- وشەی هیولا، بە واتای داری نەتاشراو وەك کەرستەی خاو دێ، چیت بوێت لێی دروست دەکەیت.

سوکرات وتی: **پێنج کۆڵانەکە داخە، بۆ ئەوەی ماڵی بنۆسی ڕووناك بێت،** واتە پێنج هەستەکەت داخە لە گەڕان بەدوای شتی بێ سوود، تا دەروونت ڕووناك بێت.

سوکرات دەڵێت: **دەفرەکە پڕکە لە بۆن،** واتە هۆشت پڕکە لە زانیاری و تێگەیشتن و پەندیاری.

سوکرات دەڵێت:**گۆمی سێگۆشە لە کوندەی بەتاڵ چۆڵ بکە،** واتە دڵ دوورخەرەوە لە هەموو ئازارێکی لابەلا لە هەر سێ ڕەگەزەکەی هێزەکانی دەروون، کەوا بنچی هەموو مرۆڤێکن.

سوکرات دەڵێت: **کلك ڕەشەکان مەخۆ،** واتە لە گوناح دوورکەوە.

سوکرات وتوویەتی: **لە تەرازوو لامەدە،** واتا لە ڕاستی لامەدە.

سوکرات دەڵێت: **لە مردن مێرووله مەبە،** واتە لە کاتی سپاردەیی خۆت، کەرەستەی هەست مێرووئاسا لەسەر یەك دامەنێ.

سوکرات دەڵێت: **دەبێ بزانین هیچ ڕۆژگارێك بەهار لەدەست ناچێت،** واتە لە هەموو ڕۆژێك دەتوانیت چاکە بکەیت.

سوکرات دەڵێت: **بەدوای سێ ڕێگە بگەڕێ، گەر نەتدۆزییەوە، ڕازی بە بەوەی خەوی قووڵ بکەیت.** واتە بەدوای زانستی جەستەدا بگەڕێ، هەروەها زانینی ئەوەی جەستەی نییە، هەروەها زانینی ئەوەی کە جەستەی نییە و لەنێو جەستەداراندایە، ئەوەی نەکرا فەرامۆشی بکە.

سوکرات دەڵێت: **نۆیەکە لە یەکەکە تەواوتر نین،** واتە دە، گرێی ژمارانە لە نۆ زیاترە، بەم یەکە، نۆ تەواو دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە (دە)، هەروەها نۆ چاکەکە بە ترس لەخودا و خۆشەویستی و چاودێری تەواو دەبێت.

سوکرات  وتی: **بە دوازدە دوازدە بکرە،** واتە بە دوازدە ئەندام، کە چاکە و خراپەی پێدەکرێت، چاکە بکە، ئەویش ئەمانەن: دوو چاو، دوو گوێ، دوو کونەلووت، زمان، دوو دەست، دوو پێ، ئەندامی زاوزێ، دوازدەکەی دیکەش دوازدە مانگن، شتە چاکەکانی بکە، کە مرۆڤ لە کاروبارەکانی و لە ناسینی ئەم جیهانەدا پێیان سەر بڵند دەبێت.

سوکرات  وتی: **بە ڕەشی بچێنە، بە سپی بیدوورەوە،** واتە بە گریان بیچێنە و بە خۆشی بیدوورەوە.

سوکرات  وتی: **تاجە گوڵینە مەدزە و تێکیشی مەدە،** واتە ڕێسا جوانەکان ڕەتمەکەوە، لەبەر ئەوەی دەوری هەموو نەتەوەکانی داوە، وەك تاجە گوڵینە بۆ سەر. خەڵکی ڕۆژگاری سوکرات  لەبارەی بتپەرستی لێیان پرسی ڕەتیکردنەوە و بە پووچەڵی دانا و خەڵکی لە پەرستنیان دووردەخستەوە و فەرمانی دا بە پەرستنی یەك خودای تاك و تەنیای ئەفرێنەری جیهان، نەك بەردی داتاشراوی، کە نادوێت و نابیستێت و هەست ناکات، خەڵکی هاندەدا چاکە بکەن و خراپە و داوێن پیسی نەکەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی ڕۆژگاری خۆی دەناسی، هەموو کاروبارەکانی تەواو نەکرد، لەبەر ئەوەی دەیزانی لێی وەرناگرن، سەرۆکەکانی پەرستگەکان، کە بەمەیان زانی و زانیان پەیامەکەی چییە، لە ڕەتکردنەوەی بتەکان، شایەدییان لە دژیدا و بڕیاری کوشتنیاندا، دادوەرەکانیش، یازدە دادوەرەکەی (ئەسینی) بوون. ژەهری گورگە کوژەیان دەرخوارد دا و مرد، ئەویش لەسەر پێشنیازی پادشا. ئەوەی کوشتنی سوکرات ی چەند مانگێك دواخست، ئەو کەژاوە بوو، کە ساڵانە دەنێردرا بۆ **پەرستگەی ئەفۆلۆن** و دیاری بۆ دەبرێت، تا نەگەڕابوایەوە هیچ کاروبارێك ڕایی نەدەکرا،

کەس نەدەکوژرا، تا کەژاوەکە دەگەڕایەوە ئەسینا، هاوەڵانی سوکرات هاتوچۆیان دەکرد، کەژاوەکە بەهۆی باو و کەشی ناجێگیر ئەم ماوەیە دواکەوت.تا ڕۆژێکیان، ئەکریتۆن پێی ڕاگەیاند کەژاوەکە بەیانی یا دوو بەیانی دەگاتەوە ئەسینا، هەوڵمان داوە بەرتیل بدەین، تا بەنهێنی هەڵبێیت و بچیتە (ڕۆما)، تێدا بمێنەوە، دەزانن هەر چوارسەد درهەمم هەیە، ئەکریتۆن وتی: دەزانم ئەو قسەیە دەکەیت، بەڵام ئەم پارەیەمان ڕێکخستووە و ئێمە بەدڵ هەوڵی ڕزگارکردنی تۆ دەدەین، نامانەوێت بمریت. سوکرات پێی وت: **ئەکریتۆن ئەو شارەی ئەوەی پێکردم، شاری منە، شاری نەژادمە، ئەو ئازارەی لە گرتووخانە بینیم، کوشتنیان بەسەرم سەپاند، ئەویش بە هۆی شتێك، شایەنی ئەوەی نیم، بەڵکو لەبەر ئەوەی دژی ستەمکاریم و دژی زۆرداری و زۆردارانم، لە دژی ئەوەم بتدەپەرستن لەبری خودای مەزن، ئەم حاڵەتەی منیان لەسەر دادگایی کردووە، بۆ کوێ بچم هەمە، هەڵگری ئەوەم، بە هیچ جۆرێك ناتوانم پشتگیری لە ڕاستی نەکەم، دژی زۆرداری و ستەم نەبم، لێرەدا خەڵکەکەم زۆر بە بەزەیی ترن لە خەڵکی ڕۆما لە نەژاد و بەزەیی، لەبەر ئەوەی من داکۆکاری ڕاستی و دادپەروەریم، لە هەر کوێیەك بم، هەروا لەوێشدابم، دوور نییە لەوەی ئێرە خراپترم بەسەر بێت.**

کریتۆن وتی: با منداڵەکان و خێزانت بە بیربێت، کە دوای تۆ چۆن دەربەدەر دەبن.

وتی: **گەر لە ڕوماش بم، هەر ئەوەیان بەسەر دێت، لێرە ئێوەیان هەیە، لێرە باشترە دەربەدەر نابن.**

کاتێ ڕۆژی سێیەم داهات، قوتابییەکانی زوو هاتن، بەرپرسی بەندیخانە هات و دەرگای کردەوە و یازدە دادوەر هاتن، چوونە لای و لەلای مانەوە، دواتر هاتنە دەرەوە و کۆت و بەندە ئاسنینەکەیان لە پێیانی کردەوە و گرتییەوان چووە لای قوتابییەکانی و هەمووانی هێنایە لای سوکرات و دڵنەواییان دایەوە، و لای دانیشتن، سوکرات لەسەر تەختەکەی هاتە خوارەوە و لەسەر زەوی دانیشت، لاقەکانی خۆی شێلان و خوراندی و وتی: **سیاسەتی خودایی چەندە سەیرە، دژەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هیچ خۆشییەك نییە، ناخۆشی بەدوادا نەیەت و ئازارێکیش نییە چێژی بەدوادا نەیەت**، ئەم قسەیە لەوێدا بووە تەوەری قسەکان.

سیمیاس و فیدون لەبارەی کارە دەروونییەکان شتێکی لێ پرسی و بووە مشتومڕ لەبارەیەوە، تا بە تێری باسی لەبارەی دەروون کرد، وەك جاران کەیف خۆشی و قسە خۆشی، ئەوانیش سەیریان دەهات، چۆن ئاوا پتەوە و مردنی پێ سوکە، هیچی لێ نەگۆڕاوە، نەشلەژاوە و ئاکاری نەگۆڕاوە، وەك باری ئاسایی و دوور لە مردن، ئەوانن پڕ خەم و پەژارە بۆ لە یەك جیابوونەوەیان.

سیمباس وتی پرسیارکردن لەم حاڵەتەماندا بار گرانییە و لە ئاکاری هاموشۆ و ئاشنایەتیدا نییە و نەپرسین بەیانی نائومێدی دەبینین، بەهۆی نەمانی ئەم ژێدەرە مەزنە.

سوکرات وتی: سیمباس واز لە پرسینی هەر شتێك ویستووتە بپرسی مەهێنە، ئەم پرسینەت دڵم خۆش دەکات، ئەم حاڵەتەم و حاڵەتەکەی دیکە لای من هیچ جیاوازی نییە، لە مکوڕبوون بۆ گەڕان بە دوای ڕاستەقینە. ئێمە گەر هەندێ لە

هاوەڵی باشی بێگەرد لە دەست دەدەین، ئەوا لەو باوەڕەدام کەوا دەچین بۆ لای کەسانی چاك و سەربەرزی وەك ئەسلاوس و ئەیارسی و ئەرکیلس و هەموو ئەوانەی ڕابردوو لە چاکەکارانی دەروونگەرایی. کاتێ ئەم قسەیەیان بیست، سەبارەت بە چۆنیەتی جیهان و جووڵەی هەسارەکان، لێیان پرسی و هەمووی وەڵام دانەوە و زۆر چیرۆکی لەبارەی زانینی خواوەند و نهێنی پەروەردگاری بۆ باسکردن. کاتێ تەواو بوو، وتی: وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە، کە دەبێ خۆ بشۆین و نوێژبکەین، ئەوەندەی پێمان بکرێت، وا نەکەین کەس مردووان بشوا. هەڵستا و چووە ماڵ و خۆی شوشت و نوێژی کرد و زۆر مایەوە، خەڵکەکەش لەو نەهامەتییە دەدوان، چۆن ئەو بلیمەتە و باوکە دڵسۆزە لەدەست دەدەن و دوای ئەو وەك سێوی (هێتیم) دەمێننەوە، دواتر دەرچوو، بانگی دوو کوڕەکەی کرد و وتی: شتی نوێتان پێنالێم، بەڵکو هەر ئەوەی پێشتر پێم وتوون، خۆ چاك بکەن، گەر وا بکەن پێتان دڵخۆش دەبم.

دواتر ماوەیەك بێدەنگ بوو، خەڵکەکەش بێدەنگ بوون، خزمەتکاری یازدە دادوەرەکە هات، پێی وت: سوکرات تۆ زۆر بوێری، تۆش دەزانی من هۆی مردنی تۆ نیم، هۆی مردنی تۆ ئەم یازدە دادوەرەن، من فەرمان پێکراوم، تۆش لەهەمووان باشتری، کە هاتوونەتە ئێرە، دەرمانەکە بەهێمنی بخۆوە و خۆڕاگر بە، لەبەر بارە ناخۆشەکە و فرمێسکی لە چاو هاتە خوارەوە و ڕۆیشت. سوکرات وتی: **باشە، وا دەکەین، تۆ هۆکار نیت،** کەمێك بێدەنگ بوو، ئاوڕی لە ئەکریتۆن دایەوە، **وتی بڵێ ئەم پیاوە با ژەهرەکەم بۆ بێنێت،** ئەویش بە بەردەستەکەی وت و ئەویش بانگی کرد و هاتە ژوورەوە و جامی ژەهرەکەی بەدەستەوە بوو، سوکرات لێی وەرگرت و خواردییەوە، کاتێ بینیان

خواردییەوە، هەموویان گریان و خەمبار بوون و دەستیان بە هاوارکرد، سوکرات هاتە دەنگ و وتی: **بەسکەن وا نابێت، ئێمە ئافرەتانمان لەبەر ئەوە نەهێشت، نەك وا بکەن، لە شەرمان بێدەنگ بوون و بەخەمبارییەوە جەرگیان بۆی دەسوتا.** سوکرات کەمێك هاتوچۆی کرد، بە بەردەستەکەی وت، پێیەکانم قورس بوونە، ئەویش پێی وت پاڵکەوە، ئەویش پاڵکەوت و بەردەستەکە پێی دەشێلا و نوقرچەی لێدەدا و دەیوت هەست دەکەیت، وتی نەخێر، چەند جار دووبارەی دەکردەوە، هەردوو پێیەکانی بەرەبەرە ڕەق دەبوون و سارد هەڵدەگەڕان، تا هەردوو ئێسکی گرتەوە، بەردەستەکە وتی گەر گەیشتە دڵی دەیکوژێ. ئەکریتون پێی وت پێشەوای فەلسەفە، هۆشمان لای تۆیە، شتێك بڵێ، وتی: **سەرەتا چیم پێ وتوون هەر ئەوەیە،** دەستی بۆ دەستی ئەکریتون درێژکردوو خستیە سەر روومەتی خۆی دەستی خۆی بۆ ئەکریتۆن درێژ کرد، ئەویش خستییە سەر ڕوومەتی خۆی و پێی وت فەرمانم پێبکە، چیت پێخۆشە؟ سوکرات وەڵامی نەدایەوە، چاوی ئەبڵەق مانەوە و وتی خۆم خستە دەست ئەوەی گیانی بلیمەتان دەکێشێت و گیانی لەدەستدا. ئەکریتۆن چاوەکانی داخست و ڕدێنەکەی ڕێکخست، ئەفلاتوون لەبەر ئەوەی نەخۆش بوو، لەوێ ئامادە نەبوو.

وەك باس دەکەن سوکرات کاتێ مرد، دوازدە هەزار قوتابی هەبوون. سوکرات پیاوێکی سپی پێست، سیسی شین بوو، ئێسك پتەو بوو، ڕوخسار ناشیرین بوو، نێوان دوو شانی تەنگ بوو، جووڵەی هێوربوو، وەڵامی خێرا بوو، ڕدێن پەرپوت و بەژن کورت، کاتێ لێیان دەپرسی، دادەما و دواتر ، بە وشەی بەجێ وەڵامی دەدایەوە ، گۆشەگیر و کەمخۆر و پەرستکار و زۆر باسی مردنی

دەکرد، گەشتی کەم بوو، وەرزشی بۆ لەشساغی دەکرد، جلوبەرگی پەرپووت، سامێکی هەبوو، قسەزان بوو، بە ژەهر مرد.

سوکرات دەڵێت: **سەیرە چۆن ئەوەی بزانێت دنیا نامێنێت، خۆی بێئاگا دەکات لەوەی نەمرە.**

سوکرات دەڵێت: **دەروونەکان فرەجۆرن، ئەوەی هاوشێوبن دەگونجێن و ئەوەی ناکۆک بن ناگونجێت.**

سوکرات دەڵێت: **گونجانی دەروونەکان بە گونجانی ئامانجیانە و جیاوازیان بە جیاوازی خواستیانە.**

سوکرات دەڵێت: **دەروون کۆکەرەوەی هەموو شتێکە، ئەوەی خۆی بناسێت هەموو شتێك دەناسێت و ئەوەی لە خۆی بێئاگابێت لە هەموو شتێك بێئاگایە.**

سوکرات دەڵێت: **جیهان گرتووخانەی زاهیدانە و بەهەشتی دنیاخوازانە.**

سوکرات وتوویەتی: **هەموو شتێك بەرهەمێکی هەیە، بەرهەمی کەمی ماڵیش، خۆشی و بێ خەم و پەژارەیی و دەروونی پاکییەتی.**

سوکرات دەڵێت: **دنیا وەك ئاگرێکی داگیرساو وایە لە ئاگرداندا، ئەوەی سوودی لێوەرگرێت بۆ ڕووناکی چاکە، ئەوەی شەیدای بێت دەیسوتێنێت.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی بایەخ بە دنیا بدات خۆی ون دەکات و ئەوەی بایەخ بە خۆی بدات لە دنیا خۆپارێزە.**

سوکرات دەڵێت: **خوازیاری دنیا گەر ئەوەی دەوێت دەستی دەکەوێت، ئەوا بۆ کەسانی دی جێدێڵێت، گەر دەستی نەکەوت، بە خەمی ئەوەوە دەمرێت.**

سوکرات دەڵێت: **کەسێ کاتێ هەڵە دەکات، بە چاوێك سوود لە تۆ دەبینێت و دەبێتە دوژمنت.**

به سوکرات یان وت: **به خەمباری ناتبینین؟** لە وەڵامدا وتی: **لەبەر ئەوەی هیچی وام نییە گەر لە دەستی بدەم، خەمی پێ بخۆم.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی دەیەوێت ناوبانگی لەدەست نەدات، با ئەوە بخوات کە لە توانایدایە.**

هەروەها دەڵێت: **پەسندی دۆستانت بکە، لای هەر کەسێك پێی گەیشتی، سەری دۆستایەتی پەسندکردنە، وەك چۆن سەری دوژمنایەتی خراپ، باسکردنە.**

سوکرات دەڵێت: **گەر بەرپرسی شتێك بوویت، خراپەکاران لە خۆت دوورکەوە، لەبەر ئەوەی خراپەی ئەوان دەدرێتە پاڵ تۆ.**

سوکرات دەڵێت: **باشترین کاروبار نێوەندگیرییە.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی خێرابێت، دەشێ کەوتنی زۆربێت.**

سوکرات دەڵێت: **دەبێ هۆشمەند لەگەڵ نەزان وا بدوێت، چۆن پزیشك لەگەڵ نەخۆش دەدوێت.**

سوکرات دەڵێت:**خراپەکار، مردنی دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی خەڵك لە خراپەکارییەکەی.**

سوکرات دەڵێت: **پادشای هەرە مەزن، ئەو کەسەیە بەسەر هەوەسەکانی زاڵ بێت.**

لێیان پرسی: **چ شتێك خۆشترە؟** لە وەڵامدا وتی: **سوود لە ئەدەب وەرگرتن و گوێ بیستی هەواڵی نوێ.**

سوکرات دەڵێت: **باشترین شت کە مرۆڤ دەستی کەوێت، برادەری دڵسۆزە.**

سوکرات دەڵێت: **نهێنی کەسانی دیکە بپارێزە، وەك چۆن تۆ دەتەوێت نهێنیەکانت بپارێزرێن، گەر لە نهێنیەکانت تەنگەتاو بوویت، ئەوا کەسانی دیکە لە تۆ تەنگەتاوتر دەبن.**

سوکرات دەڵێت: **لوتکەی بلیمەتی، ئاکاری جوانە.**

سوکرات دەڵێت: **خەوتن مردنێکی سووکە و مردن خەوتنێکی قووڵە.**

بە قوتابییەکی وت: **پشت بە ڕۆژگار مەبەستە، ڕۆژگار زوو پشت لەو کەسانە دەکات، پشتی پێ دەبەستن.**

سوکرات دەڵێت: **دنیا گەر جارێ خۆشحاڵت بکات، زۆرجاری دی نائومێدت دەکات.**

سوکرات دەڵێت: **لە نەزانین زیانبەخشتر نییە، لە ئافرەت خراپکارتر نییە.**

سوکرات دەیڕوانیە مێردمنداڵان فێری نووسین دەبوون، وتی: **خراپی مەکەن.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی دەیەوێت لە فێڵی شەیتان ڕزگاری بێت، بە قسەی ئافرەت نەکات، ئافرەتان پەیژەن، شەیتان پێیەوە سەردەکەوێت.**

سوکرات دەڵێت: **نەزان ئەو کەسەیە، دووجار ساتمە لە بەردێك بکات.**

سوکرات وتی: **ئەزموون باشترین پەروەردەکارە و ڕۆژگار پەند دادەر و ئاکاری ئاشناکانت باشترین زانینە.**

سوکرات دەڵێت: **بزانە تۆش وەك ئەوانەی ڕابردوو دەڕۆیت و ئێستاش لە شوێنی ئەواندای و لەو توخمەی لێی دروست بووی، بۆی دەگەڕێیتەوە.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی کەم خەم لەوەی لە دەستی چووە بخوات، دەروونی ئاسوودەیە و هزری ڕۆشنە.**

سوکرات  دەڵێت: **ئەوەی سوپاسگوزاری نیعمەت نەبێت، نزیکە ئەم نیعمەتەی لە دەست بچێت.**

سەقرات دەڵێت: **ناوبانگی باش، لە ماڵ و سامان باشترە، سامان نامێنێت و ناوبانگ دەمێنێت، پەندیاری دەوڵەمەندییەکی بێکۆتاییە.**

سوکرات  دەڵێت: **ئەوەی لە دەروونت دابوو، بە هەموو کەسی مەڵێ، چەند خراپە خەڵك شتەکانیان لە ماڵی خەڵك دابنێن.**

بە سوکرات یان وت: **ئەوەندە دەڕوانیتە کتێب، لەوە ناترسیت، چاوت لەدەست بدەیت.** لە وەڵامدا وتی: **گەر بینایی بمێنێ، ئەوەی تر هیچ نییە.**

فەیلەسوفێك ڕوانییە ئافرەتێك گەڵای دارێك هەڵواسرابوو، وتی: **خۆزگە هەموو دارێك ئەم جۆرە بەرهەمەی هەبوایە.**

یەکێك پێی وت: **گەر ئەم کوپەیەی تێیدای شکا، چی دەکەی؟** وتی: **هەتا گەر بشکێ، خۆ شوێنەکە ماوە.**

سوکرات  دەڵێت: گەر ویستت بۆ ئەوە بژی، خۆتی بە قوربان بکە.

سوکرات  دەڵێت: **لێبوردن ئەوەندەی خراپەکار تێکدەدات، سەر ڕاستیان باشتر دەکات.**

سوکرات   لە کاروانێکی دەوڵەمەندان بوو، دز و ڕێگر ڕێیان پێگرتن، دەوڵەمەندەکە وتی: **وای لە من، کە بزانن چ دەوڵەمەندم؟**

سوکرات  دەڵێت: **وای لە من گەر نەزانن من کێم.**

سوکرات  دەڵێت: **پەسندکردن تەنیا بۆ ئەوەی ڕاستە، کارکردن تەنیا بۆ ئەوەی ڕەوایە، بۆ دەستکردن بەهەر شتێك دەبێت پاشەڕۆژ لەبەر چاو بگیرێت.**

سوکرات  دەڵێت: **نەرمی، کاکڵی بەخشینە، توندوتیژی کاکڵی خراپەکارییە.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی بلیمەتی پێدراوە، سوود لەوە نەبێت زێڕ و زیوی نییە، بەرهەمی بلیمەتی هێمنی و ئاسوودەییە و بەرهەمی زێڕ و زیو ئازار و ماندووبوونە.**

بە سوکرات یان وت: **چۆن بڕوانینە دنیا؟**

وتی: **بە نرخێکی گران پێشوازی مەکەن، و ئەوەی لەدەست چووە، خەمی لێ مەخۆن، نە ئەوەی یەکەم سوودی هەیە بۆتان و نە ئەوەی دووەم دەگەڕێتەوە.**

سوکرات دەڵێت: **قسەی خۆش، نیشانەی تێگەیشتنی چڕە.**

بە سوکرات یان وت: **چی باشە مرۆڤ لە بچووکی فێر بێت؟** لە وەڵامدا وتی: **ئەوە فێربێت، نابێت لە گەورەیی نەیزانێ.**

سوکرات دەڵێت: **دەروون گەورە، بۆ خۆشی سەرەڕۆ نابێت و بە ناخۆشی تێکناچێت، ڕوانینە لایەنی باشی شتەکان، سەرچاوەی خۆشییە، ڕوانینە لایەنی خراپی شتەکان، سەرچاوەی ناخۆشییە.**

سوکرات دەڵێت: **پێنج لە پێنج شت تێر نابن: چاو لە ڕوانین، ژن لە پیاو، گوێ لە هەواڵ، ئاگر لە دار، زانا لە زانست.**

سوکرات دەڵێت:**ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی بکات، ئەوا لە (ماستاوچیەتی) لە ملکەچی بۆ کەسانی دی خۆی پاراست.**

هەروەها دەڵێت: **هیواکان پەتی نەزانینن، ئاشنایەتی باش، لە خراپە دەتپارێزێت.**

بە سوکرات یان وت: **تۆ بە چی لە خەڵکی دیکە باشتری؟** لە وەڵامدا وتی: **مەبەستم لە خواردن ژیانە، ئەوان مەبەستیان لە ژیان خواردنە.**

سوکرات  به ئەرسجانسی وت: **ئاگر بە چەقۆ خۆش مەکە.** وتیان مەبەستی ئەوە بووە کەسی تووڕە مەوروژێنە.

**هەروەها** پێی وت: **وریای شێری دووپێ بە.** مەبەستی پادشا بووە.

بە سوکرات یان وت: لای فلان باسم کرد، نەیناسیت. وتی: **بۆ من هیچ نییە نەمناسێت، زیان بەو دەگات نەمناسێت و نەیناسم، لەبەر ئەوەی کەسی نەزان من ناناسێت و من کەسی نەزان ناناسم.**

لاوێك لە سوکرات ی پرسی: **دەمەوێت ژن بێنم.** وتی: **ئاگادار بە وەك ئەو ماسییەت لێ نێت، کەوتە تۆڕەوە، ئەوەی لە دەرەوەیە، دەیەوێت بچێتە ناوەوە و ئەوەی لە ناوەوەیە، دەیەوێت بێتە دەرەوە.**

سوکرات  دەڵێت: **هۆی جوانی، خۆشویستنی سوودە.**

سوکرات  کەسێکی بینی شەرمی دەکرد لەبارەی فەلسەفە بپرسێت. پێی وت: شەرم لەوە دەکەین کۆتایی تەمەنت لەوە باشتر بێت، کە لە سەرەتا بوویت.

سوکرات  لە خەودا بینی: **کەوێك لای ئەو دەخوێنێ و لەناکاو فڕی، ئەوەندە خۆشی خوێند، هەموو خەڵك لێی ئاگاداربوون.** ئەفلاتوون وای لێکدایەوە، کەوا قسەکانی سوکرات  بە هەموو لایەك بڵاودەبنەوە.

دەڵێن لە سەرەتادا ئەفلاتوون هۆنراوەی وتووە، دواتر گوێی بە قسەکانی فیساگۆرس بوو، لە تەمەنی خوار بیست ساڵی کتێبێکی لەبارەی ئامرازەکان داناوە، دواتر ڕووی کردۆتە فەلسەفە و چۆتە لای گروپی ئەرا کلیتۆس و خاوەن ڕێچکەی تایبەتی خۆیان بوون و دواتر ڕەخنەی لەبارەیانەوە بیست و هەوڵیدا فەلسەفەی ڕاستەقینە فێربێت و دوای مردنی فیساگۆرس چووە لای سوکرات  و

سوکرات  بووه ڕێبەری، بەڕێکەوت سوکرات ی بینی دەدوا، زیونوسیوس کۆیکردبوونەوە و کاتێ گوێی لە قسەکانی ڕاگرت، هەوڵیدا پەندیاری فیساگۆرس فێربێت و وازی لە هۆنراوە هێنا و لەمبارەیەوە دەڵێت:

ئەی ئەفلاتوون ... ئێستا پێویستیت بە شتێکە لە (چین چینی نەتەوەکانی) داهاتوو، لە فەلسەفەدا بایەخی بە خوداناسی دەدا، پشتی لە خۆشی دنیا کرد و ڕەتیکردەوە، لە بتپەرستنندا دژی یۆنانییەکان بوو، بە بەڵگەی خودایی گەنگەشەی لەگەڵ سەرۆکەکانی دەکرد ، خەڵکیان دژی هاندا و پادشایان ناچارکرد، بە کوشتی بدات. پادشا لەبەر ناڕەزایی ئەوان خستییە بەندیخانە، دواتریش ژەهری دەرخواردا. لە شوێنەوارەکانی ئەو دیالۆگانەیە کە لەگەڵ پادشادا کردوویەتی، ڕاسپاردەی بەرزی لە پاشی بەجێماوە، ئاکاری جوانی لە پاش بەجێماوە، پەند و ئامۆژگاری بەرزی لە پاش بەجێماوە، نزیك لە ڕێبازی فیساگۆرس و بندکلیس، بەڵام لەبارەی ڕۆژی دوایی ڕاوبۆچوونەکانی لاوازن، دوور لە فەلسەفەی پووخت، دوورن لە ڕێبازی ڕاستەقینە. میری **(موبشری کوڕی فاتك)** لە کتێبی **(مختار الحكم و محاسن الكلم) (پەندی هەڵبژاردە و ئاخاوتنە جوانەکان)**، (سکراتیس) بە یۆنانی، واتە پەناگیری بە دادپەروەری، ئەویش کوڕی (سفرونسکس)ە، لە نەژاد و لەدایکبوونی لە ئەسینا بووە، سێ کوڕی هەبووە، کاتێ ویستی ژن بێنێت، گێلە ژنێکی هێنا لە شارەکەی، لەهەمووان قسە ڕەقتر بوو، لەوەوە لەبەر خراپی ئاکاری فێری خۆڕاگری بوو، بۆ ئەوەی ڕابێت لەسەر نەزانی خەڵکی و نەزانی دەستە بژێرەکان.

ئەوەندەی فەلسەفە خۆشدەویست، زیانی گەیاندە ئەوانەی دوای خۆی فەلسەفەیان خۆش دەویست، بە ڕای وی لەبەر گرنگی و بەرزی نەدەبوایە پەندیار لە پەڕ و قرتاسیەدا بنووسێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: پەندیار پاك و پیرۆزە، پیس و چەپەڵ نییە، دەبێ تەنیا لە دەروونی پاك دابێت، لە پێستەی گەنیو بیپارێزین و لە دڵە یاخیەکان بیپارێزین، هیچ کتێبی دانەناوە و بە هیچ قوتابییەك لە هیچ تۆمارێکدا نەینووسییەوە. تەنیا زانینەکەی بۆ باس دەکردن، ئەویش لە مامۆستاکەی تیماتاوس فێربوو، لە منداڵی لە وەڵامی ئەوەی داوای لێکردبوو، ئەم پەندانە بنووسێتەوە، کە لە مامۆستاکەی دەیانبیستێت؟ پێی وتبوو چۆن بە پێستەی ئاژەڵی مردوو متمانە دەکەی، بۆ ئەم ئەرکە بۆ هزر و بیری زیندوو هەڵنابژێریت، گریمان کەسێك لە ڕێگادا پێتگەیشت و لەبارەی زانستێ لێی پرسیت: ئایا وا باشە بیگەڕێنیتەوە ماڵەکەت و نواڕینە کتێبەکانت یا وا باشترە لە ئەزبەریان بکەیت، سوکرات لەم ڕۆژەوە بایەخی بە ئەزبەرکردن داوە.

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی شەرم ناکات، بیری لێ مەکەوە**، هەروەها دەڵێت: **لە چاکە دەست مەگێڕەوە، گەر کەسێك بەدنمەکی کردی، هەژاری باشترە کە نانت حەڵاڵ بێت، لەوەی دەوڵەمەند بیت و نانت حەرام بێت.**

سوکرات وتوویەتی: **دنیا ئەوەندە ناجێگیرە ... ئەوەندەی چاوتروکانێکە.**

پیاوێك لەگەڵ سوکرات دوا و زۆری وت، سوکرات پێی وت: **قسەی دواییت قسەی بەرایتی لە بیر بردمەوە.**

سوکرات دەڵێت: **باشی ڕاستە، دادپەروەرییە، لەبەرئەوەی هۆکاری هەموو باشییەکە، باشی میانەگیرییە، ستەمیش هەروا ناشیرینییە و هۆکاری هەموو ناشیرینییەکە، ناشیرینیش لە میانڕەوی بەدەرە.**

سوکرات دەڵێت: چاکەکاری نەزانین هاوشانی مردنە.

سوکرات بە شاگردەکانی دەڵێت: **گوناهەکانتان بە چاکە بسڕنەوە، ڕۆژانتان بە بەزەیی بەسەربەرن.**

بە سوکرات یان وت: **ئەو شتە چییە ناتوانیت دەستبەرداری بیت،** وتی: **سەرکەوتنە،** بۆ نەتوت: **هۆش؟** وتی: **هۆش بەبێ سەرکەوتن بێسوودە، لەبەر ئەوەی بە سەرکەوتن دەگەیتە بەرهەمی هۆش و سوودمەند دەبیت.**

سوکرات دەڵێت: **سامان پۆشاکی لەخۆبایی بوونە، و هەوەسیش بارهەڵگری گوناهانە، هیوای سەرمایەی نەزانانە، و خۆبەزلزانی بنکەی خراپەیە، و بەدئاکاری ناوبڕە لە نێوان مرۆڤ و خودا.**

سوکرات وتوویەتی: **سەرچاوەی خۆشی مرۆڤ، دڵی میانگرە، سەرچاوەی خۆشی جیهان، پادشای دادپەروەرە، و سەرچاوەی خەمی مرۆڤ، دڵی ڕاڕایە، پادشای زۆردار سەرچاوەی خەمی جیهانە.**

سوکرات دەڵێت: **بە مردن، شتەکان سووکبار بکەن، تاڵییەکەی لە ترسەکەدایە، وێژەوان نابێت گلەیی لە نەزان بکات، چۆن بەئاگا نابێت، گلەیی لە سەرخۆش بکات.**

سوکرات دەڵێت: **دەوڵەمەندی ڕەزیل و قرچۆک لە پایەی کەر و وڵاغدان، زێڕ و زیوی لێ بارکراوە و، کا و جۆ دەخوات.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی هۆش و ئامۆژگاری دۆستەکەت دەردەخات، ئەوەیە خەوشەکانت دەردەخات و لە تۆی دووردەخات، بە چاکە ئامۆژگاریت دەکات و لە تۆ فێردەبێت.**

لە قسەکانی سوکرات : **بە یەکجار خۆشەویستی بۆ دۆستەکەت دەرمەبڕە، گەر گۆڕان لە تۆ ببینێت، دوژمنداریت دەکات.**

سوکرات وتوویەتی: **ئەوەی خودای پێ بناسین، ئەوەیە زیندووە، باڵایە، زانایە بەتوانایە، بەخشندەیە.**

سوکرات دەڵێت: **دڵی عارفان شوێنگەی فریشتەکانە و سکی چێژەوەرانی شەهوانی گۆڕی ئاژەڵە تێچووەکانە.**

سوکرات دەڵێت: **ژیان دوو ڕادەی هەیە، یەکەم هیوا و دووەم کۆتایی، بە یەکەم مانەوەیە و بە دووەم لەناوچوونیەتی.**

ژنی سوکرات زۆر زیانی پێدەگەیاند، ڕۆژێك هات، بە هات و هاوار جنێوی پێدەدا، سوکرات یش سەیری کتێبی دەکرد، ئاگای لەو نەبوو، ئەویش لە دەفرێکدا جلی دەشوشت، لە تووڕەییان هەمووی بەسەرداکرد، سوکرات وتی: **ئەوەندە گرمە و بروسکەتدا، تا کردووەیە باران.**

سوکرات دەڵێت: **تەرازوو ون مەکە،** واتە ڕاستی بڵێ.

هەروەها سوکرات دەڵێت: **زۆرجار لە وتن پەشیمان بوومەتەوە، بەڵام لە بێدەنگی نا.**

سوکرات دەڵێت: **وەك چۆن پێویستیمان بە پزیشکی جەستەیی هەیە، بە هەمان شێوە پێویستیمان بە پزیشکی گیانی هەیە، پێویستیمان بە پزیشکی ئایینان هەیە، شەریعەتمان بۆ دیاریدەکەن.**

سوکرات دەڵێت: **سەرەڕۆیی دژی ترسانە، میانگیری چاکەی نێوانیانە، فریاکەوتنە.**

سوکرات دەڵێت: **چۆن خەڵك ڕاست دەبن، گەر ئەوەی ستەمیان لەسەر هەڵگرێت، ستەمکاربێت.**

سوکرات دەڵێت: **دواخستنی کاروبارێك بۆ بەیانی، زیان بە سیاسەت ناگات.**

سوکرات دەڵێت: **سەرەتای کار، لە پاداشتی باشترە.**

سوکرات دەڵێت: **ئەوەی بە ستایشکردن ڕازی بێت، کە تیایدا نەبێت، ئەوا درۆی خۆشویستووە و مایەی گاڵتەجاڕییە.**

سوکرات دەڵێت: **ئازادی دەرنەچوونە لە بەندەکاری هەوەسە خراپەکان لە هۆشدا.**

سوکرات دەڵێت: **کوڕەکەم، چاکە بکە، ئەوەی دار مێو بچێنێت، مەی دەخواتەوە.**

سوکرات دەڵێت: **یەکەم شت مرۆڤ پێی دەژییت، ئاکارە.**

ئەفلاتوون بۆ سوکرات ی نووسیبوو: ((**سێ شتت لێ دەپرسم، گەر وەڵامت دامەوە، دەبمە قوتابی تۆ، چ کەسانێك شایەنی بەزەیین؟ کاروباری خەڵکی کەی شپرزە دەبێت؟ چۆن نیعمەتی خوا وەردەگرین؟**)) سوکرات بۆی نووسی: ((**سێ کەس شایەنی بەزەیین: سوڵتانی زۆردار چاکە بکات، ڕۆژگاری خەمبارە بۆ ئەوەی دەیبینێت و دەیبیستێت. و ژیرێك لە بەڕێوەبردنی نەزان، هەموو ڕۆژگار خەمبار و شەکەتە، و بەخشندە پێویستی بە ناکەس بێت، هەموو ڕۆژگار ملکەچە. کاروباری خەڵك ون دەبێت، گەر ڕا لای کەسانێك بێت، لێیان وەرنەگیرێت و چەك لای کەسانێك بێت، بەکارینەهێنێت و سامان لای کەسانێك**

**بێت خەرجی نەکات. نیعمەت بە سوپاسگوزاری لە خودای مەزن وەردەگیرێت، بە ملکەچبوون و خۆ دوورخستن لە گوناح**، ئەفلاتوون هاتە لای سوکرات و وەك قوتابی ئەو مایەوە، تا کۆچی دوایی کرد.

سوکرات دەڵێت: **گەر کەسێك ئیرەیی (حەسوودی) بەهۆی چاکەیەکی تۆ پێبردی، و هەوڵیدا زیانت پێبگەینێت، یا قسەی بۆ هەڵبەستیت کە نەتوتووە، هەمان هەڵوێستت دەبێت، دەنا بیانو بۆ سووکایەتییەکەی دەهێنێتەوە، ڕێگەی بۆ خۆشدەکات ئەوەی دەیەوێت وا بێت، بەپێچەوانەی چاکەی دیکەی لەگەڵدا بکە، بەوە زیانی ئەوەندە پێدەگات، کە شایانییەتی بێ ئەوەی بەڵگەی پێبدەیت.**

سوکرات دەڵێت: **هۆشمەند دەبێت لەناو خەڵکیدا دەستبژێری بکات، وەك چۆن زەوی باش بۆ چاندن هەڵدەبژێرێت.**

سوکرات دەڵێت: **هیوای زۆر، کۆتایی لەیاد دەباتەوە، پەیڕەوی هەوەس لە خواترسی لەیاد دەباتەوە.**

لێیان پرسی: **مکوڕی چییە؟** لە وەڵامدا دەڵێت: **وا کاربکەیت ئەنجامەکانی دابین بن.**

سوکرات دەڵێت: **خراپترین ئاخاوتن ئەوەیە پێی ببیتە بەندە.**

سوکرات لە کتێبی (دانانی ڕێساکان) دەڵێت: **خراپترین خراپەکاری ئەوەیە لەلایەن ئەو کەسەوە بکرێت، کە بریکاری نەهێشتنی خراپەکارییە.**

هەروەها سوکرات دەڵێت: **بەختەوەر ئەو کەسەیە، بزانێت و کاربکات بەوەی دەزانێت.**

سوكرات  له فه‌لسه‌فه‌دا زاناتره له‌چاو جه‌نگ، پیاوی بوێر به‌هۆی ناوبانگی ئه‌وه‌نده گویێ به كۆسپه‌كان نادات، كاتێ ده‌كه‌وێته جه‌نگه‌وه، بیر له چۆنیه‌تی سه‌ركه‌وتن ده‌كاته‌وه، ده‌روونی داده‌مركێته‌وه و ترسی ده‌ڕه‌وێته‌وه.

سوكرات   مه‌ته‌ڵ و هێمای هه‌بوو بۆ قوتابیانی ده‌خسته‌ڕوو، له‌وانه **(ئه‌رسجانس)** و زۆربه‌یان له كتێبی **(فازن)**دان، وا لێره‌دا به ئاڵۆزی ده‌یانهێنینه‌وه. له‌وانه وتویه‌تی: **له ژاوه‌ژاوی ڕۆژدا بێده‌نگبه و له شه‌ودا بئاخێوه، كه هێلانه‌ی شه‌مشه‌مه‌كوێری لێنه‌بێت، شه‌ش كولانه‌كه بگره، ده‌رگای ئاخاوتن دابخه، شێر گورگ ناخوات، له ته‌رازوو لامه‌ده، سێو بۆن مه‌كه، له مردندا میرووله مه‌به، هاوه‌ڵی دڵنه‌وابه، نه‌ك هاوه‌ڵی پۆلیسی، له‌گه‌ڵ هاوڕێیانی كه‌وان مه‌به، له‌به‌ر ده‌رگای دوژمنات وه‌نه‌وز مه‌ده، دووپشك به ڕۆژ بكوژه، گه‌ر ویستت ببیته پادشا، دڕنده‌به، حه‌وت له‌یه‌ك گه‌وره‌تر نییه، گه‌ر داوای خواردنت لێبكرێت، ببیه‌خشه، گه‌ر شایانی خواردن لێبكرێت، ببیه‌خشه، گه‌ر شایانی خۆراكی خۆش بوو، ببیه‌خشه.**

سوكرات  ده‌ڵێت: **له گڕی ئاگر، ڕووناكی یه‌كه‌ی به‌سه.** یه‌كێ لێی پرسی: **ئه‌م یه‌كه‌ت له كوێ بوو،** وتی: **ده‌زانم یه‌ك به ڕه‌هایی پێویستی به دوو نییه، گه‌ر هاوبه‌شی یه‌ك بیسه‌پێنیت، ئه‌وا شتێكی ناپێویستت كردووه.**

سوكرات  ده‌ڵێت: **ده‌روونی ئاخێوه‌ر كاكڵێكی ساده‌یه و حه‌وت هێزی تیایه، جوڵه‌ی تاك جیاوازی پێوه‌ده‌كات.**

جووڵه‌ی تاكانه گه‌ر به‌ره‌و خۆی و هۆشی جوولا، و جووڵه‌ی جیاوازه‌كان گه‌ر به‌ره‌و پێنج هه‌سته‌كه جوولا و یۆنانییه‌كان سێ خانه‌یان پێكهێنا، یه‌كه‌م: له ئه‌نتاكیا له‌سه‌ر چیاكه‌ی، لای مه‌زن بوو، ئه‌وان قوربانی تیاده‌ده‌ن، دواتر

وێران بوو. دووەم: لە هەرەمەکانی میسر، خانەیەك بتی تیا دەپەرسترا، سوکرات دژی ئەو پەرستنانەیان وەستا. سێیەم: خانەی پیرۆز، کە داود بنیاتینا و سلێمان پێغەمبەر سلاوی لێبێت تەواوی کرد، هەیە دەڵێت ئادەم بنیاتی ناوە و لە نێوان دروستکردنی ئەم و کەعبە چڵ ساڵ نێوانیان بووە، هەشیانە دەڵێت سلێمان پێغەمبەر بنیاتی ناوە، زەردەشتیەکان دەڵێن: زوحاك بنیاتی ناوە، یۆنانییەکان وەك جوولەکە و مەسیحییەکان ڕێزیان لێناوە.

سوکرات ی فەیلەسووف وتوویەتی: نیشانەی سوڵتانی خاوەن دەستەڵاتی بەردەوام ئەوەیە، ئایین و هۆش لە دڵیدا زیندوو بن، بۆ ئەوەی لە دڵی خەڵکیدا خۆشەویست بێت و لە هۆش نزیك بێت. خوازیاری زانین بێت، بۆ ئەوەی شارەزایی زانایان بێت، چاکەی زۆربێت و خانەی گەورەبێت بۆ ئەوەی لای چاکەکاران ڕێزدار بێت، بایەخ بە وێژەوانان بدات تا وێژەوانی لێ بکەوێتەوە، ئەو کەسانە دوورخاتەوە کە خەوشگرن، تا خەوشی لێ دوورخاتەوە، هەر پادشایەك ئەم سیفەتانەی نەبوو، با خۆشخاڵ نەبێت بە شانشینەکەی، لەبەر ئەوەی هۆکاری وێرانبوونی زوو پێدەگات، دەبێتە هۆی لەدەستدانی هاموشۆکاران و خزمانی، چونکە لەبێ ئاوەزی فیتنە سەرهەڵدەدات.

# بەشی نۆیەم

## دادگایکردنی سوکرات
## بەناوبانگترین لەناوبردن لە مێژوودا



سوکرات  به یەکەم کەس دەژمێردرێت، لەپێناو ئازادکردنی تاکەکەس لە پەیوەندییەکانی بە دەوڵەت و یاسا ستەمکارەکانییەوە، و لە پێناو ئازادیی بیر و ئازادی مرۆڤایەتی خۆی بەختکرد.

کەسایەتییەکی بەهێز و بەناوبانگی وەك سوکرات  هەر دەبێت ببێتە جێگەی ڕق و کینە لەلای هۆشە تەسکەکان، ئەوانەی تەنیا وەك مشەخۆرێکی گاڵتەچیان دەبینی، لاوان دەوریانداوە و مەترسییە بۆ سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی.

لە ساڵی (٣٩٩پ.ز) سێ کەس، میلتوس، ئەنیتۆس، لیکۆن تۆمەتیان دایە پاڵ سوکرات ، کۆنووسی تاوان دانە پاڵەکەش، سێ خاڵی سەرەکی تێدابوو، یەکەم دەڵێت: سوکرات  خواوەندی ئەسینای ڕەتکردۆتەوە، دووەم: خواوەندی بیانی هێناوەتە شار، سێیەم: هۆشی لاوانی تێکداوە. هەموو هەوڵی فەیلەسوفان و پارێزەران بۆ ڕزگارکردنی لە مردن سوودی نەبوو، ٢٨١ دەنگ بە گوناهباریان زانی و ٢٢٠ دەنگ بە بێ گوناح، و بڕیاری کۆتایی درا بە سەپاندنی مەرگ بەسەر سوکرات .

سوکرات  چەند کاتژمێرێکی کۆتایی تەمەنی، بە ئاخاوتن لەگەڵ هاوەڵانی لە بارەی نەمری گیان بردە سەر، ڕازی نەبوو وادەی خواردنەوەی جامی ژەهرەکەی دوابخرێت، کە ژەهری گورگە مەرگ (شەوکەران) بوو، ژەهرەکە بە بێ بێز و دوودڵی خواردەوە، پێش ئەوەی گیان بدات هاوەڵانی ڕاسپارد بە هەندێ لە دوا ڕاسپاردەکانی، ژیانی یەکێك لە فەیلەسوفەکانی هەموو چاخەکان، دیالۆگەکانی سوکرات  کە ئەفلاتوون لە دیالۆگەکانی نووسیویەتی، دادگایی کردنی سوکرات  و بەرگرییەکانی هەموو تۆمارکراوە.

دیالۆگە سوکرات ییەکان زنجیرەیەکە لە دیالۆگ، کە ئەفلاتوون و (زینۆفۆن) نووسیویانە لە شێوەی گەنگەشە لەنێوان سوکرات و کەسانی دیکەی سەردەمی خۆی، یا گفتوگۆی نێوان هاوەڵانی سوکرات ە، لە بارەی چەمك و بیروبۆچوونەکانی سوکرات ، دیالۆگی (فیدۆن)ی تایبەت بە ئەفلاتوون، نموونەیەکی ئەم جۆرە گفتوگۆیانەیە.

هەرچەندە دیالۆگی (بەرگری سوکرات ) مۆنۆلۆجێکە لەسەر زمانی سوکرات ، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕیزی دیالۆگەکان دادەندرێت. (بەرگری سوکرات ) بەڕاستی تۆمارێکی ڕاستەقینەیە بۆ دواندنەکەی سوکرات لە کاتی بەرگری لەخۆکردن لە دادگا داویەتی.

بەرگرییەکە لە سیستەمی (سوێندخۆرە ئەسینابییەکاندا) لە سێ بەش پێکهاتووە، دواندن، هەڵسەنگاندن یا دژەبەرگری لەخۆکردن دواتر هەندێ وشەی کۆتایی، دادگایی کردنی سوکرات بەم جۆرە بەڕێوە چوو:

پێنج سەد دادوەر دانیشتن، یەك لە تەك یەك، لەسەر پلیکانەکانی کورسی داریان لەسەر ڕیزکرابوو، بە حەسیر داپۆشرابوون، لە بەرانبەریاندا سەرۆکی دادگا، نووسەر و پاسەوانی لەگەڵدابوو.لە خوار جێی پلیکانەکان ئەو سندوقانە دانرابوو، کە دادوەرەکان دوای دادگاییکردنەکە بڕیاری خۆیان دەخەنە ناوەوە، دانیشتنەکە بە ئاشکرابوو، تەنیا پیاوان بۆیان هەیە ئامادەبن. کەشوهەوایخۆش بوو، هەموو هیواداربوون دانیشتنەکە بە تەواوی بکرێت و باران یان سەرما ڕێگر نەبێت لە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان. گەر دادگاکە لە هەوای کراوە سازکرابووایە، ئەوە شتێکی سەیر و دەگمەن دەبێت، ئەوە دەبێت

بزانین ئەوەی باسی دەکەین لە ئەسینا بوو، سەر لە بەیانی ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ٣٩٩ی پێش زایین.

ئەسینا ئەو شارەی دیموکراسی پێشکەشی جیهان کرد، لەو ماوەیەدا دووچاری تەنگانە هاتبوو، ئەسپارتە لە جەنگێکدا کە بیست و حەوت ساڵی خایاند و دۆڕاندبووی، مەرجی توندیان بەسەردا سەپاندبوو، لەوانەش ڕژێمی سی دیکتاتۆرەکە بە سەرۆکایەتی ئەسینییەك کرینیاس، کە ماوەیەکی کەم بوو ئەسینییەکان لە کۆڵە خۆیان کردبۆوە.

لەم کەش و هەوا تاریکەی نیشتمانی، ڕق و کینە زۆربوون و پاکتاوکردن هەبوو، بەڵام دادگا و دادوەران لە ئەسینا هەر مابوو، ژمارەیان شەش هەزار کەس بوو، هاوڵاتی خۆبەخش ساڵانە لەخۆڕا هەڵدەبژێردرێن، دوای ئەوەی دابەشی سەر دوازدە دادگا دەکرێن، لە هەر دادگایەکدا پێنج سەد دادوەر دەبن.

ئەمڕۆ تۆمەتبار پیرێکی ڕدێن سپی و خاوەن جلێکی کۆنە، کوڕی پەیکەرتاش سۆفرونیسك و (فیلاریت)ی مامانە و نازناوی سوکرات ە. ئایا ئەو تۆمەتە چییە ئەمڕۆ لەسەری دادگایی دەکرێت؟ هاوڵاتییەك بە ناوی (میلتوس) بەوە تۆمەتباری کردووە، کە خواوەندەکانیان بەڕاست نازانێت و شەیتانی نوێی هێناوەتە شار و لاوانی گومڕاکردووە، ئەوەشیان تۆمەتێکە سزاکەی مەرگە.

ئەم سوکرات ە کێیە؟ پیاوێکی حەوتا ساڵی، ڕووخسار ناشیرین، دووچاوی دەرپەڕیو و لووتی پان، ڕوویەکی پڕ جلوبەرگی کۆن، پاڵتۆیەکی خوری بێ دوگمەی کەمەربەند. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە، بە پێ خاوسی لە هاوین و زستاندا دەڕوات. سوکرات لە ساڵی ٤٦٩پ.ز لە ئەسینا لە

خانەوادەیەکی هەژار لەدایکبوو، لە بنەماڵەیەکی دارتاش بوون، باوکی هەوڵیدا پیشەی ئەو فێربێت.

سوکرات شەیدای دیالۆگ و گفتوگۆکردن بوو لەگەڵ کەسانی دیکە سەبارەت بە بابەتە جیاجیاکان بانگەشەی بیرکردنەوە و دامانی دەکرد.

لە شاردا دەگەڕا و قسەی لەگەڵ خەڵك دەکرد، لاوانی دەوەستاند و سەبارەت بە بوون و لایەنەکانی ژیان دەیدواندن. ئەسینا لەو سەردەمیدا دیموکراسی بوو، پڕبوو لە فەیلەسووف و سیاسەتمەدار و ئاکار، خەڵك ڕوویان تێکردبوون، بۆ ئەوەی بنج و بناوانی بیرکردنەوە فێربن، ئەوانیش بەرانبەر ماندووبوونیان پارەیەکی زۆریان وەردەگرت، کەچی سوکرات ڕازی نەدەبوو بیرو هزر بفرۆشێت، وای دانابوو فەلسەفە پەیڕەوێکی ڕۆژانەی ژیوەرە، واتە چەشنە ژیانێکە، سوکرات هاوڵاتییەکی ئەسینی هاوشێوەی ئەوانی دیکە نەبوو. بایەخی بە لایەنی ماددی ژیان نەدەدا، هەرچەندە ژنی هێنا و سێ کوڕی هەبوو، هەمیشە دنیانەویست بوو. ئەویش وایکرد ئاڵۆز و لێڵ دەرکەوێت، بەڵکو زۆرجاران ببوە جێی گاڵتەپێکردن، سوکرات بە هەموو شێوەیەك هەوڵیدا ڕاستی بۆچوونەکانی ڕوونکاتەوە، بە گوێی وتوێژکارانیدا دەدا، کەوا ڕاستییەکی خودایی هانیدەدات وا ڕەفتاربکات، ئەم ڕاستییەش ویژدانی ناخی گیانییەتی.

ئەم هەست و نەست و ئەم بیروبۆچوونانە، هەندێك بە دڵیان نەبوو، هەر ئەمەش بوو ئەمڕۆ گەیاندییە بەردەم دادگا، گوایە **(لاوان گومڕا دەکات و باوەڕی بە خواوەندی شار نییە)**.

لە سەرەتای دانیشتنەکە، لەوکاتەیدا سیستەمی داواکاری گشتی نەبوو، وەك ئێستا یەکسەر سکاڵاکاری یەکەم **ملیتوس** وەستا و لەبارەی

خراپەکارییەکانی سوکرات  لە کۆمەڵگەدا دوا، دواتر دوو داواکارەکەی دیکە **(لیکۆن)** و **(ئەنیتۆس)** هەموویان داوای لە سێدارەدانی سوکرات یان کرد **(پیری خراپەکار).**

ئەنیستۆس پاساوێکی دیکەشی هەبوو بۆ داواکەی دژی سوکرات ، کوڕەکەی قوتابی سوکرات  بوو، ( بەو گومڕابببوو)، هەر لەبەر ئەوەش بایەخی بە پیشەی باوکی نەدەدا، کە بازرگانی کردن بوو بە پێست، سەرەڕای ئەوەش جارێکیان سوکرات  لە بەردەم خەڵك گاڵتەی پێکرد و تیایدا نەزانی ئەوی دەرخست و قسەکانی زۆر هیچ و پووچ پیشاندا.

لە بێبەختی سوکرات ی پیرەمێرد، کریتیاس، دکتاتۆری خوێنرێژ و کرێگرتەی ئیسپارتییەکان قوتابی ئەوبوو، لە ماوەیەك لە ژیانیدا، کریتیاس و ئەوانەی دیکەی جێی ناڕەزایی خەڵك بوون لە کۆمەڵگەدا، لای سوکرات  وەك قوتابی وەرگیران، واتە کرانەوە بەسەر هەمووان بیٚ گوێدانە ڕای سیاسی و فەلسەفی یان چەشنی ئەو ژیانەی هەیانە.

با بڵێین سوکرات ، بە بیر و هزر و وتوێژەکانی، ببووە کەسێکی وەڕسکار، نەك تەنیا بۆ دەستەڵاتداران، بەڵکو بۆ ئەو باوکانەش، کە بە چاوی خۆیان دەیانبینی چۆن منداڵەکانیان گویٚ بەوان نادەن و دەکەونە دای مامۆستاکەیان سوکرات .

دوای ئەوەی هەر سیٚ داواکار قسەکانیان تەواو بوو، نۆرەی تۆمەتبار هات، ئەوکاتیش لە دادگاکانی ئەسینادا تۆمەتبار خۆی بەرگری لە خۆی دەکرد.

ئەگەر نەیتوانیبوایە، پیشەزانێك بەرگری پێدەوت و لەبەری دەکرد و دەیوتەوە، هەروەها دەبێت تەنیا لە ئەوەندە کاتەدا بەرگری لە خۆی بکات، کە داواکارەکان پێویستیان بوو، بۆ سکاڵا و داوایەکەیان.

سوکرات بەرگرییەکەی بە ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکانی دەستپێکرد، دواتر کەوتە هێرشکردن، وتی: ئەوانەی گفتوگۆ و دیالۆگم لەگەڵ کردن، گوایە زانان، لە ڕاستیدا نەزان و هیچ لە بارنین و هیچ نازانن، من لە هەموو خەڵك زاناترم، لەبەر ئەوەی خەڵك وا دەزانن شتێك دەزانن، لەڕاستیدا هیچ شتێك نازانن، بەڵام من دەزانم، کە من نازانم.

لە کۆتاییدا سوکرات دادوەرانی وریاکردەوە لەوەی بە مەرگ دادگایی بکەن. گەر وا بکەن کەس وەك ئەو نادۆزنەوە و خودا و ئەسینیەکان دەخاتە متبوونی هەتاهەتایێ. گەر واش نەکەن، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی، وەك هەمیشە وایکردووە و ویژدانی فەرمانی پێدەکات. سوکرات داوای سۆز و بەزەیی دادوەرانی نەکرد، وەك هەر کەسی دەیکات لە بەردەم دادگادا، ئەوەی وت و بێ هیچ هەڵچوونێك دانیشت.

دادوەران یەکە یەکە لە پلیکانە هاتنە خوارەوە، بۆ ئەوەی دادگایی خۆیان بخەنە سندوقەوە، ئەمە یەکەم دەنگدان بوو، تایبەت بە تاوانکارکردن یا بێتاوانکردنی تۆمەتبار.

ئاکامی دەنگدان بە تۆمەتبار ناساندنی سوکرات کۆتاییهات، بەجیاوازییەکی کەم: ٢٨١ دەنگ دژی ٢٢٠ دەنگ. لەم حاڵەتەدا یاسای ئەسینی ڕێدەدات تاوانبار خۆی جۆری سزاکەی دیاری بکات.

سوکرات وەستا و ڕایگەیاند زۆری پێخۆشە بەریتانی لە خۆی بگرێت! **(بەریتانی دەزگایەکی ئەسینییە گەورە پیاوان دەگرێت و گوزەرانیان دابیندەکات ـ وەرگێڕ)**، لەلایەن ئامادەبووان دەنگەدەنگ و هاوار بەرزبوویەوە، وایان دانا سوکرات گاڵتە بە دەستەی دادوەرانی دادگا و خەڵك دەکات.

کاتێ دادوەران قسەی سوکرات یان بیست، بڕیاریاندا خۆیان جۆری سزاکە و ئاستی دابنێت. دیسان هاتنە خوارەوە بۆ دەنگدان و دەنگەکانیان خستە سندووقەکەوە و بڕیاری مەرگیان بۆدا، ئەمجارە بە زۆرینەیەکی زۆر بڕیاریاندا.

پیرە پیاو خۆی خستە نەهامەتی، کە دەکرا بە ڕەفتارێکی دیکە خۆی ڕزگار بکات، هەموویان زانیان سوکرات هەنگاو بەرەو مردن دەنێت.

مانگێك بەسەر دەرچوونی دادگاییەکە تێپەڕبوو. شێوازی جێبەجێکردن لەنێوان لیستێك کە بێ توندوتیژی نییە، ئاسان بوو: ئەویش خواردنەوەی بڕە ژەهرێکە، بۆ ئەم حاڵەتە ئامادەدەکرێت. لە ماوەی ئەم مانگەدا کریتۆن، قوتابییەکی دڵسۆزی بوو، چەندین جار هاتۆتە لای، جارێکیان پێشنیاری ڕاکردن لە بەندیخانەی خستە بەردەستی سوکرات ، لە ڕێگەی بەرتیلدان بە پاسەوانەکانی بەندیخانە، سوکرات ئەمەی ڕەتکردەوە و وتی دەبێت ڕێز لە دادپەروەری و یاساکان بگرین، هەتا گەر ئەم یاسایانەش ستەمکارانە بن.

ئەم مانگەی لەنێوان بڕیارەکە و جێبەجێکردنی دابوو، سوکرات ئەوەندە بەهێمنی دەژیا، پاسەوان و گرتوانانی سەرسام کردبوو. بۆ یەك مانگ مایەوە لە چاوەڕوانی چارەنووسەکەی، ئەویش لەبەر ئەوەبوو بڕیاری لە سێدارەدان جێبەجێ نەدەکرا، بەپێی ڕێنماییە ئاینییەکانی ئەوکات تا پیاوانی ئایینی لە دوورگەی دیلوس دەهاتنەوە.

له ڕۆژی دوایی هاتنەوەیان، قوتابیانی سوکرات له بەندیخانە کۆبوونەوە و ژنەکەی ئامادەبوو، هەر که ژنەکەی بینی پاسەوانان کۆت و بەندی لەدەست دەکەنەوە، دەستی کرد به گریان و سەر لەقوڕنان و بەرۆکدڕاندن:
ئای هاوسەرەکەم: ئەمە دواجارە قسە بکەین و دواجارە هاوەڵانت ببینینەوە!
سوکرات ئەم حاڵەتە کاری تێکرد، داوای لێکرد بڕوات، ئاوڕی له هاوەڵانی دایەوە و وتوێژی لەگەڵ دەکردن و گەنگەشەی لەگەڵ دەکردن لەبارەی بابەتی جۆرا و جۆر له هونەر و مردن و گیان. لەوکاتەدا، زێرەڤانەکە هات و قسەی پێ بڕی:
ـ سوکرات زۆر جووڵە مەکە، دەنا ژەهرەکە کاریگەری نابێت، سوکرات تووڕە دەبێت و بۆ یەکەم جارە وای لێبێت ـ دەڵێت:
ـ بۆ دووهەند ژەهر دانانێیت؟ ئەوە ئیشی تووە!
گەڕایەوە سەر ئاخاوتن لەگەڵ قوتابییەکانی، که سەریان سووڕمابوو، چۆن ئەم پیاوە مەزنە توانی کۆنتڕۆڵی ترس و خۆڕسکییەکانی جەستەی بکات. که کاتی ژەهر خواردن هات، سوکرات چووە ژوورێکی تەنیشت و خۆی شوشت و دەیوت:
ـ دەمەوێ پێویست نەکات، ژن لاشەی مردوویێك بشۆن. خۆ شوشتنەکە زۆری خایاند و زێرەڤانەکە لەبەر دەرگا چاوەڕوانی بوو، کاتێ سوکرات دەرچوو، زێرەڤانەکی لێی نزیك بووە و جامی ژەهرەکەی پێدا، پێی وت:
ـ سوکرات دەزانم تۆ وەکو ئەوانی دیکە جنێوم پێنادەی، تۆ هۆشمەندی دەتوانیت بەرگەی چارەنووست بگریت.
ـ ئافەرین! دەبێ چی بکەم؟

ـ تەنیا دوای ئەوەی ژەهرەکە دەخۆیتەوە، چەند هەنگاوێك برۆ تا هەردوو لاقت گران دەبن، دواتر پاڵکەوە تا ژەهرەکە کاری خۆی دەکات.

سوکرات جامی ژەهرەکەی بە یەکجار خواردەوە، زۆر بەهێمنی، قوتابییەکانی نەیانتوانی خۆ بگرن و دەستیان بە گریان کرد، سوکرات پێی خۆش نەبوو وا دەکەن، وتی:

ـ چی دەکەن؟ لێنەگەڕام ژنەکەم لێرە بێت، تا شتی وا نەبینم، دەمەوێ بەبێدەنگی و ئاسوودەیی بمرم.

خۆیان گرت. هەموو بێدەنگ بوون، دواتر سوکرات پاڵکەوت، زێرەڤانەکە هات و هەردوو پێی توند گرت و وتی هەست بە هیچ دەکەی؟

ـ وتی : نەخێر.

زێرەڤانەکە بۆ ئامادەبووانی شی دەکردەوە، کەوا ژەهرەکە کاتێ دەگاتە دڵی، دوای ئەوەی لاق و سك سارد هەڵدەگەڕێن، ئەوا ئەو کەسە دەمرێت.

سوکرات کاتێ هەستی کرد ساردی گەیشتە سکی، ئاماژەی بە قوتابییە دڵسۆزەکەی کرد تا لێی نزیك بێتەوە و بەهێمنی پێی وت:

ـ کریتۆن، پارەی کەڵەشێرە (ئەسکلیپوس)م لایە، قەردەکەی بدەوە، دوای مەخە.

ـ بەسەرچاو گەورەم، شتی دیت دەوێت؟

ـ سوکرات وەڵامی نەدایەوە و هەردووچاوی ئەبلەق بوون.کریتۆن هەردوو چاوەکانی داخستنەوە.

کەڵەشێری (ئەسکلیپۆس)، بێگومان مەبەستی سوکرات گاڵتەکردن بووە بە خواوەندی پزیشکی، گاڵتەی بە خواوەندەکانیان دەکرد، هەتا کە لەسەر

تەختی مردنیشدا بوو! مردن بۆ ئەو چییە! ئازادبوونە، ئایا لە نەخۆشی چاکبوونەوە ژیان نییە؟ وەك هەمیشە وای دەوت.

ئەو ڕستەیەی سوکرات پێش مردن وتی: بە هەموو واتایەك ئەوپەڕی ڕەشبینی هێمنانە و گاڵتەئامێزە، پەیامێك بوو لە یەکەم کەس بەهۆی بیروباوەڕەکانی سزای مەرگ بەسەریدا جێبەجێ کرا.دانە دادگا و بڕیاری دادگا، گەنگەشەی زۆری لە سەردەمی خۆی و تا ئەمڕۆکەش بەدوای خۆیدا هێنا، لەبەر پلە و پایەی فەلسەفی و هزریی سوکرات .

ئەو کۆڕایە هەیە لە نێوان مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی فەلسەفە، کەوا سوکرات نموونەیەکی باشە بۆ فەیلەسوفی بوونخواز، لەبەر ئەوەی بە ژیانی تایبەتی خۆی ئەم پەیوەندییە قووڵەی نێوان فەلسەفە و ژیانی بە ژیانی خۆی دەربڕی، باڵاترین وێنەی فەیلەسووفانە.

**(کیرکیگارد)** لە نامەکەیدا لەبارەی گاڵتەجاڕی سوکرات ی بە خاڵی وەرچەرخان دانا لە مێژووی فەلسەفە، سوکرات ی بە سەرەتای چاخێکی نوێ دانا، کە هۆشیاری مرۆڤی گەڕاندەوە سەر ئاگاداربوون لە خۆی.

**(هیگل)** لەبواری ئاکاردا بە شۆڕەشگێڕی دادەنێت، خاڵی وەچەرخان بوو لە هزردا.

سوکرات تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە هیچی نەنووسیوە، بەڵام زۆری لە بارەوە نووسراوە. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو نزیکەی شەش سەد کاری ڕەخنەیی و ئەکادیمی هەبوو، لەبارەی ئەو دیاردەیەی ناونراوە بە (مەسەلەی سوکرات یزم). ئەم دیاردەیەش نازانین بەهۆی کەسایەتی سوکرات بووە، یا یۆنانییەکان زۆر بە پارێز بوون لە شت نووسین. (شایانی باسە

سوكرات  له كاتی دادگایی كردنیدا، بەرگریكردنێكی نووسراوی بۆ هات، بەڵام ڕەتیكردەوە و بەكاری نەهێنا). ئەم دادگایكردنە بەپێی بارودۆخی ئەوسای یۆنان ناڕەوایە، لەبەر ئەوەی ئەوكاتی لێبوردن گشتی هەبوو، لە دیموكراسێتی یۆنانیدا ئازادی بیروڕا فەراهەم بوو.. ئەفلاتوون ئەم دادگاییەی لە چەند دیالۆگدا هێشتەوە و نەمربوو.

لەم دیالۆگانە ئەفلاتوون هەوڵیداوە دادوەر لە دیموكراسیەتی ئەسینی بە زۆردار و ستەمكار پێشان بدات، كەچی دەزانین هەر لە ڕێی ئەفلاتوونەوە، كەوا سێ كەسی سكاڵا و دادیان لە دەست سوكرات  هەبووە:

(**ئەنیتۆس Anythos**)، كە نموونەی پیشەسازان و سیاسەتمەداران بوو، (**میلۆتۆس Melotos**) شاعیر بوو، (**لیكۆن Lukon**) وتاربێژ بوو. لە لیستی تاوانەكانی دراونەتە پاڵ سوكرات ، سوكرات  هەمووی ڕەتكردەوە، زۆرجار لە بەرگریەكەیدا خوانەناسی ئینكاردەكرد، سەبارەت بە لاوان وتی: چاكە و پەندیان فێردەكەم، سەرباری ئەوەش ئەو دادوەرانە (٥٠١) كەس بوون لە خەڵكی ڕەشۆك، ئەوەندە ڕۆشنبیر نەبوون لە ئاخاوتنی سوكرات  بگەن سەبارەت بە چاكەخوازی و چاكە و یاسا..!

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ سەبارەت بە هەڵەكانی سیستەمی دیموكراسی لای یۆنان، یا ئەو دادگاییە سیاسی بوو، بەڵام بە پەردەی فەلسەفی و ئایینی داپۆشرابوو.

لە كاتی نزیكبوونەوەی وادەی دادگاییكرنەكە، لە سوكرات یان پرسی لستی بەرگری لە خۆكردنت ئامادە ناكەیت، وتی:(**(ئەدی بە درێژایی ژیانم چیم كردووە، هەر خۆم بۆ ئەم بەرگرییە ئامادە كردووە)**).

ئەوەتا بە ئاشکرا لە دادگا وتی: ((**ئەی ئەسینییەکان دەبێ بزانن، گەر ویستبام لە کاروباری دەوڵەت هاوبەش بم، زۆر لەمێژە لەناو دەبرام، هیچ بەرژەوەندییەکم نە بۆ خۆم و نە بۆ ئێوە پێ جێبەجێ نەدەکرا.هیچ کەسێك لە توانایدا نییە گەر دژایەتیتان بکات، بەڕاستی و لە دڵەوە هەوڵبدات دەستدرێژی دەوڵەت ڕاگرێت دژی دادپەروەری و یاسا، لەبەر ئەمە ئەوەی دەیەوێت ململانێ بکات بۆ هێنانەدی ڕاستی و ماف، گەر بیەوێت لە ئاسایشدا دابێت، هەتا گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، دەبێ دوور لە شەرگەی سیاسەت ژیانی تایبەتی خۆی بەسەر ببات**)).

ئەو نازناوانەی بە سوکرات وتراوە زۆرن، **هەندێ** بە پیاوچاك ناویان بردووە، **هەیە** بە (گرفت) ناوی بردووە، **ڤۆلیتر** بە فەیلەسوفێکی درامی ناوی بردووە. فەیلەسووفی فەرەنسی (**میشال فۆکۆ**) دەڵێ:((**سوکرات قوربانییەکی ڕاستیخواز بوو، لەبەر ئەوەی ڕاستی وتن بوێری دەوێت.دەشێ مردنی بەدوادا بێت، کە باڵاترین وێنەیەتی، مردن کۆتایی شکۆدارە، وێنەی فەیلەسووف بەرجەستە دەکات**)). (**مردن لای هۆمیرۆس**) و لە تراژیدیای یۆنانی هاتنەدی چارەنووس و تەواوکاری ژیانە.

سوکرات یش دوای بڕیاری دادگا هەر ئەوەی وت: ((**گەر بڕیاری لە سێدارەدانم بدەن، لەبەر بێهێزیم لە دواندن، یا لە ناتەواویم لەمەرایی لەبەر ئێوەکردن، ئەوا دڵنیام دەبینن بەهێمنی و ئاسوودەیی پێشوازی لە مردن دەکەم**)).

بەمجۆرە بنەما مەزنەکەی سوکرات (**ئەی مرۆڤ خۆت خۆت بناسە**)، کە لە پەرستگەی دلفی، خوێندییەوە، کاکڵی وشیارییە، ئەو ئاگاییەی مرۆڤ پێگەی

خۆی دەزانێت لەگەڵ خۆی و لەنێو جیهاندا، سوکرات ی مەزن بوو، بەڵام ئەسینا لە ٣٩٩پ.ز بڕیاری لە سێدارەدانی دا، پرسیار ئەوە بوو، ئەو تاوانە گەورەیە چی بوو، کە وای کرد چرای گەورەترین هۆشمەند لە ئەسینا بکوژێنێتەوە؟ ئەسینا ئەو شارە دێرینە بوو جۆرێك لە فەرمانڕەوایی دیموکراسی هەبوو، دواتر لە جەنگی لەگەڵ ئەسپارتە دۆڕا، دواتر (تراسبیولوس) هاتەوە سەر دەستەڵات، دوای پێنج ساڵ ئەم تاوانە گەورەیەیان کرد، لە ٣٩٩پ.ز سوکرات یان ژەهرخوارد کرد. لەبەر گریکییەکان سەربەرزانە باکی نەبوو بە مردن نە بە دادوەرانی، کە بە تیروپشك لەنێو خەڵك هەڵبژێردرابوون، هەتا دوای بڕیاردانیش لە بەندیخانەش هەر دەرفەت هەبوو ڕابکات، بەڵام وەڵامی کریتۆنی دایەوە: کریتۆن ژیان هیچ نییە، بەڵام بەڕاستی و دادپەروەری بژین، ئەوە هەموو شتێکە. جامی ژەهری خواردەوە و گیانی سپارد. سوکرات ، جلوبەرگی سادە و کۆن بوو، بەدرێژایی ساڵ هەر ئەو جلکەی لەبەردابوو، لە دەردی خاوەنداری ڕزگاری بووبوو، جارێکیان بە بازاڕدا دەڕۆیشت بینی کاڵای زۆر جۆراوجۆر و نوێ هەبوو، وتی: **ئەو شتانەی پێویستم پێ نییە، چەند زۆرن.** هەمیشە دیاری دەوڵەمەند و بەرپرسانی ڕەت دەکردەوە.

سوکرات لە دادگاییەکەی دەڵێت: **گەر بڵێن سوکرات واز لە گەڕان و بیرکردنەوە بێنە، بەم شێوازەی خۆت و لێت خۆش دەبن، دەڵێم: خەڵکی ئەسینا ڕێزم بۆ ئێوە هەیە، جێی شانازین، بەڵام من گوێ بۆ خواوەند دەگرم و گوێ لەئێوە ناگرم، لەسەر ئەرکەکەم بەردەوام دەبم. چی بێ گوناهم دابنێن یا گوناهبار، ئەوا من لەسەر ڕێگای خۆم بەردەوام دەبم. گەر من بکوژن، کەسی**

**وەك من نادۆزنەوە، گەر خۆم نموونەیەكتان بۆ بێنمەوە، ئەوا وەك مێشێكم خودا بۆ دەوڵەتێكی هەناردووم، هەرچەندە لێكچواندنەكە گاڵتەسازییە، دەوڵەتەكەش ئەسپێكی گەورەی بەتوانایە، بەڵام هێور لەبەر زەبەلاحیەكەی، پێویستی بە هاندەرێكە، من ئەو مێشەم، ئەسپەكە هاندەدەم بۆ چالاكی و جووڵە. كەسی وەك منتان دەست ناكەوێت، مەمكوژن، ژیانم بپارێزن.**

سوكرات تەنیا گەر داوای لێبوردنی بكردایە، بەس بوو بۆ ڕزگاربوونی لە مەرگ، بەڵام نەیكرد. سوكرات لەوەی نووسی دژی دیموكراسی نەبوو، بەڵام دەیوت دەبێ سنووری مافەكان دیاربن. بانگەشەی ڕەتكردنەوەی ئاكاری دەدا، ئاكاری لاواز، واتە نەتەوەی لاواز و بێهێز، ڕازی نەبوو كرێی فێركردن وەربگرێت. سوكرات نموونەیەكی دەگمەن بوو لە سەرۆكایەتی هزر و گیانی، دواندەرێكی قسەزان بوو، هێشتا پاش دوو هەزار و چوارسەد ساڵ دەنگی دەبیسترێت.

خاڵێكی گرینگ لەم دادبینییەی ئەم دادگایی كردنەی سوكرات دا هەیە، ئەویش ئەمەیە كە ئەمڕۆ لە زاراوەی ڕەخنەیی بە لەدایك بوونی ڕۆشنبیر دادەنرێت. پێش سوكرات ڕۆڵ و دەستەڵاتی ئەم توێژەی پاش دوو هەزار ساڵ بە (ڕۆشنبیر) ناسراون نەبوو، سوكرات ئەوكات تەنیا بیرمەندێك بوو، فەیلەسووف بوو، دەستەڵاتی ماددی و سیاسی و سەربازی و دارایی و ئایینی نەبوو. لەو وتوێژەدا توانای ڕازیكردنی بەرانبەرەكەی هەبوو، ئەم دەستەڵاتە نوێیەی سوكرات وەك ئاگری ناو پووش بڵاوبوویەوە.. ئەسینیەكان لەم دەسەڵاتە نوێییە ترسان، دادگاییان كرد و لەناویان برد.. ئەفلاتوون لە كتێبی (خوان) گەورەترین دادبینی دادگاكەی سوكرات ی پیشانداوە.

ڕۆژنامەی (**لۆمۆند**)ی فەرەنسی لەم دواییەدا بەهۆی گرنگی بابەتەکە ئەم دادبینییەی بە تەواوی بڵاوکردەوە، سەبارەت بە ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە بنیاتنانی کۆمەڵگە.

هەر هەمان پرسیار یەکێکە لە پرسیارە کاکڵەکانی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری لە جیهانی ئەمڕۆماندا، بەتایبەتی دوای شۆڕشی تەکنەلۆژی و ئینتەرنێت. مەرگی سوکرات  بە ژەهر، هاواری لەدایکبوونی بوونەوەرێکی نوێ بوو، لە ژیانی گەلان، ئەویش (ڕۆشنبیر)ە. ڕۆشنبیر بە واتا گشتییەکەی ئەو کەسەیە دوانگەی وشە و زانین دەکاتە سەنگەری بەرگریکردن بە خۆی و بنەما و بیروباوەڕەکانی ڕۆشنبیری هەڵوێستە ململانێیە، ڕێبازە لەڕێگەی وشە بە هەموو شێوەکانی، هەر ئەوەش لە دادبینییەکەی سوکرات  بەرجەستە بوو.


سوکرات   بایەخدانی هزری فەلسەفەی لە بواری سروشت و میتافیزیکی گواستەوە بۆ بایەخدان بە کاری مرۆیی، کاکڵی هزری ئاکاریی سوکرات ە، سوکرات  گرفتگەرایی (خەریکبوون بەخود)ی دووپاتکردەوە.

سەربای بایەخدان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی گەندەڵی،بە ڕای ئەو دەوڵەتی کۆمەڵگە و مرۆڤی وێرانکرد، ئەم بیروبۆچوونانە بوون دەستەڵاتی دژی سوکرات  جوڵاند، لە شار و دەوڵەت و  لە ئەسینا، دواتر دانە داگا و بڕیاری لەسێدارەدان، و بێلایەن نەبوونی لە ڕووی سیاسییەوە، بەتایبەتی سوکرات  فەیلەسەفێکی پابەندبوو بە کێشەی گەلەکەی.

# بەشی دەیەم

# مردنی سوكرات

# تابلۆیەك نیگاركێشەكەی پێ نەمربوو



سوكرات لەم تابلۆیەدا لە ئاخاوتن بۆ قوتابیانی بەردەوامە، لە هەمانكاتدا دەستی بۆ جامی ژەهر دەبات و بەرگری لە هزر و بنەماكانی دەكات. **نیگاركێشی فەرەنسی دێڤید**، كارێكی مێژوویی لە تابلۆیەكەدا كرد بە ناوی **(مەرگی سوكرات )**، لەوكاتەی لە ترۆپكی ناوبانگی دەركردن و دلگەرمیدا بوو. ئەم هونەرمەندە بەشێك بوو لە بازنەیەكی تەسكی بیرمەند و سیاسەتمەدار و زانایانی، وەك: شیرنییر، لاڤاییت، لافوازییێ، كە گوشاریان بۆ چاكسازی سیاسی و ڕادیكاڵی لە فەرەنسای پادشایی دەكرد.

لە ١٧٨٧ دێڤید تابلۆی **(مەرگی سوكرات ی)** تەواوكرد، كە دوا ترووكانەكانی ژیانی بیرمەند و فەیلەسوفی مەزنی گریكی پیشان دەدات.

حكومەتی ئەسینا بڕیاری تاوانباركردنی سوكرات ی دا و لە نێوان مردن و دوورخستنەوە بەربژاریكرد، كامیان خۆی هەڵیبژێرێت، وا دەكەن، سوكرات دوورخستنەوەی ڕەتكردەوە و لە كۆتاییدا ژەهری خوارد، خۆبەختكردنبوو بۆ بیر و بنەماكان.

لە تابلۆكەدا خەرمانەیەكی ڕووناك لە دەورەی سوكرات دایە، نیشانەی نەمر و خەم و پەژارەی قوتابیانی گرتۆتەوە، بانگەوازێكە بۆ پێداگری لەسەر بنەماكانی مرۆڤ لە خۆبەختكردن هەتا مردندنیش.

لە گۆشەی دووری تابلۆكە ژنی سوكرات دیارە لە بەندیخانە دەچێتە دەرەوە، قوتابییە دڵسۆزەكەی ئەفلاتوون لە كۆتایی تەختەكەدایە و كریتۆن پێی مامۆستاكەی گرتووە و دڵنەوایی دەكاتەوە.

بۆ هاوچاخانی دێڤید دیمەنەكە ڕووداوە مەزنەكانی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٧دێنێتەوە پێشەوە، خەفەكردنی هەوڵی چاكسازی لە سیستەمی

پادشایەتیدا و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پیران و ژمارە زۆرەکەی گیراوان لە بەدیخانەکانی پادشا و دوورخراوەکان.

دێڤید بەم تابلۆیە ویستی بڵێ ئەی دەروونە بێ ورەکان خۆڕاگربن، خەبات بکەن، بەرگری بکەن، دژی دەستەڵاتی ستەمکار ڕاپەڕن.

پێش دەستکردن بە کێشانی ئەم نیگارە، دێڤید ڕاوێژی لەگەڵ هاوەڵانی کرد و چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی لە بارەی دادگاکە لە ساڵی ٣٩٩پ.ز خوێندەوە، لەمبارەیەوە لە بنچینەدا پشت بە گێڕانەوەی ئەفلاتوون بەست. هەروەها بە ناوەرۆکی کتێبی فەیلەسوفی فەڕەنسی **دیدیرۆ**، دیمەنی ئەفلاتوون لە پشت تەختەکەی سوکرات  لە بڕگەیەکی ڕۆمانێکی نووسەری ئینگلیزی **(ڕیچارد سۆن)** وەرگرتووە.

هونەرمەند جان لۆی دێڤید لە ڕیزی هونەرمەندە کلاسیکییە نوێیەکان بوو، لە کارەکانیدا بەهاکانی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسی بەرجەستە دەکرد. سوکرات یش سەرۆکی یەکەم بزوتنەوەی ڕۆشنگەرییە و لە مێژوو بانگەوازی بۆ هۆشگەرای دەدا، دژی نەزانی و بۆچوونی پڕوپووچ.

# بەشی یازدەم
# نیچە و نهێنی ڕاگەیاندنی جەنگ دژی سوکرات

هەڵوێستی دوژمنکارانەی فەیلەسووفی ئەڵمانی بەناوبانگ **(نیچە)** لە دژی سوکرات ئاشکرایە، هەر لە سەرەتاوە نیمچە هەڵمەتی دژی سوکرات ڕاگەیاند، سوکرات ی باوکی هۆشەکی (عەقلانیەت). نیچە لە کتێبەکەیدا **(لەدایکبوونی تراژیدیا)** هێرشێکی توند دەکاتە سەر سوکرات و بە لەناوبردنی تراژیدیای یۆنانی ناوەزدی دەکات و ناوی لێدەنێت **(وڕێنەکانی هۆش)** یا وەکو نیچە بە سوکرات دەڵێت دارمان و وێرانێکی بەسەر گەلەکەی داهێنا، ئەویش **(سەرەڕۆیی هۆش)**ە.

نیچە دەڵێت: **((سوکرات بە ناوی گەیشتن بە هۆش بەهەر نرخێك بێت، گیانی یۆنانی شێواند))**.

**هەروەها** نیچە دیسان جەنگی دژی سوکرات لە کتێبەکەی **(ئاوابوونی بتەکان)** هەڵگیرساند، بە هۆیەوە نیچە سوکرات ی بەوە چواند، کە ئەو ماسییەی نێچیرەکەی بە بارگەیەکی کارەبایی پەکدەخات!!

پرسیارەکە ئەوەیە نیچە بۆ ئەم هەڵمەتە دژی سوکرات ی باوکی فەلسەفە ڕاگەیاند؟ لە ڕاستیدا نیچە بایەخی بە هزری گریکی نوێ پێش سوکرات دەدا، لەبارەی فەیلەسوفەکانیان خوێندییەو و لە شاعیرە تراژیدییەکانی کۆڵییەوە. نیچە لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا) هەڵمەتی کردە سەر سوکرات وەك نوێنەری ڕێچکەی هۆشەکی و نموونەیەکی توندڕەوی مرۆڤی تیۆریی ئاماژەی بۆ کرد.

نیچە دەڵێت: سوکرات یزم ئاماژەیە بۆ هاندەری دیاریکراوی دوای سوکرات ناونراون، لەبەرئەوەی نوێنەریان بوو. لە بەشی دووەم (ئاوابوونی

بتەکان) بەناوی (گیروگرفتی سوکرات ) لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی سوکرات یزم دەدوێت و وەك گەورەکردنی شانشینی هۆش. بۆ ئەوە دەچێت سوکرات هۆشی کردبێتە دکتاتۆرێك، هەموو خۆڕسکەکان کۆنترۆڵ بکات، سوکرات وەك دەرمانێك بۆ خۆپارێزی پێشکەشی گریکییەکانی کرد. بە ڕای نیچە هەڵوەشانەوەی ڕاستەقینە هەرای خۆرسکەکان نییە، بەڵکو باڵادەستی هۆشە **((واتە بەختەوەری یەکسانە بە خۆڕسکەکان، تا ئەو ڕادەی ژیان بەردەوامە)).**

لە بەرانبەردا نیچە، **(گۆتە)** و **(ناپلیۆن)** و **(هیراکلیتس)** بەرز ڕادەگرێت، دەڵێت:**((ئەمەیە هۆی سەرفرازیم، من سەر بەم مەزنانەم، بە هەموو هەڵچوونەکانیان دەژیم، کە زەردەشت و موسا و عیسا و ئەفلاتوون و باسکال و ئسپینوزا و گۆتە پێی ژیان، دەزانم خوێنی ئەوان لە دەمارەکانمدایە.. باپیرانم ئەمانەن: هیراکلیتس و ئەمباز و کلیس و ئسپینوزا و گوتە)).**

مرۆڤ ناتوانێت لە هۆش ڕابکات، هەموو فەیلەسووفە هۆشەکییەکان و هەموو بنەما هزرییەکانیان: شت، من، کاکڵ، بوون، ئامانج.. وڕێنەن، هۆش دروستیان دەکات و جیهانیان پێ دەبینێت، بۆ ئەوەی تێی بگات.

کارڵ یاسپرز لەبارەی نیچە دەڵێت: **((نیچە و کیرگیکارد گومانیان لە هۆشدا کرد، لە قوڵایی بوونی مرۆڤ، دوژمنداری نەبوو لەگەڵ هۆش، هەوڵیاندەدا بەشێوەیەکی لەبار عەقڵانیەت بکەن** و هەوڵیان دەدا بگەن بەراستەقینە**)).**

نیچە هەڵمەت دەکاتە سەر ئاکاری گریکی لە ئەفلاتوونەوە تا ئەوانەی دوای ئەو بە نەخۆش دادەنێت، گاڵتە بە سوکرات یزم دەکات، کە هۆش و چاکەکاری و بەختەوەری بە یەکسان دەزانێت. هەڵمەت دەکاتە سەر ئاکاری ئەپیکۆری و ڕەواقییەکان، کە لەسەر بنەمای سروشت ژیان. بە ڕای نیچە جیهان بە هەموو

دیاردەکانی بەرجەستەی ویستی هێزە، هێز دەکاتە بنەمای ئاکار، بە دوای ڕاستەقینە دەگەڕێت، کە کاکڵی ناوەوەی بوونە.

لەگەڵ ئەوەی نیچە بە توندی هەڵمەت دەکاتە سەر هۆشی باڵادەست، بەڵام هێزی هۆش بە باشتر دەزانێت لە هێزی ماددی، نیچە دەڵێت: ((**من لەگەڵ ئەوانە نادوێم، دەیانەوێت ملکەچ بن و باوەڕیان بە بەندایەتی هەیە، زۆر بەدڵگەرمی و لە هەموو شوێنێك، هێزم لە شوێنێك دۆزیوەتەوە کە لەوێدا بە دوای ناگەڕێت، پیاوی بەهێز ئەو پیاوەیەدڵنەرمەیەیە کە مەبەستی نییە کۆنترۆڵ بکات، کەواتە هەرە بەهێز ئەو کەسەیە لە دونیا نەویستی دەگاتە پلەی باڵا و چڵەپۆپە**)). نیچە لە کتێبەکەی (زانستی خۆشی) وریایی دەداتە هەر کەسێك بیەوێت شوێنی بکەوێت، دەپرسێت:((**باوەڕت بە چی هەیە، باوەڕم بەوە هەیە پێویستە هەموو شتەکان سەرلەنوێ هەڵسەنگێنینەوە**)).

نیچەدا هەوڵیدا هەموو چەمکەکانی میتافیزیك بنبڕبکات: هۆش، بوون، خود، کاکڵ، چەمکی میتافیزیکی لەبارەی هۆش و جیاکردنەوەی جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی ڕواڵەت بە دوو بتی فەلسەفی دانا. هەر ئەوەندەی لەدەست هات، دەستکاتە کۆشکەکەی و ئەم بتانەی شکاند.

لە کتێبی (**ئاوابوونی بتەکان**) ناونیشانێکی لاوەکی نووسی (**مرۆڤ چۆن بە کووتەك فەلسەفە دەکات**)، لەپێشەکییەکەدا وتی: ((**لە دووتوێی مەسەلەیەکی ناخۆشدا پاراستنی خۆشی شتێکی گرانە، ئەوەی زۆرتر پێویستمانە خۆشییە**)).

فەلسەفەی نیچە فەلسەفە هۆشی ئازادە، فەلسەفەیەك لە سەراوبنکردنی هەموو بەهاكان یا ئازادکردنیان لە هەموو کۆت و بەندێکی ئاکار و زانینی باو دامەزراوە.

بە کورتی فەلسەفەی وازهێنان بەیەکجاری لە هەموو کەلەپوورە بارگرانەکەی ڕابردووە، داوا لەوانە دەکات دەبێ دنیا بگۆڕن و توندوتیژ بن.

نیچە دەیەوێت **(ئاکاری گشتی)** تێکبشکێنێت بە ئاکاری نزم ناوی دەبات، چونکە مرۆڤی نەگەیاندە چاکەی هەرە باش و پایەی بەرزنەکردەوە، لەبەر ئەوەی نموونەیی و هۆشەکی نییە و شوێنکەوتووییەکەی دەکاتە کۆیلەیەکی بێهێز.

نیچە لە وتارێکدا بەناوی **(کێشەی سوکرات )** هێرش دەکاتە سەر سوکرات ، بیرمەند و ڕۆشنبیری گەورە مامۆستا **(جەلیل عەبدلنوور ئیدریس)** وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی، لەبەر گرینگی ئەم وتارە، لێرە دەینووسینەوە، چونکە هەڵوێستی نیچە بەرانبەر سوکرات بە دەستنووسی خۆی دەردەخات، نیچە دەڵێت: فەیلەسوفان لە هەموو ڕۆژگارێکدا، هەمان بڕیاریان لەبارەی ژیان داوە، ژیان هیچ نییە، هەمیشە و لەهەموو شوێنێك هەمان گوتەیان لە زار دێتەدەر، گوتەیەك پڕ لە گومان، نائومێدی، شەکەتبوون بە دەست ژیان، و بەرهەڵستی کردنی، سوکرات خۆی لەکاتی مردنیدا وتی: ((**ژیان، واتە هەمیشە نەخۆش بێت، من قەرزاری ئەسلیپوس گەورەم**)). سوکرات خۆی لە ژیان تێربوو، واتای چییە؟چ دووپات دەکاتەوە، چ لە ڕابردوو، دەمانووت: ئای! وامان وت! کۆڕای فەیلەسوفان ڕاستی دەسەلمێنن، ((ئایا ئەمڕۆ دەتوانین وا بڵێین؟ دەبێ لە هەموو حاڵەتەکاندا هۆکارێك هەبێت))، ئەمە وەڵامی ئێمەیە:

ئەم فەیلەسوفانە، لەنێو پەندیارانی هەموو ڕۆژگارێك، دەبێ لە نزیکەوە سەیریان بکەین، دەشێ وا نەبن، دەشێ دواکەوتووبن، دەشێ پەندیار لەسەر زەوی وەك قەلەڕەش چۆن بۆنی گەنیووی تۆپیوێك دەورووژێنێت، وا بێت؟

ئەم هەڵوێستەی پەندیارە گەورەکان بە داکەوتوو هەژمارکردن، ئەم حاڵەتە تیایدا بڕیاری پێشوەختەی ڕۆشنبیریان و نەخوێندەواران دژیەك دەکات، لای سوکرات و ئەفلاتوون نیشانەی داکەوتنی بینی، ئامێرکاریی (میکانیزمی) هەڵوەشاندنەوەی گریکی، گریکە ساختەکارەکان و دوژمنانیان (بنجی تراژیدیا ١٨٧٢).

کۆڕای پەندیاران، واتای ئەوە نییە لەسەر ڕاستی بن، بەڵکو واتای ئەوەیە پەندیاران خۆیان گونجانێکی فسیۆلۆژی لەنێوانیان هەیە، دەیانگەیەنێتە ئەوەی هەمان هەڵوێستی نەرێ لە ژیان وەرگرن، بێ هیچ گوێدانە شتی دیکە.

بڕیاری پێشوەختە لەبارەی ژیان، لەگەڵ یا دژی، لە کۆتاییدا ناکرێ ڕاستەقینە بێت. تەنیا نیشانەی ئەم بڕیارانە قسەی پووچن.

کەواتە ڕۆچوون لەم چەمکانە هیچ بەهایەکی بۆ ژیان نییە، ئەوەی دووپات دەکاتەوە کەوا پەندیار نین، چۆن؟ ئەم پەندیارانەش نەك هەر دواکەوتوون، بەڵکو هەر پەندیار نەبوونە؟ دەگەڕێمەوە بۆ کێشەی سوکرات . سوکرات لە بنجدا لە چینێکی میللی ئاست نزم بوو، لە ناوەندێکی میللیبو و.

دەبینین و دەزانین چەند قسە لە ڕوو بوو، چەند گاڵتەساز بوو، کە جێی ڕەتکردنەوەیە لە لایەن گریکییەکان؟ ئایا لە کۆتاییدا سوکرات گریکی بوو؟ گاڵتەسازی نیشانەی دووفاقییە، نەڕسکاوە و نیشانەیەکە بۆ پێچەوانەکەی.

مرۆڤناسەکان (ئەنترۆپۆلۆجییەکان) ئەوانەی لەبارەی تاوان توێژینەوەیان کردووە، دەڵێن تاوانکاری خوو، ڕوخساری ناشیرین، دڵ ڕەقە، تاوانکاری داکەوتەیە. ئایا سوکرات تاوانکار بوو! بە لای کەم ئەمە خوێندنەوە نییە، بەلای کەم بۆ هاوەڵانی سوکرات .

کەسێکی نامۆیە گەیشتە ئەسینا و ڕووبژێری دەزانی، لەبەردەم ڕووی سوکرات وەستا و وتی: ((**دڕندەیە، ناشیرینترین خەوش و هەوەسی هەیە**))، سوکرات وتی: ((**تۆ، گەورەم باش من دەناسی!**))

شلەژانی سوکرات دانی پێدا دەنێ، لەگەڵ ئەم پێشێوییەی خۆرسکانەی، تاکە نیشانەی داکەوتن نین لای ئەو.

گەورەبوونی بەهرەی لۆجێك، ئەم نادروستییە پەككەوتەییە پێی ناسراوە، ئەوەش لەیاد نەکەین وڕێنەی دەبیست، کە لەژێر (**جنۆکەی سوکرات** ) تۆمارکراوە و لێکدانەوەی ئایینی بۆ کراوە، هەموو شتێکی گەورەکراوە، لەهەمان کاتدا هەمووان پڕن لە شاراوەی بیری پێشوەختە، و کاروباری ژێر زەمینی.

هەوڵدەدەم ئەم حاڵەتە بزانم، کە هاوکێشەی سوکرات ی لێوە هەڵقوڵاوە، هۆشی، چاکەکاری، بەختەوەری: هاوکێشەی شیاوە نامۆکە، کە بەتایبەتی لەبەرانبەریدا هەموو خۆڕسکەکانی کۆنە هێلینییەکان دێت.

لەگەل سوکرات ، چێژی گریکی لەتەك دیالەکتیك: بەرەو ئەم پرسیارەمان دەبات، ئایا بە دروستی چی ڕوودەدات. پێشی هەموو شتێك ئەو چێژەیە، کە بە دیالەکتیك گەل سەرکەوت لە ڕێیەوە دەزانن لە ژێرەوە چییە.

لەگەڵ سوکرات  لە باشترین کۆمەڵگەدا ڕێگا دیالەکتییەکان دادەبڕین، لە خراپترین باردا وەریاندەگرین، شێوێندرا بوون.

ڕەوتی لاوان لا ڕێکەین، هەموو ئەوانەی بەهەمان ڕێگا ڕاستییەکانی پێشکەش دەکات، لێی بە گومانین. شتە ماقووڵەکان وەك کەسە ماقولەکان بە ئایین خزمەتی بنەماڵەکانیان ناکرێت. لە دەرەوەی ماقووڵبووندایە، بە پێنج پەنجە نان بخۆین، ئەوەی پێویستی بە سەلماندنە، بۆ گەیشتن، شایانی هیچ بایەخێك نییە. بۆ ئەمەش کە دەستەڵات بەئاگایە و ئێمە هۆشەکییەکان لە شتەکان ناگەین، بەڵکو چۆن ڕەویان دەبن دەڕۆن، دیالەکتیکی جۆرە کۆسەیەکە: پێی پێدەکەنی و گوێ بە ڕاستییەکەی نادەین.. سوکرات  بوو بە ئەم کۆسەیە، بەجدی سەیریان کرد:

بەڕاستی چی ڕوویدا؟

ئێمە دیالەکتیك هەڵنابژێرین، مەگەر ئامرازی دیکەمان بۆ بەردەست نەبێت. دەزانین لە ڕێگەیەوە وریایی بەئاگادێنێت، کەم ڕازیکەرە، هیچ شتێك ئەوەندەی لابردنی شوێنەکەی دیالەکتیکی ئاسانتر نییە

بە کردەوە کۆبوونەوەکانی تیادا لەبارەی لێکدانەوە و خوێندنەوە دەدوێن. چەکی ئەو کەسەیە، کە بێچەکە و پەنا دەباتە بەر دیالەکتیك، پێویستە مافەکانتان دەستکەوێت، لە بەرانبەردا بەکاریان ناهێنین، لەبەر ئەمەیە جوولەکە (لۆجیکزانن)، مامۆستا (ڕونارت) ئەویش وابوو: چۆن؟ سوکرات یش وابوو؟

ئایا گاڵتەسازییەکەی سوکرات واتای یاخیبوونی تێدابوو؟ ڕقێکی میللی؟ ئایا خەفەکرابوو؟، توندڕەوی تایبەتی، کە بە خەنجەری دیالەکتیکی شێوەیی لێدەدرا: دەیکاتە ناڕازی و لەهەمان کات لە هەر کۆمەڵێك بێ، بەش دەکات.

ئایا گەنگەشە لای سوکرات شێوەیەك بوو لە تۆڵە سەندنەوە؟ بایەخم بەو لایەنەدا، کە وای کرد سوکرات دوورخرێتەوە، هاوکات ڕاڤەی چۆنیەتی پەیدابوونی سەرسامی.. ئەمە یەکەم هۆکار بوو، جۆرە ململانێی نوێی دۆزییەوە و بوو بە یەکەم جەنگاوەر تیایدا لەنێوەندە باڵاکانی ئەسینا.

سوکرات کاتێ دەستی برد بۆ خۆرسکی جەنگ، لای هێلینییەکان پێی وروژان، پێکهاتەیەکی نوێی خستە یارییەکەوە و هێنایە مەیدان و گۆڕەپانی یاری لاوان، سوکرات ئیروسییەکی گەورە بوو.

سوکرات چاوەڕوانی شتی دیکە بوو، ئاگای لە هەستی بەگزادەکانی ئەسینا هەبوو، لە حاڵەتەکە گەیشت و تایبەتمەندییەکەی زانی و حاڵەتێکی هەڵاوارد نەبوو. هەمان جۆرە داکەوتن بەبێ دەنگی و لە هەموو شوێنێك تەیار دەبێت، ئەسینای کۆن لە کۆتاییەکانیدا بوو.. سوکرات هەستی کرد هەمووان پێویستیان بەوە، پێویستیان بە چارەسەرییەکەی ئەوە، بە شێوازە کەسییەکەی بۆ داکەوتنی جۆر.

خۆڕسکەکان لە هەوادا مەلەیان بوو، لە هەموو شوێنێك، مرۆڤ نزیك بوو لە زێدەڕەوی. خۆرسکەکان ویستیان یاری دیکتاتۆری بکەن، پێویستە دژە دیکتاتۆری دابنێین، بۆ ئەوەی بەسەر ئەم خۆڕسکانە زاڵ بین.

کەسە ڕووبژێرەکە توانی سوکرات بناسێت، کانگەی هەموو هەستە خراپەکانە، گاڵتەسازە گەورەکە وشەیەکی وت: کلیلی کەسایەتی ئەو بوو **((ڕاستە، بەڵام من گەورەی هەمووانم)).**

سوکرات چۆن بەسەر خۆی زاڵبوو؟ حاڵەتەکەی لە ئەوپەڕی دابوو، کە سەرەتا دێتە بەرچاو لە باری گرژی گشتیدا: کەس خۆی پێ نەگیرا، خۆرسکەکان دژی یەك دەجوڵان، زۆر لەخۆ بایی بوو، ڕووخسارە ناشیرینەکەی لە دیدگای هەمووان دەری دەبڕی: لەخۆبایی بوو، وەڵامێك بوو، ڕواڵەتێك بوو، چارەیەکی پێویست بوو لەم حاڵەتەدا.

کاتێ ناچار بین هۆش بکەینە دکتاتۆر وەك سوکرات کردی، مەترسی زۆر گەورە دەبێت، وەك شتەکانی دیکە لە بەرانبەر دکتاتۆر، ئا لێرەوەیە وێناکردنمان لەباری ڕاستی ئازادبوو، نە سوکرات و نە (خۆرسکەکان) ئازاد نین لەوەی ئارەزمەندانە بن. دوا هیوای رزگاربوون بوو، ناپاك بەرانبەر هەستی نامۆیی: ئێمە لە مەترسیداین، هیچ بەربژارمان نییە: یا نغرۆبوون تا بینە قاقا، یا لۆجیکزانانە بین .

ئاکارزانی فەیلەسووفە گریکییەکان لە ئەفلاتوونەوە بە ئەتولۆژیا دیاریکراوە، هەروەها بە باشتر دانانی دیالەکتیك. هاوکێشەکەیە:

**(هۆش = چاکەکاری = بەختەوەری)**، واتە: پێویستە لاسایی سوکرات بکەینەوە و دژی هەوەسکارییەکان ڕووناکییەکی هەتا هەتایی داگیرسێنین.

ڕۆژ کاتێ ڕووناکی هۆش دروست دەکات، مرۆڤ پێویستە وریا بێت، وا دەبێت، ئاشکرابێت: هەر نەرمییەك بەرانبەر خۆرسکەکان، بۆ بەرژەوەندنی نەست، دەمانگەیەنێتە هەڵدێر. بایەخمدا بە چۆنیەتی حاڵەتی دەروونی

سوكرات : وەك پزیشك دەردەكەوێت، ڕزگاركەر، هاوكات بەرچاوخستنی ئەو هەڵەیەی لە باوەڕی دابوو، سەبارەت بە **((هۆشپەسندیی بەهەر نرخێك بێت؟))**، لەلایەن فەیلەسووف و ئاكارزانان باوەڕبوون بەوەی لە داكەوتن ڕزگاربوون، تەنیا لای گریكییەكە ناتوانن لێی ڕزگاربن، ئەوەی هەڵیدەبژێرن، وەك ڕێگای ڕزگاری، چارەسەر، تەنیا ڕواڵەتێكە لە ڕواڵەتەكانی داكەتن، تەنیا دەربڕین دەگۆڕن، نەك بەیەكجاری نەهێشتنی.

حاڵەتی سوكرات لەسەر خراپ تێگەیشتن دامەزراوە، هەموو ئاكار زانیی تەواوە، بە مەسیحیەتیشەوە لەسەر خراپ تێگەیشتن دامەزراوە، ڕووناكی هەر درەوشاوەیە، هۆش بەهەر نرخێك بێت، ژیان ئاشكرایە، ساردە، وریادارە، وشیارە، ڕەهایە لە خۆرسكەكان. بەرگری خۆرسكەكان تەنیا نەخۆشییەكی نوێ بوو، گەڕانەوە نەبوو بۆ (چاكەكاری) بۆ تەندروستی و بەختەوەری مرۆڤ ناچاربكرێت دژی خۆرسكەكانی بوەستێت، ئەوەی داكەوتنە: لەبەر ئەوەی ژیان ڕووكاری بەرەو هەوراز و بەرەو باڵا دەگرێتەبەر، بەختەوەری یەكچینە لەگەڵ خۆڕسكەكان.

ئایا ئەوەی لەخۆڕا تێگەیشت، ئەو كەسێك بوو، زرنگ كارامەتر لەهەموو ئەوانەی فێلیان لەخۆكرد؟ ئایا ئەم نهێنییەی بە خۆی وتووە، لە پەندە بوێرەكەی بەرانبەر ژیان؟..

سوكرات ویستی ژیانی خۆی كۆتایی پێبێنێت نەك ئەسینا، ئەو خۆی خۆی جامی ژەهری مەرگی بۆ خۆی پێشكەش كرد، ئەسینای ناچاركرد پێشكەشی بكات.

**((سوکرات  پزیشك نەبوو، بە خۆی وت: تەنیا مردن پزیشکە، بەڵام سوکرات تەنیا بۆ ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو...))**،ئەمە بوو ڕا و جەنگی نیچە لەبەرانبەر سوکرات .

## ژياننامە



**محەمەد وەسمان**

**١-ناوی سیانی: محەمەد وەسمان عەزیز**

**٢- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ١٩٥٣- هەولێر**

**٣- بڕوانامە: بەکەلۆریۆس لەقانون**

**٤-ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن:**

هەولێر – نووسەران  ( ٠٧٥٠٤٦١٦٦٢٨)
https://www.facebook.com/mihemed.wesman
٥-بواری کارکردن: نووسەر و رۆژنامەنووس:
سەرنووسەری گۆڤاری داد.
٦-ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی.
٧-ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد.
٨- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
٩- ئەو زمانانەی دەیزانێت بەریزبەندی: کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی.
١٠– ناوی ژمارەیەك لە بەرهەمە بڵاوکراوەکان:

– کتێبەکان:
١-سوقرات،وەرگێڕان،پێدا چوونەوەی د.نەریمان خۆشناو،٢٠١٣ .
٢- فەلسەفەی سۆفیگەری،٢٠١٣ .
٣- زمانی یاسا،٢٠١٣ .
٤- ئێتیکی میدیا کاری – ٢٠١١.
٥-فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان،چاپی ئەکادیمیای کوردی،٢٠١١

٦- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ،تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە -- ٢٠١١ .

٨-- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی – بەشی یەکەم – زمان بەرگی یەکەم- هەولێر -٢٠١٠ وەك ئەندامێکی لێژنەی بیبلۆگرافیا.

٩- ئینگلیزی گشتگیر- بە هاوبەشی ٢٠١٠.

١٠- رەخنەودەقی ئەدەبی،٢٠١٠ .

١١-مێژوو و شارستانیەتی کورد – وەرگێران لە عەرەبییەوە ٢٠٠٩.

١٢-رێسا بۆ فێربوونی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ٢٠٠٩.

١٣- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە – ٢٠٠٨.

١٤- فەلسەفەی دوالیزم – لەهزری د. زکی نەجیب مەحموودا – ن ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠٠٧.

١٥- (ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان)، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠٠٦.

١٦- هونەری خۆشەویستی – ئێرك فروم – لە عەرەبییەوە ٢٠٠٦.

١٧- رووخساری رووتی ئافرەتی عەرەب – نوال سەعداوی،وەرگێڕان لە عەربییەوە ٢٠٠٦.

١٨- نوێگەری – کۆمەڵێك وتار – ٢٠٠٥ وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.

١٨-رێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، ٢٠٠٥.

١٩- هــزر و سياســەت، ن ،د. شــێرزاد نــەجار — وەرگێــڕان لــە عەرببیيەوە ٢٠٠٥.

٢٠- ئەلف و بێی كوردی بە پیتی لاتینی ٢٠٠٥.

٢١- ماركسیزم چۆن كاردەكات — كریس هارمـان — ٢٠٠٥ وەرگێـڕان لەعەرەبییەوە.

٢٢- من گەورەبووم، رێبەری كچان ٢٠٠٥.

٢٣- ئینسایكلۆپیدیای فەیلەسووفان — ن. رۆزنتال — لە عەرەبییەوە ٢٠٠٤.

٢٤- كەسێتی تاكی عێراقی — د. عەلی وەردی، لە عەرببییەوە ٢٠٠٤.

٢٥- گیروگرفتی زاراوەدانان لە زمانی كوردیدا ٢٠٠٤.

٢٦- چەند لاپەڕەیەكی رۆژنامەنووسی، ٢٠٠٤.

٢٧- لە بارەی رۆشـنبیری سیاسی، د. شێرزاد نـەجار لـە عەرببیـەوە ٢٠٠٢.

٢٨- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ — ١٩٩٢.

٢٩- دەروازەیەكی زیندەوەرزانی — ١٩٩١.

٩- ئـەو شـوێنانەی بابــەتم تیایــدا بڵاوكردۆتــەوە یــان تێـدا كـارم كردووە:

١- رۆژنامەی (هاوكاری)، ژمارە (٥١٣)ی ١١ی شوباتی (١٩٨٠).

٢- گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) — ژماره (٩٢) ی ئایاری ١٩٨٢ — وتار — فەلسەفەی زانستی.لاپەڕە (٢٥).

٣- گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) لە ١٩٩٥ بە بەردەوام کارم تیاکردووە، تا سەرنووسەری .بیبلۆگرافیای (هەرێم) م نووسیوە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند رۆژنامەنووسێکی دیکە.

بیبلۆگرافیایی (١٠٠) ژمارەی گۆڤاری (هەرێمی کوردستان)م نووسیوە.

٤- گۆڤاری (تەندروستی) لە ژمارە (١٩)ی ١٩٩٨ تا دوا ژمارەی (٢٠٠٥) وەك زمانەوان، هەڵەچن، ئەندامی دەستەی نووسەران کارم کردووە، بیبلۆگرافیایی ١٢ ژمارە واتە ساڵێکی گۆڤاری (تەندروستی) م نووسیوە.

٥- گۆڤاری وەرگێڕان لە ژمارە (١-٣) کارم تێدا کردووە بابەتم تیا بڵاوکردۆتەوە، لە ژمارە ١- ١٩٩٧، ناوی بابەت (ئتنۆناسۆنالیسمی کورد) نووسینی د. ئەمیر حەسەن پور لە ئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوە، ژمارە (٢) رۆژهەڵات ناسی و ئەتنۆگرافیا، ن. مەجید حەمید عارف، وەرگێڕان لە عەرببیەوە.

٦- گۆڤاری کاروان لە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٢ وەك هەڵەچن کارم کردووە، بابەتی زۆرم تیا بڵاوکردۆتەوە.

٧- گۆڤاری (کشتوکاڵ) لە ساڵی ٢٠٠٣ وەك هەڵەچن کارم کردووە.

٨- گۆڤاری (بارش) له ساڵی ٢٠٠٣ وەك هەڵەچن كارم كردووە.
٩- ١٩٩٤/٧/٣٠ برایەتی – ژمارە ٢٠٠٥ فەرهەنگی زاراوەكانی سوپا.
١٠- ١٩٩٤/١٠/١٦ ئاڵای ئازادی – ژ ١٤٣ ئاستی رۆشنبیری.
١١- ١٩٩٤/٩/٢٧ رێگـــای كوردســـتان – ١٢٦ – واتـــای پێـــشكەوتن/ وەرگێڕان.
١٢- ١٩٩٥/٩/١٧ ئاڵای ئازادی ژ: (١٨٧) ئەزموونی شیعری وێرن.
١٣- ١٩٩٦/٧/١ ئاڵای ئازادی ژ: (٢١٩) هەڵوەستەیەكی كورت.
١٤- ١٩٩٧/٧/٣ برایەتی – ئەدەب و هونەر – ئەزموونی شیعری نوێ.
١٥- ٢٠٠- كاروان – ژ: (١٤٤) ستوونی رۆژنامەنووسی.
١٦- ٢٠٠١- گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژ: (١٩) گیروگرفتی زاراوەدانان لـه زمانی كوردیدا.
١٧- گۆڤاری (هەنگ) – دەیان چیرۆكی منداڵان، دانان و وەرگێڕان.
١٨- گۆڤـاری (ئاسـۆی فۆلكلـۆر) – دەیـان بابـەتی ئـەدەبی میللـی و فۆلكلۆر – دانان و وەرگێڕان.

١٩-گۆڤاری ( رۆشنبیری یاسایی) بەرێوەبـەری نووسـین بـووم تیایـدا وبابـەتم تێدابلاّوكردۆتەوە،هـەروەها گۆڤـاری ( پەلكـە زێڕینـە) ی منــداڵان ،كەلەلایــەن رێكخــراوی رۆشــنبیری یاســایی (كەئەنــدامم تیایــدا)هەردووگۆڤاردەردەچــوون، (پەلكــە زێڕینــە) ئێــستاش بەردەوامە .